
# کۆڤاری فەرهەنگی زمانی کوردی





عکس : مسعود مستوفی

OCTOBER-NOVEMBER 1995

چاپی دووەم

محەمەد صالح ئیبراهیمی (شەپۆل)

# کۆزانی فەرهەنگی زمانی کوردی



چاپی دووەم

جەڵدی سێوەم

محەمەد صالح ئیبراهیمی (شەپۆل)

۷۹/۱۱/۳ و ۲۲ ژانویەی ۲۰۰۱ ز

ابراهیمی محمدی، محمد صالح، ۱۳۱۲ ـ کۆزانی فەرهەنگی زمانی کوردی
محەمەد صالح ئیبراهیمی (شەپۆل) ـ [تهران]: مستوفی، ۱۹۹۹ = ۱۳۷۸. ۱۵۹
ص.: مصور، عکس.
ISBN 964-6532-04-7 فهرستنویسی براساس اطلاعات فیپا. چاپ قبلی:
جواهری، ۱۳٦۰. کتابنامه به صورت زیرنویس. ا. فرهنگ عامه ـ ایران ـ
کردستان.
الف. عنوان. ۸ک ۱۲ الف / ۲۹۰ GR
۳۹۸/۰۹۵۵۴۲
۱۳۷۸کتابخانه ملی ایران ۱۲۹۸۹ ـ ۷۸ م
شماره شابک: ۹ـ۳ـ۰ـ٦۵۳۲ـ۹٦۴ ISBN 964-6532-03-9

□ ـ ناوی کتێب: کۆزانی فەرهەنگی زمانی کوردی.

نوسەر: محەمەد صالح ئیبراهیمی (شەپۆل).

ویراستار موهەندیس مام ئازاد ئیبراهیمی و فاروق بورەکە بیصەفیزادە (میهرکیش ئاوێستا)

ساڵی چاپ: ۱۳۷۹ خورشیدی ـ ناشر مستوفی تهران

چاپ اندیشه. ـ ۱۰۰۰ ـ دانە

□ ـ تلفن پخش: ٦۴۱۲۳۹۸ ـ تاران.

نۆبەی چاپ: دوەم-۱۵-۱۱-۱۳۷۹و ۲۰۰۱/۲/۳ ز.

□ ـ لەبەر ئەوەی کاک رەسول مۆرەکی فەرهەنگ دۆستەو پیێ خۆشە، نەخشێکی لە خزمەتکردن بە زمان و فەرهەنگ، هەبێ و ئەهلی قەڵەمو نوسەرانی زۆرلا بەقەدرو حورمەتە، جا بەدڵو داو، تەنیا بۆ پەرەدان بەزمان و فەرهەنگ، خەرجی چاپی ئەم کتێبەیشی بە ئەستۆگرت، خواجەزای خێریان بداتەوە.

## پێڕست

| مەبەست | پەرە |
|---|---|
| کۆزانی فەرهەنگی زمانی کوردی (سەرەتا) | ٥ |
| هۆزی شکاک | ٦ |
| بنەماڵەی شکاک | ٩ |
| سرنج | ١٢ |
| ئەرکو ئەسپاردەی مەزنی هۆز | ١٥ |
| خانوبەرەی گوندو ئاوای یەکانی ناوشکاکان | ١٦ |
| جوتوگا | ١٨ |
| ژن و پیاوی شکاک | ٢٠ |
| جلك و بەرگی ژنان و پیاوان | ٢٦ |
| خۆراکی هۆزی شکاک | ٢٩ |
| خەتەنە سوران | ٣٢ |
| چاکو پیری باو | ٣٥ |
| یەکترناسینەوە | ٣٧ |
| روداوی دڵ تەزێن | ٤٧ |
| کوردانی باچوانلوی قوچان | ٤٨ |
| ئاژەڵداری وهەوارەو هەوارکردن | ٥٠ |
| ژن هێنان | ٦٥ |
| نوکتە | ٧٥ |
| هەواناسین | ٧٩ |
| لیلومەجروم | ٨٢ |

پێرست


| مەبەست | پەرە |
|---|---|
| جەژنی رەمەزان و جەژنی قوربان | ٨٤ |
| ورچ، لەگەڵ گ و ژیشک | ٩٢ |
| چریکەی خەلۆک | ٩٨ |
| لێکۆڵینەوە یەک لە سەرشیعری گۆران | ١٠٢ |
| قسەکانی شەپۆل لە یادی محمد قاضی لە رەشەمە لە شاری مەهاباد لە١٣٧٧ | ١٠٧ |
| دارە مرواری شجرةالّدر ملكة المسلمين | ١١٨ |
| ئەبو بەکر محەمەد نەقاشی موسڵی | ١٢٧ |
| پێشکەش بە دایکم | ١٢٨ |
| کابان و ژیان | ١٣٠ |
| کێلەشین، ئەشنە یاشنۆ | ١٣٣ |
| خەتی کێلەشین | ١٣٥ |
| ئەشنە یا شنۆ | ١٣٦ |
| شوێنەواری کۆنی شنو | ١٣٩ |
| ترکەش | ١٤٢ |
| سەردەشت | ١٤٣ |
| خاڵدەلیل | ١٤٦ |
| کۆنگرە | ١٥٠ |
| کوردی | ١٥٨ |
| باجەڵان | ١٧٠ |

## سەرەتا

بسم الله الرحمن الرحیم

ئەوە کە: حەزرەتی محەمەدﷺ پێغەمبەری مەزنی ئیسلام دەفەرمێ: هەرکەس خۆی بناسێ، خوای خۆیشی باش ئەناسێ، مانای ئەوەیە: ئەگەر مرۆڤ خۆی باش باش بناسێ، ئیتر بۆکەس سەر ناچەمێنێتەوە، خۆی بۆ خۆی و خزمەت کردن بە گەل و نیشتمان و هۆزی تەرخان ئەکات و تەنیا لە راست خواو بەدیهێنەری جیهانا تەسلیم ئەبێ و بەس. قسەکەی ئەفلاتونیش کە وتویەتی: برۆ خۆت بناسە، هەر ئەمە دوپات ئەکاتەوە: خۆت بۆ خۆت بەتالە کزی و کەساسی و دیلی و ژێر چەپۆکەی ناکەسان رزگار بێ

بەس هەڵ بخولێ بە دەوری پیس و پاکا     تا کە نگێ بە شوێن هەموو خراپ و چاکا
تۆ بڵێی کە هەڵێ چزو چدێرێک     بۆ ئێمە لە عاسمان ستێرێک
بەختی مە لە خەو هەڵستێ جارێک     جارێک بکەوێتە کارو بارێک

«هەژار»

چاپی یەکەم، ساڵی ١٣٥٨ هەتاوی
نووسینی ئەم کتێبە، بەم هەویایەیە کە بتوانێ کەلێنێک لە رەهێڵی کتێبخانەی ناو کوردەواری پڕ بکاتەوە، وەرزی ٢٥٩١ک و ١٣٥٨ هەتاوی و ١٩٧٩ زایینی.

# هۆزی شکاک

ئەم هۆزە کوردە، لەناو سنووری کوردستانی ئێران و تورکیەو لە باکووری رۆژئاوای شاری ورمێ لەناو دوو هەرێمی «سۆما»و «بردۆستا» ئەژین.

## نوکتە:

قەڵای ناوداری دمدم - ی میری کوردی لەپ‌زێڕین وا لە سۆما دا لە سەر چیاو تاشە بەردێکی یەک پارچەو بڵیندو بەرتەسکو پشتەماسی هەڵکەوتووەو باکوورو باشووریشی خرو دوڵێکی زۆر قوڵە، ئەو قەڵایە لە ساڵی ۱۰۱۸ کۆچی و ۱۵۹۸ زایینی و ۲۲۱۰کوردی لە لایەن شا عەبباسی سەفەوی‌یەوە گیراو داغن کراو قڕیان خستە ناو ئەوکوردانە. بڕوانە عالەم‌ئارای عەبباسی. لاپەڕەکانی ۸۰۷و ۸۱۱ چاپی تاران.

### دمدم

دمدم بەردێکی خڕە چوار تەرەفی لێوە بڕە
بەهەشتی بە شیر بگرە خان بە خەزایە مەشوڵە
دمدم بەردێکی شینە چوار زستانە، پێنج هاوینە
تێیدا خانی لەپ‌زێڕینە زەفەریان پێی نەبردینە
ئەی دمدمی بەردی دەلان! جێگەی خان و خان ئاودەڵان
ئێستا بووی بە مەسکەنی خەرتەلان خانێک رابوو، لە کوردانە...
زێڕ بو چو بۆ نێو ئەوانە پێی نیشلەندان مسولەخانە
کێی بوو؟ لە کافری بێ ئیمانە تێیان کرد هاش و دەرمانە
پێی قڕ دەبوون موسڵمانە خان بە خەزایە مەشغوڵە
کێی بوو؟ لە خانی لەپ زێڕینە لە شەرافەتی خانویی شیرینە

بەفرێک باری بەهاوینە لە شەرافەتی خانی لەپ‌زێرینە
حەوت شەو رۆژان بەوی ژینە .....
خودا خراپکا، ماڵی حەمکی لێی تێیانی پێیان نیشان دا سەرو کانی

حەشیمەتی هۆزی شکاک ۸۹۹۹۱۸ کەسە، لە زیاتر لە ۱۹ گوندی گەورەو چکۆڵەدا رای‌ئەبوێرن (وێنەی ۱).

«برادۆست» هەرێمێکی کوێستانی و ساردە کە لە رۆژئاواوە بە خەتی سنوری ئێران و تورکییەو لە باکوورەوە بە هەرێمی «سوما» و لە باشوورەوە بە «تەرگەوەر»و لە خۆرهەڵاتەوە بە «بەرۆژ»ەوە ئەلکێ.

ئەم هەرێمە بە ۶۲گوندەوە تا ۸۹۸۸ بنەماڵەی شکاکی لە خۆیدا جێکردوتەوە. ناوەندی ئەم هەرێمە ئاوایی «ئیشکە سو»وەو ناوی گوندە گەورەو ناودارەکانیشی ئەمانەن:

«چەرە»، «زەنگەکان»، «گەنگەچین»، «ماستەکان»و «نی‌چەلان»، ئەم گوندانە بە هۆی چەن کوێرە رێگای مەرو ماڵات و رەوەوە بە شار و ئاواییەکانی تر ئەگەن (وێنەی ۲).

رێگای بازرگانی کۆنەی ئێران و تورکییە لە نێزیک ئاوایی «سێرویەوە» ئەڕوا. زۆربەی خەڵکی لەم رێگایەوە ئەچنە شارو بازار، ئاوی خواردنەوەو زەرحات، ئاودانی ئەم گوندانە لە چەمی «سێرو» و کانیاو دابین ئەبێ، زۆربەی خەڵکی برادۆست جوت ئەکەن و گەنم و جۆ و توتن و شتی وا دائەچێنن.

سۆما لە باکووری خۆرئاوای «ورمێ» و باکووری «برادۆست» دایە.

هەرێمی سۆما لە باکورەوە بە کەوشەنی سەلماس و لە باشوورەوە بە کەوشەنی «سلیوانا» و لە رۆژهەڵاتەوە بە کەوشەنی ناوەندی «ورمێ» و لە خۆرئاواوە بە سنووری ئێرانو تورکییەوە ئەنووسێ. ئەم بەشە ۱۹۹ ئاوایی هەیەو تا ۵۸۹۹۸ بنەماڵەش حەشیمەتی هەیە، ئاوای «هەشتیان» ناوەندی ئەم بەشەیە. «مەمەکان»،

«گونبەد»و «زین دەشت» لە ئاواییە گەورەکانی ئەو هەرێمەن.

سۆمایش وەک برادۆست کوێستان و ساردە، خەڵکەکەی ئاژاڵداری و جوت ئەکەن و لەئاوی چەمی: سیرۆ، هەشتیان، بیردوک بۆ ئاودانی موچەومەزرا سود، وەر دەگرن.

هۆزی شکاک لە رابوردودا چادرنشین و مەڕو ماڵاتدار بوون و بۆ پەیداکردنی لەوەڕگا، گەرمێن و کوێستانیان ئەکرد. کاتێ جێگە لەوەڕێ خۆش و بژوێنیان گیر ئەکەوت، بارو بنەیان ئەخست و چادری رەشیان هەڵئەدا (وێنەی ٣). کاتێ ئەو لەوەڕگایە ئەکرۆسایەوە، باریان ئەکردو ئەچونە شوێنێ بژوێن‌تر. ئەمە بیووە هۆی ئەوەکە هۆزی شکاک نەتوانێ بۆخۆی خانو بەرە سازکات و جوت وگاش بکات، بەڵام ئێستا زۆربەی ئەو هۆزە دێ‌نشین و خاوەن جوت وگاو ئاو و زەوی و زارن، ئەو بنەماڵانەی وا هێمان ژیانی دەوارنشینیان لانەنیاوە (وێنەی ٤)، هەروا بە دوی لەوەڕگە و جێگای بژوێن و خۆش ئاو و هەوا دا ئەگەڕێن. لەگەڵ مێگەلە پەزو پۆلەکانیاندا بەهارو هاوینان لەم هەوارەگەوە ئەچنە ئەو هەوارگە، زیاتر ئەچنە هەوارگەکانی تەرگەوەرو دەشتە بێڵ و ناو چیاو لای سورەدوکەڵ و گوندی سورکان و چیای سینا یا بۆزی سیناوکانی دزان و ناوڕون، دوڵەترشین و سەرملوک و بەرەسپیان و بەرە گەورەو خەلیل و نەسردەین و شیوەسور و جێگەی بژوێن و هاوین و بەهارە نەوروزەکانی تری کوردستان و بە خۆشی رای‌دەبوێرن، هەروەک شاعیر دەڵێ:

نەرۆزە چیمەن سەوزە، دەمێ سەرخۆش بین
تا سەوزە لەسەر گۆڕەکەمان نەڕواوە
چاو جوان وەرە لام بە خەم بلێ، بەولاوە
لێم هاڵێ، هەتا داوی ژیان نەپساوە




وێنەی ١



وێنەی ٢

دەباتە شار خەلکی تر بەفروکە دێن و ئەبەن بەلام کوردی بەشخوراو بەمجۆرە بار

## بنەماڵەی شکاک:

هۆزی شکاک لەم دوو تیرە پێک هاتووە:

١ـ کاردار.

٢ـ عەبدوێیی.


٣ـ پس ئاغا.

نوکتە:

پس ئاغا خۆیان لە بنەماڵەی قارەمانی نەبەز و نەمری کوردو جیهانی ئیسلام سولتان سەلاحەددین، ئەیووبی ئەزانن، ئەمە خۆی بووەتە هۆی ئەوە میرو مەزنی هۆزەواری بەدەس ئەو بنەماڵەوە بێ. هۆزی کاردار ئەم هەشت تیرەن:

٢ـ کەچەڵی.

وێنەی ٣ ـ ڕەشە دەواری هۆزی شکاک.



٣ـ نەعمەتی.

٤ـ مامەدی.

٥ـ شەکیری.

٦ـ ئەدمانی.

٧ـ ئیوەری.

٨ـ چەرکوی.

خەڵکی تیرەی پزئاغا، لە «برادۆستا» و «کەچەلیش» لە دوو بەشی برادۆست و سوما دائەژین.

«چەرکوی»یەکان لە چەن ئاوایی دا بڵاوبوونەتەوەو خەڵکی ئەو ٥ تیرە لە «چهریق»و دەوروبەری شاری سەلماسا ژیان ئەبەنە سەر.

هۆزی عەبدوێیی ئەبنە سیانزە تیرە:

١ـ دڵانە.

٢ـ پس ئاغا عەبدوێی

٣ـ دری.

٤ـ هێنارە.

٥ـ فەنەک.

٦ـ خەلیفی یا خەلۆف.

٧ـ خدری.

٨ـ بۆتان.

٩ـ نیسان.

١٠ـ مامەدی عەبدۆي.

١١ـ موقوری یا موکری.

١٢ـ پاچیک.

١٣ـ گوریگ.

بەشی کورد ئەبێ دەرد و حەفەت بێ
ڕۆژی بە تیری جەرگی لەت لەت بێ
ئاسمانی بەختی لێل و تاریک بێ
ئەستێرەی کز و ڕولە مەیەت بێ

* * *

قەت نەبوو ڕۆژی گەردشی دەوران
چەرخی هەلسووڕێ بەکەیفی کوردان
ناشوکری نەبێ خۆشیی لە ئێمە
دوورە بە غەیری شیوەن و گریان
بەڵێ زەمانەی چەرخی کە چ ڕەفتارە
والێستا بۆتە دوژمنی خوێنخوار

گوریکی تیرەی پس ئاغاو دری و هینارە لە بەشەکانی برادۆستو خدری و بوتان و نیسان لە هەرێمی «سوما» دا ئەژین. «مقری»یەکان و «پاچیک» لە «ئەنزەل»



وێنەی ۴ ـ کوردە شکاکە،مەروماڵات دارەکان، لەدەشتو، داوێنەی کێوە، بژۆینو، پرگژو، گیاو، کەماو، پڕئاو دا ڕەشماڵی، خۆیان، لەپاڵ، یەکاهەڵ ئەدەن.

تیرەی «فەنەک» لە سۆماو ئەنزەلا ئەژین، تیەرەی مامەدی عەبدۆیی ش لە «چهریق» و «شپیران» و ئەنزەل دا رای ئەبویرن.

هەر یەک لە هۆزگەلی شکاک، یەک مەزنیان هەیە.

سرنج:

لە سالی ١٣٠٤ هەتاویدا، رەزاخانی پەهلەوی بە قسەی سەرلەشکەر عەبدوللاخان تەهماسبی فەرماندەی هێزەکانی ئازەربایجان لەو کاتەدا لە رێگای تەوریزەوە ئەچێتە دیدەنی سمکۆ، بەڵکو لە رێگای ئاشتیەوە دوایی بە جەنگ بێت.

لەم لاشەوە سمکۆ بۆ دیتنی رەزاخان کە لەو دەمەدا وەزیر جەنگی ئێران بووە بە خۆیی و ١٢٠٠ سوار دێتە سەر رێگا، لای گوندی میانجق. ئەڵێن: بێجگە لەو ١٢٠٠ سوارە، چوار هەزار سواری تری سمکۆ لەو ناوەدا دەوری ئەوانی دابوو، سمکۆ سوارەکانی خۆی ئەکاتە سێ پۆل: پۆلێکیان بە رانگو جوغەو پشتێن و بەرگی سپیەوە، سواری ئەسپگەلی سپی ئەبن. پۆلی دووهەم، سواری ئەسپی رەش ئەبن و پۆلی سێهەمیش سواری ئەسپی سور کومەیت ئەبن و رانگ و چۆغەی گرژالی لەبەر ئەکەن، سمکۆ خۆیی و رابەرانی هۆزەکانیش رانگ و چۆغەی شیروانی و رەنگاو رەنگی تایبەتی مەزنی و هۆزەواری و لەسەرەوەش پەستەک لەبەر ئەکەن و سواری ئەسپگەلی شێ ئەبن و چاوەنواری هاتنی وەزیر جەنگ ئەبن. کاتێ رەزاخان ئەگاتە ناو سوارەو مرۆڤەکانی سمکۆ و ئەو هەمووە سوارە تەیارە بەوگشتە چەکەمەنی و جامەدانگەلی رەنگاو رەنگ و لیباسی چاک و پشتێنی گرێ خواردر. خەنجەر لە بەرۆکەدا ئەبینێ کە هەموو دەسکەکەیان پان و سەدەفدارو دەمانچە بە قەدەوەو فیشەکدان بە شانەوەو تفەنگ بە دەسەوە. وا بە نەزم و نیزام راوەستاون، لە ترسان تف لە زاریدا ویشک ئەبێ و لێوی خۆی ئەگەزێ و لای وا ئەبی سەر لەشکەر تەهماسبی ئەوی بە دیاری بۆ سمکۆ هێناوە، چوکە ٦٢ کەس



بەجیبەشڕە لە تەک ڕەزاخانا هاتبوونە لای سمکۆ. هەر جۆر ئەبێ ڕەزاخان دیان ئەگرێ بە جەرگیداو لە جیبەکەی دائەبەزێ و سمکۆیش لە ئەسپ دائەبەزێ و دەس و موشتاخ ئەکەن و ئەچنە کۆنە شار، کە لە پێشا بە میزو سەندەڵی چەن هۆدەیەکیان تەیار کردبوو، ئەچنە ژووری و لە تەک سمکۆدا ئەکەونە ئاخەفتن و وتووێژ. دەوران دەوری ئەو کۆنەشارەش پڕ بیوو لە سوارەی سمکۆی مەزن و ئابلۆقەی دابوو، ئەم سوارانە بەو ناوەو لەوێ ڕاگیرا بوون کە لەوان پارێزگاری ئەکەن.

بەڵام ترس و لەرز نیشتبووە سەردڵی ڕەزاخان و هاوڕێیەکانی و ئەترسان کە لە پڕ بڕژێن بەسەریاناو قڕیان تێخەن.

هەر جۆر ئەبێ شێو ئەخۆن، هەرچەن وەک ژەهری ماریان خوارد بێ وابوون، ڕەزاخان بە بۆنەی ئەوە سەری دێشێو ئەچێتە ناو هۆدەیەکی تر و بە ڕەزا ڕەفیع قانیع قائم مەقامولمولک ئەڵێ: وەختە لە ترسان زیڕە بکەم، چلۆن بە دەسی خۆمان خۆمان خستە داو،ئەویش دڵخۆشی ئەداتەوەو بزروک ئیبراهیمی ناوێک رادەسپێرن کە بە زمانی چەورو نەرم،سمکۆ بغافلێنن و لەگەڵیدا تەختە نەرد بکەن کە سمکۆ زۆری پێخوشبووەو تا ئەش توانن پێی بدۆڕێنن.

ئیبراهیمیش ناچار تا بەرەبەری کەڕە بەیانی خەو لە چاوی دەستێنێ و تەختە بە سمکۆ ئەدۆڕێنێ کە زۆر ماندو ئەبن، هەر لە تەنیشت یەک لە هۆدەی تەختە نەردەکە درێژ ئەبن و یەک یەک خەویان لێ دەکەوێ، ڕەزاخان کە لە ترسان ناتوانێ چاوی لێکنێ، کاتێ ئەزانێ وا سمکۆ لە خەودایە، بێ خوداحافیزی لە سمکۆ بە پیاوەکانی دەڵێ: کوڕینە من لە چاوی سمکۆ زراوم نەماوە، هەستن، خێرا بن تا نوستووە، خۆمان دەرباز کەین، سوار ئەبن و بەرەو ورمێ ئەکەونە ڕێ و هەی پەیتا پەیتا لە ترسان ئاوڕ بۆ دواوە ئەدەن تا بزانن سوارەی سمکۆ بە دویانەوە نین.

سمکۆ کاتێ لە خەو رادەچەنێ، ئەڕوانێ نێچیر لە سەرڕاو رای کردووەو زۆر پێش دەخواتەوەو خوزیاو بریا دەڵێ، بەڵام نێچیر لە بەرەگە دەرچوبوو.

پاشماوەیەک جەنگ/حوکومەت ئەزانێ، باشاری سمکۆ ناکا، ئەکەوێتە گەڕ کردن، سەرهەنگ سادق خان ناوێک کە لەگەڵ سمکۆ دا ناسیاو بووە، رای ئەسپێرن خۆی سازکات کە تیمسار موقەدەم فەرماندەی لەشکری ٣ی تەوریز بۆ ئاشتی کردن دێتە شنۆ، بۆ دیتنی سمکۆ، ئەویش لە تەک خوسرەوخانی کوڕیداو خورشید ئاغاو کەریم خانی خێلانی و چەن کەسی ترا ئێوارەیەک روو دەکەنە سەربازخانەی شنۆ، کاتێ ئەچنە ئەوێ، پاشماوەیەک چاوەڕوانی، خەبەر ئەدەن تیمسار لە ریگاگیری کردووە، سمکۆو هاوڕێیەکانی ناچار بەرەو ماڵ ئەگەڕێنەوە، سەرهەنگ سادق خانی ئەوروزی بە دوربینێکی چاک کە لە سمکۆ بە ئەمانەت وەری گرتبوو، لەگەڵ چەن کەسی تر لە باڵەخانەیەکا بوون، کە پەنجەرەکەی روو بە جادەبووە، ئەنوارێتە سمکۆ، کاتێ باش گەیشتبووە بەرتیر، لەو باڵەخانەوە بە نامەردی وەبەر رەگباری ئەدەن، تیرێک لە سمکۆ ئەکەوێ، دێ خۆی بخاتە ناو کۆڵان و پەسیویکەوە، بەڵام دوای چەن شەقاوێک ئەڕوانی وا خوسرەوخانی کوڕی ئەنگێوراوە، ناچار ئەگەڕێتەوە سەری، دوبارە گوللەیەکی تر لە سەری ئەدرێ و سمکۆ ئەکەوێ و شەهید ئەکرێ و هەروا خورشید ئاغاش ئەکوژرێ و کەریم خانیش بریندار ئەبێ، تەقە ئەکەوێتە ناو سوارەکانی سمکۆ، لەو لاشەوە سوارەی سەرگورد هاشمی ناوێک کە لە پێشان خۆیان حەشار دابوو، لە تاریک و لێلەی ئێوارەی ئەوروژە توشەدا سەرملەی کێوی شنۆ لە سوارەی سمکۆ ئەگرێ و ناچار سوارەی سمکۆ شار بەجێ ئەهێلێ و ئەو ئێوارەی وا سمکۆ و ئەوان شەهید بوون، روژی ٣٠ی جوزەردانی سالی ١٣٠٩ هەتاوی و ١٩٣١ای زایینی و ٢٥٤٣ی کوردی بووە.

مێژوو لەبابەت رابەرانی کوردەوە، دووپات بـووەتەوە، واتـا پـێشەوا ژەنـراڵ مستەفا بارزانی لە ساڵی ١٣٢٥ی هەتاوی و ١٩٤٧ زایینی و ٢٥٥٩ی کوردی بۆ ئاخەفتن و ئاشتی کردن بانگیان کردە تاران، هەر جۆر بوو، خۆی لە فێڵ و گەڕی حەمەرەزای پەهلەوی رزگار کرد، بەڵام چونکە دەسی رەشـی ئـیمپریالیزمیان، بەتایبەت ئیمپیریالیزم و نۆکەرەکانیان باش نەخوێندبووە، ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٧٥ی زایینی گەلەکەمان کەوتە داو و قڵپەوە بوو، بەڵام خوای مەزن کە هەمیشە پشت و پەنای لێقەوماوانە، ئەوە بوو خوا زۆر زوو تۆڵەی ئێمەی لە حەمەرەزای پەهلەوی ساندو بە ئەڵاهو ئەکبەرو مەرگ بەرشا، مەرگ بەر شاوتن لە کوردستان و ئێران و دنیای روون دەرکرایە دەرێ و تەفرو تـونا بـوو و رەزای باوکیشی خوا وای تۆڵەی کوردە قـرانـی لێ سـەندەوە کـە دوای ئـاوارەبـوون لە جەزیرەی سێنت هیلن دەسی نابووە ناوگوی خۆی و هەڵی ئەقوراند.

سمکۆی نەمرو مەزن، مەزنی ئەو هۆزەو سەرداری کـوردستان بـووە، ئـێستا تاهیرخانی کوڕی، مەزنی هۆزی عدۆیی‌یە، مەزنی خێڵی کارداریش تا ماوەیەک بەر لەمە بە دەس عەمەر:عومەرخانی شەریفی‌یەوە بوو، ئێستا بەدەس قادرخانی کوڕیەتی. مەزنی لەناو شکاکا، میراتی‌یە، ئەگەر لەو بنەماڵەدا کوڕی شیاو نـەبێ خەڵکەکە یەکێک لەمرۆڤە کاراو کارزان و شیاوەکانی ئەو بنەماڵەیە هەڵ‌ئەبژێرن و ئەی‌کەنە مەزن.

## ئەرک و ئەسپاردەی مەزنی هۆز:

ئەرکی مەزنی هەر هۆزێک راگەیشتن بـە گـیرو گـرفت و لابـردی نـیازگەلی هۆزەواری و لابردنی ناکۆکی ناو هۆزە. وا باو بووەو بـاویشە بـۆ مـەزنی هـۆز، هۆدەیەکی گەورە بەناوی «دیوەخانە» یا «ئۆدە» ساز ئەکرێ، ئەم «هۆدە» لە راستیا داروشقوراو دەفتەری کاری میرو مەزنە کوردەکان بووەو بە گشت کارو بـاری

خەلکی چ لە باری ماڵی و عەرزی و قەزایی و کۆمەلایەتی و رامیاری و سیاسی و مادی و مەعنەوی و ئینسانی و ئایینی و شەرعی و جەزایی رادەگەیشتن. خەلکی بەگیان و دڵ دەستورەکانی میرو مەزنی خۆیان بەڕێوە بردووە، چونکە لایان وابووە هەرکەس لە راست ئەوانا خۆقەف کەن مەزنترین پشتیوانیان لە دەس ئەچێ، دەروازەی میرو مەزن بۆگشت کەسێک ئاواڵەوکراوەو باز بووەو میرو مەزن هەمیشە پشتو پەنای لێقەوماوان و داماوان و هەژاران بوون و نەیانهێشتووە بێگانەو غەوارەیی زلمیان لێ بکەن.

بێگانەو غەوارەیی زلمیان لێ بکەن. وێنەی ٥




## خانوبەرەی گوندو ئاوایەکانی ناو شکاکان:

زۆربەی خانوبەرەکان بە قورو بەرد سازکراوە، مەگەر تەک و توک بە خشتی سور سازکرابێ، هەر بنەماڵەیەک، یەک «هۆدە = خانی» بۆ دانیشتن، یەک پاگە «تەویلە»و یەک هۆڵەمەرە - زاغە = بۆ ساز ئەکەن (وێنەی ٥و ٦)، خانی هۆدەی خەوتنی هەر بنەماڵەیەک، تەنوری نان کردن، واتا: ئاشپەزخانە «مدبەق»یش هەر ئەم هۆدەیە. لەسەربانی تەویلەو هۆڵ و زاغەدا، رۆچنیک بۆ ئەوە روناکی و نوری

خۆر بداتە ژورێ ساز دەکەن کە بە شکاکی پێی دەڵێن: کولەک. خانوبەرەکان گشتیان یەک نهۆمن، دوو نهۆم زۆر کەمە.

## ئاژاڵداری:

لە رابوردودا ژیانی هۆزی شکاک لەسەر ئاژەڵداری ئەسورا، بەلام بارگۆراوەو ئاژەڵداری کەم ماوە، هەر جوتیارێکی شکاک هەندێ پەزوگاوگوێر بۆ دۆیی خۆی رادەگرێ تا بێ، رۆن، کەرە، ماست، پەنیر، شیر، لۆرک و توی شیر، دێ، کەشک،




وێنەی ٧ ـ نمایەک، لە ساختمانی، پاگەو، هۆڵ.

تۆراغ، سیرێژ، خوری، مو، بەرگن و شتی وا نیازی بە کرین نەبێ، جا ئەگەر لە خۆی زیادی بوو، هەندێ لەوانە ئەفرۆشێ.

جوتیارە پەزدارەکان هەر بە چەن بنەماڵە یەک شوان ئەگرن و ئەویش پەزەکانی بە میگەل ئەباتە لەوەڕ. شوان بۆ ماوەی ٧ مانگ واتا لە نەورۆزەوە تا ئاخرو ئۆخری رەزبەر پەزەکان ئەباتە لەوەڕ (وێنەی ٦).

لە بەهارو هاوینا بە رۆژا پەزەکان دوجار لە قاوڵتون و ئێوارانا ئەدۆشن، بەلام لە پاییزانا تەنیا جارێک مەڕو ماڵات ئەدۆشرێ، لە زستانانا کە زەوی کراسی سپی لەبەر ئەکات و بەفر ئەرز دائەپۆشێ و پەزو پوڵە ناتوانن بچنە لەوەڕو بە دەمی خۆیان بچەرن، ناچار لەناو هۆڵ و سەردانگا تفاقیان ئەدەن کە لە بەهارو هاوینا ئەو



وێنەی ٦ لەوەڕگەی مەڕو، ماڵات.
-کوێستانو، جێ چەرینی مەڕو، ماڵاتو، پەزو، پۆڵە.
لەناو هۆزی شکاکا، هێمان تیرە گەلێک، هەیە، کە خودان چیغو، چادرنو، لەڕێگای ئاژەڵ داریو، کۆچەری یەوە بەرێ ئەچن.



تفاقەیان کوکردوتەوە.

## جوت و گا

ژیانی بەرەی ئەمرۆی هۆزی شکاک لەسەر جوتکردن ئەسورێ، واتا: گەنم، توچاندن، توتن و گرتوپە = یەرەڵ ماسی = کێلان، کوردە شکاکەکان گەنم بۆ خواردنی خۆیان و بۆ فرۆشیش گەنم دەچێنن.

چ بە وینەی دیمی بێ یان بەرئاو بێ دای ئەچێنن.

زۆربەی جوت وگای ناو شکاکا دیمە، چونکە هەریمەکەیان کوێستان و ساردە تا



وینەی ٧ ـ کوردەئاژەل دارەکان: ئەشێ، بۆ، زستان، تفاق بۆئاژەلەکانیان لە بەھارو، ھاوینا، داخەنو، گیشە گیاو، گیشەوینجە لیدەنو، کادێن، لە کاو، گزرەو، ئالفو، تفاق بناخنو، بۆخۆشیان ئازوخە داخەنو، زمسھە ریش لێ پکەن.

---

ئەو دەمەی خاوەن زەوی ھەبوو، ئەشیا دەو دویان بە خودان زەوی بدایێ. جا کیلگەکە ئاوی و بەراو بوایێ یان دیمی و بەختەبارانی بوایی، کەرەسەی جوت و گای ناو ھۆزی شکاک سەرەتایی یە ئەو کوردانە، ھیمان بە نیرو ئامورو گاجوت و کوتان و بێل و داس و مەلەغان کاری وەرزێری ئەبەن بەرێوە.

کەرەسەی نوێو مەکینەی شێو بڕین و دروێنەو کوڵوش و کا جەمکردنەو هەڵواردنی کاو دان هێمان پێی نە ناوەتە ناو کوردەواری،خۆیەک پستیش ریگای ئاسن قاتە، زانکۆ،کارگاو فێرگەی هونەری و پیشە، هەر وجودی نیە و ئاژەڵداری بە وێنەی عیلمی ئەمرۆ لە کوردستان بنیات نەنراوە، چونکە تاغوت و تاغوتیان چاویان لە راست گەلی حەق خوازی بەشەرەفی کورد هەڵنایێ و هەڵیش نەهاتووە.

## ژن و پیاوی شکاک

پیاوگەلی شکاک باڵا بەرز و شۆخو بە سام و توند و تۆڵ و بەزیپک و قلافەدارن، ئارام و لەسەرەخۆو لە کڵ دەرهاتون و زۆریش بە وزەو تاقەتن.

هەرچەندی بلێی بە بەژن و باڵاجوانن ... روومەت گوڵ و چاوکەژاڵ و لێو قەیتانن
چاو جوان دەمەڕوتێری دڵم بت‌بینم ... گوڵچین کە لەسەر روومەتی تۆ گوڵ چینم
بەژن شۆڕ و کەژی شۆڕو خەزێم شۆڕ ... ..................
بە خوێندنەوە کراوە فرچک گیانم ... زانستە مژیم بۆتە ئاو و نانم

«هەژار»

مرۆڤی شکاک زۆر خەز لە ئەسپ دەکاو کەیفی پێی دێ، ئەوەیە وەک یارێکی پڕ میهر ئەڕوانێتە ئەسپ (وێنەی ١٢و ١٣).


مرۆڤی شکاک هەروەک خاوخێزانی خۆیی خۆش ئەوێ، هەروایشە بۆ ئەسپ و ماین و ولاغی سواری. سوارچاکی و تیرئەندازی هەر لە مرۆڤی کوردی شکاک دەکاڵێتەوە، هەر بە منالی فێری سواری و رمبازێن و تیرئەندازی ئەبێ، چونکا ئاو و هەوای کوردستان و خو و ئاکاری کورد، هەر ئەبێ بەو جۆرە کوردو منالی گەلی




وێنەی ١٢ - شکاکی ئەسپ و هێستر ئاتوانێ زیان بداتە سەر ئەوە
ئەسپ و هێستر لای هۆزی شکاک زۆر بەنرخن.



وێنەی ١٣ - کوردی شکاک. بەتایبەت، لەبنەماڵەی مەزن، جارو، بار لە
باتی جلک و، بەرگی کوردی کۆت و شەڵوار لەبەردە کا.



- جوت بەنەی، شکاک، بوکێلانی، زەوی، بورەو، بەیارو سەختو، ڕەق، ئەشێ لە کەڵو، کوتانو، نیرو، ئاموری ٨ گاو، گامیشو، گاوەسن، سودوەرگرێ.




ـ مرۆڤی شکاک ئەشێ زۆر بە هێدی و، هێمنی و، کاوەخۆ، خەریکی گێرە کردن بێ، یان، بەچەتچەریا، بە گاگێرە، لە کوردستان دەمی گاگێرە، دەم بێن ئەکەن. هەژار دەبێژێ:

گێرەی رەمەزان بەربوو، ئەواجێژن هات
دەم بێنی لەدەم گاو، کەران دامالی





ـ ئەگەرچی گەلا توتون شکاندنەوەو، لەتەرەدان و، بە شیشەوە، کردنی، بەرگی تەماکۆ، زۆر سەخت نییە، بەلام ئەمە ئەدەنەدەس مرۆفە، پڕ، تەمەنەکان.



ـ سەوەتەو، قرتاڵە چنین بە شوڵو، خەڵفەداری شلکو، ساوا، یەکێکە، لە کارە، دەسیە کانی، مرۆڤی کورد.

ـ مرۆڤی شکاک ئارامو، خوێن گەرمو، ئێسک سوکو. پرکارە.

ـ مرۆڤی شکاک شمشاڵو، بلوێرو، جوزەلەو دەهوڵو، دمەک زوڕنا جوانلێ ئەداو، گۆرانیو، بەیتو، قامو، لاوکی کوردی باش ئەزانێو، زۆر وەستایانە، ئەیان خوێنێ. مرۆڤی کوردی ئەبێ سوارچاکو، دەسڕو، تفەنگ چاک بێتو، هەرگیزاو، هەرگیزیش لە کارماندو نەبێ ـ مرۆڤی شکاک لەتەک خاوخێزانو، دۆستو، خزمو، کەسیدازۆر، ڕو خۆشو، باش و چاکەو، ئاکاریشی لەتەک ئەوا نازۆر، پیاوانەو، ئینسانانەیەو، بۆدابین، کردنی خێرو، خۆشی ئەوان، زۆر، تێ، دە کۆشێو،

بۆدابین، کردنی خێرو، خۆشی ئەوان، زۆر، تێ، دە کۆشێو، گیان بازی، ئەکات. لەگەڵ دژو، دوژمنانیشا زۆر، توندو، گرژو، ڕق ئەستورە، میوان گرەو، لەمیوانی ناسیاو، نەناسیاو، زۆرگەرم بە خێرهاتن دەکات.

کورد ئەبێ پڕ کارو بە هێز و چالاک و سوارچاک و دەس و تفەنگ چاک بێت و هەرگیزاو هەرگیزیش لەکار ماندو نەبێ. مرۆڤی شکاک لە تەک خاوخێزان و دۆست و خزم و کەسیدا زۆر رو خۆش و باش و چاکە، ئاکاریشی لە تەک ئەوانا زۆر پیاوانەو ئینسانانەیەو بۆ دابین کردنی خێرو خۆشی ئەوان زۆر تێ دەکۆشێ و کیان بازی ئەکات. لەگەڵ دژو دوژمنانیشا زۆر توند و گرژو رق ئەستورە، میوان گرەو لە میوانی نەناسیاو زۆر گەرم بەخێرهاتن دەکات

مانای گەڕ و فێڵ و زمانلوسی نازانێ، وتارو کردەوەی مرۆڤی شکاک راستەو یەکە، خودانی قسەو بەڵێن خویەتی.

ژن و کچی شکاک جوان و نەخشیلانەو خۆش قەڵافەو رێک و باڵابەرزو کەڵەگەت و دەس نەخواردو نەژاکاوە، وەک ئاسکۆڵی سڵە، نازکۆڵی و بەرگی کوردی هەر لە خۆیان دەکاڵێتەوە. ئافرەتی کورد لەکارکردنی نێومال، وەک: شیو، کوڵ، تەنورداخستن، نان کردن، ئاشپەزی، منداڵداری شیردۆشین، مەشکەژەندن، ماست، دۆ، کەرەو پەنیر سازکردن زۆر بە دەس و بردە، لەکارگەلی قورس و سەگین دا وەک: پەزبرینە، یارمەتی دانی دروێنەوانان، شەن کردن و گێرەو کێشەی خەرمان و کاو دان و هێنانەوە بۆ ماڵ و وەچەکردنی توتن و عەمەل هێنانی توتن زۆر ئازاو خێرایە، ئەگەر لە رۆژا ماوەیەک دەسی بەتاڵ بێ و هەلی بۆ هەڵکەوێ خەریکی خوری شانەکردن و بەنرستن و گۆرەوی و دەسکێش چنین و پاکو و خورجێن و چادرسازکردن ئەبێ. ژنی شکاک لەگەڵ مێردی خۆیا زۆر هاو دەنگ و هاورەنگە، هەرگیز لە قسەی شوەکەی دەرناچێ و لەکاتی تەنگانەدا یارو یاوەریەتی و لەکاتی شەڕ و لێقەومانا وەک مێردەکەی دەس ئەداتە چەک و لە خۆی و ماڵی و مێردو دارایی و نیشتمانی دیفاع و بەرگری ئەکات، ئافرەتی کورد پێی بە پێی مێردەکەی بۆ باش بوونی باری ژیانی خۆی و ماڵ و مێردی ئەکۆشێ، لە هیچ کارو

ئیشێک ماندو نابێ. ژنی شکاک لەگەڵ ئەو ھەمووە تەقوچەف و تروقانەوەدا ھەرگیز خۆی ناژاکێنێ و شۆخی و نەخشیلانەیی و لەباری و دڵتەڕی و جوانی خۆی لە دەس نادا، لە جەژن و شای و زەماوەندا بەشداری ئەکات و بە ھەڵپەڕین و گۆوەندو زەماوەندکردن خەشی خۆی ئەڕێژێ و جارجاریش بالۆرە لێدەداو گۆرانی و سترانی جوانی کوردیش بە جوانترین ئاھەنگ و شێوە ئەخوێنێ، ھەڵبەت دور لە کۆڕی پیاون . ژنی شکاک پاک و بێ لکەو بێخەوشە، ئەگەر خودا نەکردە، لکەیەک لە داوێنی بێخەوشی بکەوێ، چارەنووسی زۆر رەش ئەبێ.

## جلک و بەرگی ژنان و پیاوان

پۆشاکی ژنانی شکاک جۆرێکی تایبەتە، کە زیاتر لە پارچەی ھاورێشمینی رەنگاو رەنگ و نەخشین ساز ئەکرێ و ئەدورێ، ئەو لیباسانەی وا ژنان لەبەری ئەکەن ئەمانەن:

١ـ کراس: لفکە دارە، واتا: سۆرانی ھەیە کە ئەی‌پێچن بەدەوری جوگمەی دەسیانا.

٢ـ فێستان: کراسێکە روباز کە تەواو یا نیوە ئاستەر ئەدورێ و بلێندی فێستان ئەبێ تا سەر پێی ئافرەت بێ و لەسەر کراسیشەوە لەبەر ئەکرێ.

٣ـ ئیلەک یا جلیسقە: پەشمی یا دەزو دورەو لە زستانا بەسەر فێستانا لەبەری

٤ـ پیژگیر: پارچەیەکی ئاستەرداره کە ئافرەتی شکاک وەک بەرھەڵبێنەی ژنانی موکریان لە پێش داوێنەوە لەکەمەرا قاییمی ئەکەن، بەلام بۆ جوانیە، وەک بەرەڵبێنە بۆ کار نیە.

٥ـ پشت یا پشتوێن یا شاڵ کەمەر: کە لە ٣تا ٨ میتر پارچەی رەنگین و جوانە،



ئەو دوو ئافرەتە کوردە خەریکی نان کردنن، بەواتای کوردی:
تا تەنورت گەرمە نانێکی بکە     ئانە بوی تە، کوتی پێ کولکی پنە،



جلیسقەی ژنـــان

لەسەر ڤێستانەوە لە دەوری کەمەری دەئالێنن.

٦ـ دەرپێ یا ئاواڵ کراس: کە لە ٩ میتر پارچە ئەدوری.

٧ـ گۆرەوی: کە لە خوری و مەرەزو کورک بەدەسی ژنان ئەچنرێ.

٨ـ شەمەڵ یا دەسماڵی سەر: پوڵەکەدار یا گولێنگ‌دار یا بێ گولێنگ و سادەیە.

٩ـ تاس کڵاو یا کڵاوفێستین.

– هی پیاوانیش بەم جۆرەیە:

١ـ دەرپێ کە لە ژێر پاتۆڵەوە لە پێ دەکەن، کە لە پارچەی سپی و تاسک ساز ئەگرێ.

٢ـ شاڵی کیلۆ یا پانتۆڵ لە پارچەی پەشمی ساز ئەکرێ کە لە جێی پشتێنەوە تا خوار رەفیسکەو چۆک هەراوەو چین‌دارەو لەوەش بەرەو خوار تا دەم گوێ زینگ و قولاپە باریکە، وەک پۆزەوان وایە، بەڵام چاکەو بە دوگمەو زیب دائەخرێ.

٣ـ کراسی پیاوانە کە هی شکاک بێ، سۆرانی نیە، بەڵام هی پیاوانی موکریان







سۆرانی دارە.

٤ـ سەتر، کە لە خوری وشتر ئەی‌چنن و لە زستانانا لەسەرەوە لەبەری ئەکەن، وەک پەستەک و کۆت وایە.

٥ـ لەپیک یا دەسکێش: کە لە کورک و مەرەزو موی کەورێشک ئەی چنن.

٦ـ پوشی یان دەسماڵی سەر: هی شکاک لە پارچەی رەش، هی کوردەکانی دیکە لە پارچەی رەنگین یا جامەدانەی سور یا رەنگ کرێشەیی ریشوەدار ساز ئەکەن و لە دەوری سەری ئەبەستن.



ئەو مرۆڤە شکاکانە دەسی یەکیان گرتووەو بە دەنگی دەهوڵ و زورنا بە شێوەی شێخانی هەڵدەپەڕن. واباوە لە هەوەڵ شەوا، زاوا،رونما بە بوک ئەدا، هەروەک نالی ئەڵێ:

سیداقی رونما و وەسلی شەهید لەگەڵ شاییکەران بێ دەنگ و داوا

رونما پارەو دراوێکە زاوا لە یەکەم شەودا ئەیدا بە بوک تا روی خۆی پێشان بدا

## خۆراکی هۆزی شکاک:

ساوار،کەلەدۆش، میخلە، شۆربا، بیریان، قەلیسیل، شاکەباب، کفتە، پەردەپلاو و خۆرشت.

١ـ ساوار، بەمەغزی گەنم و رۆن و گۆشت وەک تەنور پلاوی برۆیشی موکریان

KURD ARSHIV

وایە.

٢ـ کەلەدۆش بە گۆشت و پەرەلْماسی و لوبیا و سەوزی و رۆن و کەشک ساز ئەبیْ.

ئەو مرۆڤە شکاکانە دەسی یەکیان گرتووەو بە دەنگی دەهۆل و زورنا بە شیوەی شیخانی هەلْدەپەرن. واباوە لە هەوەلْ شەوا، زاوا رونما بە بوک ئەدا. هەروەک نالی ئەلْیْ:

سیداقی رونما و وەسلی شەهید     لەگەلْ شاییکەران بیْ دەنگ و داوا

رونما پارەو دراویکە زاوا لە یەکەم شەودا ئەیدا بە بوک تا رووی خوْی پیشان بدا

٣ـ میخلە بە تەماتەو کرتۆپەو رۆن و گۆشتی مریشک و هیلکە ساز ئەبیْ.

٤ـ پەردەپلاو لە ئاردو برنج و گۆشت و هەلوچە ساز دەکریْ.

٥ـ قەلیسیل بە گۆشتی بەرخ و سیرو ماست و رۆن چیْ دەبیْ.

٦ـ خۆرشت لە گۆشت و رۆن و بادمجان و لوبیا و پەرەلْماسی و گۆجەفەرنگی دروس ئەبیْ.

٧ـ خۆراکی «بریان» بەرخیک سەر ئەبرن و ناو زگی خالْی ئەکەن و لە باتیان پری ئەکەن لە لەپەو برنج و کەرەو سکی ئەدورنەوەو بە ساغی ئەی‌نینە سەر بەردیکی سورەوە بوو کە لە ناو تەنوری گەرمادا نرابیْ تا جوان ئەبرژیْ و ئەپیشیْ.

گرارو ئاش و تاوە واتا: نیمرو، و لالەپیتک و هەندیْ خۆراکی دیکەش ساز دەکەن.

بنوارە گۆڤاری هونەرو مەردم، ژمارە ٤٤ مانگی جوزەردان ١٣٤٥ی هەتاوی و ١٩٦٦ زایینی و ٢٥٧٨ کوردی.

❊ ❊ ❊

(ماکو)

عیل و عەشیرەتی میلان، کە لە کەوشەن و ناو سنوری «ماکۆ» و لای چۆمی «ئەرەس» ئەژین،لە ئاخر و ئۆخری مانگی (گولاْن و بانەمەڕا) لە ئاوای‌یەکانی خۆیانەوە لە کەناری باشوری رووباری «ئەرەس» و کەوشەنی شاری «خۆی» و

ماکۆ و شاری سەلماس بە ئاژەڵ و مەڕ لەوەڕاندن دەکەونە ڕێگەو بەرەو کوێستان و هەوارگە بۆی دەڕۆن و بار و بنەیش لەگەڵ خۆیاندا هەڵدەگرن و سوار و پیادە بە دوی ڕانەکەدا ئەڕۆن و لە هەوەڵ مانگی هاویناﻩ خۆ دەگەیێنە هەوارگە و لەوەڕگەی هەوارە هاوین، جا زۆر بە دڵگەرمی بارگەو بنە ئەخەن و چەن شوێنی تایبەت بۆ جێگەی چادر،هەڵدان لە پێش چاو دەگرن و بە یارمەتی یەکتری و بە مەشور خەریکی خێوەت و چادر هەڵدان ئەبن و نزیکی سێ مانگان لە هاوینە هەوارا رایی ئەبوێرن، عێل و عەشرەتی براکوردەکانی میلانی کە لە «کەناری» چۆم و ڕۆخانەی «ئەرەسا» ئەیگوزەرێنن و خەریکی مەڕو ئاژەڵ بەخێو کردن ئەبن، ئەو برا مەڕو ماڵات دارانە لە ڕێگەدالەو کاتەدا کە ئەچن بۆ هەوار یان لەو کاتەدا کە لە هەوار دەگەڕێنەوە لەگەڵ چۆدارو وردەواڵە فرۆشا، سەوداو مامەڵە دەکەن.گیسکە نێر و کاورە نێر و «هوگج» و چۆیشتیری ئەستێرو مەڕە قسرو ئەستێو ڕوێژ نەقسر بەوان ئەفرۆشن و لە باتیان «کەل و پەل» لباس و قەندو چاو برنج و وردەواڵەو ئەو شتانەی وا پێویستیانەلێیان وەرئەگرن، بەڵام ئەوانە وا مەڕو ماڵاتیان زۆرترە ئاژەڵ و پێست و ڕیخۆڵە و خوری و بەرگن و بەرهەمی مەڕو ماڵاتی خۆیان ئەبەنە بازاڕی شارە گەورەکان و جاری وایش هەیە هەر لە کوێستان بە پوڵ و دراوی نەغد بە چۆدارەکانی ئەفرۆشن.

ئەم ماڵە کۆچەرانەی عێلی میلان لە کاتی خۆیدا، هێندێکیان خەریکی کشت و کاڵ ئەبن و بە ئەندازەی خۆراکی یەکساڵەی خۆیان گەنم و جۆ دا ئەچێنن، زەوی و زاری کەوشن و ناو سنوری چۆم و ڕۆباری ئەرەس کەوا عێل و عەشرەتی برا کوردەکانی میلان لەوێدا نیشتەجێن، وشک و بێ ئاوەو لە هاوینا هەوای زۆر گەرم و داغە، جا لەبەر ئەمە بەرو بوی گشت و کاڵ،لەوێ باش نیەو زۆر کەم بڕشتە، بەڵام عێل و عەشرەتی میلانی کە لە کەوشن و ناوسنوری خۆی و شاری ماکۆ،شاپورا

ئەژین و لە تیرەو رەچەڵەی «مەمکان» و میلانیەکانی لای چۆم و روباری «ئەرەسن» باشتر خەریکی جۆت و گاو و گشت و کاڵ ئەبن. ئەوانە وا موچەو مەزرایان هەیە خەریکی جوت و گا ئەبن و پیشەیان وەرزیری یەو ئەگەر ئاژەڵ و پەزو پسولەیان هەبێ، ئەیکەنە بەرشوان، چونکە باوە هەر ئاوای یەک شوان و گاوان دەگرن. شوان مەڕو ماڵاتی ئاوایی یەکە، ویکڕا ئەباتە لەوەڕ، هێندێ ماڵی وایش هەیە، لە هەوارا چەن پەڵە زەوی یەک لە پێش چاو، دەگرێ و ئەی کاتە گەنم و جۆ و بەرهەمی دێنێ. باوە، شوان رۆژی دووجار چێشتانگا و ئێواران رانەکە بۆ دۆشین دێننە مەڕە بێڕ، جا لە پاش ئەوە بێری دۆش، پەزەکانیان دۆشی، دووبرلو ئەیانبەنەوە بۆ لەوەڕ. باوک لە کاتی ژینی خۆیدا چەن مەڕ و بزنێک بە پێی داب و دەستوری ناو خۆیان ئەدا بە کورەکانیان، تا خۆیان بە خێویان بکەن و کەڵکیشیان لێوەر بگرن، زۆربەی مەڕدارە دەوڵەمەندەکان شوان لە نێو خزم و کەس و کاری خۆیان دەگرن و خەڵات و بەراتی زۆر تبرێشیان ئەدەنێ، ئەم شوانانە مەڕو ماڵاتی خۆیان ئەکەنە نێو مەڕو ماڵاتی خاوەن رانەکەو لەگەڵ ئەو مێگەلەدا ئەیان لەوەڕێنن، وا باوە شوانەکان هەر لە بەرانبەری ٢٠ پەزدا کە ئەیانبەنە لەوەڕ ساڵانە یەک گاوڕ (توخلی) لە خاوەن مەڕەکان وەردەگرن و ئەم کاوڕانەش لەگەڵ رانەکە دەلەوەڕێنن و بەم جۆرە ساڵ بە ساڵ پەزو پۆڵەی شوانەکان زۆر ئەبێ و زیاد ئەکات.

## خەتەنە سوران

خەتەنە سوران، لە هێندێ شوێن داب و دەستوری خەتەنەو سونەت کردنی منداڵ بەم جۆرەیە:

هەر ماڵێک کە بیەوێ منداڵی خۆی خەتەنە بکات، یەکێک لە دەستە برایانی خۆی لە پێش چاو دەگرێ، تا لە کاتی خەتەنە کردنا هۆشی لە کورەکە بێت. براکوردەکانی

عێلی میلان و شێخکانلو بەم پیاوە دەڵێن (کریب) ئەو مرۆیەش دیاری و شتیوا وەک کەواو پاتۆل و یان کەوش و سول و کراسی بۆ دەکڕێ تا رۆژی خەتەنە سوران، جا لەورۆژەدا ئافرەتانی بنەماڵەی کریب خۆیان ساز دەکەن و ئەو دیاری یانەی وا بۆیان کڕیوە لەسەر مەجموعەیەکی دادەنێن و بڕێکیش شیرینی و خواردەمەنی لەگەڵ دەخەن و روپۆشێکی ئەدەن بەسەرا، ئینجا یەکێکیان مەجموعەکە لەسەر سەری دائەنێ و وێکڕا دەکەونە رێگەو رو دەکەنە ئەو ماڵە وا کورەکەیان خەتەنە دەکەن و لە رێگەدا کچی نیمچە عازەب و کوڕی تازە پێگەیشتو و منداڵان لەگەڵیان رێ دەکەون و بە پلەزیقان و گۆرانی گوتن و چەپلەرێزان و بە شایی و هەڵپەڕکێ بە خۆشی و بێشی بەزم و رەزم ساز دەکەن.

ئەو ماڵەی وا دەیانەوێ منداڵەکەیان سونەت و خەتەنە بکەن، هەرکە ئەو دارو دەستەی وا لە ماڵی (کریب)ەوە هاتون نزیک بوونەوە، ئەچنە پێشوازیان و بە خێرهاتیان پێدەڵێن و ئەسپەندەریش لەبەر پێیاندا ئەسوتێنن و قانگیان بۆ دەکەن و رێزیان لێدەگرن، جا لە پاشان هەموویان لە هۆدەی تایبەتدا کە لە پێشا رازاندویانەتەوە دادەنیشن، وا باوە ئافرەتانیش لە هۆدەیەکی دیکە دا دەنیشن و نایەنە نێو پیاوەکان، جا چای و شیرینی و میوەو شتی وا دێنن و هێندێ ماڵ نەهارو فراوینیش بە میوانەکان ئەدەن و دوای نەهاریش چەن چایەکی دیکە دەخۆنەوە، ئینجا مام (دەلاک) ئامانێک پڕ لە شیرینی دەگرێ بە دەستەوەو یەکە یەکە خەڵکە خولک ئەکات شیرینی هەڵگرن و بیخۆن، لە هێندێ شوێن باوە هەر کەسێک کە شیرینی هەڵگرت دیاری یەکیش دائەنێ دراو یان هەر شتێک کەوا لە وزەی دا هەبێ، دایی ئەنێ و ئەیخاتە نێو ئەو ئامان وکەشەفەی وا بە دەس مام دەلاکەوەیە، بەڵام لە هێندێ شوێن تەنیا دراو خڕ دەکەنەوەو کەمێک لەو دراوەدیاری یانە ئەدەن بە دەلاک و ئەوی دیکەشی دەبەخشنەوە بەسەر فەقیر و هەژارا...

جا لەو کاتەدا وا مام دەلاک دەیەوێ دەس بەکار بێت (کریب) ئەو منداڵەی وا

دەیانەوێ خەتەنەکەی کەن، دەیگرێتە باوەش و دڵخۆشی ئەداتەوەو سەرگەرمی دەکات و نەرمە نەرمە و ئەسپایی کوڕەکە دێنێتە سەر ئەو جێگە وا دەیانەوێ لەوێدا کوڕە،خەتەنە کەن و دەلاکیش شتو مەکی خۆیی لەوێ داناوەو ئامادەی کردون، جا لەو کاتەدا کە دەلاک دەیەوێ کوڕەکە سونەت کات (کریب) بڕێک نوقڵ و نەبات و شیرینی یان سنجو ئەدا بە کوڕەکەو هەر دوو دەستی کوڕەکە لەبەر چۆک و رەفیسکەی رانی دەردێنێ و توند بە جۆرێکی وا دەیگرێت کە نەتوانێ تەکان بخوات و بجوڵێ، بە جۆرێکی واکە مام دەلاک بە هاسانی بتوانێ سونەتی کات، ئینجا مام دەلاکەدەلاک دێتەخۆو منداڵەکە بەم جۆرە خەتەنە ئەکات و باوک و دایک و خزم و کەس وکاری منداڵەکەش دێن وبە یارمەتی (کریب) منداڵەکە،دڵخۆشی ئەدەنەوە تا نەگری و هاوار نەکات. لە هێندێ شوێن باوە هەرکەسێک کە دێ بۆ لای منداڵەکە،دراو یان دیاری‌یەکی پێ ئەدا، تا پێی لە ئەرز نەدات و گرو بیانو نەگرێ وکەم کەم بەو دراوودیاری‌یانە خۆیی بغافڵێنێ تا ئێش و ئۆفی سونەت کردنی لە بیر بچێتەوە. باوک و دایک وکەس وکاری منداڵەکە لەکاتی بەڕێوەبردنی داب و دەستوری خەتەنەو سورانەدا، لە هەر دەرفەتێکدا لە کریب رێز دەگرن و سوپاسی ئەکەن، ئەوان لەمەولا زۆر بە چاوێکی بەڕێزەوە تەماشای (کریب) ئەکەن و تا ناو سنوری سەرپەرەست و مەزنی خانەدانی خۆیان رێزی لێدەگرن لەگەڵ خاو و خێزان و خزم وکەس وکاری کریب دا دۆستی ئەگرن و زۆر بەگەرمە هاتوچۆیان دەکەن،کریب و خزم وکەس وکاری ئەویش زۆر تێدەکۆشن تا ئەو دۆستی‌یە زۆر بە جوانی راگرن و ئەو دۆستی‌یە گەرم وگوڕتر بکەن وکاتێ بیانەوێ منداڵی خۆیان خەتەنە و سونەت کەن یەکێک لە پیاوانی بنەماڵەی کریبی خۆیان ئەکەنە کریب بۆ منداڵی خۆیان تا بەم جۆرە دۆستی و نزیکیان گەرمتر ئەبێت. بەم جۆرە لە نێو ئەو دوو بنەماڵە دا و لە نێو بنەماڵەی براکوردەکانی نێو عێل وعەشرەتی میلان و شێخکانلوی لای چۆمی ئەرەس کریب لە پێش چاو دەگرن بە

هۆی ئەم کارەوە ئەو دوو بنەماڵە دوایی چەن پشت کە لە پەستا پەستا کریب لە نێو یەکتریدا هەڵدەبژێرن وەک یەک بنەماڵەیان لێدێ و بە جۆرێکی وا پێکەوە تێکەڵاو دەبن، تەنانەت ژن و ژن خوازی لە نێوانیاندا هەڵدەگیرێ و وابیر دەکەنەوە کە مارەیان لێک نایەت و لە یەکتری حەرامن، چون خۆیان بە خزم و کەس و کاری یەکتری دەزانن.

## چاک و پیری باوە...

وەک دەزانن لە کوردستانا گەلێ شەخس و قسن بەناوی باوە - واتە: بابە هەیە و زۆرن، رەوشتی کوردەکان وایە کە بە پیاوی خاوەن پایەی دینی و بنەماڵەی دینی دەڵێن: باوە، ئەمەیش لە بەرگەورەیی و رێزلێنانی ئایینی‌یەوەیە، وەکو: باوە شێخ و باوەلێ و باوەخەلیفە و باوەمەلا. لە بناری‌خانەقی و بوەمەردە - وڵا باوە سەید و باوەلێ هەیە - ئەمانە هەروەک بەناوی خۆیانەوە ناوبانگیان دەرچوە، هێندێ جار بەناوی جنسەکەیشەوە کەوتونەتە سەر زاری خەڵکی و ناویان داخستوە، باوە گوڕگوڕ، وەنەبێ، ناوبوبێت و پیان وتبێ: باوەگوڕگوڕ، بەڵکو هەر ئەوەندە بووەکە لەو شوێنەدا ئاگرێکی زۆر بە گوڕ گڕاوەو شەوقی داوەتەوە، جا لەبەر ئەمە ئەم ئاگرەیان بە مەزهەری گوڕی پیاوێکی دینی و بە شەخسیان زانیوەو پێیان وتووە: باوە گوڕ گوڕ، ئێمە دەمانەوێ باسی باوەگوڕگوڕی «کەرکوک» بکەین، ئەم شوێنە هەشت کیلۆمیتر لە شاری کەرکوک دورەو کەوتۆتە لای خۆراوایی باکوری ئەو شارە، باوەگوڕگوڕ جێگەیە کەلە هەزاران ساڵەوە بە جێگەی پیرۆز و قسن و گوڕی پیاو چاک دراوەتە قەڵەم، لەو شوێنە ئاگرێک دەگڕا،کە بە ئاگری پیرۆز دا دەنرا، هەر بەم بۆنەوە بۆ،خەڵک لەو وڵاتانەوەو لە رێگای زۆر دور و یان لە رێگای نزیکەوە هەڵدەستان و بارگەیان ئەپێچایەوە و خۆیان ساز دەکرد و رویان تێ‌دەکرد، ئەم شوێنە جێگەی رازو نیازیش بوو تا رادەیەک کە ئەو ئافرەتانەی وا منداڵیان بۆ نەدەما و یان منداڵیان نەدەبوو نەزۆک بوون، دەچوون و دەپارانەوە کە خوا بە

مرازیان بگەیینێ، جا هەر کە ئەچون و نزیک ئەبوونەوە بەناوی زکر و پاڕانـەوە ئەیانوت:

باوە گوڕ گوڕا! باوە گوڕ گوڕ
جێگەی نیازی تۆ بۆ کچ و کوڕ
بە نیازی تۆ هاتوم لە دور
هاتوم بۆ لات بۆ جوتێ کوڕ
باوە گوڕ گوڕا باوە گوڕ گوڕا!
گڕی نورت دایم بە گڕ
هاتومە لات بە شەرمەوە
کۆرپە بخەیتە باوەشمەوە

جا ئـەمجارە ئافرەتان دەهاتن نـیازیان دەگـرتەوە بـەم جـۆرە: چـیلکەیان هەڵدەگرت و لە زەویەکەیان دەژاند و چکۆڵەیان لێ ئـەدا، ئـەگـەر ئـاگری لێ ببوایەتەوەو ئاگری لێ هەستایێ لایان وابوبە نیشانەی ئەوەیان دەزانی و وایان بیر دەکردەوە کە تکاو پاڕانەوەکەیان و نیازەکەیان گیرا بووەو بە مراز دەگەن... بەم جۆرە نیازیان دەگرت و سرودیان دەخوێندەوەو شایی و هـەڵپەڕکێ و شـایی و ڕەشبـەڵەکـیان سـاز دەکـردو مـاوەیەکـی زۆر لەو شـوێنە بـە خـێرو خـۆشی رایاندەبوارد.

ئەم داب و دەستورە تا سەرەتایی سەدەی بیستەمی زایینی هەر باو بووە، بەڵام لە پاش شەڕی جیهانی دووهەم «کۆمپانییەکانی» نەوتی جیهانی، هاتن و لە سالی ١٩٢٧ دا لەو ناوچەیە بیریان لێدا، هەر کە قولایی بیر گەیشتە ٤٦٥ متر نـەوت تەقیەوەو با سقەنەی کرد و نەوت هەڵقوڵی و شەریکەی نەوتی ڕۆژئـاوایـەکـان نەوتیکی زۆریان دەرهێناو بەم بۆنەیەوە ئاگری باوەگوڕ گوڕ کەوتە کـز بـوون و خەڵکی ئەو ناوە وشیار بوونەوەو تیگەیین کە ئەم «گڕەی» والەم شوێنەدا ئەچو بە عاسماندا، گڕی ئەو نەوتەیەکە لەو کانگایانەدا لە ژێر زەوی پەنگاوەتەوەو بۆیان دەرکەوت کە لەو شوێنەدا نە شەخسێک هەیەو نەقسن.وەباوەڕیان نەما کە لەوێدا گۆڕو پیاوچاکێک هەبووبێ و بۆیان دەرکەوت کە هیچ کەسێک و شەخسێکی پیرۆز لەو شوێنە نەنێژراوە، تەنیا خێرو بێر لە ژێر ئەو خاکەدا شارا بۆوە کە پێی ئەوترا

زێڕی ڕەش و ئەم کانە پڕ خێر و بەرەکەت و پڕ پیتە لە باتی ئەوەی ببێ بە دەستمایەو سەرمایە، بۆ خەڵکی وڵاتەکە، کەچی ببوو بە سەرمایە بۆ سەرمایەدارانی وڵاتی خۆرئاوایی یەکان.

## یەکتر ناسینەوە

نەتەوەی کورد مەزنترین نەتەوەی ئارییایە کە لە کەوناراوە بە زنجیرەکێوەکانی کوردستانا نیشتەجێ بووە.

سترابۆ، هێری دۆت و گزنفون زۆر جاران ناوی کوردو مادو کرمانجیان بردووە. گزنفون سەردارو مێژووزانی ناوداری یۆنان ئەبێژێ: کورد نەتەوەیەکی زۆر ئازاو نەبەزو دڵئاوایە.

ئاغای شەمیم ئەڵێ: ئەبێ باوەڕمان هەبێ کە نەتەوەی کورد لە گشت نەتەوەکانی بەرەی ئێرانی رەگەز و داب و دەستور و خوو فەرهەنگ و بارو باوی خۆیان باش راگرتووەو چاک پاراستویانە.

دەرکەنانی ئەڵێ: کوردەکان لە هەر شوێنێک دابن، ڕەگەزو خوێن و فەرهەنگی خۆیان جوان دەپارێزن، هەر لەبەر ئەمەیە لە سوریەشدا توانیویانە پایەی بەرزی حوکومەتی بەدەس بێنن.

کوردەکان هەرگیز سەریان نەهێناوەتە بن باری زڵم و زۆربێژی ملهوڕان، بۆوێنە کاوەی ئاسنگەری کورد لە زاڵم و ئاژیدەهاکی زۆربێژی خولی خۆی ڕاساوەو فەرەیدونی کوردی ناوەتە بان تەخت (ئەمە خۆی نیشانەی ئەوەیە،کوردان بە درێژایی مێژوو لایان وابووە کە ئەبێ حوکومەت دەس‌نیشاندەی خەڵک بێت و لە لایەن خەڵکەوە هەڵبژێرن، ئەوە بووە کە مادەکان و کوردە مانناکان بە خاوەنی شۆراو ڕاوێژ ناسراون، بڕوانە: کتێبی باوی کۆمەڵایەتی و مێژووی... چاپی تاران،

نەورۆزی ١٣٥٧ و ١٣٥٨ هەتاوی، نووسراوی: شەپۆل. هەروەها لەبەر ئەوە کوردەکان زوڵم و زۆریان پێ قەبوڵ نەکراوە، لە تورکی عوسمانلی، کەماڵیەکان، قاجاریەکان و پەهلەویەکان راساون و داوای حوکومەتی دێموکراسی و خەڵکیان کردووە.

زانایانی وەکو: ئیبنولقوتەی‌بەی کورد لە مەعاریفا، ئەمیر شەرەفخانی کورد لە شەرەفنامەداو مەسعودی لە «مروج الذهب» دا و تەبەری وکۆڕی تر لە مێژووزانان دیاردی‌یان بۆ ئەمە کردووەو دیانیان بە ئازایی و نەبەزی کوردا ناوە.

فیردەوسی لە شانامە دا ئەبێژێ:

کنون کورد از آن تخمه دارد نژاد کز آباد بر دل نیایدش باد

بود خانەهاشان سەراسەر پلاس نه دارد در دل ز یزدان هراس

یانی ئەونە ئازاو نەبەزن، تەنانەت لە خوداش ناترسن:

لوردکورزین سیاسەتمەداری ئینگلیس ئەڵێ: شوجاعەدۆلە، ئەمیر حوسێن خانی کوردی زەعفەرانلوی مەزنی قوچان وتی: ئێمە لە راست دژ و دوژمنانا رەق رادەوەستین. ئێمە دۆڵین دوژمن هەڵمان قورێنێ، کورد لە راست دژ و دوژمنانا هەمیشە وەک دیواری پۆڵا وابووەو وایشە.

میرزا محەمەد حوسێن خانی موستەوفی ئەڵێ: کوردانی زەعفەرانلو خۆش‌رو، لێو بە بزە، باڵابەرزو خۆش قلافەتەو بە سامو ئازاو نەبەزن. سپایان: هەمیشە سوارن، هەر سەت کەس لەو کورد سوارانە بەرانبەرە بە هەزار سواری هۆزی ناکورد.

نادر شای‌ئەوشار، لەبارەی جەنگ ئاوەرانی کوردا سەری چەماندۆتەوەو بە سوارەی کوردانی زەعفەرانلوی دا هەڵگرتووە.

رەشید یاسەمی کورد بە شاخ و باڵی کوردانیدا هەڵگوتوەو خویی باش و ئازایی و نەبەزی کوردانی لە دنیای کۆنەوە تا ئێستا نوسیوەو هێناویەتە سەر کاغەزو

ئەڵێ: گرینگترین جێگای کوردان لە ئێرانا کوردستان، کرماشان، ئازەربایجانی رۆژئاوایی، مهاباد، شنۆ، پیرانشارو سەردەشت و بۆکان، بانە، سەقز، تیکاب، میاندواو، مازندەران، گیلان، لای تاران، قەزوێن، دەماوەند، وەرامین، زەنگان، خۆراسان، قوچان، ئوستو، ئوستۆئن، خەبۆشان خاشە، لە دەروەی ئێرانیش لە تورکیە، عێراق، شورەوی، سوریە، میسر، هێندوستان، ئەفغانستان، بەلوچستان و پاکستانە.

(مەلیک سالح، محەمەدخان لە مێژووی بەلوچستانا فیهرستی ژمارەی ١٥ لاپەڕەی ٤٧ چاپی پاکستان لە بابەت کوردەکانی بەلوچستانا ئەنووسێ: کە ئەوانە بەشێ لە هۆزی بەلوچی بەر ئاهویی دێنە ژمار،کە لە شارەکانی کووەیتەو پێشین، ٥٦٤ بنەماڵەو لە شارسبی ٣٣٨ بنەماڵە و لە شاری چاغی ٢٣٧ بنەماڵەو لە شاری لورالائی ١١٢ بنەماڵەو لە شاری خاران ١٠٩ بنەماڵەو لە مەکران ٢٧٨ بنەماڵە کورد ئەژین ، کە بە تیکڕایی تا حەوت هەزار بنەماڵەن،ئاغای میرگوڵ ، نەسیرخان، لە مێژووی بەلوچستانا، ج ٢، چاپی کووەیتەدا ئەنووسێ: کە میر عەبدولعەزیزخانی کوردو میر ئەلواهید خان سەرۆک، هۆزەکانی کورد لە بەلوچستانن، کوردەکانی بەلوچستان و پاکستان و هەرێمی خاش لە ئێرانا بە زمانی بەلوچی قسە دەکەن)

زانایان و رەگەزناسان ئەبێژن:

١ـ کوردەکان باڵا بەرزن تا ٨٣ لە سەتی کوردەکان تا ١٦٥ سانتیمتر باڵایان بەرزە.

٢ـ جومجومەی کوردەکان لە تیپی براکسیفانە، پانی و بەرینی جومجومەکانی کوردان تا ٧٨ تە.

٣ـ ئەندازەی زاوی‌یەی کەپۆ یانی نێوان زاوی‌یەی لوت و درێژی کەپۆی زۆربەی کوردان ٧٠ سانتەو لە تیپی (لپتورینینە).

٤ـ لەبارەی وێنەو قلآفەوە لە تیپی (لپتوپروزوسپ - leptoprosope) یانی

کوردان دەم و چاویّ راکیٚشراو و مەوزونیان هەیە.

٥ـ موی (٨٢٪) کوردان رەشی پڕپشتەو ئەوانی تریان مویان رەنگ بەلوتیە، زۆربەی کوردان لیٚو قەیتانی و دەم چکۆلەو چاو جوانن.

٦ـکوردان زۆر بە وزەو چوست و چالاک و ساغ و خۆش قلاٌفەتن

کورد خاوەن چوار زاراوەیی،گرینگ و لەبارە، وەک:

١ـکرمانجی: (خوارو ژوورو) کرمانجی خۆی زمانی ئاویٚستایەو سۆرانی یا موکری خۆی شاخەیەکە لە کرمانجی.

٢ـ لوڕی.

٣ـکەلوری (کەلهوڕی).

٤ـ گۆرانی: وە هەرکام لەمانە خودانی زاراوەکەگەلەو ئەمڕۆ زمانی کوردی لەو چار زاراوە گرینگە،کەلک وەرئەگریّ و ویٚژاوەری و فەرهەنگ و زمانیکی یەکگرتووی پیٚکهیٚناوەو خۆی گەیاندۆتە ئەو پەڕی خونجاوی و گونجاوی و شان لە شانی زمانە زیندوەکانی جیهان ئەدا، بە تایبەت لەبارەی فرەبوونی واژەگەلی سرشتی کەم زمان تۆزی زمانی کوردی ئەشکیٚنیٚ.

لە بوستانوسیاحەی خەتی زەینولعابدین شیروانیدا لاپەڕەی ٥٨٩ - ٣٩٤ دا نووسراوە: کورد چوار هۆزی گەورەی هەیە:

١ـکرمانج.

٢ـ لوڕ.

٣ـکەلور.

٤ـ گۆران و هەرکام لەمانە شاخ شاخەگەلی زۆریان لیٚ دەبیٚتەوە.

کاک محەمەد فەتحی لە وتاریٚکا لە گۆڤاری وەحید، ساڵی ١٣٥٢ هەتاوی، ژمارەی ١٠ لاپەڕەی ٧٩٣ چاپ کراوە، ناوی (مهدی بیگ شقاقی و میرزا محەمەد حوسیٚن بالکانلو کە نازناوی مهمیده) و لە بنەماڵەی کوردی شقاق (شکاک)ن

بردونو ئەبێژێ کوردی شقاق لەسەر رچەی سونی بوون، بەلام لەبەر ئەوەی بنەماڵەی سەفەوی یان خۆش ویستوە، هاتونەتە سەر رچەی شیعە.

زمانی کوردی شقاق وەک زمانی کوردی کرمانجی و کوردی.وا بووە کە لە بیریان چووەتەوەو ئێستا بە ئازەری قسە دەکەن.

کوردی شقاق لە چل هۆزو هەشتا هەزار بنەماڵە پێکهاتووە کە لە باشوری ئوروپاو ئاسیای گچکەوە هاتونەتە لای تەوریزو لای هەشترود و گەرمرودو سەرابی قوریچای کێوەکانی سەهەن.تا ئەگاتە میانەوە، چل هۆزی تریان کۆچ دراونەتە خۆراسان و قوچان، ئەو چل هۆزە کوردە شقاق (شکاک)ە بەم جۆرەن:

١ـ ئاریانلو کە بە ئازەری و رانلو نێزیک بە کوردی کرمانجی قسە دەکەن.

٢ـ زەعفەرانلو کە بە ئازەری،زخورانلو ، زخرانلو، زاکرانلو دەئاخون.

٣ـ بالکانلو ئەم هۆزە هێمان لە نێوان قوچان و تورکومان سەحرادا بە کۆچەری ئەژین.

٤ـ پسیرانلکۆ کە هەمان سیل سپورانلوە،لە سنوری ئێران و روسا ئەژین و لە هۆزی بیچرانلو دێنە ژمار.

٥ـ چرکتانلو.

٦ـ بادانلو (مادانلو) کە لە قوچانا ئەژین و ناوی خۆیان کردۆتە (بەهادری).

٧ـ یار ئەحمەدلو.

٨ـ میر سولتانلو.

٩ـ گۆرانلو یا کۆرانلو کە لە گوندی گۆرانی باکوری قوچانا ئەژین،یا هەمان هۆزی گورکانلوی جوزوی هۆزی بیچرانلون.

١٠ـ موسانلو یا هەمان ئەوسانلوی لای خوراسان و گوندەکانی (خوار وەرامین).

١١ـ فەتحعەلیخانلو.

١٢ـ توشماللو.

ئەڵێن ئەم پەساوەندانە (لو) لە تورکی عوسمانلیەوە پێیان گەیشتوە.

١ـ ممش خان: کوڕی ئەمیر گۆنەخانی زەعفەرانلو، حاکمی قۆچان و قەڵای چناران بووەو گشت: ئەخلوەند،کوێستانی ئەوان بووەو لە زەمانی حوسێن شای سەفەوی یەکسەت و هەشتا هەزار بنەماڵە بوون.

٢ـ حاکمی کوردەکانی سعدانلو (ریدانلو) ئەمیر گۆنە خانی کوڕی محەمەد حوسێن خان بیگلربیگیەو خەبۆشانیش لەبەر دەس ئەوا بووەو یەک میلیون و یەکسەت هەزار بنەماڵە بوون،کە لە کوێستانی «مجیریک» گوندەکانی باکوری قوچان تا شیروان قەڵاو نێزیک بوج نرد (بجنورد) ژیاون. وە ئەو باوکو کوڕە هەرگیز سەریان نەهێناوەتە بەر باری نادرشا.

٣ـ ئیبراهیم خان کوڕی شاوێردیخان لە هۆی شێخکانلو مەزنی هۆزی کوردەکانی کاوانلو بووەو لە لای ورمێوەکۆچ دراونەتە قەڵای رادکان و لە رادکانەوە تا کلات بووەتە هی ئەوان و چوار هەزار بنەماڵە بوون و دژی شا نادر بوون.

٤ـ ئەسکەندر خانیش مەزنی هۆزی دوانلو بووەو ٢ هەزار بنەماڵە بوون لە بچریکەوە تا جاجرمیان بەدەسەوە بووە.

میرزا محەمەد حوسێن،موستەوفی ئەبێژێ: هۆزی رەسەنی ئێرانی لە رۆژگاری کیانەوە تا سەفەوی یە،ئەم شەشە هۆزە بوون.

١ـ لوڕ -کە ١١٧ تیرەن، کە چوار هۆزی ئەسڵین: ١ـ فەیلی. ٢ـ لەک و زەند. ٣ـ بەختیاری. ٤ـ ممیسنی. کە گشتیان ٢ هەزرا بنەماڵە بوون.

٢ـ گەروس و کەلور و موکری کە لە هەمەدانەوە نیشتەجێ بوون تا دەگاتە مەراغە، ئەمانە تیرەگەلیکی فرەن. وە مەزنی هەموویان ٢ کەس بوون : (١ـ خوسرەوخانی موکری. ٢ـ محەمەد حوسێن خانی گەروس.)

٣ـ هۆزی کوردانی خۆراسان کە لە بەرا باسمان کرد.

٤ـ هۆزی جەلایەری.

٥ـ قەرائی.

٦ـ جەلائی.

ئەم شەش هۆزە لە هۆزە رەسەن و جنسەکانی ئێرانین، ئایا بەم جۆرەی وتمان کێ ئەتوانی بێژی کورد جیای خوازە، ئەگەر جیای‌خواز بێ، خاکی پاکی کوردستان لە قوچانەوە تا ئەوپەڕی سنور چلۆن هەلکەنێ و بیگرێ بە کۆڵەوەو بیبا بۆ دژ و دوژمنانی کورد، بەڵام بەداخەوە بە درێژایی مێژوو، ئەوانەی وا حوکومەتیان لە ئێرانا بەدەستەوە گرتووە لە دژ و دوژمنانی ئێران و کورد. خراپتر لەگەڵ کوردا بزوتونەتەوە. کەچی مێژوو شایەدە کە کورد ئەسڵیترین و رەسەن‌ترینی رەگەزی ئاریایی و ئێرانین.

بەڵام ئێستا نۆرەی ئەوە گەیشتووە،کە برا ئێرانیەکان بە چاوێ تر بنوارنە نەوەوەی کوردو قانونی شۆراو راوێژ و قیست و عەدلی ئیسلامی لەبارەی کوردەکانا پیادەکەن تا نەتەوەی کورد بە مافەڕەواکانی خۆی بگات.

حوکومەتی سەفەوی و شا ئیسماعیل سەفەوی بە یارمەتی رۆستەم بیگی کورد، مەزنی کرمانج و میری کورد گەلی قوچان هاتۆتە سەرکار.

لە مێژوودا هاتووە کە شا هەباس بە ژیری و وشیاری بە پێی فەلسەفەی ئیبنولعەمید جوڵاوەتەوە کە وتویەتی: (ئەبێ کوردان بکرێنە سپەری دەرد و بەلا) شا هەباس کەوتە ئەو بیرە کەبە فێڵ و گەڕ کوردەکان کۆچ بداتە خۆراسان تا بە تیریک لە دونیشانە بدا، فێڵەکە ئەمە بوو، رۆژێک لە ناو کۆڕێ کە لە میرو مەزنانی کوردانی کرمانج پێک‌هاتبوو شا هەباس قسەی دامەزران و شێوەو لەوەڕگای کێو و ناودۆڵ و شێوەی تارانی بۆ تاریف کردن و ئەو کوردانەی دنەدا کە بۆ ئاژەڵداری بچنە ئەو ناوە ناوە، ئەوە بوو ئەو کوردانەش لە ئازەربایجان و سابلاغ ، مهابادو ئەو

ناوەناوە هاتبوونە ئازەربایجان و ئەو شوێنەیان پێ بەرتەسک و تەنگ بوو. وردە وردە بە دەم لەوەڕەوە بەرەو سەرزەمینی رەی کۆچیان کرد.

دەڵێن: ئەگەر کوردان خۆیان بە دڵ ئەم کۆچەیان پێ خۆش نەبوایێ کەس نەیدەتوانی بە زۆر کۆچیان دا، لەم کۆچە دا هەندێ لە بنەماڵە کوردەکان لە دەورو بەری زەنگان و تاکستان و قەزوێن مانەوە، ئەم کۆچە لە ١٠٠٧ کۆچی مانگی دا رووی داوەو کوردەکان ماوەی دوو ساڵ لە (لەوەڕگای خوارو وەرامینا) مانەوە، بەم جۆرە شا هەباس بە نیازی دڵی خۆی گەیی و کوردەکانیش کە لە مهابادو کوردستان و ئازەربایجان دوورکەوتبوونەوە، شا هەباس دووبارە کوردەکانی دنەدا کە بڕۆنە خۆراسان تا لە هێرشی ئەزبەکیان بەرگری بکەن، کوردەکانیش کە نیشتمان ویست بوون بە دڵ و گیان چونە جەنگی ئەزبەکیان. شاهەباس بە ئاواتی خۆی گەیی، چونکە پیرۆزی یا نابودی کوردەکان بە سودی ئەو بوو.

لەو کۆچەڵ کۆچەڵەدا هەندێ لەو کوردانە لە دەماوەند و لای تاران و خوارووی وەرامین مانەوەو ٥٠ هەزار بنەماڵەش لە ١٠١٠ کۆچی مانگی دا لە رۆژگاری شاهەباسی ئەوەڵ دا چوونە خۆراسان، ئەشێ بزانین ئەم کوردانە لە تورکیەو سوریەو قەفقازەوە هاتبوونە ئازەربایجان و ئەو ناوە ناوە. شا کە بەم فێڵ و گەرە یەکیەتی کوردانی لە بەر یەک پساند، ئەم جار یەکە یەکە دژو نەیارانی خۆی یا کوشت یا کوێری کردن. شاهەباسی سەفەوی زۆری لە میرو مەزنانی ناوداری کوردی بەگەڕتر کردووە، وەک: فەرهادخانی قارەمانلوو و زولفەقارخانی برای، ئەمیرخانی لەپ زێڕین کە میرو مەزنی ورمێ و شنۆ و ئەو ناوە ناوە بوو و لە جەنگا دەسی پەڕیوەو شا دەسی لە زێڕی خاڵی بۆ دروس ئەکاتەوە. خان لە دوای دا زانی شا وازی لێ ناهێنێ، ئەوە بوو قەڵای دمدمی (Dem Dem) لەناو برادۆستا بۆ خۆی ساز کرد، بەڵام بەداخەوە حەمکی لێتیانێ خەیانەتی پێ کرد. دووبارە دار هۆرەی لە خۆی بۆ ساز بووە، وە سەرچاوەی ئاوی قەڵا دۆزرایەوە، میری لەپ زێڕین لەبەر

ئەوەی بە زیندویی نەکەوێتە دەس شای خوێن مژ خۆی وگشت خاو و خێزانی لە هەڵەت و زەردەو بەردی بان شمشێرخانەوە هەڵداشتووە.

بڕوانە شوێنەواری باو لە کوردەواریدا و مێژووی... بەشی هۆزی شکاک، چاپی ١٣٥٨ هەتاوی تاران، نووسراوی شەپۆل.

لە ساڵی ٩١٨ کۆچی مانگی شا ئیسماعیل بەیرام بیگی کوردی قرامانی (قهرمانلو)ی کردۆتە سەدری ئەعزەم و هەمەکارەی بەلخ و خۆراسان، وە ئیتر حوکومەتی ئەو ناوە کەوتە دەس کوردان. بەڵام سەرئەنجام بەیرام بەگ بووە قوربانی سەفەوی و لە جەنگی ئەزبەکیانا تیرێ لە سینگی دراو لە بەرکۆی زین کەوتە خوارێ و شەهید بوو (بنوارە عالەم ئارای سەفەوی، نووسراوی گورجی، لاپەرەی ٢٦٢ و ٣٩٠).

دوژمنانی کورد چونکە زراویان لە کوردان چووەو ئەش چێ، زۆر بێ بەزەیانە پیاو مەزنانی کوردیان کوشتووە، بۆ وێنە ئەردەشێری بابەکانی ساسانی باوەکو لە دایکیشەوە کوردبووە،لە ترسان دەسی داوەتە کورد کوشتن.

لە خولی ئالی بۆیەکان، سەلجوقی یەکان، سەفەوی یەکان، هەوشاری یەکان، قاجاری یەکان، پەهلەوی یەکان، عەرەبەکان، ئەمەوی یەکان و عەباسی یەکان. بۆ وێنە مەنسوری عەباسی چلۆن بە فڕو فێڵ ئەبو موسلیمی کوردی ناودار بە خوراسانی کوشت.

ئەڵێن لە ساڵەکانی ١٢٦ و ١٣١١ کە ئەمیر سام خان شوجاعەدوڵەو ئەمیر حوسێنی برای کە حاکمی قوچانیان بە دەستەوە بووە، قوچان کەوتبووە ناو خێرو بەرەکەت و زۆری هێدی و هێمن بووە.

مەولەوی لە دەفتەری ئەولا، ناوی کورد ئەباو ئەڵێ:

ترک و گُرد و پارس گو عرب

فهم کرده آن ندایی گوش و لب

خود چه جای ترک و تاجیک است و رنگ

فهم کرده است آن ندا را چوب و سنگ

ئەڵێن: کاتێ رەزا قولیخانی کوردی زەعفەرانلو لە تەک قاجارەکانا کەوتە جەنگ، گشت تورک و تاجیک و پارسەکان و نەتەوەکانی تر پشتیوانیان لە رەزاقولیخان ئەکرد و ئەمیرانی کورد،هیچ جۆرە جیایی لە نێوان نەتەوەی کورد و ئەوانی ترا دانەناوە.

هەندێ لایان وایە: قوچان لە ناوی (قوچکانلو = قۆچ قویونلو کە ئێستاش) گوندی لای باکوری قوچانەوە،هەر بەم ناوە هەیە، ناوی ئەو هۆزە کە خاوەنی پەزی نیشانەداری (قاشن) گیراوە - قۆچ = قاش جۆرە نیشانەیەکی تایبەتی پەزو پۆڵەی کوردانە یا ئەشێ بێژین لە بنەڕەتا «کوچان»ەو بە کوردی یانی: ئەو کوردانەی وا بە کۆڕ کۆچیان کردووەو لە شوێنێکا کۆنەبنەوەو چادرو چیغ هەڵئەدەن.

هەروا بە کۆچی ئێرەتیش کۆچ یاقۆش ئەوترێ، کەوابوو قۆچان لە بنەڕەتا کۆچان یا قۆشانەو هەردووکیان کوردییەو بە مانای کۆچ کردن و گویستنەوەیە، کەوابێ قۆچان ناوێکی کرمانجی‌یە، وە لە زەمانی ناسرەدین شاوە وردە وردە جێی (خەبۆشان)ی گرتۆتەوە، ئەبێژن: لە کەوناراوە ئەم کۆچەرانە لە کەناری شاری وێران کراوی ئەستو یا ئوستوئن یا ئاساکی کۆن خەبۆشان دا چادرو چیغیان هەڵئەداو بە جێگای ئەو چادرانەیان ئەوت: کۆچان.

هەندێ لە زانایان وەک: پیرنیاو، پورداو لایان وایە: قۆچان لە کۆنەوە، جێگای «پارت»ەکان بووە کە بە ئەشکانی (پەهلەوی) ناودارن وەرگیراوە.

واژەی (پهلو یا پهلوی یا پهلەوان) کە مانای پرتووەوە (پارڤ و پارت) نێوی ئەشکانیانە کە زۆر ئازاو نەبەز بوون، واژەی پارتی زانیش «پارتیزان» و چریک هەر لەو ریشەو رەگەژی‌یەوەیە، چونکە کوردەکان لە کەوناراوە بە جەنگی چریکی و پارتی‌زانی ئاشنا و رۆشنا بوون.

شاتەهماسبی سەفەوی لە تەزکیرەکەی خۆی دا لە بابەت ئازایی و نەبەزی کورد، بە تایبەت کوردانی (قرامانلو) دواوە. لە زەمانی شاتەهماسبی ئەوڵ ئوغلان بوداق خانی کوردی چگنی بووەتە حاکمی قوچان: (ئاساک، کۆن یا کوچان).

## رووداوی دڵتەزێن

باوەکاتێ لاوانی کوردی قوچانی لەکاروکویرەوەری وەرزێڕی و خەلەو خەرمان بوونەوە، لە مەیدانەکانی شارا خەریکی پاڵەوانبازی و شمشێربازی ئەبن تا بتوانن لە کاتی پێویستا لە تەک دژو دوژمنانا بوەستن، ئەڵێن: لە ساڵەکانی ١٣١٠ کۆچی مانگی دا لە زەمانی ئەمیر حوسێن خان شوجاعەدوڵە دا یەکێک لە مەزن و میرانی کوردی قوچان، ژن بۆ کوڕی گەورەی دەخوازێ و لە کاتی بوک هاتنا کە باوە ئەبێ زاوا بەرەو پیر بوک بڕوا، ئەو کوڕەش بە سواری بە پیر بووکەوە ئەچێ، بەداخەوە، ئەسپەکەی سەرسم ئەداو ئەگلێ بەسەر کوڕە سوارەکەداو کوڕە جێبەجێ گیان ئەدا، باوکی کوڕە بە سوارەکان و خەڵکەکەئەبێژێ، شاییەکە تێک مەدەن وابزانن ئەو بوکەم بۆ کوڕی چکۆڵەم هێناوەو بوکەکە لە کوڕە چکۆڵەکەی مارە دەبڕێ و نایەڵێ ئەو شایە پشێوێ، هەرچەن میوانەکان زۆر پەرۆش ئەبن، جا دوای تەواوبوونی ئەو ژن هێنانە،پرسەی کوڕە کوژراوەکەی دا ئەنێ، ئەم جۆرە رووداوانە خۆی نیشانەی خۆڕاگرتنی کوردانە،لە راست بەڵاو دەردو رەنجی رۆژگاراو ئەبێ خەڵکی تر لە کوردانەوە فێری خۆڕاگرتن و راوەستانبن لەراست گیروگرفت و کۆسپ و قۆرتی ژیانا.

بڕوانە عالەمئارای سەفەوی، نووسراوی گورجی، لاپەڕەکانی ٢٦٢و ٣٩٠و بۆستانوسیاحەی شیروانی، لاپەڕەکانی ٥٨٩ و ٣٩٤ و تاریخی کوردستان، نووسراوی عەلی ئەسغەری شەمیم. مێژووی بەلوچستان، کورد و پەیوەیەتەگی

نیژادی، نووسراوی رەشید یاسەمی، گۆڤاری هونەرو مەردم، ژمارەی ٨٨، ساڵی ١٣٤٠ هەتاوی، تاریخی میرزا محەمەد حوسێن خانی موستەوفی، کتێبی حەرەکەتی تاریخی کوردی،خۆراسان، نووسراوی کەلیمولڵا تەوەحودی ئۆعازی، جلدی دووەمی تاریخی ئەدەبیات لە ئێرانا، نووسراوی دوکتور زەبیحولڵا سەفا، تاریخی مەغول، نووسراوی عەباسی ئیقباڵ، نامەی عالەم ئارای نادر، لاپەڕەی ١٩، سەفەرنامەی ناسرەدین شا بۆ خۆراسان، لاپەڕە ٣٢٠، ئەمە بە تێکڕا لە کتێبی حەرەکەتی تاریخی کوردی خوراسان وەرگیراوە.

## کوردانی باچوانلوی قوچان

باچوانلو (Bacvanlu)ەکان تیرەیەکی گچکەن لە هۆزی گەورەی (زەعفرانلو) کە بە کوردی قوچان ناودارن، ئەم کوردانەو هەروەها کوردەکانی تری هەرێمی خۆراسانیش بە زمانی کوردی قسە ئەکەنو موسڵمان و شیعەن، زۆربەیان جوت و گا ئەکەن و لە دێ ئەژین، وە هەندێکیشیان ئاژەڵدارو خودان چیغ و چادرن و بە پەروەردەکردنی مەڕو ماڵات ئەژین.

ئەم کوردانەو کوردەکانی هەرێمی باکووری خۆراسان چوار سەدو پانزە ساڵ بەر لەمە بە تەگبیری شا هەباسی سەفەوی بۆ بەرگری کردن لە هاشاوڵی خێلی ئەزبەکیان کۆچیان دانە ئەم هەرێمانە. لە نامەی عالەمئارای نادری دا نووسراوە کە: (... لە کاتی دەسەڵاتی شاهەباسی سەفەوی، وڵاتی خۆراسانێ کە لە شەڕو شۆڕی عەبدولمۆمن خان ئەزبەک،پاک کرایەوە و ئەو هەرێمەی هێنایەوە ژێر رکێفی خۆی کەوتە ئەم بیرە،چونکە لە رۆژگاری شا سلێمان و شا ئیسماعیل و شا تەهماسبی باوە گەورەی دا،خێلی ئەزبەکیان دەس درێژییان ئەکردە سەر خۆراسان، هێنای زیاتر لە سی هەزار خانەواری لە هۆزی کوردەکانی لای ورمێ و ئەو ناوە ناوەی کۆچ دا بۆ لای خوراسان و هەرێمی خبوشان (قوچان) و رالەداغ و ... نامەی

عالەمئارای نادری، لاپەڕە ١٩ چاپی عەکسی شۆرەوی لە ڕوی نوسخەی ئەسڵیەوە...

لە جوغرافیای تاریخی ئیران، تەرجەمەی حەمزە سەردادوەردا نووسراوە: شاهەباس بۆ بەرگری کردن لە هێرشی تەراکیمەو ئەبەکیان ئەم کوردە نەبەزوجەنگ ئاوەرانەی لە کوردستانەوە بردە ئەو ناوە ناوە، شا هەباس بێجگە لە بەرگری کردنی هێرشی تورک و ئەزبەکیان لە کۆچاندنی کوردەکانا نیازی تریشی هەبووە، ئەویش بەرگری کردن بووە لەوە نەوەکو کوردەکان لێی ڕاسێن و کوردستان سەربەخۆکەن. هەروەک هەندێ لە کوردە یارسان واتا ئەهلی حەققی کۆچ دانە هەرێمی «کجور»و «کلاردەشت»ی مازندەران کە هێمان نەوەو نەوەزاکانی ئەو کوردانە بە زمانی کوردی قسە ئەکەن و باوەکو لە دێ ئەژین و خەریکی جوت وگان، بەلام داب و دەستور و ڕچەی ئایینی خۆشیان زۆر باش پاراستووە.

ئێمە باش ئەزانین کە «کجور»و «کلاردەشت» هەرێمێکی کوێستانی و چیاو چڕی مازندەرانە، هیچکاتێ دژو دوژمنانی ئێران نەیانتانیوە هەلکوتنە سەری، کەوابوو شاهەباس لە ترسی خودی کوردەکان، کوردەکانی بردۆتە ئەو ناوەو لە یەکی دور خستونەتەوە.

دوای سەفەوی، نادرشای گۆڕ بە گۆڕیش دەستوری دا هۆزی مەزنی «عیمارلو»ی کوردی لای خۆراسانیان بردە ناو کوێسانە چڕو زەردو بەردەکانی لای گیلانو ڕۆژئاوای کێوەکانی «ئەلەموت»و ئەو هەرێمانە ئێستاش بە ناوی عیمارلو، ئەم هۆزە کوردە ناودارە، چونکە زۆربەی دانیشتوانی ئەم هەرێمە،کوردە عیمارلوەکانەو هێمانیش بە ئەزمانی کوردی یا کرمانجی (Kermanji) دەئاخون و قسە دەکەن.

ئەڵێن یەکێک لەو هۆزە مەزنانەی وا شا هەباس بردبونیە باکوری خۆراسان، هۆزی کوردی (زەعفەرانلو) بووە کە لە قوچان و ئەو ناوە ناوە دانیشتەجێی کردون

و لە پاشان زۆربەی حوکومرانەکانی قوچان لەناو بەگزادەو خەوانینی زەعفەرانلو دا هەڵدەبژێران و ئەهاتنە سەرکار، وەک (ئەمیر حوسێن خان) کە لە هەموان ناودارتر بووە، لە لایەن ناسرەدین شا وە ناز ناوی شوجاعەدوڵەی پێدراوە، لە سەفەرنامەی ناسرەدین شا، لاپەرەی ٣٢ دا کە چووەتە خۆراسان باسی ئاو و هەوای قوچان و هۆزی زەعفەرانلو کراوەو نووسراوە کە هەوای قوچان نیوە موعتەدیل و ویشکە، ئاوێکی زۆر گەواراو سوک و خۆشی هەیە. خەڵکەکەشی زۆر وریاو زیرەک و نەبەزو بە ئاوەز و هۆزانن و لە هۆزی گەورەی کوردی زەعفەرانلون. هەمیشە هەزار سواری چەکدارو ئازاو قوچاخ بۆ خزمەتی حوکومەت ئامادەن لە کاتی پێویستا. هەزار و پێنسەت پیادەش بە چەکەوە ئەتوانن بێنە جەنگی دژو دوژمنانی ئێرانەوە. هۆزی زەعفەرانلو بێجگە لە تیرەی باچوانلو چەن تیرەی تریشیان هەیە ناودارترینیان ئەمانەن:

«هەودانلو Havadanlu»، «بادەللو Badallu»، «قەهرەمانلو»، «توپکانلو»، «کوکلانلو Kokelandu»، هیزانلو»و، «سیف کانلو»، «کوخ بنیک Kox benik»و «ویران (وران لو Veranlu»، زۆربەی ئەم هۆزە لە ماوەی ئەم سەت و شانزە ساڵەی دوایی دا رویان کردۆتە جوت و گا کردن، هەندێکیشیان هەروا بە کۆچەری ماون، وەک هۆزی باچوانلو.

## ئاژەڵداری و هەوارەو هەوار کردن

ئەو کوردانەی وا کۆچەرن و ئاژەل دارن گەرمێن و کوێستان ئەکەن، بۆ ئەوەی ئاژەڵیان بە خێوکەن و لەشیر و ماست و دۆ و کەرەو پەنیر و کەشک و خوری و سیریژو زیێ و زوی ئەوان کەڵک وەگرن.


بەو بەرهەمانە ژیانی خۆیان دابین کەن، بۆ وێنە: براکوردەکانی باچوانلوی قوچان هەموو ساڵێک لە پانزەی مانگی «رەزبەر»، واتا مانگی (مهر) تا نیوەی مانگی (خاکەلێوە) واتا (فروردین)ی ساڵی دوایی لە هەرێمی گەرمەسێرا

رای ئەبوێرن، واتە: مەڕو ماڵاتی خۆیان ئەبەنە دەورو بەری چۆمی (اترک) و ئەچنە نزیکی شارۆڵکەی (مراوتپە) و نیزیکەی شەش مانگ لەو زستانە هەوارە رای ئەبوێرن و لە نیوەی مانگی خاکەلێوە بە دواوە کەم کەم بەرەو کوێستان ئەکەونە رێگەو بان و بە کەنار چۆمەکەدا بەرەو سەرچاوەی ئاوی چۆمی (اترک) بە دەم لەوەرەوە بۆی ئەڕۆن.

مەڕوماڵاتەکەیان ئەبەنە سەر یاڵ و کوێستانەکانی لای (قوچان) و مەنزڵ بە مەنزڵ و هەوار بە هەوار ئەگوێزنەوە و ئەڕۆن و ناوی هێندێ لە هەوارەکانیش بەم جۆرەن: هەواری نارلی، خشتلی، هەواری تنگە، هەواری تلتیش، قرک، هەواری تەک مران - تیتکانلو - شورەک، تریکو هەواری یەدەک. ئەم هەوارە لای سەر یاڵەکانی (دەرەگەز)ە، براکوردەکانی باچوانلو لە هەر هەوار و مەنزلێکا مەڕو ماڵاتەکەیان ئەلەوەڕێنن و هەرچەن بەرەو کوێستان بچن و نزیک بنەوە زۆرتر مەنزڵ ئەگرن و لەو هەوارەیش ئەمێننەوە تا سەرئەنجام لە نیوەی مانگی (گوڵان) واتە (بانەمەڕا) واتا (اردیبهشت) ئەگەنە هەوارگەی فێنک و خۆش ئاو و هەواو ئەو هەوارە فێنکە و خۆش و بژوینەیش لای رۆژهەڵات و لای باکووری خۆرهەڵاتی (قوچان) دایە، ئەم هەریمە دارای چەن کەژو کێو و دۆڵ و شیوێکە بەناوی (سەریاڵ) و (عمار) کەدارای چەنکانی و سەرچاوە ئاوێکە کە ئەبێتە سەرچاوە بۆ چۆم و رۆخانەی (اترک).

براکوردەکانی باچوانلو لە نیوەی مانگی گوڵانەوە تا هەوەڵی مانگی (گەلاوێژ) مەڕو ماڵاتەکەی خۆیان لەم هەوارانە وا ناومان بردن ئەلەوەڕێنن و دەمێننەوەو لەو ماوەیە دا خەریکی ئاژەڵداری و بەخێوکردنی پەزو پۆلەکانیان دەبن و لەو دەمانەدا وا مەڕو بزنەکان خەریکن وشک ئەکەن بە داوێنی هەواری (سەریاڵ و عمار) دابەڕەو ئاران و زمکۆ ئەگەڕێنەوە و لە کاتی گەڕانەوەدا ئاژەڵەکانیان بە نێو جاڕو بورەو پەرێز و مێرگ و مێرخوزارا بە دەم لەوەڕەوە دەیانهێننەوەو بەرانبەر بەمە

پۆڵ و دراویک بە خاوەن جاڕو پەریزەکە ئەدەن، ئەنا نایەڵن ران بکەنە نێو جاڕو پەریزەکەوەو پەز و پۆڵەکەیان بلەوەڕێنن. لە کاتی گەڕانەوە خەریکی ران لەوەڕاندن ئەبن و هەرچی لە گەرمەسێر نێزیک ئەبنەوە بە پەلە ریگا ئەبڕن و سەرئەنجام لە هەوەلی مانگی (رەزبەرا) ئەگەنە هەرێمی گەرمەسێر کە بە پێی داب



نەخشەی گەرمیان و، کوێستانی کوردانی: باچوانلو ـ ریگای کوچو، مە نزلگای ئەوان.

گەرمیان: زەوینی نشیوی «مراوە تە پە»

کوێستان: کێوو، شیوگەلی «سەریار» و «عیمارەت لە رۆژهەلات و، باکوری رۆژ هەلاتی باکوری کوچان. «قوچان»

مە نزلگاکان لەرێگای «کوچ و کۆچبارا.

... خەتگە لێ کە رۆژگە لی ساڵ لە و مە نزلانەدائە مێننە وە نیشان ئەدا.

تەوزیح: لە نیوەی «گولان» تائەوەلی گەلاوێژ «لە کوێستانا، وە لە پانزەی» رەزبە «داتا پانزەی» خاکە لیوەی ساڵی دوای لە گەرمیان ئە مێننە وە.

ـ ● شارو، شارۆلکە.

چەمو، چەوماو


خە تی سنوری ئێران و، شورەوی

و دەستورو خوو خدە هەموو سالێک لە رەزبەرەوە تا نیوە راستی مانگی خاکەلیوەی سالی داهاتو،لەو شوینە گەرم و بژوینە رای ئەبویرن.

چادر هەلدان وخرکردنەوە و لولەکردنی دەوار لە کاتی کۆچ و باراو هەروەهایش هەلگیر و وەرگیری بارو بنە و خرت و پرتی پیویست، لەم هەوارگەیە بۆ جیگە هەوارگەیێکی دیکە، یەکێکە لە کارو باری سەختی کۆچ و بارکە ئافرەتان و پیاوانی کوردی باچوانلوی قوچان بە یارمەتی یەکتری جێ بە جێی دەکەن. مالە کۆچەرەکان بارو بنەی خۆیان بە وشتر و هێستروکەر و بارگیر ئەگویزنەوە، هێندێ مال و خیزان بۆ سواری و بارکێشی،رەوەیان هەیە.

براکوردەکانی باچوانلوی قوچان بە (دەوار) ئەلین (گوین). دەوار لە چەن تیکە پارچە کە پیکەوە ئەدورین ساز ئەکرێت کە ئافرەتانی باچوانلو لە موی ریسراو بەوەسیلەی دەسگایەکەوە... تەختە تەختە ئەیتەنن و سازی ئەکەن، زیاتر لە موی بزنی رەش دەوار ساز ئەکەن، هیچ تەختەیەک لەم تەختە دەوارانە لەباری پانایی‌یەوە ناگاتە یەک میتر، بەلام لای دریژایی‌یەوە،پینج شەش میتر دریژن، ئەوانە واداران دەواری گەورەو پان و بەرین ساز دەکەن، بەلام ئەوانە وا نەدارو دەستەنگن، دەواری چکۆلەو تەسک ساز ئەکەن، چادر و دەواری گەورە،ئەستیونگ و کۆلەکەی زۆرتری پیویستە کە وەبەر چادرەکەی بەرزیناو پێ بەستنەوەو پێی قایم کەن. براکوردە باچوانلووەکان بە کۆلەکە دەلین (ئەستون).

ئەم کۆلەکەو ئەستونانە کەم یان زۆر بە ئەندازەی مجی دەست ئەستورن،و لەباری دریژی شەوە، هی وایان هەیە کە وەبەر نیوەراستی چادرەکەی ئەدەن، زۆر دریژەو هی واشیان هەیە کورتە، یانی ستونی ئەم لاولای شاستون لە شاستون کورتترن و هەرچی بەلای داوینی چادرەکەوە،بێت کورتترن، شاستون لە دوو میتر دریژترە، بەلام ستونەکانی دیکە کوورتترن، وارگە یانی ئەو زەویەیی کە وا بە وەسیلەی چادر و دەوارەکەوە دائەپۆشرێت، چوار گۆشەیەو بە شکلی موستەطیلە



ئەو مێگەلە مەڕەی کوردانی باجلوانی قوچانە

کە پانایی و درێژایی چەندان دیاری ناکات، بۆ وێنە چوار میتر لە پێنج میتر یان پێنج میتر لە شەش میترایە.

ئەگەر مرۆڤ جوان لە دەوارو چادری ماڵێک وردبێتەوە تەماشا ئەکات لایەکیان

بۆ هاتوچۆکردن و چونە نێو چادرەکەوە تەرخان کردووەو بۆتە درگاو لە دەورو بەری دیوی ژوورەوەی دەوارەکە خرت و پرت و کەل و پەلی نێومال و شتومەکی پێویست دائەنێن، بۆ وینە چەن جەوالٚ ئاردو گەنم بۆ نان کردن، چەن جەوالٚ جۆ، بۆ ئالکی ئەسپ و بارگیرەکانیان،زین و لغاو، رەشمەو سەرکەللە و جیازی وشترو کورتانی کەرو مەشکەی ئاو، خیگە رۆن و پێستەی پەنیرو شیریژو گۆزەو دیزەو چەن دەستە نوێن و پێخەف و دۆشەکەو سەرین و باڵش و چەن «خورگ» و یا خورجینی نەخشین کە قەند و چاو و شەکر و شتومەکی دیکەی تێی دەخەن و چەن جەوالٚ و تەلیس و خەرار و گونیەکە لبادو شتومەکی دیکەی وەک: کولوەبەنی ریسراو و شانە خوری شیکردنەوەو تەشی و خرت و پرتی دیکەی تێی ئەخەن، وەک کاسەو کەوچکو حاجەت و شتی خۆراک پەزی و ئەو زەرف و بلورانەی وا خۆراکی تیا ئەخۆن و قوری و پیاڵەو ئیستیکان و ناڵبەکی و سەماوەرو کەتری و حەوجوش و یەک دوو لبادیش لای سەرروی

- دەوارەکەوە رو بە روی درگای چادرەکە رادەخەن

- ئەگەر میوانیشیان بێت.. قاڵیچەو لاکێش رادەخەن ولە نێوەڕاستی چادرەکەشیان (ئاورگدان) یان (ناچابەری) ساز دەکەن، یانی کەمێک زەویەکە چاڵ دەکەن و سێ بەرد لەم لاو لەو لای دائەنێن و لە نیو چاڵەکەدا ئاور دەکەنەوە بۆ نان و چێشت ساز کردنو ئەگەر بیانەوێ نانیش بکەن بە ساج و سێڵ لەسەر ئەو کوچک ئاورە،نان دەکەن.


خاوخێزانی ماڵ لە دەم کوچک ئاورەکە خڕ دەبنەوە، نان و چای دەخۆن، بەلام ئەگەر مێوانیان هەبێ، خاوەن ماڵ لەگەڵ مێوانەکاندا لای سەرووی هەوارەکە دائەنیشن و نان و چای دەخۆن، بەلام ئەو ماڵانەی وا دەوڵەمەند و داران بۆ مێوان چادری بە جوێ هەڵئەدەن و دیوەخانی بە جوێیان هەیە هێندێ ماڵ خیگەی کەرەو رۆن و کوپەی پەنیرو پێستە سیریژو پێستە پەنیر و شتومەکی وا لە دەرەوەی

چادرەکە لەبەرتسێ و لای فێنکایی لەسەر یەک دایانئەنێن و جاری وایش هەیە بۆ ئەوەی خۆرەتاو کاریان لێ نەکات بە لبادو جاجم و شتی وا جوان دایانئەپۆشن، بەڵام شەوانە ئەم لبادو جاجم و شتانەیان لێ دەکەنەوە تا سەرماو سروەی شەویان لێ بکەوێ و فێنک بینەوە. جا بۆ رۆژی دوایش نزیک تاوهەڵات دوبارە دایان ئەپۆشنەوە تا خۆرەتاو کاریان لێ نەکات، ئەو شوێنە واکەرەو رۆن، پێستە پەنیرو شیرێژەکەی لێ دائەنێن، برا کوردەکانی باچوانلو (وران لو) پێی دەڵێن: (کولین) یانی کەرەدان،هەر بنەماڵێکی کۆچەری براکوردەکانی باچوانلو و زەعفەرانـلو و گشت عێل و عەشرەتەکانی دیکەی لای قوچان کە دارای مەڕو ماڵات بن و ئەم هەوارەو هەوار بکەن. لە بەهارو هاوینا کولین بۆ دابینکردنی رۆن و کەرەو پەنیرو بەرهەمی مەڕو ماڵاتەکەیان ساز دەکەن لە هێندێ جێگە جارەوا هەیە دوو سێ ماڵ رانەکەیان تێکەڵاو ئەکەن و بەشەریکی شوان بۆ ئاژەڵەکەیان دەگرن. هێندێ ماڵ دوو شوان دەگرن، یانی هەرچی رانەکە زۆرتر بێت کە بە یەک شوان نەحەوێتەوە دوو شوان یان سێ شوان بۆی دەگرن تـا رانـەکـە بـبنە کـەژرکێو و کـوێستان و بیانلەوەڕێنن... بەرغەلیش، بە جوێ شوانی بۆ دەگرن و بە جوێ ئەیانبەنە لەوەڕ، شوانەکان لە خاوەن پەزەکان مانگانە یان ساڵانە بەراتی خۆیان وەرئەگرن، خۆراک و نان و پێخوری شوانەکان بە ئەستۆی خاوەن ئاژەڵەکانە، تەنانەت لیباسیشیان بۆ دەکرن و قاپوت و کەپەنەکیشیان ئەدەنێ، تەنانەت «خـورجک» و خـورجێن و توبەرە و هەمبانەی نان و شتومەکی پێویستشیان ئەدەنێ، هەر شوانێک بۆ ژینی خاو و خێزانی دەوارێکی جوێ بۆ خۆی ساز دەکات، لە دەوروبەری خاوەن ماڵەکەی خۆی هەڵیئەدا، ئەگەر شوان پـەز و پـۆڵەیەکـیشی هـەبێ، ئـەیکاتە نـێو رانـی ئەربابەکەی خۆی و لەگەڵ رانی خاوەن ماڵەکەیدا ئەیانباتە لەوەڕ، هەموو رۆژێک (قاوەڵتون) رانەکە بۆ دۆشین لە لەوەڕگەوە،ئەهێنێتەوە لای چادرەکان، دۆشینی مەڕو بزن بە ئەستۆی ئافرەتی بێریوانە، جاکاتێ کە رانەکەیان هێنایەوە، ئافرەتان بە

نە خشە لە لای راست و چە پی یە کێ دەواری کوردی با چوانلویی شست و مە کێو، خرتو، پرتی ناو چادرە کە بە پیی ژمارە:

١ ـ دوجە واڵ یا هۆڕ «جۆ، بۆخۆراک و ئالکی ئاژەڵ و، ئەسپ و، هێسترو شتیوا.

٢ ـ دوجە واڵ یا تێرِی ئاردی گەنم «یائاردی جۆ»




٣ ـ چەن جیازی و شتر بازین و، کۆپان و، کورتانی گوێدرێژ.

۴ ـ مە شکۆڵە ئاو، خیگە رۆن، خیگە پەنیرو، سیرێژو، تۆراخ و شتیوا.

٥ ـ دەسە نوێن و، پیێ خەف.

٦ ـ جەوالگەلێ کەلبادو، جاجم و، بەرماڵ و، خورجێن و، گۆرەوی و، دەسکێش و، گوریس و، رەشکە و، هەوسار و، سەرکەللە و، کەژو، رە شکە و پوزە وانی چنراوی تێ خراوە.

٧ ـ کارتۆن وجە عبە گەلێ کە قوری وسە ماوەرو، ئیستیکان و دە وری و چینی و شتیوایان تێدایە.


٨ ـ تەلیس وجەواڵ گەلێ کە قەندوچاێ و برنج و، خواردەمە نی تیدایە.
٩ و ١٠ و ١١ ـ لباد و مافورە . و، قالیچەی راخراو، وئاورگ و لباد ٠

مەزدۆش و شتی وا ئەچن بەرەو پیری رانەبێرەو هەر بێری دۆشێک مەڕو بزنی خۆی کە نیشانەیان کردووە، ئەیگرێ و ئەیدۆشێ ، ئەبێ ئەمەیش بزانین خاوەن مەڕو مالاَت بۆ ئەوە مەڕو بزنەکانیان دیاری بێت، هەرکەسیک دروشمیک بۆ خۆی دائەنێ و مەڕو پەزەکانی خۆی دیاریئەکات. هی وا هەیەکەمیک گوێی چەپی هەموو بزن و مەڕو بەرخ و کاژیلەکانی خۆی ئەبڕێ، ماڵیکی دیکەگوێی راستیان دیاری ئەکات، ماڵی وایش هەیە سەرقەپۆزیان داغ ئەکات، ماڵی وایش هەیە سەر گوێیان راستو چەپ داغ ئەکات و بەمە دەڵێن (دروشم یان درەف) و بەم جۆرە هەرکەسێک ئاژەڵی خۆی ئەناسێت و لە هی خەلکی دیکەی جوێ ئەکاتەوە.

لە هەندێ شوێن باوە بێری و ئەو ئافرەتانەی وا مەڕ ئەدۆشن، لە شوێنێکی تایبەت دائەنیشن و یەکە یەکە مەڕو بزنەکان دێننە لای ئەوان و دەیاندۆشن و بەم شوێنە دەڵێن: (بێر یان بەربێر) و بە ئافرەتە مەڕو بزن دۆشەکەیش ئەڵێن: (بێریوان یان بێری) و ئەڵێن مەڕیان هێنا (بەربێر) و بەو کارە کە هەموو رۆژێک مەڕ لە لەوەڕەوە یێتەوە بۆ دۆشین ئەڵێن: (مەڕەبیری)و بەو شوێنە و بەو جیگە وا رانەکەی لێ پەچەو مۆڵ ئەدەن پێێ دەڵێن (پەچە یان گوهەر) یان پێی دەڵێن مۆلگە، جا لە پاش ئەوە مەڕو بزن دۆشین تەواو بوو بەرخ وکارژیلەکان کە لە پێشا لە دایکیان هەلوێرا بوون، دەیانکەنە نێو رانەکەوە تا بە ئەندازەی دوو سێ سەبیل کێش گوانی مەڕو بزنە دۆشراوەکان بمژن، ئینجا لێکیان هەڵداوێڕن، جا رانەکە بە جوێ و بەرغەلەکەیش بە جوێ ئەبەنە چیا بۆ لەوەڕ. هەموو ساڵێک لە بیست و پێنجەمی مانگی (پوشپەر) واتە گەرماجمانەوە نێری و بەرانەکان لە رانەکە،هەڵداوێرن و لێکیان جوێ دەکەنەوەو لە هەوەڵ مانگی (رەزبەر) واتە میوەگەیی نانەوە بە داب و دەستورێکی تایبەت نێری و بەران تێبەر ئەدەن تا مەڕو

بزنەکان نێری و بەران بگرێ. بۆیێ لە مانگی رەزبەرا نێری و بەران تێبەر ئەدەن تا لە ئاخرو ئۆخری مانگی (رەشەمە)دا زەویکەوێت تا بتوانن لە دەمەو بەهارا بە گوڵ وگیای کوێستان بەرخ و کارژیلەکان بە خێو بکەن، بەڵام لە هەندێ شوێنی وا هەیە زوتر مەڕو بەران تێبەر ئەدەن.

لە هەوەڵ مانگی رەزبەرا بە داب و دەستورێکی تایبەت نێری و بەران تێبەر ئەدەن تا مەڕو بزنەکان نێری و بەران بگرن، بەڵام هێندێک لە مەڕو بزنەکان درەنگ



تەنگی ئێوارەیەو، پەزەکان هاتونەتەوە، بەرجێغو، چادری خاوەنەکانیان.




درێژایی چەندان دیاری ناکات، بۆوێنە: چوارمیتر، لەپێنج میتر، یان پێنج میتر لە شەش میترایە.

دێنە تەگەو درەنگتر دێنە بەران و درەنگیش لف و بەران و تەگە دەگرن و درەنگتریش ئەزێن و بەم بەرخ و کارژیلانەی وا درەنگ لە دایک ئەبن، ئەڵێن: (کۆرپە یان ویرنی) و ئەم کارژیلە و بەرخە کۆرپانە لە دایکیان جویٚ ناکەنەوە تا زۆرتر شیری دایکیان بخۆن و زوتر گەورە بن و بتوانن لەگەڵ بەرغەلەکەدا بچنە لەوەڕ و بە پێی خۆیان بڕۆن و لە ڕێگە پێی نەخەن، عێلی باچوانلو و براکوردەکانی قوچان هەموو ساڵێک لە ئاخرو ئۆخری مانگی پوشپەر، واتە گەرما جمانا بە وێنەیەکی تایبەت مەڕەکانیان دەبڕنەوەو دە پانزە ڕۆژ دوای ئەمە بزنەکانیشیان دەبڕنەوەو بە بڕینگ (هەورینگ) خوری و موی مەڕو بزنەکانیان دەبڕنەوە، خوری بڕینەوە بە ئەستۆی پیاوانە،لە ڕۆژی بەرگن و خوری بڕینەوەدا، هەر خاوەن ڕانێک جەژن و شایی و هەڵپەڕکێ ساز دەکات، برا قوچانییەکان بەم ڕۆژە دەڵێن: (بەرخ بڕین - مەڕبڕین). لە ڕۆژی بەرخ و مەڕ بڕینەوەدا باوە چادرەنشینەکانی دەورو بەری خۆیان بانگهێشتن ئەکەن، تا لە مەڕو بەرخ و بزن بڕینەوەدا یارمەتیان بدەن و لە خێرو خۆشی و جەژن و شایییەکەیشیاندا بەشداری بکەن.

کاتێک کە بیانەوێ هەوەڵ بەرخ بێننە بەر بڕینگ و بەرگنەکەی ببڕنەوە، ئەسپەندەر لە بەر پێی دا ئەسوتێنن و قانگی ئەدەن، لایان وایە بەم کارە هەم پیت و بەرەکەت ئەکەوێتە نێو بەرگن و خوریەکەیان و هەم بەم جۆرە خۆیان و مەڕو ماڵاتەکەیشیان لە چاوی پیس دەپارێزن و لایان وایە ئەمە ئەبێتە چاوەزار بۆیان، لە پێش ئەوەدا بیانەوێ بەرخ بڕینەوە دەس پێ بکەن، بەرخەکان ئەشۆنەوە تا بەرگنەکەیان پاک و خاوێن و بێ خەوش و خۆل بێ و باش بە فرۆش بڕوات و لە بازاڕا برەوی زۆربێ.

لە پاشان کە مەڕو بزن و بەرخ بڕینەوە تەواو بوو، خوری و مو و بەرگنەکانیان دەخەنە نێو جەواڵ و تەلیس و ڕەشکەو خەرار و شتی وا... جا لە پاشان بۆ فرۆش ئەیبەنە شارو بازاڕ و هێندێکش خوری و مو و بەرگن بۆ کردوریسی خۆیان



چادر، رەشە دەوار کە بە «گن gen» ناودارە



ئاورگدان کەساجی لەسەرە بۆناکردن. چونکاهەندێ لەماڵە کۆچە رەکان نان بە ساج ئەکەن.


هەڵدەگرن... ئافرەتانی براکوردەکانی باچوانلوی قوچان وکرمانجی عمارلوی لای گیلان وەک هەموو شوێنێکی کوردەواری بە شانەخوری و مو و بەرگنە کە شی دەکەنەوەو بە تەشی دەی ڕیسن... کاتی کەڵک وەرگرتن... لە کەرەو رۆن و

خوری و مو و بەرگن لە نیوەی مانگی (خاکەلیوە) تا نیوەراستی مانگی هاوینەوە کۆچەرانی باچوانلو و زەعفرانلو و هیزانلوو سەیفکانلو و کوخ نبیک لەم ماوەیەدا لە کویستان،رایی ئەبویرن و بەرو بوی مەرو مالاتەکەیان لە شاری قوچان کە شاری سەردەسیری عیل و عەشیرەتی باچوانلوە بە فروش ئەگەیینن و لە پیش ئەوەدا لە کەوشەن و ناو سنوری قوچان دور بکەنەوە، هیندیک لە مەرو مالاتەکەیان وەک: کورە نیرو کاورە نیرو (توخلی) و مەرەپیرو بزنە پیر ئەبەنە بازار و دەیانفروشن، لە نیو براکوردەکانی باچوانلوی قوچان باوە، ئەوانەی وا خاوەن مەرو مالاتن لە پیش



باوک و کور ی کوردی با چلوانلوی کوچانی.

زستانا هیندیک لە پەز و پۆلەکانیان دەفروشن کە هەم ئەرکی بە خیوکردنی ئەوان لە زستانا سوک بی و هەم خەرج و مەخاریجی زستانی خویان بە پولی ئەو ئاژەلانە ئامادە بکەن.





ژنانی با چوانلویی بەم شانە ئاستەمو، و مەرەزو، خوری پەزو ئاژە لەکانیان شانە دەکەن




موومەرزو خوری و بە رگەن دوای شانە کردن بەم تەشییە دەرێسن



تابە گەنمو، جۆو، گیشە گیاو، وێنجەو، شتیوا. کە بە کوردی لای ئاوی ئەرەس پێی دەڵێن: «کیدش».



دەسار ـ هارە





وێنەی خانوبەرەی گوندو، جێگای خەلەو، خەرمان، لە دەورو، بەری

ئاوایدا.



دەردو، رەنجی کۆچ کردن بۆ هەوا رەو، هەوارچون تەواوبووەو، مەرو، ماڵاتو، ئاژەڵدارەکان، هاتونەتەوە ناوگوندو، ماڵەوەو، ئەو ئافرەتەش خەریکی گردو، کۆکردنەوەو، خونجاندنی شتو، مەکی ناو، ماڵە، کەلەسەر هەرزاڵو، بن هەرزاڵ دابین یان ئەکات.

## شوێنەواری باو لە کوردەواریدا - ژن‌هێنان

بناغەی هەر بنەماڵەیەک و بنچینەی هەر خاوخێزانێک بە هۆی ژن و مێرد ساز ئەبێ و پێک دێ، کەوابوو لە بنەڕەتا هۆی ژن هێنان و شوکردن، پێک‌هێنانی بنەماڵەیەکی تازەو نوێیە.

داب و دەستورو شێوەی دەسگیران گرتن و ژن‌هێنان لە کوردستانا بەم جۆرەیە: لە شاراندا ئەگەر کوڕ و کچ دڵیان لێک‌چوو، بەڵێنیان بە یەکتری دا، کاری ژن‌هێنان و بە یەک گەیشتنی «بوک و زاوا» زوتر پێکدێ، بەڵام لە گوندا جگە لە رازی بوونی (بوک و زاوا» ئەبێ بنەماڵەی زاواو بوکیش رازی بن. لە هێندێ شوێن ئەبێ خاڵ و مام و ئامۆزاو پسمام و پورومەتێ و میمکی زاواو بوکیش بەڵێن بدەن و رازی کرێن.

لەکوردەواریدا بەم جۆرەیش ژن دێنن: ئەگەر کچ و کوڕ دڵیان پێکەوە بێ و حەز لە یەکتری بکەن، بەڵام بنەماڵەی ئەوان ملیان نەدەنێ، کوڕەکە کچەکە‌هەڵدەگرێ و دەی‌باتە ماڵی پیاو ماقولێکەوە، لە پاشان پیاوانی ماقوڵ و ریش سپی ئەکەونە نێوان و رێکیان دەخەن و مەسلەتیان پێ‌دەکەن‌و پولێک لە ماڵی زاوا دەستێنن و ئەیدەن بە ماڵی باوکی بوک و ئەو ئافرەتە هەڵگیراوەو یان ئەیدەن بە کەس‌وکاری ئافرەتەکە. لە هێندێ شوێن خەرجی ئەم ژن‌خوازی‌یە ئەکەوێتە ئەستۆی ئەو پیاو ماقوڵەی وا ئافرەتەکەیان بردۆتە ماڵی، جاری وایش هەیە ژنی بە مێردیش هەڵدەگرن، هێندێ پیاو ئەم ئیشە بە رەشیدی و دلێری‌و نەبەزی بۆ خۆی ئەداتە قەڵەم. لە کوردەواریدا وا باوەو زۆربەی خەڵک بۆیەکانێ ژن‌دێنن تا وەجاخیان کوێر نەبێتەوەو شوێنی بنەماڵەیان هەتا هەتایە هەر بمێنێ، تەنانەت هێندێ لایان وایە ئەگەر منداڵیان نەبێ، فەلسەفەو پێتۆلی ژن‌هێنانەکەیان بەگا نەهاتوەو تەنانەت ژنی نەزۆک لای مێرد پلەو پایەیێکی زۆری نیەو ئەگەر مێردێک ژنەکەی نەزۆک بێت بە پێی باو و داب و دەستوری ناو خۆیان وەها بووە‌،مافی ئەوەی هەبووە کە ژنێ دیکە بێنێ و بۆ ئەوە

خوا منداڵیان بدایێ، ژنی بەسەرهێناوە، بۆ ئەوەی لە پاش مردنیان وەجاخیان کوێر نەبێتەوە. ژن و ژن خوازی لە هەموو ناوچەکانی کوردستانا لە روی بیرو باوەڕی ئاینییەوە سەر ئەگرێ، بەم مانایە یا دەچنە دەفتەرخانەو یان دەچنە لای مەلا و قازی شەرع ژن مارە دەبڕن.

خوازبێنی کردن لە کوردەواریدا بەم جۆرەیە: لە پێشا چەن پیاو ماقولێک دەچنە ماڵی باوک و کەس و کاری ئافرەتەکەو خوازبێنی دەکەن و شیرینی دەخۆن، لە هێندێ شوێن ماوەیەک کوڕو کچ بە وێنەی دۆست و دەسگیران دەمێننەوە، ئینجا پاش چەن رۆژێک یان لە پاش چەن مانگێک بۆک دەگویزنەوە بۆ ماڵی زاوا... مەبەست لەم داب و دەستورە ئەمەیە: کە ماڵی بوک بە تایبەت ماڵی زاوا، خۆیان گردو کۆکەنەوە، خۆیان بۆ بوک گوێزانەوە ئامادە بکەن و شتومەکی پێویست و کوتاڵ و کەل و پەل بکڕن و سازی کەن و بی‌دورن.

لە شارە کوردنشینەکان زۆربەی پیاوان یەک‌ژنیان هەیە، بەڵام پیاوان و خەڵکی ئاوایی و گوندەکان زۆریان دوو ژنیان هەیە، بە تایبەت ئەو بنەماڵانەی وا مەڕو ماڵاتیان زۆرو زەوەندەو ئاژەڵدارن و ئەچنە هەوار، ناچارن زیاتر لە یەک ژنیان هەبێ، مەسەلەن ژنێکیان لە گوندا بێت و ئەوی دیکەشیان بچێتە هەوار، چونکە هەویێ و ژن و ئافرەتی لادێ کەمتر لەگەڵ یەکتریدا شەڕ و شۆڕ دەکەن و باش دەحەوینەوەو باش مل ئەدەنە کارو کاسبی و مەڕو ماڵات و منداڵ بەخێوکردن.


داب و دەستوری زوو شو کردن و زوو ژن‌هێنان لەناو کوردەواریدا،بەشی زۆریان بۆ ئەوەی کوڕیان توشی هەڵەو هەرزەیی نەبێت و داوێن پیس و چەپەڵ نەبن و کچیشیان لە رێگای راستی لا نەدەن، زووتر هەوڵ ئەدەن، کە زەماوەندیان بۆ ساز بکەن و تا رادەیەک هێندێ لە کچەکان ناگەنە تەمەنی بلوغیش بە شویان ئەدەن، بەڵام ئێستا لە شارەکاندا ژن‌هێنان و شوکردن وەک جاران نەماوەو داب و دەستوری گۆڕاوەو هۆو بەڵگەی زوو ژن‌هێنان‌و زوو شوکردن چەن شتە: یەکێکیان



کوڕ، کچی دڵخوازی خۆی لە کانی و ئاواساز ئەکات و، بەڵێنی مارەبڕینی لێ دەستێنێ.

خوو خەدەی پیاوان و خەڵکی نێو شار  خۆیان بەمە گرتوە. کە کچی نیمچە عازەب و تازە پێ گەیشتوو بێنن. وایان خو گرتووە کچی شل و ساوایان لە کچ و ئافرەتی ماوەو گەراوە زور پێ باشترە. یەکیکی دیکە لە هوی زوو شوکردن و زوو ژنهێنان، چلونایەتی ئابوری‌یە. یانی ئەوانەی وانەدارن. زووتر کچەکانیان بە مێرد ئەدەن و ئەوانەی واداران زووتر ژن دینن و یان بوکورەکانیان ژن دەخوازن. یەکیکی دیکەش لەم هوو بەلگەیانە ئەمەیەکە: باوک خوی بە سەروکی خاو و خێزانی خوی ئەزانێ. جا هەرکاتیک خوی پێی باش بێت و یان وا بە باش بزانێ. کچی ئەدا بە شو و بو کو ڕیشی ژندینێ. بێ ئەمەی لە پێشدا بەلێنی لە کورەکەی یان کچەکەی وەرگرتبێ و یان رازیانی کردبێ.

یەکێکی دیکە لە هۆیەکانی ژنهێنان و شوکردن هاوخوێنی و خزمایەتی یە، ئەمە خۆی یەکێکە لە تایبەتیەکانی ژنو ژنخوازی، مەبەست لە هاوخوێنی، هاورەگەزی یە، کە لە چەن شتێک ئەم هاوخۆێنی یە بەدیهاتوە، وەک ئابوری، هەرێمایەتی، جوغرافیایی و ئەو داب و دەستورو شتانەی وا لە نێوانیاندا باوەو خویان پێگرتوە. لەبارەی وەزع و چلۆنایەتی هەرێمی شەوە، چونکە خەلکی





ئاوایی یەکان لێک دورن و ناتوانن زوو پێک بگەن و هاتوچۆیان لەگەڵ یەکتری دا کەمە، زۆربەی لاوان و گەنجانی لادێ، هەر لە ئاوایی و گوندی خۆیاندا یان لە ئاوایی نێزیکی گوندی خۆیان دۆست و دەسگیران دەگرن و ژن دێنن.


لەبارەی داب و دەستوریشەوە زۆرتریان وایان پێ باشە لەگەڵ خزم و کەسی خۆیاندا خزمایەتی بگرن و ژنبێنن، بەتایبەت کورەمام، کچەمامی خۆی دێنێ و خوازبێنی لە نێوان دوو ئامۆزادا بۆ یەکتری زۆر باوە...

زۆربەی خەڵک تێ ئەکۆشن، لە چینی هاوشانی خۆیاندا ژنبێنن، جوتیار، کچی جوتیار و کارمەند، کچی کارمەند، مەلا کچە مەلا، ئۆمی کچی ئۆمی، سەیید، کچی سەیید، ئاغا، کچی ئاغاوات بخوازێ و بیهێنێ. لەبارەی ئابوری‌یەوە زۆربەی بنەماڵەکان لەترسی دابەش کردنی میرات و لێک‌بلاو بوون، وا بە باش ئەزانن کە لە نێوان عێل و خزمی خۆیاندا ژنبێنن، هەر جۆرێک بێت، چونکە لە کوردەواریدا دەسەلاتی خاوخێزان بە باوکە ، باوک بۆ خۆی ئەم کارانە جێ بەجێ ئەکات، چونکە نە تەنیا ئەم کارە بە خراپ نازانن، بەڵکو ئەڵێن ئەم کارە ئەونە چاکە، خوایش پێی خۆشە.

لە گوندو لادێ دا، چونکە کچ و کوڕ، زۆرتر چاویان پێک ئەکەوێ، جا بەم بۆنەوە دۆستی و نێوان خۆشی ئەوان زۆر باش سەقامگیر ئەبێ، لە لایەکی دیکەشەوە چونکە داوێن پیسی لە نێوانیانا نیە، جا لەبەر ئەمە زۆر بە ئازادی و خۆشی پێکەوە رایی دەبوێرن و بەم هۆیەوە عیشق و ئەوینی لە نێوان لاواندا پەیدا ئەبێ و سەرئەنجام ئەبێتە هۆی پێک‌برانیان و لێک‌مارە دەکرێن.

جا لە پاش ئەوەی کوڕو کچ دڵیان یەکی گرت، زاوا ئەچێتە خوازبێنی. جا لە پاش ئەوە باوک و دایک و کەس و کاری کچەکە بەڵێنیان دایە کوڕەکە... کوڕەکە، کچەکە لە خۆی مارە دەبڕێ، بەڵام ئەبێ بڵێم زۆر بەداخەوە، ئەم جۆرە ژنهێنانە زۆر کەمەو زۆربەی کچان بە زۆر ئەدرێن بە شو و بەنابەدڵی ئەچنە ماڵەمێرد، لە





هێندێ هەرێم، لە پاش مارەبڕینی کچ، دوای چەن حەوتو یان لە پاش چەن ساڵ بوک دەگوێزنەوە.

داب و دەستوری ژن و بوک گوێزتنەوە زۆرە، یەکێکیان خەنەبەندانە، لە شەوی خەنەبەندانا، ئافرەتان و کچانی عازەب لە ماڵی «بوکا» لە سەرەتای شەو تا مەلابانگ دان بە دەنگی دەهۆل زورناو گۆرانی گوتن و شمشاڵ لێدان شایی و هەڵپەڕکێ ساز دەکەن.

لە پاشان چەن رۆژ کە شیرینیان خوارد، بە پێی بەڵێن... ئافرەتان و پیاوان بە جل و بەرگی جوانی کوردییەوە خۆیان دەڕازێننەوە و روو دەکەنە ماڵی بوک، جا لە ماڵی بوک لە حەوشە یان لەبەر درگا یان لە جێگەیەکی راستی و نەرمان دا شای و رەش بەڵەک ساز دەکەن و کچ و کوڕ دەستی یەکتری دەگرن و پێکەوە هەڵدەپەڕن و لە نێزیک ئێوارەدا کە بوکیان رازاندەوە... لە ماڵ ئەی هێننە دەرەوە... برازاوا و خەڵکی و مێوانەکان دەڕو بەری بوکە دەگرن و بە شایی و پلەزیقان و چەپلەرێزان و بە بەزم و رەزم دەیبەن بۆ ماڵی زاوا... ئەگەر ماڵی بوک لە گوندێکی دیکە بێت، بوکەکە سواری ماینێکی هێدی و هێمن و «ویرغەی» دەکەن و چەن سوار لە کوڕانی لاو و پیاوە ماقولان لەگەڵ بوکی دەکەون و بە غار غارێن و تەقڵەو جلیتێن... کەیف و خۆشی و گەنجەفەو بەزم و ئاهەنگ و گۆرانی گوتن و بە تەقەی دەهۆل و زورنا بەرەو ماڵی زاوا دەیهێنن.

لە کوردستانا جۆرە داب و دەستورێکی دیکەیش بۆ ژنهێنان باوەو ئەمەیش بەم جۆرەیە: واتا ژن بە ژن دەکەن، یانی کچی خۆیان ئەدەن بە کوڕی کابرایەک، ئەوانیش ئەگەر کچێکی عازەبیان هەبێ، ئەیدەن بە کوڕ یان برا یان ئامۆزای کابرا و ژن بە ژن ئەمەیە... لەم چەشنە ژن هێنانە دا شیربای و مارەی زۆر کەم لە پێش چاو ئەگیرێت. جا ئەگەر تەواوی خزم و خاو و خێزان و قەوم و عێل و عەشیرەت و کەس و کاری ئەم ژن بە ژنە بەڵێنیان دا و رازی بوون، ئەم دو کچە ژن بە ژن کراوانە

مارە دەکرێن و لە رۆژێکی تایبەتیشدا دەیانگوێزنەوەو لە هەر دومالی خاوەن کچ و کوڕ واتە: زاوا ئاهەنگ و زەماوەندی ژنهێنان و گوێزتنەوەی ئەم دوو ئافرەتە جێ بە جێ دەکرێ و چەن سوارێک ساز دەبن، بوک سوار دەکەن و بەو مەرج و بەڵێنەی وا لە پێشا بە یەکیان داوە، شوێنێک کە لە نێوەڕاستی هەر دوو ماڵەکاندا بێ، بۆ پێکگۆڕینەوەی بوکەکان لە پێش چاوی دەگرن و بەڵێنی لەسەر ئەدەن و لەو شوێنەدا هەر دەستە سوارێک بوکی خۆیان بە وێنەیەکی تایبەتی وەردەگرن و بوکی ئەوانی دیکەیش ئەدەنە دەس برازاواکان، هەرکامیان لەگەڵ بوکەکە بەرەو ماڵی زاوا دەگەڕێنەوە. ئەمە ئەگەر ماڵی بوک و زاوا دێ بە دێ بێت، بەڵام ئەگەر ژن بە ژنەکە لە یەک ئاوایی دابن، لە نێوەڕاستی دێیەکەدا بوکەکانیان پێکدەگۆڕنەوەو جێیازی بوکەکەیش بە شوێن برازاواکاندا لە نێو سەندوق و بوغچەو مجری و شتی وادا هەڵیدەگرن و دەیهێنن.

شیاوی زانین ئەمەیە، لەو کاتەداکە بوکەکە نزیک ئەبێتەوە، زاوا ئەچێتە سەربانی ماڵی خۆیان رادەوەستێ و قامیشێکی درێژ ئەگرێ بەدەستەوەو بە ئەسپایی ئەیدا بەسەر بوکەکەداو ئەیشکێنێ. هۆی ئەم کارە بۆ ئەمەیە کە سامی زاوا بکەوێتە سەر سامی ئافرەتەکەو لە هێندێ شوێن زاوا،یەک شەکرەسێو یان یەک پرتەقاڵ بە دەستەوە دەگرێ و توند فڕێی ئەدا، بە جۆرێکی واکە بەسەر سەری بوکەکەدا رەد بێت و بڕوات و لە پاشان بوکەکە زێڕ بە شان دەکەن و هێندێک پوڵی شەق و پوڵەوردەو شیرینی و

نوقڵو نەبات و قەند بەسەر بوکەکەدا هەڵداوێنو منداڵان دەست دەکەن بە خڕکردنەوەی ئەوپولو تەڵاو نوقڵو نەباتانەو بە قەستی وردە وردە، دەرۆنو باسکی بوکێ دەگرن کە زونەیبەنە ساڵەوەو لەم کاتەیشدا، هێندێک ئەسپەندەر لەبەرپێیدا ئەسوتێنو قانگی ئەدەن، تالە چاوی پیس بە دور بێت و دعا و نوشتەی چاوەزاریش بەسەر زاوا و بوکەکەدا دەخوێنو لە پاشان ئەی بەنە هۆدەی تایبەت، تازاوا دەچێتە لای تاراو روبەندەکەی لێی تاکەنەوە. شیاوی زانین ئەمەیە،

لەکوردەواریدا باوە ئەگەر بوکە کەکچ بێت، تارایی یەکی سوری ئەدەن بەسەردا وە ئەگەر بێوەژن بێت تارای زەردی ئەدەن بەسەردا و تەنها لەکاتی شام (شێو) خواردنا کەمێک لای ئەداو ئیتر نابێ، ئەو تارایە لابەن، تا زاوا دێ و

بە دەستی خۆی لای ئەداو تاراکەی لێی ئەکاتەوە.

وا باوە لە هەوەڵ شەوا زاوا رونما بە بوک ئەدا، هەروەک نالی ئەڵێ:

سیداقی رونما و وەسڵی شاهید      لەگەڵ شای کەران بێ دەنگ و داوا،

رونما: پارەو دراوێکە، زاوا لە یەکەم شەودا ئەی‌دا بە بوک تا روی خۆی پیشان بدات.



هەر سوارە سوار بێ، ئەمانە سوارەی کوردن.

لە هێندێ شوێن باوە لە رۆژی خوازبێنی کردنا دوای شیرینی خواردن، ئافرەتەکەیش مارە دەبڕن و لە ماڵی بوکەکەدا شام (شێو) یا نەهارو فراوینێک ئەخۆن و خەرج و مەخاریجی ژنهێنان بە ئەستۆی ماڵی زاوایە، بەلام ئەگەر ماڵی زاوا نەدار بن، خزم و کەس وکاری یارمەتی ئەدەن و بوکەکەی بۆ ئەگوێزنەوە. لە کوردەواریدا باوە یەک شەو لە پێش ئەوەدا بوکەکە بگوێزنەوە، خوانچەی جۆر بە جۆر و رەنگاو رەنگ ساز دەکەن و لە لایەن بوکەوە بە دیاری دەینێرنە ماڵی زاواو ئەم خوانچانە پڕن لە دیاری و سەوقات.

وا باوە بە شەودا ئەیبەن و لە گۆشەو کەناری خوانچەکان بە دەیان شەم هەڵدەگەن ودای ئەنێن کچ و کوڕ و منداڵ و پیاو و ژن و پۆل پۆل بە دەورو بەری ئەو خوانچانەدا دەسوڕێنەوەو پۆلێکیش کوڕ و کچ و ئافرەت لە پێش ئەو خوانچانەوە

ئەسپای ئەسپای ئەڕۆن و بە شایی و چۆپی کێشان خەریک ئەبن و بە هەڵپەڕین و گۆرانی گوتن و پلەزیقان بەرەو ماڵی زاوا وردە وردە ئەڕۆن، کاتیک گەیشتنە پێشەوە لە حەوشەی ماڵی زاوادا خوانچەکان دائەنێن و ماوەیەک بە دەوروبەری خوانچەکاندا هەڵدەپەڕن و چینێکی دیکەیش شایی ساز دەکەن و گۆرانی دەڵێن.

لە رۆژی بوک گوێتنەوەدا، خۆشی‌یەکی تایبەت و سەیر و سەرنج‌راکێش بەدی‌ئەهێنرێ و هەموو دەکەونە جۆش و خرۆش و جم و جۆڵ و لە ماڵی زاوادا هەر یەکێک بە پێی سەلیقەو تەمەن خەریکی کاریک ئەبێت و هەر لەو رۆژە دا زاوا لەگەڵ چەن کەسێک لە هەوالانی خۆیی دەچێتە حەمام و لەو لایشەوە بوکەکەیش لەگەڵ چەن کەس لە دەستە خوشکەکانی دا دەچنە حەمام و گەرماوە، جا لە پاش ئەوە کە بوکەکە لە حمام گەڕاوە، چەن ژن بناوی پێی خەسو دێن، جا ژنان چاوی بوکەکە دەڕێژن و جوان جوان ئەی‌ڕازێننەوەو لباس و جلیی بوکێنیشی لەبەر دەکەن، جا ئەگەر ماڵی زاوا و بوک

* مامۆستا وەفایی *

لە باغان شاە و تالین دێ، دەڵێن شاهی گولان رۆیی
لە مەیخانان سەدای شین دێ مەگەر پیری موغان رۆیی

* * *

دەڵێن دەوری قەمەر سەیری فەلەک میزانی گۆراوە
کە واگوڵ زەرد بوو، سونبول تێکچوو، رەنگی ئەرغەوان رۆیی...

* * *

سەحەر مەستانە هات بولبول بە شادی بۆ تەوافی گوڵ
کە دی باغ بێ گوڵە، داغ بوو بە سەد ئاە و فەغان رۆیی

* * *

لە بەر چاوی جیهان بینم جیهان تاریک بوو ئەمزانی
نە نووری چاوەکانم چوو، نە خورشیدی جیهان رۆیی...

* * *

خرا بوو خانەقا بێ شێخ و شەوقی تالیان، سەد حەیفا!
چەمەن ویران بوو، نەغمەی بولبولان چوو، باغەوان رۆیی

* * *

بە نالەی بولبول و قومری «وەفایی» بۆیە هەر دەگری
گوڵێکی سەرو باڵام بوو بە تاراجی خەزان رۆیی

بوک لە شارا بێت سەر لە ئێوارە خزم و کەس و کارو دۆست و براو هاوالّی زاوا چەن ماشێن لەگەلّ خۆیان دێنن و بوک سوار دەکەن و لە پاش ئەوە چەن خیابانێکیان گێرا، دیبەنە مالّی زاوا، جا ئەگەر بوکەکە لە شوێنێکی تایبەت دانیشت، کوڕێکی کۆرپەو جوانی بۆ دێنن، لە باوەشی بوکەکە دای ئەنێن، بەم هیوایە کە هەوەلّ منداڵیان کوڕ بێت.

**نوکتە:**

باسیل نیکیتین کنسولی پێشوی روسیە کە زۆر لەبارەی کوردانا کۆڵیوەتەوە، لە باسی داب و دەستوری ژنهێنان لەکوردستانی ئازەربایجانا نووسیویەتی: کاتێ بوکەکەیان هێنا، ئافرەتانی کەس و کاری زاوا، بوکەکە بە دەوری تەنور یان ئاوردانی مالّی زاوادا ئەیگێرن و بە بوکەکە دەلّێن: تا زیندوی ئەبێ بەم مالّ و ئاورەوەفادار بی. ئەمە یادگاری داب و دەستوری ئایینی رۆژگاری زەردوشتە، واتە (زەردەشت)و ئەمەمان بۆ دەرئەخات کە ئاور لە نێو کوردانا   مدفەرک و بایەخدار بووەو ئەبێ:ئاور شایەدی وەفاداری ئافرەت بێ بۆ مێردو مالّ و شوی خۆی.

لەپاش شێوخواردن،شەو درەنگان، برازاوا بە چەپلّەرێزان دێ دەسی زاوا دەگرن و دەیبەن و دەینێرنە ژوری،بوکەکەوە، لە پێشا زاوا سلاو لە بوک دەکات و بە خێرهاتنی پێ دەلّێ و لەو هۆدەیەدا دو رکات نوێژ دەخوێنێ و دوعای خێرو خۆشی بۆ خۆی و بۆ بوکەکەیش دەخوێنێ کە لە بەلا و چاوەزار بە دور بن، ئیجا رو دەکاتە بیوکەکەو ئیجازەی لێوەر دەگرێ و تاراکەی لەسەر هەلّدەگرێ و بەخشێکیش ئەدا بە بوکەکە، جا ئەنگوستیلەی تەلا بێ یان سەعاتێ زێڕ، جا دوایی ئەمە رووبەندیشی لائەدا.

«توماس بوا» کە لەبارەی کوردانا زۆر کۆلّیوەتەوە، دەلّێ: ژنهێنان لە نێو کوردانا زوو سەر ئەگرێ، کاتێک کچ و کوڕ بلوغیان بوو، کوردان بۆ کوڕیان

ژن دینن و کچیشیان ئەدەن بە شو، ئافرەتی بێ مێرد و پیاوی بێ ژن لە نێو کوردانا زۆر کەمە، کوردان بۆ کچێ کە شوی کردبێ زور بایەخ دائەنێن، زۆربەی لاوانی کورد لە تەمەنی پانزدە تا بیست ساڵانەدا ژن دێنن و زۆربەی کچانیش لە دوانزە ساڵانەدا شو دەکەن و ئەبێ بڵێین کچان لەم سن وساڵە دا خۆیان بۆ مێرد کردن دائەرێژن و باش ئەتوانن کابانی ماڵ و خێزان بە ئەستۆ بگرن... بەڵام ئەبێ بزانین ئێستا باوی ژنهێنان وەکو جاران نەماوە، لە نێو شارە کوردەکانا، ئێستا خەڵک زوو ژن ناهێنن و کچانیش وەک جاران زوو شو ناکەن، چونکە دەیانەوێ بخوێنن، جا لەبەر ئەمە کە وەدوی عیلم و زانست کەوتون، ناپەرژێنە سەر ژنهێنان و شو کردن، هەرچەن خەڵکی ئاوایەکان و هێندێ لە شارە کوردەکان هێشتا داب و دەستوری خۆیانیان نەگۆریوە و لەسەر بارو باوەری خۆیان هەر ماون.

لە هێندێ شوێن کە کچ و کوڕ دڵیان پێکەوە بێت و خزم وکەس وکاریان نەیانەوێ کە ئەم کچ و کوڕە پێک بگەن و ببنە حەڵاڵی یەکتری، کوڕ و کچەکە جێگە ژوانێک لە دەرەوەی ئاوایی و شارا لە پێش چاو ئەگرن و لە دەرفەتێکا خۆ دەگەیێنە ئەو شوێنەو لەوێدا لەگەڵ یەکتری پەیمان ئەبەستن کە هی یەکتری بن و سوێند بۆ یەک ئەخۆن: «ئەگەر مردن هی گڵ بن و ئەگەر مان هی یەکر بن» و ببنە حەڵاڵی یەکتری. جا لە پاشان کوڕەکە، کچەکە هەڵدەگرێ و ئەیباتە ماڵی پیاو ماقوڵێک، بەڵام ئەگەر لەم کاتەدا کەس و کاری ئافرەتەکە بەم کارە بزانن، وەدویان ئەکەون و لەگەڵ کوڕەکەدا ئەیکەنە شەڕو کچەکەی لێ دەستێنەوە، بەڵام ئەگەر کەسێک وەدویان نەکەوێ، لە دوایی داکەس وکاری ماڵی کچ و کوڕەکە ناچار ئەبن،رازی بن و ئەوکچ و کوڕە لێک مارە دەکەن، ئاغای ناسر موحسینی لە کتێبی جوغرافیای کوردستانا رویەرەی ٧٣ ئەڵێ: لای سەقز و بانە بەمە دەڵێن (راتو) یا واتە: رەدوکەوتن یا هەڵگیران.

وا باوە چەن شەو لە پێش بوک گوێزتنەوەدا لە مالّی زاوا زەماوەند و شایی و بەزم و رەزم بە شەو ساز دەکرێ و بەمە دەلّێن: (شەوگەڕ) و لە هەوەلّی ئێوارەوە تا نیوە شەو بە هەلّپەڕین و رەش بەلّەک و گۆرانی گوتن و تەقەی دەهۆل و زوڕناو شمشالّ لێدان رای ئەبوێرن. کەم هەلّدەکەوێ کوڕێک سەر بە خۆ و بێ پرسی باوک و دایک و کەس و کاری خۆی ژن بێنێ، کاتێ کوڕێک ئافرەتێکی بۆ هاوسەری لە پێش چاو گرت، بە لە پێش چاوگرتنی خوو خدەی باوک و دایک و داب و دەستوری ناوچەیی دەچنە خوازبێنی. جا ئەگەر خاو خێزانی مالّی کچەکە بەلێنی‌یان دا، کوڕ و کچ ماوەیەک بە دەسگیرانی دەمێننەوە، ئینجا ئەگەر مالّی زاوا کەمێک خۆیان گردو کۆکردەوە، بە پێی داب و دەستوری ئاینی پیرۆزی ئیسلام ئافرەتەکە مارە دەکەن و ئەم داب و دەستورەیش لە هێندێ شوێن بەم جۆرە پێک دێ.

هەوەلّ جار داب و دەستوری شیرینی خواردن ساز دەکرێت، بەم جۆرە چەن کەسێک کوڕ و کچ و پیاو و ژن لە لایەن مالّە زاواکەوە دەچنە مالّە بوک، وەتا ماوەیێ بە شایی و رەش بەلّەک و گۆرانی گوتن رای‌دەبوێرن و ئەگەر مالّی بوک دارا بن، لە پاش چەن رۆژی دیکە خزم و کەس و کاری خۆیان و دراوسێ و جیرانەکانیان بانگ‌هێشتن دەکەن و نیوەرۆژ: فراوین یان شامێکیان ئەدەنێ. لە هێندێ شوێن، ئەم نانی شایی‌یە، یەک حەوتو دەخایێنێ و هەر شەوێک پۆل و دەستەیەک بانگ دەکەن، دەستەی لاوان بە جوێ و دەستەی پیاوماقولانیش بە جوێ، تا بە خۆشی رای‌بوێرن، لە هێندێ شوێن باوە، یەک دوو ئافرەت بەناوی (پێخەسو) لەگەلّ چەن پیاوێکدا بە تەواوی تەدارەک و ئەو شتانەی وا پێویستن، رۆژێک لە پێش بوک گوێزتنەوەدا چوار شەمو یان یەک شەمو ئەچنە مالّی باوکی بوکەکە، ئەم ئافرەتانە لەگەلّ ئەو چەن پیاوەدا ئەبێ خوراک و خواردەمەنی بۆ میوانەکان لە مالّی بوکا ساز بکەن...

لە هێندێ شوێن باوە هێشتا بوک لە ماڵی باوکی دایە، ئەبێ برای زاوا یان یەکێک لە برازاواکان،بچنە لای بوک، شاڵ یان پشتوێنێکی بە قیمەت لە پشتی بوکەکە بئاڵێنن، کاتێک بوکەکەیان گوێزتەوە، ئەبێ زاوا، هێندێک پوڵ و تەڵا بە بوکەکە بداو ئەو شاڵ و پشتونەی لە پشتی بکاتەوە... ئەگەر بوکەکە لە ئاوایی‌یەکی دیکە دابێ، بوکەکە بە سواری دێنن... برازاواکان ئەیکەنە غارغارێن، جا ئەگەر یەکێک لە برازاواکان کڵاوی سوارێکی دیکە برفێنێ، سوارە کڵاو براوەکە ئەمە بە تەوهێن دائەنێ و بە توڕەیی‌یەوە وەدوی کڵاورفێنەکە ئەکەوێ، جاری وا هەیە ئەم کارە دەبێتە هۆی هەڵاو هوریا... برازاواکان ئەبێ وریا بن. کوت و پڕ زاوا بە سواری لێیان پەیدا نەبێ، شتێکی بوکەکە یان بوکەکە برفێنێ ئەگەر زاوا کاری وا بکات، برازاواکان بە سواری ئەکەونە شوێنی، ئەگەر بیگرنەوە لێی دەستێننەوەو تەمیانەیش شتێکی لێ دەستێنن. جاری وا هەیە زاوا لەم هەڵبڕودابڕەدا بریندار ئەبێ. شتومەک و پیتەک و جیازی بوکەکەیش بە شوێن بوکەکەدا لە نێو سەندوق و بوخچەو مجری و شتی وادا هەڵیدەگرن و دەی‌هێنن، ئەبێ ئەمەیش بزانین تەواوی ئەم داب و دەستورانە زۆر بەرێگەو جێگەو بە خۆشی و پێکەنین جێ بەجێ دەکرێ، بەڵام لە کارو باری ژن بە ژندا لەسەر ئەوە کام دەستە زووتر بوکی خۆیان وەرگرن، نێوان ناخۆشی پەیدا ئەبێ و جاری وایش هەیە پیاوی تیا ئەکوژرێ.

داب و دەستوری ژن‌هێنان لە هێندێ شارەکانی کوردستانا وەک گوند و لادێ‌یە، بەڵام رێک و پێک‌ترەو چاکتر بەرێوەدەبرێ، لە هێندێ شوێن باوە «پێ خەسو» لە پشت بوکەکەوە دەڕوات، کاتێک بوکەکە کەمێک توند بڕوا، باسکی ئەگرێ و حاڵی ئەکات کە وردە وردە بڕوات. لە رۆژگاری پێشودا بۆ ئەوەی خەیاڵی «پێخەسو» لەم بابەتەوە راحت بێ، پێی بوکەکەیان بە

هەوریشم ئەبەست تا توند نەڕوات. کاتێک زاوا ئەهات بە پیری بوکەوە، لە باتی شەکرەسێو، یەک شوشە عەتری بەسەر بوکا ئەپرژان و برازاواکان هەوڵیان ئەدا، ئەو شوشەیە لە دەس زاوا بفرێنن، زاوا نابێ ئەم شوشەیە بە دەستەوە بدات. لەو کاتەیشدا ئافرەتان و برازاوا لە دەروبەری بوک ئالاوون و وردە وردە ئەڕۆن و دۆست و براو ئاشناو رۆشنایی زاوا یەکە یەکە دێن و دیاری‌یەک کە لە پێشا سازیان کردووە، ئەیدەنە دەس کەسێک کە بۆ ئەم کارە لە پێش چاو گیراوەو لەگەڵ بوکەکە دایە. جا لە پاش ئەوە، بوکەکەیان بردە هۆدەی تایبەت، زاوا دێت دەسی بوکەکە،کەلە‌ماڵی باوکی بەستویانە، ئەیکاتەوەو یەک کلۆ نەبات کە لە نێو دەستی بوکایە، وەری ئەگرێ و ئەیخوات، جا لەم کاتەدا هەر کام لە بوک و زاوا هەوڵ ئەدەن پێی خۆیان بنێنە سەر پێی ئەوی تر، چونکە لایان وایە هەر کامێکیان زووتر پێی بنێتە سەر پێی ئەوی دیکە، سامی ئەکەوێتە سەری و بە سەریا زاڵ ئەبێ و ئەو کلۆ نەباتەیش بۆ ئەوە زاوا، ئەیخوات کە بوک لەبەر چاوی شیرین بێت.

## هەواناسین

هەروەک خۆیشتان دەزانن، لە کوردەواریدا بە هۆی جم و جوڵی گیانداران و جانەوەرانەوە،پەی بە چلۆنایەتی هەوا دەبەن و دەزانن هەوا گەرم دەبێ یان سارد و سەخڵەت دەبێ، بە تایبەت ئەگەر ئێمە لە گوندو ئاوایی‌دا جوان سرنج بدەینە جم و جۆڵی پشیلە:«کتک» زۆر بە باشی ساردو گەرمی و خۆشی و ناخۆشی و چلۆنایەتی هەوامان جوان بۆ دەرئەکەوێت. هێندێ کەس دەڵێ ئەگەر پشیلە لە کاتی جام و تاوەو شت لستنەوەدا دەس و یان بەری پەنیجەی دەستی لەسەر رووی گوێچکەیەوە هێناو بردی، دەڵێن: ئەوە باران دەبارێ، بەلام ئەگەر پشیلە ئەم جم و جۆل و کارەساتانە نەکات، لایان وایە و دەڵێن: هەوا تاو ساو دەبێت، ئەم بیرو باوەڕە چ ئەفسانە بێت وە

یان وتو وێرە بێت، ئەی مرۆ چلۆن دەتوانێ چلۆنایەتی ئاو و هەوا پێش‌بینی بکات و بزانێ؟

ئایا جانەوەران ئەتوانن هەوای ساردو سڕو سەخڵەت و یان هەوای خۆش و تاو و ساو بۆ ئادەمیزاد پێش‌بینی بکەن و دەری‌خەن؟ ئەی هۆی ئەمە چیە کە حاجی لەکلەک بێ ئەوەی بە رواڵەت بەڵگەو هۆیەکی دیاریان هەبێ، ساڵانە لەیەک کاتاو لە یەک شوێنا گشت کۆئەبنەوەو لە شەقەی باڵ ئەدەن‌و دەڕۆن؟ ئایا ئەمە مانای وا نیە کە ئەم حاجی لەک لەکانە دەزانن وا خەریکە هەوا سارد دەکات و دەبێ بەرەو گەرمێن بارکەن؟ ئایا هۆی کۆچ کردنی کوتوپڕی پەڕەسریلکە «چلچلە»و ئەوە کە لە یەک شوێنەوە زۆر بەتاڵوکە روو دەکەنە شوێنێکی دیکە چی‌یە؟ وە بە سەدان پرسیاری دیکەی بەم جۆرە هەیە...

زۆر جاران وایش هەیە کە توشی دەستەو پۆلی «پەرەسریلکە»و یان پۆلی «حاجی لەکلەک»ی سەر لێشێواو دێن، کە لە رێگەو بان ماونەتەوەو یان لە هێلانە و شتەکەیان دور کەوتونەتەوەو لەم شوێن و ئەو شوێن شەو بە رۆژ دەکەنەوەو رای‌دەبوێرن و ماوەیەک بێ ئەوەی سرنجی کەسێک بۆ لای خۆیان راکێشن، لە یەک شوێندا ئەمێننەوەو لە پاشان وا دەڵێن لە یەک شەوە زەنگ دا بێ ورتەو چرپەو خرتە خۆیان گوم ئەکەن و لێ‌ئەدەن و دەڕۆن.

دەتوانین بڵێین لە بنەڕەتا هۆی ئەم گیربون و مانەوە،کەم و کورتەی ئەم پەلەوەرانە واتا: «لەگ لەگ و پەرەسریلکە» بۆ ئەمەیە کە خۆراک بەگیر بێنن و ژین بدەنە سەر.

چەن زاناو پسپۆرێک دوای لێکۆڵینەوەو سرنج‌دانێکی زۆر بەم ئاکامە گەیشتون و رایان‌گەیاندووەو گوتویانە: کاتێ کە فشاری هەوا لە زۆربەی هەرێمی روی زەویدا، ئەم هۆیە پێک‌دێنێ: کە جڕو جانەوەرو باڵدارو یان

پەلەوەری چکۆڵە کە خۆراکی حاجی لەگ لەگ و پەرەسریلکەن زۆر نەوی و نزم و لە نزیکی زەوی بە باڵەفرەی دەکەونە ڕێگەو دەڕۆن، ئەمانیش «لەگ لەگ و پەرەسریلکە» بۆ گرتن و خواردنی ئەوان بە دویی ئەواندا ئەکەونە ڕێگە، کەوابوو بە گوێرەی مانەوەو نەمانەوەی ئەم باڵندانە ئەتوانین جوان پەی «بە گۆڕانی» هەوا ببەین و باش بزانین.

شیاوی زانین ئەمەیە و ئەبێ بزانین: ئایا باڵندە پەلەوەر، ساردو سەخڵەتی هەوا ئەزانێ و رایش دەگەیێنن ویان جم و جۆڵی ناکاوی ئەوان لە گۆڕانی هەواوەیە؟ هێندێ کەس لایان وایە: مەل و ئاژەڵ لە پێش ئادەمیزادا هەست بە گۆڕانی هەوا ئەکەن و لە پێش ئادەمیزاد خۆ بۆ ڕووبەڕو بوون لەگەڵدا ئامادە ئەکەن و ئەم وشیاری و ئامادە بوونەی ئەوان دەبێتە هۆی بە خەبەری ئادەمیزادیش، وەک ئەمە وشیاریان دەکەنەوەو پێمان ڕادەگەیێن کە ئێمەیش خۆمان ساز کەین. لە کوردەواریدا وابیر دەکەنەوەو دەڵێن: ئەگەر لە شەوگاری هاوینا «قربوق (بەق)و قورباقە» بە پۆل بخوێنن دەڵێن ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە ئاسمان ساوەو بێ هەورو هەڵایەو ئەستێرە لە هەوا دیارەو ئەم شەوە کە،دنیا «سایەقە» دەبێ.

یان ئەگەر کوندەبۆ (بایەقوش) بخوێنێ، ئەوەیە لەو شەو و ڕۆژەدا هەوا خۆش،تاو و ساو،دەبێت.

بەڵام ئەگەر «دار کونکەرە، یادار تەقێنە بخوێنێ، نیشانەی گۆڕانی هەوایەو دەڵێن ئەوە دار کونکەرە...» دەپاڕێتەوەو دوعا دەکات کە باران بباریێت و لە هێندێ شوێن لایان وایە ئەگەر: «شمقارو شاهێن و قالاو (قەلەڕەشە)... لە هەوادا بێن و بچن و چترو لەنگەر بپیکن... دەڵێن ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە بەم زوانە باران دەبارێ... بەڵام ئەگەر لە ناکاومێش یان مێشولە هێرش بێنن و بکەونە گیانی ئادەمیزادو ئاژەڵەوە، دەڵێن: ئەوە نیشانەی ئەوەیە توّفان و گێژەڵوکەو تەپو توز و ناخۆشی پەیا ئەبێ، بەڵام

ماوەی زۆر کەمە...

بەڵام لەبارەی شەیتانۆکەوە،پێویستە کەمێک بیر کەینەوەو ئەبێ بزانین کاتێک هەوا نمناک و تەڕە، ئەم جانەوەرە ئەزانێ کە ئەتوانێ بێ مەترسی لە قاوغ و قاپورەی خۆی بێتە دەرێ و کەمێک بە روی زەویا بگەڕێت. وا دیارە ئەم جانەوەرە ئەم مەبەستە پێش‌بینی دەکات، بێ ئەوەی لە نێزیک شارو هێلانەکەی ئاوێک رژابێت، بەڵام کاتێک هەوا ویشک و برینگ بێ، جوان هەست ئەکات کە ناتوانێ بێتە دەرێ، ناچار لە کونی خۆی دەرناکەوێ و نایێتە دەرێ و لەوێدا دەمێنێتەوە،تا کاتی خۆی دێ. شتی زۆر سەیرو سرنج‌راکێش ئەمەیە،ئافرەتانی کورد قاوخی شەیتانوکە هەڵدەگرن و لەگەڵ موت و مورو و حاجیلەو کوژەکە و شتی دیکەی دەخەن و دەیهۆننەوەو ئەیکەن بە بەرویەرۆکی بێشکەی منداڵەکانیاناو دەڵێن ئەمە بۆ چاوەزار باشەو لە هێندێ شوێن لەبارەی شەیتانۆکەو کوژەکە (مورووەشینە)وە ئەفسانەی زۆر هەیە، هێندێ کەس لایان وایە ئەگەر توشی شەیتانۆکە بووی و تەماشات کرد کە وا گیاو گژی وای بەسەر موغەرەی پشتیەوە هەڵگرتوە، ئەوە نیشانەی ئەوەیە وشکە ساڵێکی زۆر سەخت روو ئەداو ئەگەر هەروا برۆین و سرنج بدەین زۆر شتمان بۆ دەرئەکەوێ و پەی بە زۆر شتان ئەبەین، مەسەلەن: ئەوانەی وا نەخۆشی روماتیزم واتا (قاچ ئێشە)یان هەیە، جوان و زۆر زوو پەی بە گۆڕانی هەوا ئەبەن،یانی کاتێک هەوا گەرم بێ، دەردیان کەمەو کاتێکیش دەردیان زۆر بێت، ئەوە نیشانەی ئەوەیە هەوا ساردی کردووە.

## لەیل و مەجروم

دوو ئەستێرەیە،لەیل و مەجنون،کە لە کوردەواریدا لەیلێ و مەجرومی-یشیان پێ ئەڵین، دوو ئەستێرەن کە لە هاوینانا، شەوانە لە

داوێنی عاسمانا دەبینرێن و لە یەک خەت و شوێندا لە بەرانبەری یەک داکە زۆریش لێک دور نین راوەستاون، یەکێکیان لە لای باشوورەوە، ئەوی دیکەیشیان لە لای باکوورەوەیە، ئەستێرەگەش و پر نورەکەیان نێوی لەیلێ و ئەستێرە سیس و کزو کەم نورەکەیشیان نێوی مەجرومە، لە هەوەڵی هاوینانادا ئەستێرەی لەیل و ئەستێرەی مەجروم وەک عاشقە و باشقە بە ئاسپایی ئەسپایی دێن بۆ لای یەکتری و لە یەکتر نزیک ئەبنەوە، وەک ئەمە بیانەوێ دوو عاشق و مەعشوق بە دزی‌یەوە لە پەناییک دا بە یەکتر بگەن.

هێندێ کەس وا بیر ئەکەنەوە کە ئەو دوو ئەستێرەیە هەر ئەو لەیل و مەجنونەی سەر زەوین کە لە ئاخری تەمەنی خۆیاندا لە یەزدانی مەزن پاڕاونەتەوە کە خوا بیانکات بە دووْ ئەستێرە، خوای گەروەش دوعاکەیانی قەبوڵ کردووەو بوونەتە دوو ئەستێرەو چونەتە عاسمان. هێندێ کەسی تریش لایان وایە کە ئەو دوو ئەستێرەیە لە سالێکا دوو جار وێک دەکەون، کاتێ مەجنون کە لە هەوەڵی بەهاراندا لەگەڵ لەیلێ مەعشوقەی دا یەک گیر بوون و وێک کەوتن، لەیل دەنێرێ بۆ کوێستان و لە زستانانیشدا ئەی‌نێرێ بۆ گەرمێن. لە هەندێ هەرێم و مەڵبەندی کوردەواریا خەڵکی [ا]یان وایە کە ئەم دوو ئەستێرەیە هەموو وەرزێک ، جارێک بەرەو لای یەک دەچن و لە ئاخری هاوینانا بە یەکتری دەگەن.

هێندێ کەسی تریش وا بیر دەکەنەوەو دەڵێن: لە کاتی وێک‌کەوتنا ئەم دوو ئەستێرەیە پێکەوە راز و نیازی عاشقانە دەکەن و بەم جۆرە تامەزرۆی دوری خۆیان دەشکێنن، ئینجا ماڵ ئاوایی لە یەکتری ئەکەن و هەر یەکێکیان بەرەو لایەک ئەڕوا، بەم مانایە: لەیل کە لەباشوورەوە هاتوە، بەرەو هەرێمی باکوور دەڕوات و مەجرومیش وا لە باکوورەوە هاتووە روو دەکاتە باشوور، بە جۆرێکی واکە پاش چەن رۆژ لەیل ئەچێتە جێگەو شوێنەکەی جارانی مەجروم و مەجرومیش دەچێتە جێگەو رێگەکەی پێشوی لەیل. جا لەمەو

پاش هەر کاتێ تەماشای عاسمان بکەی، بۆت روون ئەبێتەوە وا ئەم دوو ئەستێرەیە،جار لەگەڵ جار لێک دوور ئەکەونەوە تا مانگی پاییز رادەبرێ و لە ئاخر و ئۆخری مانگی رەزبەر ئەو دوو ئەستێرەی لەیل و مەجنونە لە بەرچاو ون دەبن و خەڵکی هەرچەندە تەماشای عاسمانیش بکەن، ناتوانن بیانبینن، دەڵێن گەردونی سەرگەردان،بە جۆرێکی وا سوڕاوە و گەڕاوا ئیتر تا هاوینی داهاتو کەس ناتوانێ چاوی بە ئەستێرەی لەیل و مەجنون بکەوێ.

ئەوەی وا زۆر سەیر و سرنجڕاکێشە ئەمەیە خەڵکی ، بەتایبەت ئافرەتان وابیر دەکەنەوەو دەڵێن: هەر کەسێک لەو کاتەدا وا ئەو دوو ئەستێرەی لەیل و مەجنونە لێک نیزیک دەبنەوەو خەریکن وێک دەکەون، چاوی تیانەوەبێت، بەختەوەر دەبێت و ئیقباڵ رووی تێدەکات، ئافرەتان لایان وایە ئەو کەسانەی وا لە کاتی وێک کەوتنی ئەو دوو ئەستێرەیە هەر دوعایەک بکات لە بارەگای خودا قەبوڵ دەبێ و لەو کاتەدا هەر شتێک لە یەزدان داوا بکات، گیرا دەبێت و خودا ئەیداتێ. لە کوردەواریدا لەبارەی دوو ئەستێرەی لەیل و مەجنونەوە چیرۆک وئەفسانە زۆر ئەگێڕنەوە.

## جەژنی رەمەزان و جەژنی قوربان

«پارشێو» کردن و رۆژوو گرتن و داب و دەستوری جەژنی رەمەزان و جەژنی قوربان لە نێو کوردەواریدا بە وێنەیەکی تایبەت بەڕێوە دەبرێ، ئەم دوو جەژنە گەورەی ئیسلامە، رەنگ رووی ناوچەی هەڵگرتووە، هەروەها کە خۆیشتان دەزانن چونکە خەڵکی کوردستان زۆربەیان موسڵمانن، لە مانگی رەمەزاندا بە رۆژوو دەبن، کچان بە تایبەت لە نۆ ساڵیدا و کوڕانیش هەر لەو تەمەنەدا لە لایەن خاوخێزان و مەزنی بنەماڵەوە

هاندەدرێن کە رۆژوو بگرن، دەیانەوێ رۆژوو بگرن، سەعاتێکی بمێنێ بۆ بانگ دان، هەڵدەستن و «پارشێو» دەکەن و تا ئەو دەمەی مەلا بۆ نوێژی بەیانی بانگ دەدات، خواردن و خواردنەوە بۆ ئەوانەی وا دەیانەوێ رۆژوو بگرن ئازادە، بەلام دوای بانگدانی بەیانی ئەبێ دەست لە خواردن هەڵگرن و تا ئێوارە دەم لە هیچ شتێک نەدەن و کاتێک کە رۆژئاوا بوو و تاریک واهات، بانگی ئێوارە درا، رۆژووەوان رۆژووکەیان دەشکێنن بە ئاو یان بە خورما،رۆژووەکەیان دەکەنەوەو لە کاتی رۆژوو کردنەوەدا ئەم دوعایە دەخوێنن: خوای گەورەو مەزن رۆژووم بۆ تو گرت،تۆ بە رزق و روزی تۆیش رووژوو دەکەمەوە، ئیمانم بە تۆ هێناوەو باوەڕم پێتە! هەویام بە تۆیەو تەمام وایە سۆزیش بە رۆژوو بم.

شیاوی زانین ئەمەیە لە کوردەواریدا لە نزیکی پارشێودا چەن کەس، هەر یەکێک لە گەرەکێکەوە دەس دەکەن بە (سەلا) کردن و بە شیعر خوێندنەوە خەڵکی لە خەو راست دەکەنەوەو کۆڵان بە کۆڵان و سەربان بە سەربان دەگەڕێن و «سەلاّ» دەکەن، خەلکیش بە دەنگی ئەوان لە خەو هەڵدەستن. کە پارشێو بکەن و رۆژوو بگرن. ئافرەتانی کوردیش لە پێشدا هەڵدەستن، سەماوەر تێدەخەن و خەریکی پارشێو سازکردن دەبن، یەک مانگی تەواو بەم جۆرە رۆژوو دەگرن، ئێوارەی ئاخر و ئۆخری مانگی رەمەزان خەڵکی لە سەربانو جێگەی بەرز و بڵیند بۆ مانگ دەگەڕێن و سرنجی ئاسمان دەدەن و تەماشای مانگ و هیلال دەکەن، جا ئەگەر لە ئاسمان چاویان بە مانگ و هیلال کەوت و لە دەم ئاسۆ وکەل مانگیان دی، بۆ سبەینێ ئەیکەن بە جەژن، لە هێندێ شوێن باوە ئەگەر لە ئاوایی و گوندێکا مانگ ببینن، لەسەر یاڵ و نوچکەو لوتکەی کێو و چیای بەرز و بڵیند ئاور هەڵدەکەن و خەڵکی ئاواییەکانی ئەو دەور و بەرە بەم ئاوەرە ئەزانن کە شوانەکان و یان لە ئاوایی ئەو سەر شاخانە مانگیان دیوەو

ئەیکەنە جەژن و بەم جەژنە دەڵێن: جەژنی رەمەزان یان جەژنی فیتر، جا کەرە بەیانی زوو لە رۆژی جەژنا خەڵکی لە مزگوەتا خڕ دەبنەوەو نوێژی بەیانی بە جەماعەت دەخوێنن، ئینجا خەڵکەکە بە حەلقە دائەنیشن و یەکێکی دەنگ و ئاواز خۆش دەس دەکا بە قورئان خوێندن، جا هەر لە نێوان دە، دوانزە ئایەتا تەکبیر ئەکەن و بە خودا دا هەڵدەڵێن، جا لە پاش ئەوە خۆر بە ئەندازەیی رمێک بەرز بووە، زۆر بە رێگەو جێگە بە پێی بیرو باوەڕ و یاسایی ئایینی، نوێژی جێژنی رەمەزان بە جەماعەت و ئەڵاهو ئەکبەر گوتن دەخوێنن. دوای سەلامدانەوەو خوێندنی خوتبەی نوێژی جەژن ئەوانە وا سەریان نەقەبڵاندووە، سەری خۆیان و خاو خێزان و بنەماڵەی خۆیان دەقبلێنن، سەریان چاک دەکەنەوەو سەرفترەی خۆیان دەدەن.

خوشک و برا خۆشەویستەکان، هەروەها کە خۆشتیان دەزانن لە رۆژی جێژنی قوربانیشا خەڵک دێنە مزگەوت، لە پاش نوێژ کردن و خوتبەی جێژن، خەڵکەکە،یەکە یەکە جەژنە پیرۆزە بە یەکتری دەڵێن و گەردەن ئازایی لە یەکتری دەکەن ولەو رۆژە پاکەدا دێوی ناکۆکی و ناحەزی و دوژمنی و رکەبەرایەتی،لە خۆیان دەردەکەن و ئەگەر چەن کەسێک و چەن بنەماڵەیەک لە پێش دا نێوان ناخۆشییکیان لێ پەیدا بووبێ، لە رۆژانی جێژنا ئاشت دەبنەوە،تەنانەت پیاو ماقوڵان دەکەونە نێوان و ئاشتیان دەکەنەوە و دەست لە ملی یەکتری دەکەن و گەردەن ئازایی لە یەکتری دەکەن و نێوان ناخۆشی لەو رۆژە دائەبێتە خۆشی و ئاشتی و برایەتی و بە دۆستی پێکەوە رای‌دەبوێرن، لە رۆژانی جێژنا باوە،خەڵکەکە بۆ نان خواردن و کاسەی جێژن لە مزگەوت دادەنیشن‌و هەر کەسێک لە ماڵە خۆیەوە سفرەو مەجوعمەو خۆراکی بۆ دێ وگشتیان لەوێدا پێکەوە نانی جەژن دەخۆن و تێکرا بۆ جەژن موبارەکی دەچنە ماڵی مەلاو پیاو ماقوڵان.

لە مانگی قوربان و جێژنی قوربانا وا باوە خەڵکی قوربانی دەکەن و گۆشتی قوربانیەکە بە سەر خەڵکی دابەش دەکەن و هەر ماڵە هێندێکی گۆشتی قوربانی بۆ دەنێرن، لە هێندێ شوێن وا باوە چاوی ئەو مەڕو مالاتەی وا دەیکەنە قوربانی بە کلە دەیرێژن و دەڵێن دەبێ ئەو حەیوانەی وا دەیکەنە قوربانی سالم بێ و نابێ کوێر و شەل و گێژو کەڕو چەوێڵ و نەقوستان و گوێ براو گوێ داقلیشاو بێ، دەناقەبوڵ نابێ، چونکە (خودا بێ عەیبەو خۆشی لە بێ عەیبی دێ). لە هێندێ شوێن باوە لە پێش ئەوە دا کۆچی قوربانەکەیان سەر بڕن، کەمێک ئاوی یە گەروی دا دەکەن، لایان وایە ئاو و ڕۆشنایی یەو دەبێ حەیوانەکە کەمێک ئاو بخواتەوە تا لە قیامەتدا لەسەر پردی سیرات تونیان نەبێ و لە تونیدا وره لە دەس بەر نەدەن و بێ گێرە و کێشە و بە ئاسانی لە پردی قیامەت بپەڕنەوەو رزگار بین. لە هێندێ شوێن باوە لە ئێوارەی بەرە جێژنا،کچان لەسەر کانی و ئاو بە یەکتری دەڵێن خۆتان ساز کەن، ڕۆژی جەژن بچینە سەیران، لەم لاشەوە کوڕەگەلیش خۆیان ساز دەکەن و ئەچنە سەیران، وا باوە لە ڕۆژی جێژنا،چەن بنەماڵەیەک تێکڕا دەچنە سەر چاک و شەخس و پیر،تا ئێوارە بە خێرو خۆشی و شایی و هەڵپەرکێ رای‌دەبوێرن، جاری وا هەیە لە چەن ئاوایی و گوندەوە دەچنە سەر چاک و شەخس، هەر ئاوایی یەک بە جوێ ڕەش‌بەڵەک ساز دەکەن، جاری وایش هەیە، خەڵکی گشت ئاوایی‌یەکان،کە وا پێکەوە چونەتە سەر یەک چاک، تێکڕا شایی‌یەکی گەورە ساز دەکەن و بە حەلقە حەلقە لە نێوان یەک دا وەک تۆپی گوڵ شایی و ڕەش‌بەڵەک ساز دەکەن و بە گۆرانی گوتن و تەقەی دەهۆڵ و زوڕنا و پلەزیقان رای‌دەبوێرن.

داب و دەستوری چونە حەج و دوعای پانزەی مانگی شەعبان، هەروەها کە خۆتان دەزانن چونە حەج و تەوافی مەکە، تەنیا ئارەزوی هەر موسڵمانێکە، بە تایبەت ئارەزوی برا کوردەکانی لادێ و گوندەکانی

کوردستانە. وا باوە ئەوانەی وا دەیانەوێ بڕۆن بۆ حەج لە پێش ئەوەدا بکەونە ڕێگە، لە خزم و کەس و کار و جیران و دراوسێ و ناسیاو نەناسیاو گەردەن ئازایی دەخوازم، تەنانەت ئەگەر بە کەسێکیش قەرزار بن، تێدەکۆشن قەرزو قوڵەکەیان بدەنەوە، چونکە لایان وایە حاجی نابێ قەرزاری کەس،وەحەقی کەسی لە گەردەنا بێت... ئەگەر بێت و بە کەسێک قەرزار بێت و یان گەردەن ئازایی یەکێکی لەسەر بێت، ئەوە حەجەکەی قەبوڵ نابێ و خێری بۆ نانووسرێ، بۆیە هەوڵ ئەدەن لە پێش ئەوەدا کە ڕێگەی حەج بگرنە پێش، هەرکەسێک کە دڵیان لەوان ئێشابێت، ئاشتی کەنەوەو دڵیان بێننەوە جێ، قەرزو قوڵەی خەڵکی لەسەر خۆیان نەیەڵن و خەڵکی ڕازی کەن، وا باوە لە کاتی سازبوونی حاجیان هێندێ کەس لە خزم و ناسیاو زۆر بە ڕێزەوە تاکەوشەنی ئاوایی بەڕێیان دەکەن و لەگەڵیان دەکەون، جاری وایش هەیە تا نێو شار لەگەڵیان دەچن و ڕەوانەیان دەکەن، لە کاتی گەڕانەوەشدا خەڵکی دەچنە بەرەو پیری حاجیان ، ئێستا وا باوە حاجیان کە بەرەو ماڵ گەڕانەوە، هەواڵ ئەدەن و خزم و کەسیان تا شار و ئەم شارەو شار بەرەو پیران دەچن، سواریان دەکەن و دەیانبەنەوە بۆ ماڵێ و لە نزیک ئاواییدا کە حاجیان لە گوند و ئاوایی دەرکەوتن، ژن و منداڵ و پیر و جوان دەچنە پێشوازیان، بەر لە پێ دەستی حاجیان ماچ دەکەن ، وا باوە ئەگەر حاجیان گەیشتنەوە کەناری دێ و ئاوایی لە ئەسپ و ماین و ماشین و شتی وا دادەبەزن و لەبەر خەڵکەکە بە پێی پیادە دەڕۆن، بە تایبەت لایان وایە پیادە بڕۆن، زۆرتریان خێر دەگات، خەڵکیش لایان وایە چونە بەرەو پیری حاجیان زۆر خێرەو بەم هۆیەوە خودا گوناهیان بە تایبەت گوناهی چوکەیان هەڵدەوەرێنێ و دەیانبەخشێ، لە هێندێ شوێن وا باوە کە حاجیان بەم داب و دەستورە،هاتنەوە ئاوایی لە هەوەڵەوە دەچنە مزگەوت و لە نێزیک میحراب و لە پەنای میمبەرا دادەنیشن و یەکە یەکە خەڵکی دێنە

زیارەتیان، ئەبێ ئەمەش بزانین لە پێشان لە ماڵی مام حاجیەوە سەماوەریان هێناوەتە مزگەوت و شەربەت و شەکراو،چایی و شیرینیو شتی وا ئامادە دەکرێ و بەرە بەرە چایی و شەربەت و ئاو، دۆو شتی وا بە میوانەکان و خەڵکەکە دەدەن.

لە هێندێ شوێنی کوردەواریا، وا باوە لە پاش ئەوە حاجیان گەڕانەوەو هاتنەوە ماڵە خۆیان بۆ ماوەی سێ شەوو سێ ڕۆژ شام و نەهارو فراوین بە خەڵکی ئەدەن و مەجوعمە خۆراک و قاپەچێت و نان و پێخور دەنێرن بۆ دەرو جیران و دراوسێ و فەقیر و هەژاری ناو ئاوایی و شار، وا باوە حاجیان لە پاش ئەوە حەج و تەوافیان کرد، مێزەرەیەکی زەرد بەناوی کەشیدەی حاجیان لەسەر دەبەستن، جاری وایش هەیە کلاوێکیش هەر لەو جۆرە پارچە دروست دەکەن و لەسەری دەنێن، تا خەڵکی بزانن ئەمانە چوونەتە حەج و تەوافی ماڵی خوداو زیارەتی مەرقەدی پاکی پێغەمبەری مەزنیان کردووە، جاری وایش هەیە، پشتوێنی زەرد و کەشیدەی حاجیان لە پشت دەبەستن. شتێکی سەیرو سرنج ڕاکێش ئەمەیە ئەم کەشیدە زەردە لای خەڵکی دەبێتە شتێکی پاک و موقەدەس و مدفەڕک و خەڵکی سوێندی پێدەخۆن و تەنانەت حاجیان ئەگەر بیانەوێ خەڵکی باوەڕیان پێ بکەن و لەسەر شتێک سور بن، سوێند دەخۆن و دەڵێن بەم کەشیدەی وا لەسەرم ناوە یان بەو حەجەی وا چوم، بەو کابەی وا تەوافم کردووە.

لەو ڕۆژەوە کە حاجیان لە مەکە گەڕانەوە خەڵکی لە هەر شوێنێک کە توشیان بن، بە مام حاجی ناوبان دەبەن، وەیان پێیان دەڵێن: حاجی ئاغا، حاجیانلە هەر کوێ بۆیان بوز بخوات و لە هەر دەرفەتێکا کە بۆیان هەڵکەوێ، چ لە مزگەوت بێ و چ لە ماڵان و ئەم لاو ئەو لابێت، چونە حەجێ خۆیان و چلۆنایەتی داب و دەستوری حەج و سەفەری خۆیان پوخت و نەخت بۆ خەڵکی دەگێڕنەوەو تام و لەزەتێکی تایبەتی پێ ئەدەن و

بەم جۆرە قسە گێڕانەوە، نوری عیشق و ئەوین و عەلاقەی دین و ئەوافی ماڵی خولاْ ئەخنە دڵی خەڵکیەوە، هەروا بیر و خەیاڵ هەڵیان دەگریٚ کە ئەگەر بتوانن ئەوانیش خۆیان ساز بکەن تا لە چاخ و کاتی خۆیا بچن بۆ حەج و ئەوانەی وا تیشک و نوری ئیمان و باوەر لە دلیانا بلێسەی سەندووە، لە دڵەوە ئارەزوو ئەکەن کە زووتر مانگ و هەیڤی و هیلالی مانگی زیقەعدە و زی حەجەوە دەرکەوێ تا ئەوانیش کاروانی خۆیان بەرەو حەج ساز کەن.

ئەو مەبەستانەی وا ئەم نووسەرە لە چاپی داون:

١- بینوشی، عەلامەی بێوێنە، بە عارەبی لە بڵاوکراوەی زانکۆی وێژاوەری زانستگەی ئیسفەهان، ژمارەی ٢و ٣ وەرزی ١٣٤٥ هەتاوی ٢٥٧٨ کوردی و ١٩٦٦ زایینی چاپ کراوە.

٢- مەولانا خالید نەقشبەندی، لە ساڵنامەی نوری دانش، وەرزی ١٣٤٩ی هەتاوی لە چاپدراوە.

٣- مەبەستی وێژاوەری و مێژوویی، لە گۆڤاری هوخت،گەلاوێژی ١٣٤٨ هەتاوی و ئەرمەغان لە ژمارەکانی ٥و ٦و ١٠ ساڵی ٤٥و ٤٦ چاپ بوون.

٤- بەیتی کەڵ و شێر بە کوردی و فارسی.

KURD ARSHIV

٥- داب و دەستووری: جێژنی نەورۆز، کوڵە چوارشەمە گۆڤاری گرشەی کوردستان:

رەشەمەی ١٣٥٩ هەتاوی و مارس ١٩٨١و ٢٥٩٣ کوردی. ژمارە ١، ساڵی یەکەم.

کتێبی باوی کۆمەلایەتی و مێژووی ... چاپی نەورۆزی ٥٨ - ١٣٥٧ هەتاوی و ١٥٩١ کوردی و ١٩٨٠ زایینی.

شوێنەواری باو لە کوردەواریداو زوانی شیعرو هەلبەست.

- جێژنی: نەورۆز.

- وێژاوەری و هونەر.

- هەجیج یا مەدینەی فازیلە.

- کوڵە چوارشەممە - چاک.

- نێو شالانە - هەتەری، مەتەری.

- کۆسە - میرمیرین.

- ئەم هەوارەو هەوار - پەز برینەوە - مەڕو بەران تێیەردان.

- کوردی هونەرە، راوەکەو.

- باوی کۆمەڵایەتی = چیرۆکی شەویارو شەو بو

- زوان و ئەدەب: لێکۆڵینەوەیەک.

- داب و دەستوری فەقێیەتی.

- نەچیرو نەچیرەوان، سازو ئاوازی کورد - هەڵپەرکێ، شێخانی، سێ پێ، چەپی (چۆپی بەملودی یەکانیانەوە، بەهاری ئازادی، خەلیل ئامانە، بەسەرهاتی دۆسی، کوردە... کورتەیەک لە مێژووی شێخ عوبەیدلای شەمزینان.

١ـ وەرگەڕاوەی بەرکوڵی دیوانی «مەم و زین»،ی ئەحمەدی خانی بە فارسی کە قانات کوردۆ بە کرمانجی ژووروو نووسیویەتی و لە ١٩٥٨ زایینی دا لە لینینگراد چاپ بووە.

٢ـ ژیاننامەی خانی و شاکارەکانی.

٣ـ پایاننامەی دەورەی لیسانس کە کورتە ژیاننامەی (ابن الحاجب)ی شارەزووری تیا نووسراوە.

# چیرۆک بۆمنالان: شکۆفەی مالەباوان

# ورچ لەک لەک ژیشک

کزەبای وەرزی پاییز ئارام بێ گزە گزە دەسی پێکردبو مامە ورچەش لە ناو لێروارەکانا ئەگەرا .

مێوەی لێروارەکان بە تایبەت هەناری سورو ئال دوان دوان و سیان سیان لە پالیەکا، بەلکو پۆپی دارە جوانەکانی،ناو لێرەوارەکان پێکەوە نوسابون و لە ژێر تیشکی بەگرشەو ورشەداری خۆر ئەدرەوشێنەوەو رەنگیان ئەدایەوە. مامە ورچە روانییە میوەو هەنارەکان و وتی: (پەکو چەن جوان و رەنگینن!) لەوێ کاوێ‌دا دەنگێک بەرزەوەبو، یەکێک لە دەروازەی باخەکەی ئەدا.

مامە ورچە بەهەلات خۆی گەیاندە دەروازەکەو کردییەوە. لەک‌لەک‌و ژیژگ، لەو دیوی دەروازەکە بون، کاتێ چاویان بە مامە ورچەکەوت سلاویان لێکرد.

مامە ورچە وەلامی سلاوەکەی دانەوە. لەک‌لەک ملی چەمانەوەو گوتی:(مامە ورچە من‌و ژیشک هاتوین هەوالت بپرسین. چەن رۆژێک بو تۆمان لەناو لێرەوارا نەدیتبو. وتمان نەوەکو نەخۆش بوبێ.)

مامە ورچە سەری خوراندو گوتی: (نا نەخۆش نەبوم لە ناو لێرەوارەکەدا قونەلتسم دابو: (هەل تورو شکابوم)وئەم روانییە هەنارەسورو ئالەکانی ناو باخ‌و جەنگەلەکە.)ژوژو گوتی: (بەلێ لێرەوە دیارە، هەناری سورو ئال! زورە بەدارەکانەوە دیارن. پێتان خۆشە یارمەتیتان بدەین؟) ورچە تازە زانیبوی کە دەروازەی باخەکەی زور ئاوالە کردوە تەوە، دەروازەکەی پێوەداو کەللەی لەدرزی دەروازەکەوە هێنایە دەرێ‌و گۆتی: (چ جۆرە یارمەتیکم ئەدەن؟) حاجی لەق‌لەق چووە پێشترەوە گوتی (وەرزی پاییز هەمو کەسێک مێوەی باخەکەیان ئەوەرێنن‌و گردو کۆی ئەکەنەوە. ئێوەیش ئەگەر بتانەوێ هەنارو مێوەی باخەکەتان کۆکەنەوە، ئێمە لەمەدا یارمەتیت ئەدەین). مامە ورچە بروکانی ئەکان‌داو گوتی:(نا،نامن یارمە تیم‌ناوێ).

ژوژو گوتی: (مامە ورچە! توڕە مەبە، گرژ مەبەو ئاوچاو مەدە بە یەکا، ئێمە مزەیەکی زۆرمان ناوێ، ئەگەر بە هەر یەکێکمان سێ هەنار بدەیی رازین.)

ورچە بۆڵاندی‌و گوتی:(چ قسەیەک شەش هەنار بە ئێوە، بە هەردوکتان بدەم من نامەوێ مێوەو هەناری ئەم لێرەوارە بوەرێنم‌و گردو کۆیان بکەمەوە.) ئەوساکەللەی بردە دواوەو بەرەو دواگەڕایەوە بۆ ناو باخ‌و لێرەوارەکەی.

حاجی لەک‌لەک‌و ژوژو سەریان بەردایەوەو بە شوێن یەکتریدا بەرەو ماڵ گەڕانەوە. چەن ڕوژ بە سەر ئەم وت‌و وێژانەدا تێپەری. ڕوژێ وەرزی پاییز پەڕی.وە زیرو جوتیرەکان گەنم‌و جۆو کشت‌و کاڵەکانیان دوری‌یەو رنیانەوەو خاوەن باخەکانیش مێوەی دارەکانیان وەراندو گردو کۆیان کردەوە، تەنیا هەنارەکانی مامە ورچە مابون، کە هەروا بەقەد دارەکانەوە تەکەیان ئەهات.

زستان بەرێوەبو

مامەو رچە ڕوژێک بە ناو باخ‌و لێرەوارەکەی‌دا ئەگەراو کەوت‌و پەر قاچی لە قوڵکە ئاوێک لە بنجە دارێک گیراو قامکەی لاقی شکیا.یا(لەجێ‌چو) ـ ورچە بۆ ماوەیەک لە لانەکەی‌دا بۆی وەرکەوت تا قاچی چاک بێتەوە،قامکەی لاقی بێتەوە جێ.

سەر ئەنجام ڕوژێک سەر لە ئێوارە لە لان هاتە دەر تەقیلەیەکی، نا بە لای سەر یەوەو خوی خزانە ناو،باخ‌و لێرەوارەکەی.

بەڵام کاتێ چاوی بە هەنارەکان کەوت، بە ترس‌و لەرزەوە بۆرانـدی‌و دای بـە تەوق سەر خوێداو گوتی: (هاوار بە ماڵم ئەوە بوچ هەنارەکانم پێستەکانی قەڵەشتی داوەو دەنکەکانی رژاوە؟).

لە دوایی‌داکەمێک بیری کردەوەو گوتی: ـ(من ئەزانم ئەو لەگ‌لەگە مل درێژەو ئەو ژیشکە بێ فەڕانە، دنوک‌و گازیان لەم هەنارانە گرتووەو ئاوا شەقار شەقاریان کردوە، ئەبێ وایان توڵە لێ بستێنمەوەو بەڵایەکیان بە سەر بهێنم کە بە داستان بێگێرنەوە). دوای ئەم وتو وێژە زۆر بەلەزو تالوکەو بەپەلە،لە باخەکە دەر پەرییە دەرێ.لە رێگا توشی بزنە کێوی یەکی شاخ تەلایی هات. بانگی کردو گوتی: (هوێ‌بزنە کێوی تۆ لەق لەق‌و (ژیژو)؛ سەگ‌بابت لەم نێزیکانە نەدیوە؟) بزنە کێوی‌یەکەش وتی: (بۆچ دیمن چ کارێکت

پێانە؟.)

ورچەش وتی (زوبە بێژە بزانم لەکوێن ئەمەوێ ملی هەردوکیان هەڵکەنم.).

بزنەکێوی، زۆر ترساو بەترسەوە بە دەنگێکی نیوە نوساو، بالاندیو گوتی: (بۆچ؟

مامە ورچەش وتی: «من چەن ڕۆژێک نەخۆشبوم و لەلان وەرکەوتبوم. ئەم لەگ‌لەگە بێ فڕە لاقبەرزە، مل درێژە دندوک سورە درێژە، وەئەم ژیشکە پشت‌دڕو دارە، ناحەزەکە ئەڵێی بەردی ناو(قۆچەقانی شەیتانە) بێ. ئەوەی بەڵێن لە من وەرگرن خۆیان خزاندۆتە ناو ئەم باخەی من وپێستی هەمو هەناری ناو ئەم باغەیان لەت کردوەو هەنارەکانیان قەڵەشاندوەودەنکە سورە، یاقوتییەکانی، ناویان، کۆرۆشتووە،قڕتاندوەو خواردویانە، هەنارەکانیان قڕتاندوەو کورۆشتوەو ئەوپێستە جوانانەیان قەڵەشاندوەو دەنکە سورە یاقوتییەکانی ناویان خواردوە، لەم سۆنگە،ئەوەی خوراوە، خوراوەو ئەوانی تریش هەمو پێستەکانیان، شەقار شەقار کراوەو بە قەد دارەکانەوە ویشک هەلاتون و لە خواردن کەوتون.

بزنەکێویەکە، سەرێکی تەکانداو گوتی: نا، نا لەقلەق، ژوژوم نەدیوە، بەلام ئەوانە ئەم جۆرە کارانەیان لە دەس نایێ، ئەمەکاری ئەوان نییەشتی وا نابێ.

ورچە توڕە بوو دای بە سەر خۆیداو بولاندیو گوتی: (بۆچ درۆ ئەکەی، ئێوە هەموتان ناراستو درۆزنن. من ئێوە ئەناسم)ئەوسا، کلکی کرد بەناو گەڵۆزو لینگیداو بەرەو ناو باخەکەی گەڕایەوە، ماوەیەک گەڕا،بەلام چاوی بە لەگ‌لەگ‌و ژیشک نەکەوت، دەستی نا سەر بناگۆێ،هەستا سەر دوپاشو، یەک بەو دەرو دەشتە بۆڕاندایو هاواری کرد:

لەگ‌لەگ هۆی مل درێژی بێ فەڕ، هۆی ژوژوی دڕوپشتی ناحەز. لەقلەقو ژیشکە،کە لەو نێزیکانە بون، کاتێ گوێیان لە بۆڕاندنی ورچە بو. بەرەو لای مامە ورچە رویشتن، لەقلەق بە باڵەپڕژەو لۆقەلۆقو ژیشکیش وەکو تۆپە جیکەنە، بە خلۆرە خلۆر. بەرەو لای ورچە بۆی کشانو گوتیان:

«بەڵێ مامە ورچە، چ کارێکت بە ئێمە هەیە، بۆچوا قەڵسو گرژو ناوچاوان تاڵی؟!».

وژچە کاتێ چاوی بەوان کەوت وا هاتنە پێشەوە، بۆڕاندی‌و وتی:
«ئەی دەردو سندان‌و ژەقنەموت، هەی قوڕی ناو...م دا بە دەم‌و فلچ‌و دەنوکە درێژە کەتانا،ئێوە بۆچ پێستی ئەم هەنارە جوانانەتان وا کوڕوشتووەو ئاوا هەڵتان تلیشاندوە؟».

لەکلەک‌و ژیشک وتیان، باوکم بۆچ لە خۆتەوە، تۆمەتمان لێ ئەدەی، بە خوا ئێمە پامان نەناوەتە، ناو باخی تۆ، بە خوا لمبۆزو دنوکمان لەپێستی هەناری، باخت نەکەوتووە،ئیتر بۆچ وا ئەبۆڵێن‌و ئەبۆڕێنی بە سەرمانا؟

ورچە تورە بو، دای بە تەوق سەر خۆیداو وتی: بۆچ درۆ ئەکەن؟ ئێوە خواردوتانەو بەدیان‌و دندوک تەواوی پێستی ئەم هەنارە جوانانەتان ڕنیوەو قەلەشاندوتانە، هەموتان، کون کون‌و ئەنجن ئەنجن کردوەو هەمو ناوکەکانتا، دەرهێناوەو ئەوەی وا، بۆتان خوراوە،خواردوتانەو ئەوی تریشی،وەکو پێستە هەمانە. بە قەد دارەکانەوە، ویشک هەڵاتووە، چونکا دانەکەتان خواردوەو ئاوەکەشتان. چنیوە. لەکلەک‌و ژیشک هەرچی سوێندیان بۆ ورچە ئەخوارد، ئەو باوەڕی نەئەکردو زیاتر خۆی تورە ئەکردو ئەیبوڕاند. هەوا کەم کەم تاریک ئەبو، بوائێلەی ئێوارە، خۆرەتاوی داپۆشا بو، جیهان خەریک بو، کراسی ڕەش لە بەر بکات، زەردەی خۆر لە دەم کەل خەریک بو ئەپەڕی، نوچکەی کێفەکان، نوری خۆریان لە ڕوی خۆیان دائەڕنی، ڕوژ جێگای خۆی ئەدا بەشەو. لەوێ کاوێدا کوندێک لەوێوە، تێپەڕی کرد، کاتێ گوێ لە بۆڕاندنی مامە ورچە هەڵخست، وتی: ها چییە چ قەوماوە، ئەلێ، پیرێژنی دوت لێ ڕژاوە، خانە خراو بۆچ ئاوەزت لا نەماوە ورچە، هەمو قسیەو باسەکەی لە نوکەوە بۆ(کوندەبو) گێراوە، کاتێ(کونەبەبو)سەری ماشەری ئالۆزاوی دوزی‌بەوە، وتی: (مامەورچە، هەستە بڕوێنە ناو باخە هەنارەکەت، بیان بینم بزانم چ قەومیاوە، خوریاوە، یا شەختە لیانی‌داوە»مامە (ورچە) و (لەکلەک) و (ژیشک)و (کوندەبو) چونە، ناو باخی هەنارەوە، کاتێ کوندەبو چاوی بە هەنارەکان کەوت چاوێلکەی نا، بان چاو ی‌و وتی: «لەکلەک‌وژیشکە) ڕاست ئەلێن‌و لەمەدا ناراست نین، ئەمانە هەئارەکانیان وا لێ نەکردوە، پێستی هەنارەکان‌خۆیان پێستیان هەڵداوەو شەقاریان بردوە» ورچە واقی

بردەوەو گوتی: «چلۆن؟»
کوندەبو وتی: «کاتێ هەنار زۆر ئەگا پێستەکەی ئەترەکێ‌و درزئەباو دەنکەکانی ئەرژێژیتە (خوارێ). مامە ورچە ئارەقی شەرمی ڕژاندو سەری بەردایەوەو گوتی: «من بێ ئاوەزیم کرد، هەم قسیەی خراوم نا، ناو پارسەنگی دۆستانم،وەهەم هەنارەکانیشم دوراند، ئەگەر لەکاتی خۆیدا دارەکانم پەتەکاندایە، وایان بە سەر نە ئەهات، ئێستا ئەگەر ئەم دارانە تەکان بخۆن‌و بایەک لیان کەوێ هەمو هەڵ ئەوەرێن‌و ئەو دەنکانەش وا ماون بەفیرۆ ئەرۆن‌و لەکیسم ئەچن نازانم چبکەم؟».
لەگ‌لەگ‌و ژیشک‌وتیان: (مامە ورچە زیان لە نیوەیش بگەڕێتەوە، هەر باشە، تۆ خەفەت مەخۆ، ئەت بەخشین‌و ئامادەشین، لە تەکاندن‌و چنینەوەی ئەم هەنارانەدا یارمەتیت بدەین. (فَاصْفَحِ الصَّفْحَ الْجَمِيلْ ـ وَ تَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى) ئایەتی قورئان وکەلامی خودان.
ورچە لەخۆشیدا هەستا سەر، دوپاشوو سورێکی خواردو، وتی «چلۆن؟.
لەگ‌لەگ، ڕوانییە ئاسۆی ئاسمان‌و، وتی: (ئێستا تاریک بووە، سۆزی سەر لە بەیانی، دێتە ناو باخ‌و تۆ بڕوانە!) بۆ سۆزیدا کاتێ ڕۆژ بە تاوی نورو تیشک‌و تیریژی خۆی، جیهانی لە شەوەزەنگی تاریکەشەو ڕزگار کردو خۆر جیهانی ڕوناک کردەوە، ورچە چووە ناو باخە هەنارەکە، لەگ‌لەگ بە دنوکی سورو درێژی ساقەتەی هەنارەکانی ئەگرت‌و لەبن‌دا ئەی قرتاندو لە برکەو دارەکەی ئەکردەوە، ژیشکیش لەبن دارەکان، ڕائەوەستا، کاتێ هەنارەکان ئەکەوتن ئەچونە ناو، دڕو داڵەکەی، ناو پشتی ژیشکەوەو ئیتر خۆڵاوی‌و قوڕاوی نە ئەبون. ئەم چریک‌وچیروکە، جوان نیشانمان دەدا کە مرۆف دەبێ بەیارمەتی دۆستان کارو باری ژیانی خۆی بیابەرێوە، ئەوەیە کورد بە درێژایی مێژوی ژیانی خۆی لە واتای کۆن‌و کەونارایانە کەڵکی وەرگرتووە، هەروەوەز، گەلەجوت، گەلەکۆمەگ، هاریکاری کردن لەگەڵ یەکتر (تَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ...) بەو هیوایە، کە پشتی یەکتر، بگرین‌و پشتی یەک بەرنەدەین، بۆیێ دەڵێن: برا لەپشت برابێ، مەگەر قەزا لە لای خوابێ. دەبێ بڵێم‌کە یەکەم ژمارەی کۆواری گرشەی کوردستانم لە ١ی مارسی ١٩٨١ ـ ز ـ لە چاپ‌دا، وە تا ٩ ژمارەم لێ بڵاو کردەوە، ئەمە خۆی بووە سەر مەشق تا

دەوڵەت کۆواری ئامانج و ئاوێنە لە تاران و کۆواری سروە لە شاری ورمێ لەچاپ بداو بڵاوی بکاتەوە، کاری رۆژنامەگەری من بووە هۆو سەرمەشق بۆ چاپ و بڵاو بونەوەی چاپەمەنی کوردی لە ئێران. دەوڵەت و نوسەرانی کورد چاویان لە من کردو کارە کە، بووە چاولێکەری (شەپۆل).

تانەورت گەرمە کارێکی بکە تا نەبویتە کۆتی پیێ کولکی پنە.

هۆی سەربەرزی وشانازی کوردو عەرەب وئیسلام

سُلطان سَلاحَ الدّین ایوبی



زۆلە کەی «سلطان صلاح الدین» نەخۆی گۆلی کەسان

زۆکنی ئیمان خوشەویستیی نیشتمانە بێ گومان

# چریکەی خەلۆک

مەگەر «خەلۆک»ی نۆکەری خەلیل بەگ ئەوەند سپڵەو ئەمەگنەشناس بوو بێت!! ئەم میسالە چیرۆکێکی دڵتەزین و پڕ لە عیشق و ئەوینی راستەقینەی کیژە کوردێ وەدوو زمانی پیاوێکی بێئەمەگ و سپڵە بۆ ئێمە دەرئەخات.

دەڵێن: میرێکی کورد کە نێوی حەسەن پاشا بووە، برازایەکی ئەبێ بەناوی «خەلیل بەگ»، ئەویش نۆکەر بابێکی ئەبێ، بەناوی: «خەلۆک» - حەسەن پاشا لەگەڵ: «تەمەرئاغا» میرێکی تری کورد، لەسەر ئەوە کە تەمەرئاغا وەک جاران سەرانەی پێ نەداوە، بەینیان تێک ئەچێ! تەمەرئاغا، کچێکی جوان و تەرلانی ئەبێ، لە کوردستانی رۆژئاوادا بەناوبانگ ئەبێ. ناوبانگی شەنگ و شۆخی ئەو کچە کە ناوی «تەنیاپەری» ئەبێ بە «خەلیل بەگ» ئەگا، «تەنیا پەریش» ناوبانگی جوامێری و لاوچاکی خەلیل بەگ ئەبیسێ و ئەم میسالایەش لەبارەی ئەو دووانەوە وتراون: «کێ تۆزی جوامێری و لاوچاکی خەلیل بەگ ئەشکێنێ» - ئەوە شۆرەبیە یان «تەنیا پەری یە».

دەڵێن: رۆژێک حەسەن پاشا، بە خەلیل بەگی برازای ئەڵێ: کوڕە! تۆ بۆ ئەوەندە بێ دەسەڵاتی؟! «تەمَر ئاغا» دە ساڵی رەبەقە،یاغی بووەو ئیتر سەرانەمان پێ نادا، لەشکرێک ساز کە بڕۆ، تەمێی کە، خەلیل بەگ بەم تانەو تەشەرە، تێک چووەو لە وەڵاما ئەڵێ: خۆم و خەلۆکی نۆکەرم ئەڕۆم، یان وایی تەمێی ئەکەم، کە جارێکی دیکە مل هوڕی نەکا یان ئەکوژرێم!

دەڵێن: خەلیل بەگ سوار ئەبێ و خەلۆکیش وەدوی خۆی ئەداو روو دەکەنە هەرێمی «تەمەرئاغا» لە دوورەوە چاویان بە هەوارگەی تەمەرئاغا دەکەوێ، تەماشا دەکەن وا چادرێکی زۆر جوان و نەخشین لەناو هەموو دەوارەکانا دیارە، بە خەلۆک دەڵێ: کوڕە ئابڕۆ بزانە، ئەو تاوڵە جوانە هی کێیە؟ خەلۆک ئەڕواو کاتێ نێزیک ئەبێتەوە، چاوی بە «تەنیا پەری» ئەکەوێ، لە تاو جوانی تەنیا پەری بێهۆش ئەبێ و لە ئەسپەکەی ئەکەوێتە خوارێ، تەنیاپەری بۆ سۆ ئەکا، بە لوتیا، وەهۆش دێ و ئەیباتە نێو چادرەکەی خۆی و لێی دەپرسێ: ئەو سوارە وا بەجێت‌هێشت کێیە؟! خەلۆکیش دەڵێ: ئەوە «خەلیل بەگ»ی برازای حەسەن پاشایە، هاتوە ئێوە تاڵان

بکاو شوێنی دەوارەکانتان بکاتە پیواز، چونکە دە ساڵە باجتان نەداوە! تەنیا پەری دەڵێ: هەستە بچۆ خەلیل بەگم بۆ بانکە، «خەلۆک»ی بێ ئەمەگ ئەیزانی ئەگەر «خەلیل بەگ» چاوی بە تەنیا پەری بکەوێ عاشقی ئەبێ و ئەویش دەسی لە هەمانەوە دەرئەچێ، لەبەر خۆیەوە ئەڵێ: وا چاکە ریگەی لێهەڵەکەم. «خەلۆک» روو دەکاتە «خەلیل بەگ» دەڵێ: کچی پیرێ ژنێکی جادوگەری کەچەڵی باریکەو چەق و رەق لەوێ دا ئەژی، فێنکی سبەینان ئەبێ، «تەنیا پەری» گوێی لێ ئەبێ کە خەلۆک چۆنی لای ئاغای باس کرد، بە دەنگێکی بڵیند؛هەرا لە خەلیل بەگ دەکا: «وەرە بزانە کێ وەک «تەنیا پەری یە» بەژنم ئەڵێی شۆرەبیە!

کاتێ خەلیل بەگ ئەمە ئەبیسێ، پێی جوان نابێ راستەوخۆ بچێ بۆ لای کچێک، ناچار روو دەکاتە هۆدەی میوانان، بەڵام چۆڵ بووە، چونکە تەمەرئاغا لەگەڵ پیاوەکانیا چووبوونە راو و شکار، تەنیا پەری کە بەمە دەزانێ، چادرەکەی خۆی دێنێ؛لەوێدا هەڵیدا، کارەکەرێک دەنێرێ تەلای «خەلیل بەگ» کە خەلۆک بنێرێ یارمەتیان بدات، لە خەلۆک وا بووە، تەنیا پەری حەزی لێ ئەکاو بەم بیانووەوە ئەیەوێ چاوی پێی بکەوێ، گورج دەچێ، مەبەستی تەنیاپەریش ئەوە بووە بەکارەکەرەکانی بڵێ تا هەندێک لە خەلۆک دەن، بەڵام کە بیری کردەوە،پەشیمان بووەوە، وتی: نەوەکو خەلیل بەگ دڵی بێشێ، بە تایبەت دە ساڵە سەرانەو ساڵانەیان پێ نەداون. نەیهێشت دەسی بۆ درێژ کەن و خەلۆکی ناردەوە، لە دڵیا وتی: چاک وایە بێ بەخشم. دەڵێن،ئێوارە،تەمەرئاغا لە راو هاتەوە، چوە لای تەنیا پەری، پرسیاری کرد ئەمانە کێن؟ لە وەڵامدا وتی: بابەگیان ئەوە خەلیل بەگی برازای حەسەن پاشایە! تەمەر ئاغا چووە لای، دوای چاک و خۆشی، کەوتنە قسەو باس لەگەڵ خەلیل بەگا، تەمەر ئاغا، خەلیل بەگی وەبەر دڵ کەوت، روی کردە خەلیل بەگ و وتی: تۆ هەوەڵ جارە، هاتویە ماڵی من، ئەمەوێ بتکەمە زاوای خۆم، ئەوا تەنیا پەریم پێشکەش کردی، خەلیل بەگ لە شەرمان سەری بەردایەوە، چون کچ و کوڕ پێک رازی بوون، مارەیان کرد و تەمەرئاغاکۆشکێ تایبەتی بۆ تەرخان کردن و حەوت شەو و رۆژ،گۆوەند و زەماوەندیان گێڕا، بەڵام خەلۆک کە لەگەڵ ئاغای خۆیدا ناپاک بوو و عاشقی تەنیاپەریش ببوو، فێڵبازی کرد و بە خەلیل بەگی دەڵێ: بە پێی داب و دەستوری ناوچەیی، جوان نیە لێرە بیی بە زاوا، چاک وایە بگەڕێتەوە، خۆیان ساز دەکەن و چەن سواریش تا نیوەی ریگە بەرێیان دەکەن. جا لە پاش

ئەوە سوارەکان دەگەڕێنەوە، خەلۆک بە خەلیل بەگ پێشنیار دەکا با لەم سەرئاوە، لەم سەوزەزارە داپشویەک بدەین، ئەم شەو لێرە رای‌بوێرین، بەیانی بەکاوە خۆ ئەڕۆینەوە، دائەبەزن و چادرهەڵئەدەن. خەلۆکی ناپاک خەلیل‌بەگ هەڵدەفریوێنێ و ئەیبا بۆ راو، لە ریگە خۆی ئەکاتە نەخۆش و ئەگەڕێتەوەو خۆی ئەگەیینێتە لای تەنیاپەری، بە هەرەشە دەڵێ: دەبێ ماچم پێ بدەی، ئەنا ئەتکوژم! تەنیا پەری فریوی ئەدا، کاتێ نێزیک ئەبێتەوە، لە ناکاو خەنجەرێک لە لوتی ئەداو لوتی ئەپەڕێنێ، خەلۆکی ناپاک لە ترسان سواری ئەسپەکەی ئەبێ و بەغار خۆی ئەگەیینێتە حەسەن پاشا، کاتێ پاشا خەلۆک وا ئەبینێ، ئەڵێ: کوڕە! کوا خەلیلی برازام؟ کوژراوە؟! خەلۆک دەڵێ: قوربان خەلیل‌بەگ خەیانەتی بە تۆ کرد، منیش پێم ناخۆش بوو، دەنگم دا، ئەویش لوتی بڕیم، پاشا وتی: کوڕە دەڵێی چی؟ خەلۆکیش وتی: قوربان، تەمەرئاغا تەنیاپەری کچی بە تۆ پێشکەش کردو بوی ناردی، بەڵام خەلیل بەگ فریوی داوە، ئەڵێ: خۆم مارەت ئەکەم و لە رێگە هەر سرت و پرتیان بوو، حەسەن پاشا وتی: ئێستا لەشکرێک ئەنێرم بیکوژن. خەلۆک وتی: قوربان وا باشە بە فێڵ بیکوژی.

دەڵێن: هێشتا خەلیل‌بەگ لە راو نەگەڕا بۆوە لای تەنیا پەری، پیاوی حەسەن پاشا هاتە لای و وتی: مامت زۆر نەخۆشە، زووبە بڕۆین بۆ لای مامت، خەلیل‌بەگ بە غار هاتە لای مامی و لە پەرۆشیا تەنیا پەری لە بیرچوو، خەلیل‌بەگ بەم فڕو فێڵەی نەزانی بوو، کاتێ گەیشتە دیوەخان، لەناکاو لێیان داکوشتیان، ئەڵێن: خەلۆکی ناپاک کوشتی، لە پاشان ناردیان تەنیا پەریان هێنا بۆ ماڵی حەسەن پاشا، کە چاوی تەنیاپەری بە خەلیل‌بەگ کەوت، دەستی کرد بە گریان. ناچار خەلیل بەگیان ناشت و ناردیان،مەلایان هێنا تا تەنیاپەری لە حەسەن پاشا مارەکەن، تەنیا پەری بەلێنی نەدا، مەلا زۆری ئامۆژگاری کرد، تەنیا پەری وتی: ئیزنم بدەنێ تا جلک و بەرگی بوکێنی لەبەرکەم و خۆم برازێنمەوەو بچمە سەرگۆڕی خەلیل‌بەگ، لە پاشان بەلێن ئەدەم، تەنیا پەری ئەیویست خۆی لە ناو بەرێ، بۆ هەل ئەگەڕا، چووە سەر قەبری خەلیل بەگ، زۆری بە خەلیل بەگا هەڵگوت و سوێندی خوارد لە پاش بەژنی ئەو، دڵ بە کەسێ نەدا، هاتەوەو چووە سەر کۆشکی پاشا، مەلایش هەر ئامۆژگاری دەکرد، ئەویش هەر پرسیاری جۆراوجۆری ئەکرد، کوت و پڕ خۆی لەبانی ئەوکۆشکەوە خستە خوارێ‌و هەپرون هەپرون بوو، ناچار ئەویشیان

لای گۆڕی خەلیل بەگ ناشت. تەمەرئاغا بەم کارەساتەی زانی، هاتە سەر حەسەن پاشا، شاری داگیر کرد و هەموویانی کوشت، خەلۆک لە ترسان چووە سەر گۆڕی خەلیل بەگ و تەنیاپەری، بەڵکو نەیکوژن، تەمەرئاغا وتی: ئەو ناجستەیش بکوژن، کە شەمشیرێکیان لێدا، چونکە خایەن بوو، خوێنە پیسەکەیشی رژا نێوان گۆرەکەیان و بوو بە درویەکی گەورەو لە نێوان ئەو دوو گۆڕە دا شین بوو، بۆیە کانێ لە کوردەواریدا هەرکەسێک ناپاک و ئەمەگنەشناس بێت، ئەم میساڵەی بۆ دێنەوەو ئەڵێن: مەگەر خەلۆک ئەوەنە سپڵەو ئەمەگنەناس بوو بێت/وەیان بۆ جوانێ تەنیاپەریش دەڵێن: ئەڵێی تەنیاپەرییە - بەژن شۆڕەبیە.

شیعروهۆنە

لەمن بۆ شەپۆل سەلامێ بەرن
بڵێن ئەی نوسەری دڵسۆزوچاک
دور لەهەرا ئەی فەرهەنگ پاک
هەربژی ئەی ئازاو نەبەز
تۆ لە پێباکانو دڵچاکی

دوای رێز و حورمەت پەیامێ بەرن
ئەی نوسەری نیشتمانیی و پاک
پارێزەری باوی کوردی چاک
خزمەتکاری زمان لە نێو قەفەز
بە غیرەت بۆ گەلت زۆر چاکی



# لێکۆڵینەوەیەک لەسەر شیعری گۆران بۆ دەروێش عەبدوڵڵا

ئەوە کە هونەروەری بەڕێز عەلی خیرەدمەند بە شارام نازری راگەیاندبوو، لە نادری کوڕت گەڕێ لەباتی گۆرانیوتن با بڕوا کارێکی دیکە بۆ خۆی بدۆزێتەوە[1]، منی خستە بیر ئەو هۆنراوەی گۆران کە رووی قسەی لە دەرویش عەبدوڵلایە، لە فۆلکلۆری کوردیدا گرنگیەکی تایبەت پەیدا دەکا، پەندێکی پێشینانی کوردی دەڵێ: «زۆرتری خەڵک عەقڵیان لە چاویان دایە» کە هەموومان دەزانین ئەم قسەیە راستە. هەموو چاوێک دەڕوانێ و دەبینێ، بەڵام دیتنیان وەک یەک نیە، زۆربەی خاوەن چاوەکان بۆ شت دەڕوانن و شت دەبینن ودیتنەکەیان لەسەر رواڵەتی شتەکەوە دەوێستێت و قەبوڵی دەکاو وەدوای دەکەوێ. بەڵام هیندێک چاوی تیژو وردبین هەن کە بە رواڵەتی شتەکە بەس ناکەن، پشت و ئەو دیو وناخی شتەکە دەبینن و تێی دەڕوانن و لێی دەکۆڵنەوە.

دەتوانین بڵێین کە گوێچکەش وەکو چاو وایە، یانی: «زۆربەی خەڵک عەقڵیان لە گوێچکەیان دایە»، هەرچی دەبیسن وەریدەگرن و قەبوڵی دەکەن و بەکردەوەش دەیکەن. بەڵام هیندێک گوێچکەی بە هەست و قووڵ هەیە کە تەنیا بە دەق و رواڵەتی بیستراوە کە بەس ناکاو تەواوی لق و پۆپ و رایەڵ و پۆی بیستراوەکەش دەبینێ، سەرنج دەداتە بەرهەمی بیستراوەکەو دەیداتە بەر جیکەنەو لۆکە نەرمەکەی، لە پەمۆ دانەکە جۆی دەکاتەوەو بەبای عەقڵ شەنی دەکاو کاو دانەوێڵەکەی لە یەک جوێ دەکاتەوە، بە بیری تیژو وردی شانەی دەکاو سەرۆک و بنۆک و سەرکۆزەرەی دەگرێ و خەوشەکەی جوێ دەکاتەوەو هەر کامێکیان لە جێگەی تایبەتی خۆیدا دادەنێ.

دەڵێن: «ماسی لەسەرەوە دەگەنێ»، هەر لەبەر ئەمەیە، ئەوانە، ئەوانە کە دەیانەوێ نەتەوەو گەل و خەڵکێک بگەنێنن، سەرۆکەکان و دەسەڵاتدارەکان دەگەنێنن، ئەگەر ئەمانە گەنین ئیتر وەکو خۆرە تەوای خەڵکەکە دەتەنێتەوە.

ئێمە چەندین جار لەم پەیوەندیەوە، رامانگەیاندووە، کە دژو دوژمنانی ئیسلام و قورئان و ئەوانەی کە دژی فەرهەنگی رەسەنی کوردی و خۆماڵین، خەریکن ئێمە وا باربهێنن کە هەرگوێ بدەینە فەرهەنگ و داب و دەستور و ساز و ئاوازی نامۆو لاوەکی و چاومان لەبێگانە بێ و لە لایەکی دیکەوە لە فەرهەنگ، خوو ئاکارەجوانو رازاوەکانی خۆماڵی کوردی خۆمان دوورە پەرێز راگرین و ئەو داب و دەستورە رەسەن و جوانەی باووباپیرانمان لە بیر بچێتەوە و تەنانەت جل وسپاڵی خۆماڵی کوردی نەکەینە بەر. جا

هەر لەبەر ئەمە بوو کە تاغوتی ئەوەل (ڕەزاخان) کەواو پاتۆلی کوردی کە جلی نوێژو دینە، لە خەڵکی قەدەغەکردو دەیویست موسڵمانانی کورد فەرەنگی مەئاب بکا، لەو سەردەمەدا، ئەگەر لاوێک یا ژنێک سەرتاپا سپاڵی فەرەنگی لەبەر دا بووایە، پێیان وابوو کە زۆر پایەبەرز و بەرێزە، ئەگەر لیباسی خۆماڵی کوردی لەبەر دابووایە، دەیانگوت کە زۆر وەپاش کەوتووە، واتە: پێشکەوتخوازی و وەپاشکەوتویی، بە گوێرەی لیباس دیاری دەکراو بەم لەونەدەیانویست کە فەرهەنگی ڕەسەن وباوی خۆماڵی کوردی لە بیری خەڵک بەرنەوەو فەرهەنگی هەرزەی بێگانەو نامۆ لە جێی ئەو دانێن.

هەروەک دەزانین ئەوگشتە چاوە، ئەو دیمەنانەیان دیبوو و ئەوگشتە گوێچەیە ئەو هەمووە موسیقا لاوەکیانەیان بیستبوو، بەڵام کەم گوێچکەی تیژو بە هەست وەکو (عەبدوڵلا گۆران) بە وردی لەمانە تێگەیشتووە، ئەم دیتن و بیستنە ڕواڵەتیەی خەڵک، دەبێتە هۆی چ بەڵاو مەینەتێک؟ مەگەر هەر خوا خۆی بزانێ.

لە لایەکی دیکەوە، هەموومان دەزانین کەکەسێکی وەک (تەقی زادە) کە سەردەمێک لە ئێراندا دەسەڵاتدار بوو، کردەوەی ڕەزاخانی کاوێژ دەکردەوەو گوتی: «ئێمە دەبێ سەرتاپامان فەرەنگی بێ، تا ببینە ئینسان، چون تەقی زادە نۆکەری بێگانە بوو، ئینسانی بەوە دەزانی بێگانەو فەرەنگی مەئاب بێ.

ئەو هەموو گوێچەیە، قسەکانی تەقی زادەو موسیقا و ساز و ئاوازی نامۆیان بیستبوو، بەڵام کەم گوێچکەی قووڵ و وریا و تێگەیشتوو پێگەیشتو، بەرهەمی ئەمانەی لێکدابووەوە، ئەگەر جوان وردببینەوە ئیستیعمار و چەوسێنەران وشەڕهەڵایسێنەران بۆ ئەوەی بتوانن فەرهەنگی نەتەوەیەک لە نێو بەرن، ئەم بەرنامەیان بە نێو دەسەڵاتداران و بەناو ڕۆشنبیران دا بڵاو دەکردەوە، ئەوانیش لە ڕێگەی چاوو گوێچکەوە ئەوەیان وەکو چاوە قوڵکەو گوێ ڕەپە دەخستە نێو خەڵکی و پەتاکە، هەموو کەسێکی دادەگرت.

ئەم پەتایە بە تایبەت لە ڕەژیمی پەهلەوی هەموو لایەکی ژیانی تەنیەوە، هەر لە جل و بەرگ و کەوش و شتی خواردەمەنیەوە بیگرە تا دەگاتە فەرهەنگ، ڕامیاری، موسیقا، چریکە، بەیت، هۆنراوە، پەخشان و هونەر و قسەکردن و خووخدەی کۆمەڵایەتی.

ئەم دەردو بەڵا چەپەڵە، پلە بە پلە، زیاتر بەرەو نەگبەتی دەڕۆیشت، ئەگەر لە شاری تاران، کە ناوەندی وڵاتە، خەڵکەکە بە قسەی تەقی زادە دەبوونە فەرەنگی مەئاب،

خەڵکی کورد لەو پەڕی ئێران، چاویان لە خەڵکی تاران دەکردو دەبووە چاولێکەری کە ئەو شەیتانو بێچوە شەیتانانە، سازیان کردبوو، لە هەر جێگەیەک کە دەستیان دەڕۆیشت ئەم پیلانەیان بەڕێوە دەبرد.

گۆران ئەو هەستیارە بەرزو نەمرە، زۆر بە قووڵی سەرنجی داوەتە ئەم مەبەستانە و گوێی بۆ شل کردون، فەرهەنگی خۆماڵی و موسیقای خۆمانی کوردی زۆر لەکن چا بووە، بەڵام قینی لە موسیقای هەرزەی لاوەکی و نامۆ بووە، دیارە دەبێ ئەمەش بدرکێنم کە لە نێو قەومی ساکارو کەم زانستدا قەدرو ڕێزی هونەروەر و هونەرو سەنعەتکار، وەکو عەکسی مانگ و ئەستێرە وایە، لە نێو حەوزێکی لیخن دا.بۆیێ خێردەمەند بە کوڕی شارام نازری ڕێی نەداوە کاری هونەری بکات، لە ڕۆژگاری پێشو دا گۆرانی بێژ، شمشاڵ‌لێدان: موسیقاژەن، هەستیار، چڕگەر، حیکایەتخوان و هونەرمەند لە نێو کوردەواریدا ڕێزێ زۆریان بوو و خزمەتیان دەکرا. بە تایبەت چڕگەران کە هی وەک عەلی بەردەشانیان تێیدا هەڵکەوتوە،کە کارەساتی وەکو شەڕ، دڵداری، چیرۆک و بەسەرهاتی گرینگی زۆر بە جوانی دەڕازاندەوەو دەماودەم بە دەنگ و ئاواز دەیانگێڕاوە، وەک چریکەی (ئەوڕەحمان پاشای بابان)، (مەمو زین) و (دم دم یا جم جم) و هی تر لە بەرانبەرا خەڵات و بەراتیان دەدرایە. بۆ وێنە عەللامە، مەلا ئەحمەد تورجانی‌زادە لە تاران بۆیی گێڕامەوە، فەرموی: کاتێ یەکەم ژومارەی ڕۆژنامەی کورد لە ورمێ لە ساڵی ١٣٤٠ بەسەر نووسەری‌و بەرپرسی محەمەد قزلجی تورجانی‌زادە چاپ و بڵاوکراوە سمکۆی مەزن بە کاکمی فەرموبوو چەن ژومارەم بۆ بنێرە، کاکیشم ڕۆژنامەکانی بە منا نارد. کاتێ چومە چهریق و دیوەخان، میوانێ زۆر لە سەرانی هۆزەواری کورد،لە خزمەت سمکۆ بوون، فەرمانی دا بۆ میوانەکان یەکی ڕۆژنامەیەک لە پێشیان دانرێ و ئەوسا سمکۆ خۆی لیرەیەکی زێڕی لەسەر ڕۆژنامەکە داناو فەرموی ئاغاینە، هەر چەند من خەرج و مەخاریجی ئەو ڕۆژنامەم دابین کردووەو نیازی بە پارەو دراو نیە، بەڵام ئەبێ یەکی زێڕێک لەسەر ڕۆژنامەکە دابنێن، چونکە ڕۆژنامەیەکی کوردی کە بۆ یەکەمجار بڵاو دەبێتەوە، دەبێ بە زێڕ بکڕدرێ.
ئەوسا ئوستاد تورجانی‌زادە فەرموی زێڕێ زۆر کۆکراوەو لە نێو سینی‌یەکدا لەبەردەم منیان داناو لەو دەمەی داکە من لە نێزیک سمکۆ بووم و خەریک بووم زێڕەکە هەڵگرم. سەدرولعولەمای مەهابادی لە تەنیشت منەوە دانیشت‌بوو بە سیخورمە لێیدام، داوای خەرمان لۆغانەی زێڕی لێکردم، منیش ٣ لیرەم پێ‌دا، دیار بوو داوای زۆرتری دەکرد،

منیش سوێندم لێخوارد ئیتر هیچی دیکەت نادەمێ، بەڵێ ئەمە خۆی باشترین بەڵگەیە بۆ ڕێزدانان لە فەرهەنگ و فەرهەنگیان. بەلاّم لەو کاتەوە فەرهەنگی پوچی بێگانەو نامۆ و ڕۆژاوا، وەکو کوندە بو باڵی ڕەشییان بەسەر ئەم ولاّتەدا کێشاوە، ئەم جۆرە ئەدەب و هونەرانە لە برەو و نرخ کەوتون و نەماون وفەوتاون، ئەوانەش کە ماونەتەوە کز، بێ‌قەدر، بێ‌ڕێز، کەنەفت، بێ‌تین، شپرزەو گۆڕاون و بە جارێک لەباو کەوتون، گۆران شاعیری بەرزو بیروردی کورد، ئیشارە بۆ ئەمە دەکاو بە دەروێش عەبدوڵلاّ دەڵێ: برای دەرویش! ئەزانم بۆ مەعیشەت وێڵ و ئاوارەی - بە زەهری ناعیلاجیتە لە ناکەس ویستنی لوقمە - بە مردنتە کە گوێی ناشی ئەخنکێنێ چرۆشی نەی -گۆران لە نێوەدێری ئاخری هۆنراوەکەدا ئیشارە دەکا بۆ فۆلکلۆری کوردی، کە دەڵێ (بلوێر بۆ گالێ دەدا) ئەمە لە کاتێکدا دەکوترێ کە کەسێکی زۆر عاقڵ قسەیەکی زۆر بە نرخ بۆ کەسێکی زۆر گەوج بکا. گۆران دەیەوێ بڵێ:تۆ کە شمشاڵو نەی بۆ قەدر نەزان لێ دەدەی وەک ئەوە وایە کە بلوێر بۆ گالێ بدەی. تۆش بەقەت مردن نارەحەت دەبی، ئەویش کە خرۆشی شمشاڵەکەت تێ‌ناگا، وەکو گوێچکەی بخنکێ وایە، لە خوارەوە پارچە هونراوەکەی گۆران‌تان بە تەواّی پێشکەش دەکەم، تا بۆ خۆتان بیخوێننەوەو بە سەرنجی ورد بیپشکنن:

بە ڕەنگی زەرد و شێوەی دەست و شمشاڵی کزا، دەروێش
حەزم کرد بەستەیەک بیبەم سەراسەر حوزن و ماتەم بێ
لە سیماتا بەدیم کرد هەیکەلی عومرێکی حەسرەتکێش
وەها دیارە کە بەختت ئاشیانی بلبلی خەم بێ!
بەڵێ دیارە لە نێو قەومی بەسیتا قەدری سەنعەتکار
وەکو عەکسی قەمەر وایە لەناو حەوزێکی لێخندا
بەلاّم تەختی ڕوفاهو تاجی حورمەت میللەتی هوشیار
بە ئوستادێ ئەدا وەک تۆ لە ناو شمشاڵی کون کوندا[٢]
سەحەر بێنێتە گریانو قسە، سیحری پەری نەغمە!...
برای دەروێش! ئەزانم بۆ مەعیشەت وێڵ و ئاوارەی
بە زەهری ناعیلاجیتە لە ناکەس ویستنی لوقمە
بە مردنتە کە گوێی ناشی ئەخنکێنێ خرۆشی نەی!

بەلام چی بکەین لەناو چاوی رەشی بەعزێ زەکای گەورە
وەکو تووی گوڵی دەم با لەسەر بەردێکی رەق ئەڕوێن

ئەگەر خیلقەت نەسیبی عومری تۆی مەحکومی ئەم دەورە
نەکردایە، خوا عالم لە کام عەرشت ئەسوو داوێن؟!

نە حەرفی مەکتەبێکت خوێند، نە ئوستادێ پەلی گرتی
صیرف بەرزیی ذەکا ئەم سنعەتەی فێرکرد بە شمشاڵت

هەموو وەزنێکی گۆرانی لە تولانی هەتاکورتی
بەسەر پەنجەی هونەرکردت بە دیلی کۆششی زاڵت

ئەوەندەم بیست لە مۆسیقا خرۆشی رۆحی بێگانە
میزاجی کوردەواریم تێکچووە، دەرویش عەبدوڵڵا

دەخیلت بم دەسا بەو لاوک و ئای ئای و حەیرانە
شەپۆلی زەوقی میللی پڕ دەروونی مات و چۆڵم کە

لە بیتهۆڤن گەلێ زیاتر بە رۆحم ئاشنای، وەڵڵا
دە ئەی دەرویش سکاڵایەک لەگەڵ رۆحی کلۆڵم کە

**دەرویش عەبدوڵڵا شمشاڵ ژەنێکی بەهرەدار بوو، زۆرتر لە هەورامان ئەژیا و لە حودودی ١٩٥٥ی زایینی لە دایک بووە.**



پەراوێز:

١ـباسی شارام نازری لە پەڕەی ٣٠٠ی ئەم کتێبەدا. (شەپۆل)

**✻ مامۆستا موفتی پێنجوێنی ✻**

پیاوی گەورەمان نایەتە بەر دڵ
تاکو ئەو ڕۆژەی ئەچێتە ژێر گڵ

ئینجا بۆی ئەگرین بە جۆش و بە کوڵ
قەبرەکەی ئەکەین بە باخچە و بە گوڵ

«موفتی پێنجوێنی»

## بەناوی خوای بەخشە رودڵاوا

**همایش بزرگداشت استاد محمد قاضی مترجم نامدار در اسفند ١٣٧٧ خورشیدی در شهرستان مهاباد از طرف وزارت فرهنگ و ارشاد اسلامی و انجمن آثار مفاخر فرهنگی آذربایجان غربی در مهاباد.**

خلاصهٔ متن سخنرانی اینجانب محمدصالح ابراهیمی در آن همایش بزرگداشت.

میوانانی بەرێزو زاناو شاعیرو فەرهەنگ دۆست درود و رەحمەتی خواتان لە سەربێ، خۆم بە بەختەوەر دەزانم کە لەشاری فەرهەنگ و زانا پەروەری شاری مەهاباد، شاری دارایاس، شاری فەقرەقا، شاری بوداق سولتان، شاری ابن‌رەسولی ساوجبلاغی، شاری قازیو موفتیو شاری حاجی خەلیفە مەلا محمد ناودار بە (بەها) کە لە نیو خزنی شیخ مەحمودی شەهید تیژراوە، شاری مەلاجامیو شاری قاضی فتاحو قاضی عەلی، شاری مەلای بایێو شاری مەلاحوسێن مەجدی، شاری عەللامە مەلا محمد قزلجیو عەللامە مەلا ئەحمەد تورجانی زادە، شاری شێخ مەحمودی شەمزینی شەهید بەدەستی روسی تەزاری، خۆشحاڵم کە بوسێیەمین‌جار لە مشارە لەکۆنگرەی فەرهەنگو زمانو ئەدەبی کوردی ٣/٩ سالی ١٣٦٥ یهەتاوی. وەلە یاد (بود)ی (برگزاری یادوارەی شاعیرو عارفی رەببانی کورد میرزا (عبدالرحیم) وەفایی مەهابادی لە ١٣٧٢/٨/٢٨.

وەئێستا لەیاد و هەمایشی (بزرگداشت استاد محمد قاضی مترجم) یگەورەو نێوداری کوردی مەهابادی بەشداری دەکەم ـ ئوستاد محەمەدی قازی بەدڵو داو سفرەی دڵو دەرونی خۆی لە بەر نوروڕەحمەتی خوا راخستبو خوایش بەکەرەمی خۆی نوری عیلموزانینو مەعریفەتی خستە نێو دڵو دەرونی محەمەدی قازی، میوانانی رێزدار! زانایان لە بابەت تاریفی عیلمو زانین زۆریان قسە کردوەولیان کۆڵیوەتەوە، بەڵام فارابی ئەو زاناو فەیلەسوفەی ئێرانی لە رەسولی ئەکرەمەوە نەقڵ دەکاکە پێغەمبەر فەرمویەتی (العلم نور، یَقْذِفُهُ اللهُ فی قَلْبِ مَنْ یَشَاء) بەڵێ خوا بەکەرەمی خۆی نوری عیلمو زانینی خستە نێو دڵو دەرونی محەمەدی قازی کەتوانی پردێکی فەرهەنگی و زانینی لە نێوان

دنیای دەرەوەو ئێران، سازبداو ئەو ؛
هەموو کتێبە بەنرخانە بهێنێتە سەر زمانی شیرینی سەعدی، حافظ، مەولەوی رۆمی‌و نیزامی گە نجەوی کوڕی رەئیسەی کورد، وە خەلکی ئێران بە فەرهەنگ و زانینی هەندەران ناسیاو بکاوزمان‌و ئەدەبی فارسی پێ غەنی‌و پاراوبکا. خوا محەمەدی قازی بە بەهەشتی بەرین شادبکا.

دەمەوێ بەئێوەی‌میوانانی ئازیرو زاناو بەرێزو فەرهەنگ دۆست بلێم: من یەکەم قەلەم بەدەست بووم کە لە نێوکوردان‌دا بەئیجازەی وەزارەتی فەرهەنگ‌و ئیرشادی ئیسلامی ئێران‌دوای روخان‌و نەمانی رەژیمی ستەمکاری حەمەرەزای پەهلەوی ئیمتیازی کۆوارێکم بەزمانی کوردی بەنێوی گرشەی کوردستان وەرگرت ولە تاران چاپم دەکردولە کوردستان‌و سەرتا سەری ئێران بلاوم دەکردەوەو لە ژمارەی ٦ سالی دوەم پەرەی ١۴ چاپی ١٩٨١ ـ ز ـ یادی خوالێخوشبو محەمەدی قازیم تیا نوسیوەو وێنەیەکی ئەویشم چاپ کردوەو بەلێنم لێوەرگرتبو، کە ئاورێکیش بداتەوە، سەروێژەو ویژەوانی‌و زمان و فەرهەنگ‌و ئەدەبی کوردی.

لە بیرم ناچێ کاتێ لە ١٣٧٣/١٢/١٩ ی هەتاوی کە لە لایەن بونیادی هەلەبجەوە، بانگ کرابوین، وەلە ١٣٧٣/١٢/٢١ لە ئامفی تەئاتری زانکۆی کوردستان، لە شاری سنە بەرنامەی یادی هەلەبجەی سوتاوهێرۆشیمای کوردستان بەرێوە چوو، من یەکێ بووم لە ئەندامانی هەیئەت رەئیسەی ئەو سیمنارە، جەنابی محەمەدی قازی‌و هەندێ لە میوانەکان لە سەندەلی پێشەوە بون، محەمەدی قازی نامەیێ کە بۆ بنیادی هەلەبجەی ئامادە کردبو، لە ١٣٧٣/١٢/٢١ لەگەل شەش بەیت شیعردا، بۆمنی نارد تا لەو کۆروکۆبونەوەدا بخوێندرێتەوە، شیعرە کە بە مجۆرەبو:

فاجعه حلبچه برای ملت کُرد ‌ ‌ ‌ چنان جگرخراش است کز یاد نتوان بُرد
توحّشی چنین شوم در حق خلق مظلوم ‌ ‌ ‌ مدّعی تمدّن به روی صحنه آورد
یک تودهٔ بی‌گنهه را از کودک و زن و مرد ‌ ‌ ‌ این مدّعی تازی با بمب درهم فشرد
صدها سرای مسکون ویرانه شد از این کار ‌ ‌ ‌ وزین جنایت دون هزارها نفر مُرد
بس قرنها است کامروز از فتنهٔ زمانه ‌ ‌ ‌ اسیر ترک و تازی شد است ملّت کُرد
لیکن کنون رسیداست گاه امیدواری ‌ ‌ ‌ کز آن اسارت شوم، رهد این ملت کرد.

هەرواکاتێ لە ١٣٧٣/٨/٢٨ ی هەتاوی بانگ کرابوین بۆیادو ریزدانان لە عارفی رەبیانیو شاعیری گەورەو گران میرزا (عبدالرحیم) وەفایی مەهابادی، لەگەل خوالێخوشبو محەمەدی قازی بە فروکە لە تارانەوە، دەهاتینە ورمێو لەوێوە بۆ شاری مەهاباد، لە نێودو سەندەلی پێکەوەبوین، بەجەنابی قازیم وت ئەرێ! مەبەستێکت بۆ یاد و رێزی وەفایی سازداوە؟ فەرموی ئەم پێنج بەیتەم بۆ وتووە:

| | |
|---|---|
| باوفایی، بی‌وفا بودن بد است | چون او بدیر ما وفایی گنبد است |
| در میان شاعیران کرد ما | بس برادر هست لیک او ارشد است |
| شاعیران دیگر ار از صد کمند | این وفایی پیشک افزون از صد است |
| افتخار شرکت اندر جشن او | بهر ما بالاترین پیشامد است |
| جاودان ماندن نه کار هر کسی است | شاعر همچون وفایی سرمداست |

کە لە رۆژی یەکشەمە ٧٣/٨/٢٩ لە گۆنگرە کەدا لە سینەمای تەربیتی شاری مەهاباد خوێندرایەوە.

میوانانی بەرێزلە نەتەوەی فەرهەنگ پەروەری کورد، زۆر زاناو داناو هەستیارو نوسەری دیکەیش بوون و هەن کە خزمەتیان بە فەرهەنگ و هونەروزمانی ولاتانی ئیسلامی و ئێران کردوە، بۆ نمونە، خودی محەمەدی قازی، ئیبراهیم یونسی، (ابوالقاسم) لاهوتی کرماشانی، عەلی محەمەد ئەفغانی، نوسەری کتێبی ئاهوخانم، ئەحمەد مەحمود کە لهوڕی لوڕزوان، (نصرت‌الله) نەویدی نومایشنامەنویسی ناودار، شەهرام نازری، کامکارەکان، عەندەلیبیەکان، یوسف زەمانی یەکان، شەجەریان لە کوردانی قوچان لە ئێران، وە لەمیسرو دنیای عەرەبدا عایشە تەیموری یەکان کە بە داهێنەری ئەدەبی نوێی عەرەب ناسراون، ئەحمەد شەوقی‌یەکان، مەحمود عەققادەکان، موفتی‌زەهاوی کە موفتی دیاری بەغدا بووەوکاتێ ناصرەدین‌شا دەچێتە بەغدا ولە زانایی‌و عیلمی زەهاوی حالی دەبێ، لە کۆرێکدا، کە موفتی زەهاوی قسەدەکا، ناصرەدین‌شاه ناخودئاگا دەلێ موفتی لە ئێمەیە یانی موفتی خەلکی سەرپێل زەهاوە، یا صدقی زەهاوی ئەو شاعیرە فەیلەسوفە، کە لە سالی ١٣١٣ و ریکەوتی ١٩٣٤ ی زاینی لەگەل (احمد حامد صرّاف) دالە جەژنی هەزارەی فیردەوسی بەشداری کردوەو لەسەرهەوای شانامەی فیردەوسی

ئەشعارێکی داناوەولە تاران لە دارولفنون خوێندویەتەوە، ئەمەیش دوبەیت لەو شیعرانە:

به فیردوسی ازمن سلامی برید پس از عرض حرمت پیامی برید
که ای شاعر خفته در زیر خاک نهان از نظر دور از جان پاک و...

یا ئەحمەد حامید صەراف کە لە بەغدا بوکڵەی بۆچەقاوە، یا طارق‌بن زیاد کە لە کوردانی ئاوارەی نێو ئەفریقایە کە تونگەی جەبەل تاریق بە نێوی ئەوە، رادیو قاهیرە لە ٣١ مارسی ١٩٧٨ ز ـ ئەمەی‌راگەیاند. یادوڕیە عەونی گەورەترین رۆژنامەنوسی ژن لە دنیای عەرەب لەمیسردا یا شیرن و شیرین هان لە دنیای هونەر لە میسردا، یا (عبدالصمد عبدالباسط) قاری قورئانی دەنگ خۆشی ناودار کە لە کوردە ئاوارەکانە.

ئەگەر بڕێک بڕوانینەدواوە، دەبینین کە (ابن‌خلدون) لەسەر خزمەت‌و زانایی زانایانی کورد. شەهادەتی بۆ داوین‌و دەڵێ: (... ئێمە لە کۆڕی فێربونی زانستدا بیستومانە کە بنچینەی پێگەی زانین‌و ئەدەب چوار کتیبە ١ ـ ئەدەبولکاتب نوسراوی کوری قوتەیبەی دینەوەری کوردی لای کرماشان ٢ ـ نەوادر نوسراوی ئەبوعەلی ئیسماعیل قاڵی دیاربەکری‌یە.[1] کەخۆم دوای تەواوکردنی خوێندنی دەورەی عالی‌و وەرگرتنی دوکتوری ئەم ریسالەی تاریخ علومی ئیسلامی یەم لە زانکۆ لە تاران بە دەرس بە زانینخوازان (دانشجۆیان) و تۆتەوەو لەم ریسالەشدا بە نەقڵ لە (مقدمەی ابن‌خلدون) ئەو دوکتێبە بە سەرچاوە دانریاون، کە هەر کەس بییەوێ مە بەستێ لە بابەت فەرهەنگ‌و زانینی ئیسلامی‌یەوە بڵێ یا بنوسێ وەک ماڵیاتی موستەقیم‌و ناموستەقیم، لەو دوکتێبە، وەردەگرێ.

تازە ئەگەر تەماشای سەرەتای ئیسلام بکەین بۆمان رون دەبێتەوە کە کورد صەحابەی وەک جابان الکردی و مەیمون ئەبو بە صیرابن جا بان الکردی هەبووە کە فەرمودەیان لە پیغەمبەر نەقڵ کردوە،

لەزانایان کەسانێ وەک: عبدالسلام ماردینی، ئیمام عبدالرحمان خازینی وابن رەسول ساوجبلاغی و محی‌الدین خلاطی هەبون کە لە زانینی ریاضی‌دا زۆرشارەزا بون‌و

---

(١) بروانە پەرەی ١١٧٥ مقدمەی ابن‌خلدون ج ٢ چاپی چوارەمی ساڵی ١٣٦٢ ی هەتاوی‌و ریسالەی (تاریخ علوم اسلامی) نوسراوی دوکتور جەلال هومایی.

تەنانەت محی‌الدین خەلاتی بۆسازدانی رەسەدخانەی مەراغا، هاریکاری خواجە نەصیری توسی کردوە یا (قاضی‌القضات علامە کمال‌الدین هەولێری کە بە قدوة المحققین و سلطان الحکما ناودار بووە و بەزاناتر لە ئیمام محەمەد غەزالی دانراوە چونکاعیلمی ریاضی زانیوە، بەلام غەزالی وای نەزانیوە، یا مەولانا خالد شارە زوری کە بە نوسیخەی جامیعە و نوسخەی نابیغە ناودارە و خەلیفەی لە مەکە، قودس و زۆربەی ولاتە ئیسلامی یەکان هەبووە. یازەبنەدین ئامێدی کە شەشەت ساڵ بەرلە لوبس برایل ـ ی فەرانسەوی خەتی بۆ نابینایان داناوە، یا ئەبوسعود ئامێدی کەتەفسیری ارشادالعقل السلیم الی مزایا القرآن الکریم ـ ی داناوە ولە ٩٥٢ موفتی‌و شیخ الاسلامی دەورەی عوسمانی بووە تا لە ٩٨٢ وەفاتی کردوەو سولتان یا یەزید دوجایزەی بۆ ئەو تەفسیرە پێداوەو ئەم تەفسیرە زۆرپر ناوەروکەو چەن جار لە قاهیرە لەچاپ دراوەو منیش بۆ تەرجەمە و تەفسیری قورئان بەکوردی زۆرم لەم تەفسیرە کەلک وەرگرتووە، یا قاضی‌الخافقین یا ابن‌خالۆیە، یا عباس لوکەری یا عبدالکریم جیلی کرماشانی خێوی کتێبی (الانسان الکامل) یا خواجە عبداللە انصاری کە لە تاریخی بەلعە میدا دەڵێ:من کوردێ بوم بیا وانی یا ابن الحاجب شارەزوری، یا سەیفەدین ئامێدی یا ابن صەلاح شارە زوری و زانایانی شارەزور،یا ئەبوحەنیفەی دینەوەری کەلەزانستی گیاناسی وشیمیدا خاوەن بیروڕایە یا ابن خەلەکان یاکوڕانی ئەسیری جەزەری کە کوری ئەسیر ئەبوفەتح ضیائەدین نەصرالله کوڕی محەمەد مونشی لە بابەت شانامەی فیردەوسی باشترین قەضاوەتی کردوەو ئەمە کۆن ترین سەرچاوەیە بەزمانی عەرەبی کە لە بابەت شانامەوە دەناسرێ، یا عیسی الکردی، یا عبدالرحیم بارزانی ناودار بەعیراقی ئوستادی حافظ ابن حجری عەستەلانی یا ابن‌حاج یا علامە مەلا ئەبوبەکر موصە نیف شاهۆی خەزرانی یاکورد عەلی یا عبداللە شەرقاوی کە شێخی ئەزهەری قاهیرەی میسر بووە یا سولەیمانی کوردی مەدەنی، یا شیخ عبدالرحمان رۆژبەیانی. ئوستاد شەهید مطهری لە خدمات متقابل چاپی ئەوەلدا فەرمویەتی ئمام محەمەد غەزالی دەڵێ:(فەرهەنگی ئیسلامی لە سەرچوارستون دانراون، زانایانی ئامێدی دیاربەکر، زانایانی شارەزورو هەلەبجەی سوتاو «هێروشیمای کوردستان» وەزانایانی دینەوەری کرماشان. جا ئەگەر خوازانایانی ئەوسێ مەڵبەندەی بە فەرهەنگی ئیسلامی نەدایا فەرهەنگی ئیسلامی ئاواقەوام دەوامی نەدەبو)دیارە زانایانی

ئەم سێ مەڵبەندە کوردن. لە خواناسان بابا تاهیر عوریان، سوهرەوەردی یەکان کە سەعدی فەرمویەتی:

مـقالات مـردان زمـردی شـنو — نه از سـعدی از سهرەوردی شنو
مـرا شـیخ دانـای مـرشد شهاب — دو انـدز فـرمود بـر روی آب
یکی آنکه در نفس خود بین مباش — دگر آنکه در جمع بدبین مباش

مەبەست خێوی عەوارفولمە عاریفە. یا تاج‌العارفین ئەبولوەفای کورد کە حەکیم سەنایی لە پەسەندی دافەرمویەتی:

قرنها باید که تا از پشت آدم نطفه‌ای — بوالوفایی کُرد گردد یا شود ویس قرن

کە چەندین خەلیفەی وەک شیخ بەطو، شیخ جاگیرلو، شێخ ماجدکردی، شێخ مەتەر بارزانی و...(١) هەبووە. کە شەمسی مە غریبیش لەبەر کوڵو لە غەزەلی ٥١ دا لە پەسەندی عاریفێکی کورددا بەناوی تاج‌العارفین ئەبولوەفای کورد بەشیعر فەرمویەتی:

این کرد پریچهره ندانم کە چە کردست — عیسی است کزو زنده شود هر کە بمرداست

یا حەزرەتی سەیدکاک ئەحمەد بەرزنجی ناودار بەکاک ئەحمەد سولەیمانی دەڵێن: کاتێ نارنجۆک لەبن پێی سوڵتان عەبدولحەمید خەلیفەی تورکی عوسمانی دەتەقێ، هاوار دەکاودەڵێ: نانا نارنجۆک یاکولله من نابڕێ وکارم تێ ناکا چونکا دوعاو گوللە بەندی کاک ئەحمەدم پێیە،وە شێخ رەزای تاڵەبانی کە بەهەرکەس گەیوە قسەیەکی سوکی ناوەتە پارسەنگی کە دەگاتە کاک ئەحمەد، دەڵێ، خۆزگەم بەسەگی قاپیەکەی ئەحمەدی کاکی، خوا بۆیێ واناو داری کردبو، کە لەکاتی خۆیدا کاک ئەحمەد بەرزنجی عیلمو دارایی خوێ بۆخزمەت بە چینی نابینایان تەرخان کرد بوو پێێ دەخویندەنو بە خێوی دەکردن خوایش هەر لەم دنیا جەزای داوەتەوە و ناوداری کردوە. یا خواناسێکی وەک ضیاءالحق حسام‌الدین چەلەبی، کەمەولاناجەلالەدین رۆمی لە سەرەتای بەرگی ٢، ٣، ٤، ٥ و ٦ ی مەسنەوی داتاریفی ئەوزاتە دەکاو دەڵێ: بووەتە هۆی دانانی مەسنەوی کە لە سەرەتای ج ٢ دا فەرمویەتی:

چون ضیاءالحق حسام‌الدین عنان — بـازگردانـید ز اوج آسمان

---

(١) کتاب قلائدالجواهر و بهجةالاسرار و شرح احوال باباتاهر عوریان، انتشارات آثارملی، چاپ ١٣٥٤.

چون بمعراج حقایق رفته بود، یادەڵێ:

ای ضیاءالحق حسام‌الدین تویی	کە گذشت ازمە بنورت مثنوی
ای ضیاء الحق حسام‌الدین راد	اوستادان صفا را اوستاد

یا (تاج‌الدین اشنوی کە بە شیخ شیوخ الاسلام، سلطان المحققین، ملک‌الحکماء و الواعظین، سلطان المتکلمین تاج الملت والدین محمودبن‌خداداد اشنوی، ناوداره) خێوی غایة الامکان فی‌درایة المکان، یا ئەبو عەلی رودباری کە بە جامیعی شەریعەت، تەریقەت و حەقیقەت ناوداره یا عەبدوڵلا رودباری و مەلا خدر رودباری.

ئەگەر هەندێ بیر لە رۆژگاری پێشو، بەرلەدانانی (دارالفنون) لە ئێران و دنیای ئیسلام‌دا بکەینەوە، جوان بۆمان دەردەکەوێ کە دوای فەجری ئیسلام خوێندەوارانی کورد، بەتایبەت لە نێومەلاو فەقێ‌دا، لە حوجرەو خوێندنگەکانی ئەو سەردەمە لە پال خوێندنی مەعارفی ئیسلامی،ئەدەب و فەرهەنگ و زمانی کوردی بەدەرس دەخوێندرا وەزمان و زاراوەی گۆرانی کەخانای قوبادی، مەلا پەرێشانی دینەوەری لور، غولامرەزائەرکەوازی، بێسارانی، حەکیم مەولەوی کورد، سەرهەنگ ئەڵماس‌خانی کەندوڵەیی، میرزا شەفیع کولیایی، کۆماسی، سەییدی هەورامانی، تورکە میرە، میرزا عەبدوالقادر پاوەیی، سەیید صالح ماهی‌دەشتی، سەی یا قۆی ماهی‌دەشتی، مەلا مەنوچیهری کۆلیوەند، میرنەورۆز و مەلا رۆستەمی ئیلامی و... شیعریان پێ‌و تووە، زمانی خوێندن و نوسین‌و زمانی رەسمی و باوی ئەو سەردەمەی نێو کوردەواری بووە، جا هەربۆیێ خانا وا بەراشکاوی دەڵێ : بە لەفزی کوردی کوردستان تەمام - پێش‌بوان (محظوظ) باقی (والسلام). خانا نوسین‌و دانانی شیعر بە زمانی کوردی بە شانازی و بە ئەرکی سەرشانی، دەزانێ و دەڵێ: ...

هەرچەندمەواچان فارسی شەککەرەن	کوردی جەفارسی بەل شیرین تەرەن.[1]

کەچی وەک ئەوەمام هیمن شاعیری شیرین زمانی کوردی موکریانی ئەو دو چاپەی نەدیوەو شیعرەکەی خانای گۆریوەو لەباتی (کوردی جەفارسی بەل)ی کردوتە

---

(١) بروانە دیوانی خاناپەرەی ٢١ـم ئەورەنگ، چاپی تێران سالی ١٣٤٨ی هەتاوی‌و چاپی عێراق کۆڕی زانیاری کورد، پەرەی ١٤ چاپی سالی ١٩٧٥ی زایني.

(کوردی جەلای من) دیارە جەلای من ئەو واتا ناگەیێنیٚ کەخاناو بستویەتی[۱]

لە فەرمان رەوایان صەلاحەدین ئەیوبیو کەریمخانیزەند[۲]

لەسەردەمی هێرشی عەرەب بۆ سەرکوردستان شایەروخوێ وێژێک لە کوشت و برین، تالاًن، بەدیل گرتنی ژن و پیاو، زارۆک و مێرمندالاًن، وەستەمی هێرشکاران، خەبەردەداو دوعاونزا دەباتە بەرخواو دەگری و هاوار لەخوادەکاو دەڵێ: چامەی هورموزگان:

هورموزگان رمان ئاتران کوژان
زورکار ئەرەب کردنەخاپور
ژنێ و کەنیەکان، وەدیل بشینا
رەوشت زەردەشت مەنۆوە بیکەس

وێشان شاردەوە گەورەی گەورەکان
گونداوئی پالّە، بەشی شارەزور
پبا ئازا تلیا ژروی هوینا
بەزەیەک نکاهورموز وە هیچ کەس.[۳]

جا بۆمان دەردەکەوێ کە زمانی کوردی بە پێیٚ لێکۆڵینەوە، مێژوی بەرزی و نرمی خۆی بە مجۆرە نیشان داوە، لە حودودی سەدەی دەیەمی بەر لەزاین، یەکێک بەناوی ماسی سۆراتی چەن پیتی بە پێیٚ مەخاریجی ئەبجەد، سازداوەوبیرو رای خۆی پێ نوسیوەو لە پاشان کوردەکانیش مەبەستی خۆیان بەو پیتانە نوسیوە، پیتی ماسی سۆراتی لە پیت گەلێ دەچێ کە لە سەتەی شەشەمیزاینی سازدراوە کە بە پیتی ئاوێستایی ناودارە[۴] هەروا (مجلةالعربی) چاپی کووەیت لە ژمارەی ۲۰۰ ی مانگی تەموزی ۱۹۷۵ ی زاینی لە وتارێکدا کە بە قەڵەمی دوکتور (عبدالحلیم منتصر) لەژێر نێوی (ابن‌وحشیة فی‌الفلاحة) و (هواقدم الکتب فی‌العربیة) دەنوسیٚ (و انه نقل اکثر کتبه من اللغة النبطیة،

---

(۱) بروانە کۆواری ئەدەبی، فەرهەنگی سروە سالی یەکەم ژمارەی ـ ۱ ـ بەهاری ۱۳۶۵ ی هەتاوی

(۲) بروانە کتیبیٚ جیهانی موسلمین پەرەی ۸۹ ـ چاپی سالی ۱۳۴۲.

(۳) گوندا، گونا، ئی‌پالە: ئەم خەنە، ئەم هەرێمە ـ ئەم هۆنراوە بەزوانی گۆرانی کوردین، هەروەک ئەمین زەکی بەگ فەرمویەتی ئەم هۆنە لەپە راوێزی ۱۸ لە سەر لاپەرەی ۱۱ لە کتێبی خەباتی کورد نوسراوی واسیلی نیکیتین چاپ کراوە (فەرمودەی مامۆستا رۆژ بەیانی) وە ملک‌الشعرای بهار، ژمارەی ۵ کۆواری مهر چاپی ۱۳۱۶. نەقل لە کۆواری گرشەی کوردستان چاپی گولاًنی ۱۳۶۰و ۱۹۸۱ ی زاینی ژمارەی ۲ و ۳ سالی دوەم، تاران کە بەکەم ژمارەی گرشەی کوردستان لە ۱ مارسی ۱۹۸۱ لەچاپ دراوەو بلاًو کراوەتەوە (شەپۆل).

(۴) تاریخی مەردوخ: ئایەتوللا شێخ محەمەد مەدوخ کوردستانی ج ۱ پەرەی ۴۰ تا ۳۰ چاپی ئەرتەش‌و بەر کولی کتیبیٚ ئەزانی مزگانی کوردی نوسراوی دوکتور سەعیدخانی کوردستانی چاپی ۱۳۰۹ ی هەتاوی، تاران.

ولم ینشر من تألیفه فی اللغة العربیة سوی «شوق المستهام فی معرفة رموز الاقلام»، و قد ذکر فی آخر کتابه هذا انه ترجم من اللغة الکردیة کتاباً فی علل المیاه و کیفیة استخراجها و استنباطها من الارض المجهولة الاصل)[١]

بەم قسە ولێکۆڵینەوە تافەجری ئیسلام پیتی کوردی (ماسی مۆڕاتی) لە نێو کوردان‌دا باو بووەو دوای پەرەسەندنی ئیسلام لە نێو نەتەوەی کورد، پیتی کوفی جێگای گرتەوە.

جائەوەیە دەبێ بڵێین: زمانی کوردی دوای داهاتنی ئیسلامیش لە حوجرە و فێرگە ئۆلی یەکاندا باوی هەرماوەو تەنانەت زۆربەی مامۆستا ئاینی یەکان کتێبەعیلمی و رێزمانەکانیان هێناوەتە سەر زمانی کوردی، وەک عەلی تەرەماخی، مەلا خەلیلی سیرت و... تازە شاعیران و زانایانی کوردی وەک حەکیم ئەحمەدخانی، حاجی قادرکۆیی، مەلای جزیری، وەفایی، نالی، مەحوی، بێخود، مەلای باتە، عەلی حەریری، عەللامە مەلا عەبدولکەریم مودەریس ئیمام شافعی رۆژگار و ... بەدانانی دیوان و ئەشعارو نوسینی کتێب و تەرجەمەو تەفسیری قورئان و شەریعەتی ئیسلام، زمان و ئەدەب و فەرهەنگ و هونەری کوردی یان غەنی وبە تەسەلی راگرتووەو لە حوجرەو فێرگەکان دەرسیان پێ وتۆتەوە، هەروەک خانای قوبادیش فەرمویەتی

هەرچەن مەواچان... ـ ئەبێ لەم دنیا بەد فەرو بەد رەفتارەدا هەرکەس بەو زمانەی وا خواپێی داوە بنوسێ وشیعرو هونەی پێبڵێ، خودایش بۆ زمانی ئەقوام و نەتەوەکان گرینگی یەکی تایبەتی داناوەو ئەوە بەئایەت ونیشانەی ئیلاهی دەزانێ و دەفەرمێ (وَمِنْ آیاتِهِ خَلْقُ السَّمواتِ وَالأَرْضِ وَاخْتِلافُ أَلْسِنَتِکُمْ وَأَلْوانِکُمْ إِنَّ فی ذالِکَ لَآیاتٍ لِلْعلمینَ.) سورەی روم ئایەتی ٢٢ ـ هەروەکو دەبینین خوا لەم ئایەتەدا زمانی لەرێزەی ئاسمان و زەوی و رەنگەکانی ئینسان داناوەو بە ئایەت و نیشانەی خۆی ژماردوە، وە مەفهومەکەی ئەمەیە: قەبوڵ نەکردن و بایەخ نەدان بەزمانان وەک قەبوڵ نەکردن و بایەخ

---

(١) رۆژنامەی کەیهانی هەوایی پەرەی (ویژۀ هنر و ادب) چاپی ١٣٧٠/١٢/٢٨ و ١٨ مارسی ١٩٩٢ی زاینی (مقدمەای بر زبان و ادب کُردی) نوسراوی محمد صالح ابراهیمی (شەپۆل) و سەرەتای قاموسی کوردی بە نوسین و لێکۆڵینەوەی ئەورەحمان زەبیحی (یێژەن) چاپی کۆڕی زانیاری کوردی بەغدا سالی ١٩٧٧ی زاینی، پەرەی ٣٨.
بەڵام کەیهانی هەوایی لەباتی (محمد صالح ابراهیمی) نوسیویەتی (محمد ابراهیم صالحی).

نەدان بەدروست کردنی ئاسمان و ئەرز و گۆڕانی شەو و ڕۆژ وایە، ئاخرەکەی یانی بایەخ نەدان و قەبۆڵ نەکردنی ئایەت و نیشانەکانی خودا، وەئینکاری بەدیهیات، هەر وەکو ڕەژیمی تاغوت لەماوەی پەنجاساڵدا، کردی. جا هەر لە بەر ئەمە لە مەقاماتی محەللی داوا دەکەم ئیجازە بدەن ئەصلی ۱۵ ی قانونی ئەساسی ئیجرا بکرێ تامێرمندال و لاوان بەزمانی زگماکی وکوردی بخوێنن وەپەیامی مێژویی ۱۳۵۸/۸/۲۶ ی ئیمام خومەینی (ڕە) ڕابەری شورش و دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامی ئێران بەڕێوە ببرێ، کە فەرمویەتی (... اسلام بزرگ تمام تبعیضها را محکوم نموده و برای هیچ گروهی ویژگی خاصی قرار نداده و تقوا و تعهد به اسلام تنها کرامت انسانهاست، و در پناه اسلام و جمهوری اسلامی حق اداره‌ی امور داخلی و محلّی و رفع هرگونه تبعیض فرهنگی و اقتصادی و سیاسی متعلق به تمام قشرهای ملت است منجمله برادران کرد....)[1]

این پیام امام‌خمینی، یک پیام اداری یا سیاسی نیست بلکه یک حکم شرعی می‌باشد و براساس روح اسلام و قرآن است که می‌فرماید: اسلام بزرگ تمام تبعیضها محکوم نموده است... حیف و هزاران حیف امام در حیات نیست که بروم دامنش را بگیرم و بگویم کاربدستان فرموده شما را اجرا نمی‌کنند، که داد و بیداد کنم، باید عرض کنم ما در مرکز داد و بیداد خود را بمقامات عالی رسانده و میرسانیم، امّا اجرای فرامین به عهدهٔ مأموران محلی است.

والسلام علی من اتبع الهدی

محمد صالح ابراهیمی مترجم و مفسّر قرآن به زبان کُردی

۱۳۷۸/۲/۹ و ۲۹ ی ئاوریلی ۱۹۹۹ ز تاران

(۱) روزنامه کیهان ۱۳۵۸/۸/۲۷ هـ خورشیدی و صحیفەی نور، مجله گرشەی کردستان ژمارەی ۱ سالی ۱ پەرەی ۲۹ تا ۲۷ و ژمارەی ۳ سالی دووم پەرەی ۷ تا ۵ و ژمارەی ۷ سالی دووم پەرەی ۵ تا ۳ چاپی ۱۹۸۱ ـ ز ـ

به گمانم پائیز هشتاد و دو بود، که دوستی مرا به مجلسی دعوت کرد، که به مناسبت هشتادویکمین سال تولد استاد محمد قاضی نویسنده، شاعر، مترجم و ادیب بزرگ عصر ما برگزار می‌شد، به علت گرفتاری شرمندهٔ بی توفیقی خودم شدم. که آن دوست گوشی تلفن راگذاشت، این چند کلمه منظوم از خاطرم گذشت، در آن لحظه دیگر دسترسی به آن دوست نبود، که از او بخواهم در آن مجلس این چند کلمه عرض ارادت مرا به پیشگاه آن استاد بزرگ برساند. حالا مناسب دیدم که چاپ شود.

شفیعی کدکنی



## پیر دَیر

قاضیا! نادره مَردا! و بزرگا رادا!
سال هشتاد و یکم بر تو مبارک بادا!

شادیِ مردم ایران چو بُوَد شادیِ تو
بو که بینم همه ایام به کامت شادا!

پیر دَیری، چو تو، در دهر نبینم امروز
از در بلخ گزین تا به خطِ بغدادا!

شمعِ کردانی و کردان، دل ایرانشهرند
ای تو شمعِ دلِ ما، پرتوت افزون بادا!

مایه و دایهٔ پروردنِ ایران مهین
بود آئینِ مهابادی و مُلکِ مادا

فخر تاریخ و تبار همهٔ ماست زکُرد:
شیخ اشراق و نظامی دو تن از اکرادا

خانِ زند، آنکه چُنو مادرِ ایران کم زاد
رستم کُرد بُد اما نه که فرّخ زادا

اصل «کُرمانجی»، و «گورانی» و «زازا» خود چیست
حرفِ شیرین که سخن سر کند از فرهادا

عمری، ای دوست به فرهنگ وطن جان بخشید،
قلمت، صاعقهٔ هر بَند و هر بیدادا

همچنین شاد و هشیوار و سخن پیشه بزی
نیز هشتادِ دگر بر سر این هشتادا!

داره مرواری: شجرة الدر، ملكة المسلمين

داره مرواری: شجرة الدر، ملكه المسلمين له سەرەتای قەرنی شەشەمی کۆچی دا سپاگەلی فەلەو خاچ پەرستە کان هەندێ ولاّتانی ئیسلامی (میسر، شامات و...) یان دابووه بە رهێرش و کوشت و بڕین وتالاّن و برو، شاره کانیان یە کە لەدوای یە ک لەناوئەبرد، خەڵیفەی عەباسیش وه ک پیرەژن دەسەو ئەژنۆ دانیشتبوو بە کزو زبوەنیەوە ئەی نواڕیە ئەو شانۆدڵ تەزێنە خوێن ئاوییەو کارێکی لە دەس نەئەهات، لەو فەرتەنەیەدا دو سەرۆ کی مەزنی کوردستان بەنێوی شێر کۆو ئەیوب کە نیشتمانە ئیسلامیە کانیان واژاکاو وئالوزاو دی لەکوردستانەوەلەگەڵ هەندێ لە پێشمەرگەی کورد چونە جەنگی ئەو خاچ پەرستانە و جەنگێ باشیان کرد تا شێر کۆو ئەیو ب کۆچی دوایی یان کردو سە رۆ کایەتی لەشکری ئیسلام کە وتە دەس یوسف سەلاّحەدین ئەیوبی کوڕی ئەیوب.

سەلا حەدین لە و مرۆڤە ناوداره مە زنانەی مێژویی کورده کە هێمانیش دوای چەندین سە دە لە سەر تاسە ری ئوروپا و جهانا دلێری و نە بە زی و پیاوەتی و دڵ ئاوایی و گەل خۆشەویستی ئەو پیاوە مەزنە و ێردی زمانە.

سە لاحەدین زۆر پیاوانە خاچ پە رستە کانی تاراند و ریچارد ـی شێردڵ پاتشای ئینگلیسیشی بە دیل گرت و زۆر پیاوانەش ئازادی کرد. ریچارد واهۆ گری خوی باش و پیاوەتی سەلا حە دین بیو، لێ بڕابو خوشکی خۆی لێ مارە کات،بەلاّم هەلاّو هوریای قەشە کان بە رگری لە وە کرد، سەلاحەدین دوای تاراندن و دەرکردنی فەلە و خاچ پە رستە کان بووه شای میسر و شامات و ولاّتە موسڵمان نشینە کان و دەسی کرد بە ئاوەدان کردنە وەی ولاّت و لە ساڵی ٥٥٩ کۆچی دا، کۆچی دوایی کردو چە ندین ساڵ کوڕان و نەوەو نەوەزاوبنە ماڵەی ئەو میرایەتی ولاّتە موسڵمان نشینە کانیان بەڕێوە بردوە. تا لە ساڵی ٦٤٨ نۆبە کەوتە دەس دارەمرواری یا (شجرةالدر) کە یە کێ لە نەوەزا کانی سەلاحەدین بووە، دارەمرواری ئافرەتێکی کاراو کارزان و هۆزان و دوربین بووه کاتێ بووەتە پاتشا سەرۆ کە کانی سپایی ونیشتمانی بانگ ئە کات و قسەیان بۆ ئە کاو ئەیژی:

باپیرم سەلاحەدین ئیوەی‌لە چنگاڵی فەلەکان ئازاد کرد،هێمنی و ئاسایشی لە وڵاتە موسڵمانەکانا داپین کرد،بەڵام هێمان مەترسی هەیە و فەلەکان خۆیان لە تەماڵ داوە ئێستا مرۆڤێکی کارزان لە بنەماڵەی ئیمەدا وەبەر چاو ناکەوێ کە بیکەینە میری خۆمان ئەگەر ئێوەش پیاوێکی واتان پێ شک نایێ من ئامادەم میرایەتی بگرمە دەس و وڵات هێدی و هێمن راگرم.

سەرۆکە سپاییەکان و مرۆڤە مەزنەکانی وڵات کە لێهاتویی ئەو ژنە ناودارەیان ئەزانی گشتیان بەیعەتیان پێ کرد.

شجرةالدر ناز ناوی ملکةالمسلمینی پێدرا،هەر وەک باوو باپیری خۆی لەتەک خەڵکا هەڵدەستاو دائەنیشت و بەم هۆیەوە دەرباری قاهیرە ئەونەی تر ناوی داخست.

کاتێ روانی کە بە هۆی جەنگەوە خەڵک بە تایبەت جوتیاران و رەشایی دەس تەنگ و بێ ئەنوا بون،فەرمانی دا، باج و شەکە زەکات و ماڵیات لە سەر خەڵک لابەن و هە روا فەرمانی دائەو دانە و پێلانەی والە هەمارو سیلوکانایە،بە سەر هەژارانا، دابەشی کەن، ئەڵێن:

چوار مانگ بو دارە مرواری هاتبوە سەر کار،کاتی حەج هات، ئەویش وەزیرانی خۆی جەم کردوپێی وتن: ئەگەرچی حەجم لە سەرە بەڵام هەڵسوڕان وهێدی وهێمن کردنەوەی وڵات پێویستە،جا لەبەرئەم دەستورەئەو رو پۆشەی - کابە - کە لە حەزیری رەش چنراوە بیخەنە ناو کەژاوە زێڕینەکەی من و لە گەڵ هەندێ لە پیاوان و ژنانی شیاو بیبەنە مەککە، رو پۆشەکەی پارەکە تیکە تیکە بکەن بە سەر حاجیانا دابەشیکەن و بەشی منیش بهێننەوە. وە لە لایەن منیشەوە ماڵی خودا بە ئاوی زەمزەم و گوڵاوبشۆن و رو پۆشە تازەکەی بە سەرا هەڵکێشن وەئەم سەد هەزار دینارە دراوە کە ماڵی خۆمە بیدەن بە هەژارانی مەککە و مەدینە. کاروان لە کاتی خۆیدا کەوتە رێ،دەستورەکانی ئەو یان بە رێوە برد.کاتی گەڕانەوەی کاروان،دارە مرواری چووە پێشوازیان و خۆی هەوساری وشترەکەی گرت و بەرەو ماڵ بە پیادە رایی کێشا، لە پاشان دیاری‌یەکانی لەسەر کاروانەوان وەرگرت و خەڵات و بەراتی بە گشت کاروانەوانەکان دا ئەمە لە میسرا بوبە باو،وە تاچەن ساڵ بەر لەمە ئەم پێشوازی کردنە لە کاروان بەیادی ئەو ئافرەتە کوردە مەزنە بیوە باو و جێژنیان بۆئەگرت.لە کاتی میری دارەمرواری هەواڵ بە هاتری پاتشای فەرانسەوی گەیی کە ئافرەتێ و امیری ئەکاو خەلیفەی عەباسیش بە دژی وەستاوە ئێستا

کاتێ ئەوەیە فەلەکان دوبارە هێرش بەرنەوەسەر وڵاتە موسڵمان نشینەکان، لە ئاکاما لەشکر گەلێکی فرە لە چوار قوڕنەی فەرنگەوە بۆ داگیر کردنی سەرزەوی ئیسلام کەوتنە رێ وبە سەدان مالم و قەشەش لەتەک ئەوانا هاتن و خەڵکیان بۆ هێرش بردن هان ئەدا، کە ئـەشێ گڵکۆی حەزرەتی عیسا مەسیح لە ژێر دەس موسڵمانان دە رێنن، ئاشکرایە کە لەوکاتەدا بیری ئاینی لەناو فەلەکانا زۆر بووەو ئەم چاوو رایەش شوێنی لەناو چینی بۆرە پیاوانا.زۆر بووە تا ئەو شوێنەی کە کوڕێ زۆر لە پیرەژنان بە ناو بۆ ئەو جیهادە ئاینیە بە جیا هاتبون، ئە وانەی وانەیان توانیبو بێنە جەنگ، پارە و دراویان ئەدا. ئەم لەشکرە زۆرە لە... داردانیل تێپە ڕیان کردبو و پێیان نابووە ناوئاسیا و چەندین ناوی جەنگیش بۆداگیر کردنی لەنگەرگاکانی ئیسلام بەنێوی زریەکانا خولیان ئەخوارد، دارەمرواری کاتێ ئەم هەواڵانەی زانی بانگەوازی کرد و سپایەکی زۆری خستە رێ و خۆیشی سواری کەژاوەی زێرین بوولە کۆشکی «خەتات» بـۆ بەرێ خستنیان هاتە دەرێ و بە دەیان قورئان خوێنی خۆش دەنگ و ئاوازیش لەم لاولای کەژاوەی دارەمرواری یەوە ئەڕۆیشتن وپڕ بە دەم قورئانیان ئە خوێند و ئەو ئایەتانەی والە بابەت جیهاد و پاراستنی نیشتمانە وە بوەدو پاتیان ئە کردەوە،ئەم کردەوەی دارەمرواری وەها خەڵکی گەرم کردبو کە هەزاران کەس لەو موسڵمانانەوا سپاییش نەبون دەسیان دابووە چەک و بۆتاراندنی فەلە هێرشکارەکان کەوتبونە رێگا، دارەمرواری لە ناوکەژاوەکە یە وە روی کردە خەڵکەکە، پێی وتن: ئەی سپایانی نەبەزی من، ئێوە بۆبەرگری لە خاک و ئاوی خۆتان هاتون و ناتانە وێ هێرش بەرنە، سەرکەس و ماڵ و سامانی ئەم و ئەو داگیر بکەن، هەڵبەت خودایش پشت و پەناتانە، دژو دوژمن لە خاکی خۆتان دەرکەن و بیان تارێنن. بەڵام لەوە زیاتر کارتان پێان نەبێ چونکە ئێمە تەنیا بە حوکمی ئیسلام لە خۆمان بەرگری ئە کەین و بەس. ئێستا من بەرەو پێتەخت ئەگەڕێمەوە و چاوەڕوانم ئەگە ڕیپێویست بێ بانگم کەنە مەتەرێز تامنیش شان بە شانی ئێوە بۆ دیفاع و بەرگری لە مافی وڵات جەنگ بکەم، سەردارەکان کاتێ ئەم قسانەیان بیست یەک دەنگ وتیان بژی: مەلەکە، ئێمە ئەچینە جەنگ و بە یارمەتی یەزدان موژدەی پیرۆزی و سەرکەوتنی خۆمان بۆتۆ دەهێنینەوە،ئەم پێش بینیە بە راست گەڕاو دوای سێ مانگ و چەن رۆژسپای ئیسلام دوژمنەکانیان راونا،خۆیان بەدیل و ماڵ و دەسکەوتێکی زۆرەوە

گەڕانەوە، دارە مرواری فەرمانی دا دیلە کانیان بەبارمتەو خۆ کڕینەوە ئازاد کرد، یە کێک لەو جەژنانەی والە کاتی دارەمرواری دا باو بووە ئەوەیە، کاتێ لەمانگی ئاوریل ومەی‌دا زریەی نیل ئاوی زۆر ئەبوو ئەھاتە سەر، دارە مرواری بە رەسمی فەراعینەی میسر سواری ئەسپێ ئەبو و وەزیری ئەعزەم ھەوساری ئەسپی مە لە کەی ئە گرت بە دەسەوەو دە ھەزار نێزە بە دەس و غولآمی کەمەر زێڕینیش بە پیادە لەبەر رکێفی دارە مرواری یەوە ئە ڕۆیشتن، پیاو مەزنانی سپایی ونیشتمانی بۆ رێز نانی مەلە کە بە پیادە ئەھاتن، ھەندێ لە کارە کەران و غولآمانی دەرباری بە چە پکە گولْ و مەنقە لە عودەوە لەبەر جلەو یدا ئە ڕۆیشتن.

دارە مرواری بە و ھەمو شکۆ یەوە لە کۆشکی خۆیەوە تالێواری نیل ئەھات و چەپکە گولێکی بە رەسمی فەراعینەی میسر ئەدا، بەدەم ئاودا وپێشکە شی نیلی ئە کرد و لە ئەسپ دابەزی و مشتێکی لە ئاوی نیلی ھەلْگوێزاو دوبارە کردیەوە ناو ئاوی نیل لەپاشان گۆرانی بێژان و خۆو یژان دەسیان ئە کردبە مەقام و گوزانی وتن و شمشالْ وبلوێر لێدان و ژن و پیاوو کچ و کوڕ بە شایی و رە شبە لە کێبەزمیان سازئە کرد، دارەمرواری لە کاتی گەڕانەوەدا ھەزاران سککەی زێرو زێوینی بەو خەلْک و حەشیمەتەیەدا کە لە لایە کی ئەو سککەیە دارەمرواری ولە ولای تریشی ملکةالمسلمین ھە لْکەندرابو. دارەمرواری وە کێ گشت بنە مالْەی مەزنی ئەیو بی بەزمانی شیرینی کوردی لە تەکێ کوردە دەرباری یەکانا قسەی ئە کردو زۆری حەز لەداب و دەستوری نیشتمانی باو باپیری خۆی ئە کرد، نە وروزی ئە کردە جێژن، ھەمیشە خۆیی بەوە رائەنا کە کوردەویە کێک لەو شوێنە وارانەی سەردەمو کاتی پاتشایەتی دارە مرواری دانانی بیمارستان و خەستەخانە و نەخۆشخانە گەلی گشتیە،بە زمانی کوردی بەو شوێنەیان وتووە...

بارستان کە ئێستاش لە میسرا بە بیمارستان دەلێن: بارستان، لە پێش سەلاحەدین و دارەمرواری دا لە میسرا نەخۆشخانەی گشتی نەبووە، دارەمرواری بۆحەسانەوەی نەخۆش و پەرستاری کردن لە لەشی بیمارانی ھەژار و بێ ئەنوای میسر و شارە کانی تری ولآتە موسلْمان نشینە کانی ژێر فەرمانی خۆی دەستوری دا نەخۆسخانە گەلێی زۆریان ساز کرد.

ھەروەھا رایسپارد تا ھەندێ لە خۆشنوسانی ناوداری ئەو دەمە بھێنن و موچە و دراویان بدەنێ تا ئەوانیش قورئان بنوسنەوەو بی نێرنە شار و گوندە موسلْمان‌نشینە کان،ھێمان لە

مۆزە خانە کانی گەورەی ئوروپا و ئە مریکا قورئان گەلی دەسنوسی وەقفی دارەمرواری، سککە گەلی زەمانی پاتشایەتی ئەوئەبینرێ، دارەمرواری یەکەم ژنی کوردی موسڵمانە کە گەیشتۆتە پلەی پاشایەتی، دارەمرواری لەو پەڕەی سەر بە خۆیی و دەسەڵاتا میری کردوە. موعتەسەم ئاخرین خەلیفەی عەباسی کە بەرزی و ناوداری دارەمرواری ئەدی لەبەر حەسودی تا ئەوشوێنەی توانیای کارشکێنی ئەکردو فەلەکانیشی لێهان ئەدا تاهێرش بەرنە سەر وڵاتە موسڵمان‌نشینە کان‌و ئەویش هێرشی مەغوڵە کان‌بو. هەلاکۆخان موعتەسەمی عەباسی کوشت و لە ٦٥٦ کۆچیدا، دوایی بە خیلافەتی عەباسی هێنا و زۆرێ لە وڵاتە موسڵمان‌نشینە کانی وێران کرد، بە داخەوە لە کاتی هێرشی مەغوڵا دارەمرواری نەمابو، لام وایە ئەگەر ما با چلۆن فەلەکانی تێک شکاند مەغوڵە کانیشی ئەشکاند و ئەی تاراندن، تورانشا، کوڕی دارەمرواری لەسەر کار بوبەلام زیبک و نەبەزی و کارزانی و لێهاتویی دایکی خۆی نەبو. ئەمەبوکورتەیەک لەسەر گوزەشتی دارەمرواری ئەو ئافرەتە بەناو بانگە کوردە، کە برازای شێرکۆ بووەو لە رەسەن ورە گەزی سەلاحەدین ئەیوبی کوردستان بو، کە مێژوی جهان ئەو بە یەکێک لە ئافرەتانی بێ وێنەی جهان داناوەو زۆر لە ئیندیراگاندی و تاچیر ژیرتر و بە دەسەڵات‌تربو[1].

ژن لە روانگای قوڕئانەوە:- بایەخێ زۆری پێدراوە، بەڵام شازاڵمە خۆیینە کان رەفتاریان بە قورئان نە کردوە، خواله ئایە تی ئەنفوسیدا فەرمویەتی (ومن آیاته أنْ خلق‌لکم من‌انفسکم ازواجاً لتسکنوالیها) جا چونکا پێوەند لە نێو خاو و خێزاندا بە تایبەت، وە لە نێو هەموی ئینساندا بە گشتی نیازی بە جۆرێ جازیبە و کەششی دڵ و

---

[1] سەرچاوە: گۆڤاری ژنی رۆژنەژمارەی ۱۴ گوڵانی ساڵی ۱۳۴٦ هەتاوی و ۲۵۸۰ کوردی و ۱۹٦۸ زاینی و کتێبی ژنانی نامی ئیسلام و ئێران چاپی ساڵی ۱۳۳۸ هەتاوی، کتێبی باوی کۆمەڵایەتی و مێژویی، گرشەی کوردستان لاپەرە کانیی ۲۳ تا ۲۹ ژمارە (۵) چاپی ساڵی ۱۳٦۰ هەتاوی و ریکەوتی ۱۹۸۱ز ساڵی ۲ تاران، کتێبی ژناوەری زانایانی کورد لە جیهانی ئیسلامەتی یا گەنجینەی فەرهەنگ و زانست چاپی ساڵی ۱۳٦۴ هەتاوی تاران لاپەرە کانی ۷۱۳ تا ۷۱۹، گۆڤاری ئاوێنە ژمارەی ۴ پە رەی ۴۲ تا ۴۷. کە باسی دارە مرواری: شجرةالّدر ملکةالمسلمین‌لە سروەی ژمارەی ۴۱ چاپی ۱۳٦۸ کە ئە حمەدبە گزاردە لەسەفزەوە بۆیی ناردوە، بەناوی ئەوەوە لەپەرەی ۱۸ تا ۲۱ لە چاپدراوەو دوایی ئە وهەڵە لەیەکێ ژمارە کانی سروە راست کراوتەوەو (شەپۆل).

دەرونەوە هەیەچ لەباری ئەنبوژەنی یامەعنەوی، ئەوەیەکە خواله دواییدا فەرمویەتی (و جعل بینکم مودة و رحمه) مەوەدەت و رەحمەتم لە نێو ئێوەدا، دانا، ئەوسا بۆ دوپاتەو تەئکید فەرمویەتی (ان فی ذلک لایاتٍ لقوم یتفکرون) سەرنج راکێشەکە قورئان لەم ئایەتدا ئامانج و هەدەف لەژن هێنان یا شوکردن، سوکنایی هاتن و ئارامشی لە بەرچاوگرتووە. نەک دیلی و کارەکەری ژن، قورئان بەتەعبیری پرواتای (لتسکنوا) مەبەست گەلێکی زۆر گرینگی راگە یاندوە، وێنەی ئەم واتایە لە ئایەتی ١٨٩ سورەی ئەعرافیشدا هاتووە (هو الذی خلقکم من نفس واحدة و جعل منها زوجها لیسکن الیها) بە راستی وجودی ژن و مێرد بەو تایبەتیانەوە کەخوافەرمویەتی کە ئینسان هۆی سوکنایی و ئاراوقاراگرتنە، دیارە ئارامش خۆی لە ژیاندا یەکێکە لە مەواهیبی گەورەی خوا، وەئەم ئارامش و سوکنایی هاتنە، لێرەوەیە، کە ئەم دوانە موکەمیلو تەواو کارەوەی یەکترن و هۆی خۆشی و شادی و گەشەو پەرورردە کردنی یەکترن، هەر یەکە بێ ئەوی دیکە ناتەواوە، داماوە، دیارە ئەوانەی خۆیان بە رەبەنی دەهێڵنەوە، نیشانەی راوەستانی پلەی پێگەیشتنیانە، وە کاتێ ئینسان لە (رەبەنیەوە) بیەوێ بچێتە نێو ژیانی خاوخێرانیەوە، شەخسیەت وکە سایەتێکی تازە پەیدا دەکاولە کۆڕ و کۆمەڵدا هەست بەبەرپرسی دەکاو تەعادولی رۆحی بۆ بەدیدێ، چلە باری رۆحی وچلە باریلەش ولارەوە وچلە روانگای تاکی یالە باری کۆمەلاَ یەتیەوە، سوکنایی دیێ و خۆی لە ژیاندا، بەشەریکی ژیان لە دەردو رەنج و خۆشی و ناخۆشی کۆڕ و کۆمەڵ دەزانێ. جائەگەر جوان بیر بکەینەوە، دە زانین کورد چبەر لە ئیسلام و چ دوای ئیسلام کە بە دڵ و بە ئیختیار دینی ئیسلامی وەر گرتووە، لە کۆڕ و کۆمەڵدا خۆی بە بەر پرس زانیوە و خزمەتێ زۆری بە فەرهەنگ و تەمەدون و شارستانیەت کردوە، کە مێژو شایەدە وکوردزاتەن بۆژن وکچ رێزی داناوە و ژنی بە شەریکی ژیان لە خۆشی وناخۆشی خۆی زانیوە، بەلاَم دراوسێبون لەگەڵ سوڵتان رەشادی تورکی وەسمانی و نالە پێ پان (نادرشای هەوشار)

وجیرانە زاڵمەکان لەنێو نەتەوەی کوردیشدا شوێنی داخست وە کە سانێ پەیدابون بە

بێ ڕێزی بڕوانەژنان، جاکاتێ ئەم خووە نامۆو ناشیرینو ناشیاوە خەریکو خۆبخزێنێتە نێوکورد، ئەوەبو گەورەزاناو شاعیران و پیاوانی ئاینی و موسلیح و دڵسوزی وەکەمەلای گەورە و حاجی قادر و گۆران و بێکەس وقانیع بە گژئەوخووە نامۆو ناشیرینەداهاتن وبە دژی ئەوباوە،نامۆیە کەوتنە ملە بە ملانێ کردن، کاتێ دیان کچی کورد لە مافی کۆمەلآیەتی، رامیاری ئابوری، بێبەش کراوە و چاویان لە خوی سوڵتان رەشاد و نالە پێپان کردوەو لە نێومالّ و خێزاندا، وەکو کوڕ تەماشای کچ ناکرێ، تەنانەت شوکردنیشی بەدەست خۆی نیە و لە هیچ دەرد و مەینە تێکدا هاواری کچ بە هیچ کۆی ناگا، مەلای گەورە لیان بە جواب‌هات و ئێستالە سەر ئێمە بە تایبەت لەسەر روناک بیران‌و رۆحانیان پێویستە بەپێی قورئان و بەپێی خۆرسکی ئیسلامی و ئینسانی لەگەڵ ئەم خووە نامۆ و ناشیرینە ملە بەملانێ بکەین و ئیجازە نەدەین کچ‌ژن بەژنەی پێ بکرێ و ئەبێ بە کچ و ژن مافی قورئانی پێبدرێ وە بە پێ فەرمودەی (طلب العلم فریضة علی کل مسلم و مسلمة) ڕێگای سەر کەوتن و پێگە یشتنی زیاتر و ڕێگای خوێندن بۆکچانی کورد باشتر خۆش بکەین تاژن کە نیوەی کۆمەڵە دوانە کەوێ، دیارە ئەگەرژن و کچ لە کوردەواریدا دوابکەوێ وەک تائێستا خوی سوڵتان رەشادو نالە پێ پانیان‌فێرکردین تاکوڕو کۆمەڵگای کورد لەکاروانی عیلم‌و زانین و هونەری رۆژ زیاتر، دوا بکەوێ جابۆئەوەی نەتەوەی کورد دوانە کەوێ وبەڵکو پێشکەوێ، ئەبێ بکۆشین ژن و کچ لە کوردەواریدا باشتر پێشکەوێ تاکۆمەڵگای کوردەواری سەرکەوێ وپێشکەوێ[1].

حەیران خانم دونبەلی بە ماڵەی دونبەلی وەکو (مەفتون) عبدالرزاق دونبەلی و بەها ئەدین دونبەلی و مەزنە کانی تری بنە ماڵەی دونبەلی هەموخۆو گوندە کانی لای خۆ بون هەندێ لایان وایە حەیران خانمی دونبەلی لەتەوریز و هەندێ تریش لایان وایە لە (نەخجەوان) لە دایک بوە کە

---

١ ـ گرشەی کوردستان ژمارەس ـ ١ ـ سالی ـ ١ ـ بەرەی ١٤ چاپی ١٩٨١/٣/١ز ـ و ٢٥٩٣/١٢/٣٠ ک‌و رەشەمە (پوڵان) ١٣٥٩ ای هەتاوی تاران (شەپۆل). من (شەپۆل) لە ژمارەی ١ ـ گرشەی کوردستان کە لە ١٩٨١/٣/١ ای زاینی لە چاپ‌درا و بلأو کرایەوە، بۆئەوە کوردەواری را چلە کێنین کە خوی بێگانە و نامۆو ناشیرین سەبارەت بە کچ و ژن لە خۆمان دور بخەینەوە و ژن‌بە ژن بە کچ نەکەین و ڕێگای تەرەقی بوکچان لە بەرچاوبگرین شیعرە کانی قانیعمان بلأو کردەوە کە دەردی کچ‌لە کوڕو کوردەواری‌این دەس سوڵتان رشاد و حاکمە نامۆو زاڵمە کان لەو بارو بابە تەوە نیشان ئەدا.

دوای پەیمان نامەی تورکومان چایی لە ئەخجەو انەوە گەرا ونەتەوەو کەریم خانی باوکی حەیران خانم گوندی (خانەقای سوری) لای ورمێی لەلایەن نایب‌السلطنەوە پێدراوە، بەڵام دەسگیرانەکەی حەیران خانم نەی توانیوە بگەڕێتەوە بۆ ئازربایجان و لە ئاکاما حەیران خانم لە دەردو سۆزی دوری دەسگیرانەکەی چەن غەزلی زۆر جوان و پڕواتای دانا وەو زیاتر لە ٨٠ ساڵ ژیا وەو گۆیا تا رۆژگاری شا ناصرەدین قاچار ماوە. ئەمەش غەزەلێک‌لە حەیران

بر محفل خود راه مده اهل هوس را — در دور شکر، دور برانند مگس را
گلزار که از روی گل ماه تو خالی است — خار است به من با تو کنم میل قفس را
صد وای به حال دل آن کس که نداند — از ناله مرغان چمن بانگ جرس را
فریاد کەنادیده رخ یار خودم بست — آه دل برگشته بەمن راه نفس را
حیران، به فدای تو بران مدعیان — خوبان نگذارند به محفل همه کس را

**هێمان:**

خواهم به تو ازغم نهانی — بنمایم شرح داستانی
روزی زقضای آسمانی — دل را به هزار مهربانی
بردازکف من جهان جانی
مشهور جهان خردەبینی — غارتگر جان به نازنینی
در فهم و کمال به قرینی — خورشید جمال ومه جبینی
شیرین سخنی شکر دهانی
هم خور مراد و هم ملک خود — گنجینه جمال و مارگیو
نسرین بدنی و عنبرین بو — غارتگر جان به خال هندو
با چشم سیاه جان ستانی

ناوی هەندێ لە ناو داران دونبولی:

دوبنولیەکان لە ساڵی ٦٠٧ی مانگیەوە لە شامەوە هاتونەتە هەرێمی سەکمەن ئاوا کە بەعیسا دونبولی بەخشراوە،لە پاشان چونەتە چورە ـ قەڵای سمیران، لای چورەس، قەرە زیائەدین، جێگای دێی بستام یا (بهستان) بە قسەی ئەولیا چەلەبی دەسیان کردوە بە حوکومەت

کردن ـ دونبولەکان لە کوردانی یەزیدین: یەزتە، یەزەد کە لەئاوێستادا بەواتای فریشتەو پەری هاتووە ـ دونبولیەکان لەگەڵ سەلاحەدین بون و دوایی هاتونە لای خۆ، لە ١٩ ربیع الثانی ١٠١٢ی مانگی کە لە تەورێز پاشای تورکی عوسمانیان دزی و بردیانە (نیک پەی) لای زەنگان بولای شاهە باسی سەفەوی، سەلمان بەگ: سوڵتان سوپاشی دونبولی بووە حاکمی سەلماس و چورەس، چون خۆ بەهوی عوسمانیان وێران کرابو، سەلمان بەگ کوری شاوێردی و نەوەی حاجی بەگی کوژراولە ٩٥٥ی مانگیدا ، سەلمان بەگ لە١٠٣٤ بە ملاوە کە شاهەباس مرد بۆ ماوەی ٢٢ ساڵ حوکومەتی کرد تا لە ١٠٤٠ دامردو جەمیشد سوڵتانی مامیشی بووە حاکمی مەرەند ـ یا عبدالرزاق دونبولی کەلە ١٢٤٣ وەفاتی کردوە و کتێبی (ریاض الجنە و تجربة الاحراری) نوسیوە و شاعیر بوە یا بهاءالدین محمدبن عبدالرزاق دونبولی کە تاریخی دنابلەی نوسیوە و نوسخەی خەتی ئەوە لە کتێبخانەی میللی تەورێز بە ژومارەی ١٧٩٩ هەیە ـ یافەقیر ـ ی کوڕی حوسەینعەلی دونبولی لە ١٢٧٣ دا ئەمیش تاریخی دنابلەی نوسیوە ـ یا حوسەین خان دونبولی کە ئەمیش تاریخی دنابلەی نوسیوە.

لە ١٠٤٩ کە پەیمانی قەسر ـ ی شیرین لەنیوان شاسە فی و پاشای عوسمانی مۆرکرا گرینگی چورەس کە لە زەمانی سەلمان سولتان دونبولی دەسی پێکرابو لە دەورەی ئەیوب خان و مورتەزا قولی کوڕی زیاتر گرینگی پێدراو بوە ناوەندیی بازرگانی، نەجەفقولیخان ـ خودادادخان ـ جەعفەر قولیخان ـ ئەمیر ئەرسەلانخان ـ مەحمودخان خاوەر ـ شەهبازخان قورساول باشی ـ محەمەد سادقخان ـ سولەیمانخان کوری حوسەینقولیخان ـ نەجەفقولیخان ـ خانم حەیران دونبولی، صاحیب دونبولی، شەوقی تەورێزی دونبولی، کورانی عبدالرزاق دونبولی: (بهاءالدین ئاغا، حاجی محەمەداغا، عەلی کە ناز ناوی: غەریب بوە، مەحمودداغا) ـ دونبولیەکانی شاخەی کاشان: لە شەوالی ١٢١٨ی مانگی کە روس یەعەروس،شاری گەنجەی داگیر کرد شەری روسیەی تەزاری و ئێران دەسی پێ کرد، شاری خۆیێ کە بوکی شارەکانی ئێران بوو ئەحمەدخان دونبولی سازی دابوولە ١١٧٠ قلای خۆی بۆ خۆی ساز کردبو کە چوار دەروازەی هەبو: (دەروازەی چورەس، شوراب، ئەستەنبوڵ، حیابان) کە بە هۆی روس لە ناو

چو و خراپ کرا - ئەمەش ناوی هەندێ لەو ناو دارانە: ئەمیر خان سەردار - حاتەمخان - ئیسماعیل خان لەک، ئیبراهیمخان، مەتەب خان، ئیمامعەلیخان - حەسەنعەلیخان ئاجودانباشی - حاجی میرزا ئاقاسی، حاجی میرزا عەبدوللاّ - میرزا ئەحمەدخان، نەجەفعەلیخان، میرزا جەبار نازم مەهام، سەد دەلە، مومتاز مولک، موفەخە مولمولک، عەلائو سەڵتەنە - (شە پۆل)[١].

## ئەبوبەکر (محەمەد) نەقاشی موسلی

ئەبوبەکر (محەمەد) نەقاشی موسلی، کوڕی حەسەن کوڕی محەمەد کوڕی زیاد کوڕیی هارون کوڕی جەعفەر کوڕی سەنەد موقری. ئەم زانا پایەبەرزە بێجگەلەوەی کەلەهونەری نەقاشی دا زۆربا هونەروناودار بوە، لە زانست و زانینی تەفسیری قورئان وزۆربەی زانستەکانی دینیی زۆر ئاگادار بوەوئەم کتێبا نەشی نوسیوە: ١ - شەفای صدور لەتەفسیری قورئانا. ٢ - ئیشارەلەواتا کردنی غەریبی قورئانا. ٣ - موضیح لەواتای ئایەتەکانی موتەشابیهدا. ٤ - ئەبواب لەتەفسیردا. ٥ - ارم ذات العماد. ٦ - ضدالعقل. ٧ - مەناسک. ٨ - فهم‌المناسک. ٩ - اخبار القصاص. ١٠ - ذم الحسد. ١١ - دلایل النبوه. ١٢ - موعجەمی کەبیر. ١٣ - موعجەمی صەغیر. ١٤ - موعجەمی ئەوسەت لە بابەت ناوی قورئانوقە رائەتی ئەوانەوە. ١٥ - سەبعەی کەبیر. ١٦ - سەبعەی صەغیر - ١٧ - سەبعەی ئەوسەت. لە گێرا نەوەی فەرمودەدا، زۆرگوێ نەدا وەتێ، زۆربەی ئەوفەرمودانەی کەلە تەفسیری خۆیدا نەقڵی کردون صەحیح نین.

ئەم زانا گەورە کوردە لە ساڵی ٢٦٥ کۆچی مانگی لەدا یک بوەو لە ٣٥١ لە سێوەمی مانگی شەوال داوەفاتی کردوە.

---

١-
کۆواری نیشتمان بلاّوکەرەوەی بیری ژێ - کاف ژمارەی ٣، ٤ ساڵی یەکەم سەرماوەزور ێەندان - ی ١٣٢٢ ی کۆچی هەتاوی کەسەر دێرەکەی بەم ئایەتەیە: (نَصْرٌمِنَ اللّٰهِ وَفَتْحٌ قَرِيب وَبَشِّرِ الْمُؤْمِنِين) دەس پێ ئەکا. بەناوی ژنێکی بوێژی کورد (حەیران خانمی دونبەلی) برە شیعرێکی ئەو ئافرەتەی بەزمانی فارسی لە پەرەی ٢٩ و ٣٠ لەچاپ داوە. بروانە کۆواری نیشتمان تەموزی ١٩٤٣ و مایسی ١٩٤٤ ی زاین، زمانی حالی کۆمەڵەی ژێکاف کە ماموّستا دوکتور جەمال نەبەز بەبوّنەی تێپەر بونی چل ساڵ بەسەر ئەو کۆوارەدا لەتەموزی ١٩٨٢ زاینی بە بەرکولّو لیکوڵینەوە لەچاپی داوەتەوە (شە پۆل).

# پێشکەش بە دایکم زبیدە قەدەمخێر

دایە قەزات لە گیانم
ئەی لوتفی خواو ئارامی ڕەوانم
دایە ئەی ئەوینی ژین و ژیانم
ئەی ڕوح و هەست و گیانم
بێ تۆ دایە گیانە! نەماوە ژیانم
دایە ئەی ئامۆژگاری دەری گوڕو تینم
قەت حەز ناکەم مەرگت ببینم
شادیم بە تووەیە شادی و ژینم
بێ تۆ دەکوڵێیەوە برینم
توانا بە قسە نەبوو ڕەوانم
قسەو وتار تۆ ناتە سەر لێوانم
میهرەوانی، تۆ بوو چرای ڕوونم
نوری ڕوی تۆ بوو، ڕوونی کرد ڕەوانم
ئەی قەزات لەگشت بوون و نەبوونی باوانم
دایە گیان هەر تۆی دڵ سۆزم
هەر تۆی ئاگالەسۆزی پڕ سۆزم
نهێنیەکانی من هەر تۆ باش دەیزانی
نایان درکێنی ئەوە باش دەزانم
لەبەر نەزانیم ئەگەر قسەم ناڕەوایە
تووڕەو قەڵسم دەزانم لە پوان پاسوانم
بێ ئەمریت، دایە کاری ناڕەوایە
ڕەزای تۆ دایە، ئەوە ڕەزای خوایە
من دایە! کوژراوی خۆمم خۆم
ئەگەر دەستی ئەجەل بدا ئەمانم،

دەمــەویّ دایــە کــە مــەربەستەی خــزمەتت بــم
دایــم و دەرهــەم بــۆ تــۆ وا لەو حــەیرانــم
قــەزات بکــەفیّ دایــە لە گشت لەش و گــیانم
تــۆزقالّە زەرەیــەکێ لە مــحەبەتت
جــو بــرانــی چــاکــەت چلۆن دەتــوانــم
هــەر تــۆی هــیّزم، گــیانم هــەناوم
تــۆی دایــە گــیان! بــینایی چــاوم
عەشق و ئەوینت دەرناچیّ لە دڵ، تۆ گوڵی سەرچڵی بەدیدەی دڵ نیگاوانم
رۆح و چــاو و گــویّ هــەموو بــۆ تــون درگــاوان
شــەو و رۆژ لە دەورت گــەرێم ئــەی خــۆم بــە قــووروان
شــەپۆل، دایــە گــیان بــێ تــۆ ئــارامــی نــیە
مــەگــەر لە خــزمەت تــۆ وەحــەسێ. ئــەی بــە قــوربانت
روحــم، رەوانــم، هــەر تــۆی ئــارامــی گــیانم
بــە فــیدات بــێ گشت ســەر دەمــی ژیــانم

□ هەیاس بە سوڵتان مەحمودی وت: سێ کۆگا خۆڵ بکە بەسەر ئەمکەسانەدا: ١ـ بەسەر ئەو کەسەی کە پشت بە حاکم دەبەستێ. ٢ـ بەسەر ئەو کەسەی بیرو باوەڕی بە بیٚگانە هەیە. ٣ـ بەسەر کەسێکدا کە بڕواو باوەڕی بە ژن هەیە.

□ کۆواری گرشەی کوردستان لە ١ مارسی ١٩٨١ی زایینی و ٢٠ ڕەشەمە (پۆلان)ی ٢٥٩٣ی کوردی و ١٣٥٩/١٢/٢٠ی هەتاوی، لە تاران تا ٩ ژمارەی لیٚچاپ کراوەو بلاوکراوەتەوە - شەپۆل.

□ * مامۆستا پیرە میٚردی نەمر *

وا دوا بــە دوای یــەکێ کــۆچیان کــرد ئــاوڵ
تــەنها مــن مــاوم پــێم ڕۆ چــۆنە گــڵ
یــاران بــە پــەلی دەورانــی دوژمــن
بــلاو بــوونەوە وەک خــەیاڵی مــن
تــۆزی دوای کــۆچی ئــەوان دیــارە
بــەو تــۆزە چــاوی دڵ بــێ قــەرارە
شــوێنی هــەوارگــەیان کــوچک و کــەلەکــە
بــەردی پــڕ دەردی دەشــتی فــەلەکــە
ئــەو بــەردە ڕەشــەی کــوچکی ئــاگــردان
هــەم بــەختی مــنە و یــادی هــام فــەردان
بــەوە تــەسەلای دڵــی خــۆم ئــەدەم
کــەوتومە دوایــان بــە مــاوەی زور کــەم
ڕۆیــن بــاشترە لە زویــری وزاری
مــەرگێ لە گــەڵ ئــاوڵ جــەژنە و کــەیفداری

# کابان و ژیان

چیرۆکی چارەنووسی: «کابان و ژیان» لە کوردەواریدا ئەگەر مالێک پاک‌و خاوێن بێ دەڵێن خێزانی «کابانە»، ئافرەت و کابانی چاک و بە مشور، هۆی بەختەوەری، میردو خاو، خێزانە، ئەم چیرۆکە لە نێو کوردانا زۆر باوە، بەتایبەت لە نێو ئافرەتانا. زۆر بۆ یەکتری دەگێڕنەوەو تەنانەت میسالیشی پێ‌دێننەوە ئەڵێن: «ژیان تا پریخانی ژان؟لە مالا بێ‌نانی بدۆێ: نەدەگەیی، کاتێ «کابان» هاتە مالی بوو بە مال، دەسی بۆ هەرچی دەبرد، هەێ بوو و بە دەسیەوە دەهات «کابان بوو بە هات بۆ ژیان» نەهاتی لەسەری لاچو. دەڵێن:

پیاوە فەقیرەیەک هەبووە، نێوی «ژیان» بوو، ژنێکی هەبووە نێوی «پەریخان ژان» بووە زۆر دەس بڵاو،نەزان و ناکاسب بووە، ئەو پیاوە تاقە کەرێکی بارە بەری هەبووە،کارو کاسبی پێوە دەکرد، هەموو رۆژێک ئەو کەرەچڵو بەڕ دەکرد. جاری وا هەبوو لەبەر ئەوە،کەرەکەی ناوە کەرێژ نەکات،لە بنەوە لوری لێدەکردو بە کەژ و جوان تەنگی ئەداو دوای بەرقەنەخواردن،روی دەکردە بێشەو جەنگەڵ، بارێکی دار و چیلکەو شتیوا بار دەکرد و دەی‌هێناوە، دراوسێکی دارای هەبوو، هەموو رۆژێک لە پەنجەرەی نوهۆمی دوهەمی مالەکەیانەوە،چاوی بەو پیاوە فەقیرە دەکەوت، تەماشای دەکرد، وا هەموو رۆژێک بەم جۆرە ئیش دەکات و دەچێ بارێک داردێنێتەوە، رۆژێکیان لە پیاوە فەقیرەی پرسی خالە، تۆ هەموو رۆژێک‌بارێ دار دێنیتە بازاڕ تۆ باری، بە چەن دەفرۆشی؟ پێم بلێ چەن منداڵ و نانەخۆرت هەیە؟ ژیانی نەداریشی‌وتی: باری ئەدەم بە دە سکەو بەم پارە نان و خۆراک و پێداویستی ژین‌ی خاو، خێزانمی پێ دابین دەکەم، بەلام هەر نەمر و نەژی، وە شەش نانەخۆرم هەیە، پیاوە داراو پوڵدارەکەش دەسی بردو پارەیەکی بە «ژیان» داو وتی: ها ئەم سەد سکە بگرە تا دە دوانزە رۆژێک مەچۆ دار هێنان، بۆ خۆت پشویەک بدەو برێک بحەسێوە. «ژیان» ئەو پارەی برد و دایە دەسی پەریخان ژانی، خێزانی،وتی: ها ئافرەت، ئەم سەد سکەیان بە من داوە، بۆ ژینی دە رۆژمان بەسە و لەو دە رۆژانەدا ناچمە جەنگەڵ و دارهێنان، ئەبێ دەسی پێوە بگری،دو رۆژ رابورد بۆ رۆژی سێهەما، تەماشای کرد، پەریخان «ژان» شتێکی ساز نەکردووە، ژیان روی تێکرد و وتی: ئەریٚ! ئەوە بۆچی ئەمرۆکە شتێکت ساز نەکردووە، ئەویش

وتی: ژیان، پارەکەمان تەواو بووە، ژیانیش تورە بوو، وتی: ئافرەت چ دەڵێی؟ ئاخر من دوێنێ سەد سکەم پێدای و رامگەیاند، نابێ تا دە رۆژی دیکە بچمە جەنگەڵ و دارهێنان؛ کوێرا ئەو هەموو پارەت خوارد، بەڵام دیتی چاری ناچارە کەرەکەی وە پێش خۆی داچوو بۆ ناو بێشەو جەنگەڵ تا کۆڵەدارێک بارکات و بیهێنێتەوە و بی با بیفرۆشێت پیاوە، داراو پارەدارەکەی دراوسێ، ژیان تەماشای کرد وا ژیاق نەدار بەرەو جەنگەڵ دەڕوا، «کابانی» کچی پیاوە پولدارەکەیش لەو نیزیکانە راوەستا بوو، مرۆڤە پوڵدارەکە هەرای لە ژیان کرد و وتی: کابرا تۆ بەلێنت نەدا تا دە دوانزە رۆژی دیکە نەچیە جەنگەل؟ مەگەر من سەد سکەم پێ نەدای بۆ ئەوە ژینی خۆتانی پێ دابین کەن و تۆلەم ماوەدا پشویەک بدەی؟ ژیان هەناسەیەکی هەڵکشا و وتی: «پەریخانی ژانی» خێزانم وتی: پارەکە تەواو بووەو هیچمان نەماوە، چارم ناچارە، دەبێ برۆم دارێنم و بیفرۆشم، پیاوە پارە دارەکە وتی: کوێرا نرا ندی و وتی: وەک دەلێی ئێوە «حەفین» هیچ بەرگەتان ناگرێ - «کابان» وتی: بابەگیان لە ژیان قەلس مەبە، ژیان بێتاوانە، پەریخانی خێزانی «کابان» نیە! مالداری نازانێ، مەگەر نەتبیستوە دەلێن: پیاو فەعلاو ژن بەنایە، بابی «کابان» تورە بوو وتی: پیاو کەم دەسەلات و بێکارە بێت ژن چی لێدەکات، یانی تۆ «کابانی» ئەوە تۆم دا بە ژیان و برۆ بزانم چلۆنی دەکەیە ماڵ و دارای دەکەیت، «کابان» کە وای دی وتی: بابە! نەدەشیا، لەسەر قسەیەکی پێشینان وام لێ بکەی، وا بە سوکی و چروکی بم دەی بە شو، بەلام مەرج بێت کارێک بکەم تو ئاو بە دەس «ژیانا» بکەی؟ وتی: تۆ ئێستا لە تەک «ژیانا برۆ»، ژیان زۆر بە دڵ و داو و قەدر و حورمەت دەسی «کابانی» گرت و بردی یەوە ماڵێ و بە دایکی وت: دایەگیان ئەم ئافرەتە کابان و جوانە بووەتە خێزانم تا لە ماڵیدا شارەزا دەبێت برێکت هۆشی پێوەی بێت. بی پارێزە. دایکی وتی: رۆلە تۆ ژنێکی دیکەت هەیە، تۆ تا ئێستاش ئەوت پێ بەرێ نەدەچو، ئەمجار بون بە دو، دەلێن: گوریس بەیەک لا، نەگیێتەوە، بە دولا چلۆن دەگاتەوە؟ ژیان،پەریخانی خێزانی هەوەڵی لە ماڵ دەرکرد، چون دەی‌زانی «کابان» هەم جوانەو هەم کابانەو هەم بە ئاوە زو بە مشورا بەڕاستی «کابان» زۆر شارەزاو کابان و بە پوخت و پەز و بە کردبو،شەش هەیبوی، تینە پە ری، ماڵی ژیان پڕ بوو لەشت و مەک، ئەونەیان شت زۆر بوو، نەیاندەزانی لە کوێ خەن، هەر ئەوەنەیان مابوو کۆڵەکەو ستونی ماڵەکەیان بیێتە ئالتۆن و زێڕ، پاش ساڵ و وەرزێک «کابان» روی کردە «ژیان» وتی:

پێم خۆشە شەوێک بابم داوەت کەین، ژیان سەرتاپا جل و لباسی تازەو نوێی لەبەر کرد و خۆی رازاندەوە و چووە لای باوکی «کابان» وتی: تۆمان بۆ شێو خواردن بانگ هێشتن کردووە، بێ زەحمەت وەرە! با بچینە ماڵی ئێمە میوان بە! دی زاواکەی پاک و خاوێن و لباسی جوان و تازەی لە بەرایە، لە دڵەوە لای سەیر بوو و تی: باشە، خۆی خڕ کردەوەو هەستا لەگەڵ ژیان کەوتە رێگە، چونە ماڵێ، تەماشای کرد ماڵێکی بەرێ و شوێنان هەیە و لە هەموو شتێکا تەسەلن، شتیان زۆر ومشەیە خۆراک و نانیان هێنا، دیتی مەجموعەیان وەک مەجموعەی شایان وایە، دوای نان خواردن ئافتاوەو لەگەنیان هێنا، دەسیان بشۆن، ژیان دەسی دا ئافتاوەکە ئاو بکا بە دەس خەزوریا و بیشوا، بەڵام نەیهێشت، ژیان بەلایێ زۆرو بەلایێ خوا شێت و بە سوێند و تەلاق ئاوەکەی کرد بە دەس خەزوریا، ئەمجار خەزوریشی سوێندی خوارد دەسی دایە ئافتاوەکە تا ئەویش ئاو بکا بە دەسی «ژیان»ی زاوایا و ئەویش دەسی بشوات و روی کردەژیان و تی: تۆش‌ وەک من وای و لە تەمەنی منای، ئافتاوەکەی هەڵگرت و ئاوی کرد بە دەسی «ژیانا» لەو دەمەدا «کابان» کچی پیاوە داراکەو خێزانی ژیان هاتە لای باوکی و وتی: بابەگیان چلۆنی؟ لە بیرتە/وتم: دەبێ کارێ وا بکەم ئاو بکەی بە دەسی ژیانا، خۆ مەرجی خۆم بردەسەر، بزانە ماڵ بە ژنەوە، ئاوەدانە. ژن دەبێ کابان و ژن بێت، نابێ ژان بێت، لێرەدایە پێشینان وتویانە: ژن دەبێ ژن بێت، نە «ژان» یانی ژن دەبێ وەک من کابان و ژن بێت، نابێ وەک پەریخان «ژان» بێت•

**بەشە جیاجیاکانی قلافە:**

بەشە جیاجیاکانی قلافە (ئیسکلێتی) لەش‌ولار قەدو باڵای ئێمە بۆوینە ئێسکی سەر، دەم، چاو، مل‌وسوکروگەردن و ... چوار چێوەیێ کە لەش‌و لاری مرۆڤی راگرتووە و بیچمی پێ‌داوە، ئیسکلێتی لە شمانە، ئەگەر بەدەنی ئێمە ئێسک بەندی نەبوایێ، هیچ کارێکمان لەدەست نە دەهات، شل، وڵ (وڵوڵە) دەبوین، جا لە شوێنێ‌دە کەوتین، بەڵام ئێمە ئێسک بەندیمان هەیە، کە لەئەنداکانی نێوەوە پارێزگاری دەکا و دەیان پارێزێ، بۆوێنە جمجمە لە مێشک، قەفەزەی سینگ، کەدڵ و سیپەلاکەکانی گرتۆتە باوەش و دەیان پارێزێ، ئیسکلێتی ئێمە لە ٢٠٦ تیکە ئێسک ساز بوگە، کە بە تێکرا (١٤) لەسەد وەزنی گشت بە دەنە، ئێسکەکان سوکن، بەڵام زۆر قەوی و پتەون، تەنیا سی‌لەسەد لە بافتی ئێسک زیندون، ئەوانی دیکە مردون، هەر ئەو بافتە مردوانە، بونەتە هۆی سفتی و زمختی و سەختی ئێسکەکان، ئەگەر لە تەک بەشەکانی نێوەوەی لەشمان ناسباو بین، باشتردەیان پارێزێن و کەڵکیان لێوەر دەگرین و چاکتر لەکشگیری خۆرسکو بەدیها تووەکان رێز دەگرین (شەپۆل).

# کێلەشین، ئەشنە یا شنۆ

لە (هاڵدی)یەکان بەردە هەڵکەنراوەی کێلەشین کە بە خەتی مێخی (بزماری)یە لە باکوری شنۆ لە کێوێک هەر بەو ناوە ماوە. بێژەی کێل، لە کێلی قەبر گیراوە، کێل: بڵیند، بەرز، بەردی سەرین و خواروی قەبر، جوانچاکی، بالابەرز، نیشانەی کەوشەن، سەرداری عێل، پێوانەی دانەوێڵەو... شینیش بە واتای کەوگ، بە رەنگی ئاسمان، سەوزی توخ، شەپۆر، بەربینگ گرتن، فیعلی رابوردوی چوون، ئەوان چوون: رۆیشتن، هاتووە. بڵیندی کێلەشین لە قەدی پیاوی مام ناوەندی بەرزترە، ئەم بەردە، کە بە رەنگی کەوگە لە بەردێکی رەشی چەن لاو رەنگ کراو گیراوە، کاتێ پتەی لێدەی دەزرینگێ و دەنگی جورێ مس و ئاسنەواڵە ئەدا. لە ساڵی ١٣٢٧ی هەتاوی برایە مۆزەخانەی شاری ورمێ، هەرچەند لە نێوان ئێران و عێراق لەسەر ئەوە دەمەقاڵەیەک روی دا، چونکە ئەیانوت کێلەشین نیشانەی کەوشەن و سنورە.

لە سەتەی نۆ(٩)ی بەر لە زاین دەوڵەتێک بەناویی (هالدیا) هەبووە کە ئاشۆربان بە (ئورارتو یا ئوراشتو) ناویان بردووەو لە عیبریشدا بە (ئارارات) ناوبراو،و یونانیانیش بە (الارودی، خالدوی و خالدایوی) یادیان کردووە، جا کەوابێ ئارارات گۆردراوی خالدییە «خلدیە: ئورارتویا «وان» عیبری ئارارات: مەملەکەتی قەدیم لە نزیک زەریای وان لە باکووری ئاشوور، لە حودودی ١٢٧٠ تا ٧٥٠ بەر لە زاین بەردەوام بووە. یەکەم کەتیبەیەک کە لەوە بەدەس هاتووە لە زەمانی شەلمنسرا شای ئاشورە کە بە هێرشی سکاو ماد - ەکان تیا چون. دوکتور یاسەمی لە تەوجیهی قسەکەی خۆیدا بۆ ناوی (خالدیا) دەڵێ لە نزیک تەرابوزان لە زەمانی دەوڵەتی بیزانسدا شوێنێ بەناوی (خالدیا) هەبووە کە شاری خەلات: (ئەخەلات) نیشانەی ئەوە، تەنانەت لە قەفقازیشدا نێوی ئەم تایفەیە هەیە، بە کورتی بڵێین: یەکێ لە تیرەی کەڵهور بە (خالدی) ناو ئەبرێ و هەیە.

زۆر دوور نەرۆین بێژەی (هر): هەر - و (هرد): هەرد - و (ئەل) لە (ئەویستا) دا بە واتای (کێو)ە، هەروەک لە «البرز» کە بە واتای کێوی بەرزە (ال + برز) یا الوند یا ئاربەربا، ئارموردە (نێوی دوو کێون لە بانە) هەروا بێژەی (ئەرمەن) ئەمە لە زوانی کوردیدا بە شێوەی سەرەتای خۆی: (هر)و (هرد) ماوەتەوە، هەروەک ئەوە

ئەگەر لەگوند، لە یەکێ پرسیار بکرێ لەکوێ بووی، دەڵێ: «لە هەردێ بووم» یانی لە کێوو کەژ بووم.


ئارارات ئەبێ لە ئارا: (هرا)و (راد - یارات) لەم دوو بەشە بەدی هاتبێ کە بە واتای کێوی بەخشەرو دەهەندەیە، جا هەر بوێ عەرەب ئەوەی بە (جبل الجودی) وەرگێڕاوە، (واستوت علی الجودی- سوورەتی هوود، ئایەتی ۴۴). ئەو کێوەی کەگەمی نوح لەنگەری لەسەر گرتووە، جا کەوابێ (هالدی) هەر (هَرْدێ) یا (الدی)یەکە بە واتای کوێستان و کێونشینە، (ئورارتو)یش هەر ئەمە دەگەیێنێ و بێژەی (ئارارات) هەر وەک لیکۆڵەران وتویانە کە بێژەیەکی عیبری‌یە، نابێ وابێ چونکە نفوزو رەخنەی فەرهەنگی یەهود(جولەکە) لە ئوروپا زۆربەی واژەی مادو کورد و ئیرانی بردۆتە بەر ناونیشانی عیبری، کەیەکێ لەوانە هەر ئەم واژەو بێژەی ئارارات، هالدی یا هلدی یا هەردێ‌یە.

یەکەم کەس کە ئەم کێلەی بە دنیا ناساند، شولس Schulz یەکێ لە کۆنەناسانی ئەلمانی بووە کە بەداخەوە، کوژراوەو روونوسێ کە لەو کێلەی هەڵگرتبوو، تیا چووەو نەماوە، چەند ساڵ دوای کوژرانی شولس، راولینسن Rawlinson دۆزینەری ناوداری بیستون کە ئینگلیسی‌یە بەشێ لەکێلەشین، ئیستامپاژ، کۆپی ئەکا، لە ساڵی ۱۶۵۲ی زایینی خانیکیف Khani Koff لەو کێلە قالبگیری ئەکا، بەڵام دوای ماوەیەک تیا ئەچێ.

لە ساڵی ۱۸۵۸ - بلاو Blau لەو رونووسانەی تا ئەو سەردەمە ساز درابوون، کۆزیلکەیەک لای خۆی کۆ دەکاتەوە، کە بەداخەوە لەگەچ ساز درابوو، لە نێو باردا وردو خاش ئەبێ، بەڵام لە دواییدا A.H.Sayee لەسەر ئەو گەچە، وردانە، کار ئەکاو بیروڕای خۆی لە بابەت کێلەشینەوە دەرئەبڕێ.

لە ساڵی ۱۸۵۸ تا ۱۸۹۰ی زایینی ژ.دیمورگان، لە گوندی هێق هیق Heq-ەوە، دەچێتە سەرگەردنەو کەلی کێلەشین و بە وێنەی ئیستامپاژ، وێنە لە خەتە مێخی (بزماری)یەکانی هەڵ دەگرێ، لە دوای ئەو، هیربیرت M.Herbert بەرپرسی پێنەو پەرۆکردنی مۆزەی مرۆڤ ناسی ترکادرو Trocadero لەسەر ویستی دیمورگان لە روی ئیستامپاژی ئەو بەگەچ قالبگیری خەتە مێخی‌یەکان، بکا بەمجۆرە بۆ یەکەمجار قالبگیری‌یەکی تەواو لەو خەتانە، دەکرێ، ئەو خەتانە بە زمانی ئاسوری‌یەو ژ.دیمورگان ئەوە بە پیرشیل Seheil، ئاسوری ناسی ناودار نیشان ئەداو

خەتی ٨ تا ٢٢ی کەتیبەی کێلە شین کە لەروی ئیستامپاژ- ی. ژ. دیمورگان وێنەگری کراوە، وێنە لە کتێبی دیمورگان وێنەی ٢٧٢ هەڵگیراوە.



کێلە شین کۆی ٧ لە ج ٤ی کتیبی (تەحقیقاتی باستان ناسی میسیونی عیلمی لە ئیراندا) نوسراوی ژ. دیمورگان (پەرەی ٢٦١ تا ٢٧٤)

کەلە ١٨٩٦ی زاینی لە پاریس لە چاپدراوە. وێنە کانیش هەر لەروی ئەو کتێبەوە، هەڵگیراوە،

پیرشێلیش دوای لێکۆلینەوەیەکی زۆر بە سەرەتایەکەوە، مەتن و دەق و ماناکەی لە گۆڤاری Recueil des travaux پاریس‌دا لە چاپ ئەداو بلاوی دەکاتەوە، دەقی کەتیبەی کێلەشین ٤٢ خەتە، وادەرئەکەویٚ لە موتەتەرەفی مۆر-ی کیوسی Meherkapuissi و ئیشپوینین Ispuhi و کورەکەی کە بە منوئا Menua کە هەر سێکیان لە پاشاکانی سەرزەوی توشیا Tuspa بوون و بە هالدیە(هەردیٚ)؟ خوای شار-ی، موزازیر Musasir پێشکەش ئەکریٚ.

جێگای شاری توشیا، دیاری نەکراوە کە لە کویٚ بووە، بەلاٚم هەموو کەونارناسان لایان وایە لە کوردستانی بەشی ئێران لای شنۆ بووە و کێلەشین بەر لە تەختی جەمشید هەبووەو هی زەمانی ئاسوری‌یە.

بەر لەو پیرشێل بیروڕای خۆی دەربڕی، لە نێو کونەناساندا لە بابەت واتای کەتیبەی کێلەشینەوە، دژایەتی هەبوو، لایان وابوو هی دێمورگان لەگەڵ هی راولینسن و بلاو، جیاوازە، بەلاٚم دوای بلاٚوبوونەوەی هی پیرشێل و وتاریٚ کە م.لهان M.Lehann لە ساڵی ١٨٩٣ی زایینی بلاٚوی کردەوە، ئەو دژایەتی‌یە نەما کە سەرچاوەی لەوە گرتبوو، کە راولینسن و بلاو سرنجی خەتەکانی هەر دوو لای کێلەشینیان نەدابوو، بەلاٚم ژ.دێمورگان کۆپیەی لە هەر دو لا هەڵگرتبوو. کێلەشین لەوکەلە، کە بە کێلەشین ناودارە لە شوێنی دابەش بوونی ئاوی خۆرهەلاٚتی و خۆراواییدایە، کە ئاوی لای خۆرهەلاٚت بە چەمی قادرچا، بەرەو دەریاچەی ورمیٚ (چی چست) ئەڕوا، ئاوی لای خۆراوایش بەرەو دەجلە، تیٚدەپەڕیٚ و ئەڕوا. کێلەشین لە ١٣٢٦ی هەتاوی بە هۆی وەزارەتی دەرەوە، برایە مۆزەی ئێرانی باستان[١].

## ئەشنە یا شنۆ

شنۆ یا ئەشنەکە بە (ئوری، نێرگە نێری-یش ناو براوە، گیای بۆن خۆش، دەوالە کە لە داری گوێز و داری سنەوبەر دەئاڵیٚ. بەر لە مادەکان، لولوبیان، هوریان، ئاشۆریان‌و ئورارتو ژیاون، ئەوسا ماد، لە کەتیبەی کورۆش دا لە ئەیالەتی (ئەشنوناک) شنۆ ناوبراوە کە باجی بە کورۆش داوە. ٢٥٠٠ ساڵ بەر لەمڕۆکە لە

١- کێلەشین کزی ٧ لە ج ٤ی کتێبی (تەحقیقاتی باستانناسی میسیونی عیلمی لە ئێراندا) نووسراوی ژ.دێمورگان (پەڕەی ٢٦١ تا ٢٧٤).

کە لە ١٨٩٦ی زایینی لە پاریس لە چاپدراوە، وێنەکانیش هەر لە روی ئەو کتێبەوە، هەڵگیراوە.

سۆنگەی ئاگرپژێنی کێوی راندۆلە، کە لە ساڵی ١٣٢٠ی مانگی بوولەرزە لە شنۆی داوەو زیانی ماڵی و گیانی پێ گەیاندووە، لە ١٩٠٩ی زایینی، تورکی عوسمانی، شنۆی داگیر کردووە، بە هۆی شەڕی روس و عوسمانی، دوایی روسەکان، جیلو (ئاشور) شنۆی گرتووە، خەڵک ئاوارەی موسڵ و کەرکوک بوون. بە هۆی ئەو شەڕانە لە ١٣ هەزار کەس، خەڵکی شنۆ، چەند سەد کەسی ماو ئەوی تر قڕ کرا یان لە برسانو لە سەرمان مردن. (ابن حوقل و یاقوت حموی‌و حمدالله مستوفی) وەسفی باغ‌و باغات و میوەی شنۆیان زۆر کردووە. توتن و سیغاری شنۆ بەناوبانگە. لە باکووری رۆژاوای شنۆ دوو چیای نوک بەرز بە ناوی (راندۆڵە و بابۆڵە «شەترە») روبەروی یەک هەن.

شنۆ، بە عشنۆ، ئوشنۆ، ئەشنو بە مانای: قەڵا، بورج، دژ، سەنگەر، دیوار کە عشنۆ لە بەردی (کێلەشین - کالاشان) بە خەتی مێخی (بزماری) نووسراوە. لە ساڵەکانی ١١٤٥ی مانگی و ریکەوتی ١٨٦٥ی زایینی لە کاتی شەڕی ئێرانو روس، هۆزی زەرزا، لە بەشێ لە راندۆڵە و بابۆڵە و ئەو ناوە نیشتەجێی بوون و لە دواییشدا مامەش لە شنۆ نیشتەجێبوون. جولەکە لە شنۆ بە پێی پلاک-ی ٥٤١ عیبادەتگەیان بووەو لە ١٩٥٣ی زایینی دوای دامەزرانی حوکومەتی ئیسرائیل کۆچیان کردە فەلەستین. لە ١٣١٩ی هەتاوی لەشکری روس لە شەڕی دووەمی نێوگەلانی، خۆی خزاندە شنۆ.

سێزدە سەدە بەر لە زایین، شنۆ شارێ گەورە و چوار دەروازەی بووە:

١- دەروازەی قەڵاتوک لە باکووری رۆژاوای شنۆ کەئێستا شوێنەواری دیارەو دەریاچەی قەڵاتوک یا کێوی زمە لە کەنار ئەو دایە.

٢- دەروازەی گوندی ئاسناواکە ئێستا گوندی ئاسناوا لە سێ کیلۆمیتری باشووری شار لەسەر تەپۆڵکەیەکە.

٣- دەروازەی گرد کەشان کەئێستا گوندی «گردکەشان» لە لای شنۆ لە بان تەپۆڵکەیەکە.

٤- دەروازەی رێگاباد کە ئێستا لە سەروی جادەی شنۆ بۆ نەغەدە رێگابادایە. هەندێ لایان وایە چوون شوێنەوارێک ناودار بە (مەلەکەی سەبا) بە نێوی بەلقیس لای شنۆ هەیە - شنۆ - یان بە شاری سەبا داناوە، ئەبێ بزانین نیزامی گەنجەوی کوڕی رەئیسەی کوردو هاورەگەزی عەلائەدین کۆرپە لەسەرەتای بەهرامنامە کە

لەسەر ویستی عەلائەدین کۆرپە بە شیعر بەهرامنامەی داناوەو بە عەلائەدین کۆرپەو دوو کوڕی ئەو کە ناویان (نصرت الدین ملک محمدو فلک الدین ملک احمد) بووە، پیشکەش کردووەو تاریفی کردوون‌و نێوی بەلقیسیشی راگەیاندووەو عەلائەدین کۆرپەی پاشای ئازەربایجان و رویین دز (: رەواندز)ی بە سولەیمان داناوە و بە سولەیمان ناوی بردووە و خێزانیشی بە بەلقیس ناو هیناوە، هەروەک: دەڵێ:

| | |
|---|---|
| چون اشارت رسید پنهانی | از سراپردهٔ سلیمانی |
| برگرفتم چو مرغ بال‌گشای | که کنم بر در سلیمان جای |
| خسروی تاج‌بخش بخت نشان | بر سر تاج تخت و گنج فشان |
| عمدة المملکت علاءالدین | حافظو ناصر زمان و زمین |
| شاه کُرپه، کۆرپە، ارسلان کشورگیر | به از الب ارسلان بتاج و سریر |
| در مفاظی خط سلیمانی | عرش بلقیس باد نورانی |

لە پاشان بە شیعر دەڵێ: عەلائەدین کۆرپە لە بابەت جیهان گوشاییو دادپەروەریو چاکیو پیاوەتیو ژیری و بەمشوری لە ئیسکەندەر و ئەرەستالیس و ئەنەوشیروان و بوزورگ میهر و پەرویز، مەزن‌تر و گەورەترە کە دەڵێ

| | |
|---|---|
| تو کز ایشان به افسری داری | چون نظامی سخنوری داری |

جا نیزامی کاتێ کە لە ساڵی ٥٩٣ی مانگی لە ساعەتی ٤ی رۆژی ١٤ی مانگی رەمەزان، بەهرامنامە تەواو دەکا، بە دیاری دەی‌نێرێتە لای عەلائەدین کۆرپە و ناوی (رویین دز: رەواندز)یشی لەوێدا بردووە کە فەرمویەتی:

| | |
|---|---|
| چون من ازقلعه قناعت خویش | شاەرا کنج درکشیدم پیش |
| در اداکردن زر جایز | وامدار منست روئین دز |
| وام داری نەکز تهیی شکمی | دز روئین بود ز بی درمی |
| میخ زرین که مرکز زمی است | نام روئین دزش زو محکمی است |

ئەگەر لەم شیعرانە و لەبەردی کیلەشین بە وردی بکۆڵدرێتەوە پەردەی تاریکی مێژووی شاری شنۆو کەسانێ کە لەو ناوە ژیاون زۆر جوان رووناک دەبێتەوە.

کیلەشین نوسەت ساڵ بەر لە تەختی جەمشید لە نێو سنووری ئەوکاتی ئاشوور و وڵاتی ئورارتو (ئەرمەنستان) دانراوە - هێمان لە شنۆ (دیر مار ابراهم) شوێنی ماوەو لە جەنگی یەکەمی جیهانی لە ساڵی ١٩١٨ ز - مەسیحی و نەسارا لەوێ

ئەمانو کۆچیان کرد.

## شوێنەواری کۆنی شنۆ

گوندی بیمزورتێ، یا بێ دین زورتی (یا بێنازورتل) کە بە واتای بەخشراو یا مەوقوفەیە، کە یەکسەت و بیست هەزار دانیشتووی هەبووە،دەنخەکە مار دەنخە قەشەی مەسیحی ٢ هەزار ساڵ پێش پردیکی دارینی لەسەر چۆمی شنۆ بۆ پێوەندی هەر دوە بەشی شنۆ ساز داوە، تەپەی دیی شەمس، تەپەی حەسەن نوران، ئاوی گوڵ، تەپەی مەلا محەمەد، قەڵای توک، گۆڕی مەسیحییەکان کە پەیکەرەی بەردینی شێر، بەران، بزنو شتی دیکەی لێیە. خورشت بە واتای نێزیک گوندیک بووە زۆر لە مارابراهم نزیک بووە. سرگیس، ئەلوسی کە لە نێوی دوو قارەمانی مەسیحی: سرگیس و یا خوس، وەرگیراون. لە نووسراوەی کێلەشین دا نێوی شاری ورمێ، نیرگێ و شنۆ هاتووە.

چۆمی شنۆ، شنۆ دەکاتە ٢ بەش، بەڵام سێ پردی لەسەرە، چۆمی گادەر کە لە ٥ کیلۆمیتری باشووری شنۆ لە خوراواوە بەرەو خۆرهەڵات دەڕوا، چۆمی گادەر لە ٨ چۆم پێک دێ: ١ـ چۆمێ لە سنوری کێوەکانی کوردستانی باکووری و باشووری. ٢ـ چۆمی کێوی شێخ ڕێواس. ٣ـ چۆمی نێوان دوو کێوی هەوار بەست و هەوار کێو، کە بە چۆمی تالمجار ناودارە. ٤ـ چۆمی نێوان کێوی هەوار ماخوو کێوی نارەوەن. ٥ـ ئاوێ کە بە (رود سیاه) - چەمی ڕەش - کە لە کێوی (رورونک) سەرچاوە دەگرێ. ٦ـ چەمێ کە لە کێوی سپیەرێز و کێوی کێلەشین دەڕواتە خوارێ، ئەم دوو چۆمە بە (دورۆ) و گوندی (دورۆ) کە لە یەکێ لەم دووانەوە نێزیکە بە ئاوایی (دورۆ) بەناوبانگە. ٧ـ چۆمی چێراوایە، کە ئەمیش لە کێوی سپیەرێز سەرچاوە دەگرێو لە گوندی ئەلۆس و دیی شەمس تێدەپەڕێ و دەڕژێتە نێو ئاوی گادەر. ٨ـ چۆمی گچکەی دیکە بە نێوی (گردکاشان) دەگاتە ئاوی چۆمی شنۆ و بە نێو دیی پیروت ئاواو حەسەن نوران دا دەڕواو دەڕژێتە ئاوی گادەر.

لە ئاوایی سەردەرەو قەرەسقڵ، کانی نەوت هەیە. کێلەشین لە ٨١٤ ساڵ بەر لە زایین بە دەستی (ئیش پوئینی) کوڕی (ساردۆ) پاشای ئورارتۆ لەو شوێنە دانراوە، لە نێو مولکی دورۆ دایەو دورۆ لە سەرووی ئاوایی شێخانە و سەر بە شاری شنۆیە و کێوی کێلەشین بە نێو ئەو بەردە مێژوویە ناودێرە- کێلەشین لە لوڵان نێزیکە - ڕیشتەی کێوەرەش و سی پارزو کێوەکانی بارزان و کێوە سپی پێکەوەن و لە ڕێگای

کێلەشینەوە بۆ ناوچەی سەیید رخان و شاری دیاناو رەواندز (رویین‌دز) دەچێ. لە خوار کێلەشینەوە چۆمێک بەناوی (لاوێن) هەیە کە لە سێڵوە سەرچاوە دەگرێ، لاوێن لە ناوچەی پیران بە (بادین ئاوا) ناو دەبرێ، لە لای سەردەشت بە (زێ) لە خوارترەوە بە(کلک) ناونراوەو کێلەشینیش هەر لەسەر ئەم چۆمی (کلک)ەیە - لەو ناو، بەردی وا شین نیە، لەوە دەچێ بەردی کێلەشین لە شوێنی دیکەوە هاتبێ. لەسەر هەر دوو روی ئەو تاتە بەردە بە خەتی ئورارتو و خەتی مێخی (بزماری) ئاشووری نووسراوە - کێلەشین ١٦٨ سانتیمتر درێژ و ٤٠ سانتیمیتریش پانە، واژەی (سەرزەوی نایری (نەهری) شاری، توشپا، منورا، خوای خالدی، شاری موساسپر، دەروازەی خالدی، ١١١٢ گا، شای جیهان، شای سەر زەوی نایری‌و شنۆ (بەسەبا ناسراوە) کە لێکۆڵەران دەڵێن: مەلەکەی سەبا هاوینانە هاتۆتە شنۆو شیعری نیزامیش ئاماژەیە بەو قسەو باسانە. لە کتێبی (ئاناباسیس) نووسراوی گزنفۆنی یۆنانی ئاتینی تەرجەمەی (احمد بیرشک) - لە زمانی فەرانسەوی کتاب‌سرا چاپی ١٣٧٥تاران، پەڕەی ١٩٥ باسی ئەوە دەکا لە (زاب تاسر زمین کردها - ئوکتوبر تانوامبر ٤٠١ بەر لە زاین، لە تەرجەمەی ئینگلیسیدا راهپیمایی به سوی کوردستان - نووسراوە - لە (کتاب چهارم در سرزمینهای اقوام کرد ئوکتوبر ٤٠١ تا فوریەی ٤٠٠ بەر لە زایین و لە تەرجمەی ئینگلیسیدا راهپیمایی به سوی کردستان - لە پەڕەی ٢٥١ فەسڵی یکم ورود به کردستان نووسراوە، لە پەڕەی ٢٥٢ در کوهستان کردستان نووسراوە. لە ئازایی کورد زۆری قسەکردووە، کە بەدە هەزار کەسەوە بە کوردستاندا تێپەڕیوەو کوردان بەریان گرتووە و توشی کەندو کۆسپیان کردووە، لەچۆمی تلبوئا - قەرەسو (ئاوەرەش)، فوراتی شەرقی: مرادسو، دەریاچەی وان، ملازگرد، موش، دەجلە، چۆمی بۆتان (کن تری سس) کردۆخ، کورد سیرت، چۆمی بەیت لیس، بتلیس، تیروکەوانی کورد، قۆچەقانی، قەڵماسک، ئاو ئەنباری کوردی، شەراو، ئاوجۆ، سوتانی ماڵ و دارایی کورد بە دەستی یۆنانیان، گاشەبەرد، خلورکردنەوەی کوردان بەسەر پیاوانی جەنگی یۆنانی لەسەرکێو و یاڵەوە، بۆ نێو دۆڵ و چۆمی کێوکە سەربازانی یۆنانی لەوێوە بۆ شەڕی کوردان؛چون و نان وخواردەمەنی کوردیان دەرفاند، دە هەزار جەنگی یۆنانی لە نێو خاک‌و نیشتمانی کاردوکها: کوردەکان، شاری بای بورت، گمیناس، ئاریە، تیسافرن، کوردوخۆی - کردیش Kurds جزیرە، جزرە یانی جەزیرەی

عەبدولعەزیز کوڕی عومەری کوردی بەرقەعیدی یا بەردەقیتی، وە خەیات ئیبنی خەلەکان/ جەراح/ پزیشک، دەلاک، خەشترە پاوان. دیواری ماد، ئورونتاس، زاوای شا، مس پیلامەسکەنی ماد، لاریسا مەسکەنی ماد، خورشید: خۆر/کالاخ، نینوا، رس، کە لە قورئانا ناوی ئەسحابی رس براوەو تێک رمانی نینەوا لە ۱۰۲۹ رووی داوە؛ بۆتاکونسولی فەرانسەوی لە موسڵ ۱۳۲۲ لە نینەوای کۆلیوەتەوە، لە بان گردێک لە کەناری خۆرهەڵاتی فورات، رو بە روی موسڵ، ئەسپ، ئەسپ سوارانی کورد، تیر ئەندازی کوردان بە سواری، بە قیل قاچ، پیادە، زڕیا، بالأبەرز، خەشاریارشا، کورۆش، سرود، پشمین (زئوس: خدای خدایان، شا، میزبان، رەهاننده). لیدی، لەت، پارە پارە، پلوتارک، جەسەدی کورۆش، ئێرانیانو ماد-ەکان - (سارد، ئەفسوس، زاب کورد، رێی پێوان بەرەو کوردستان . ماد. بابولی، ناو بردووە.

نوکتە: شنۆ نێوە بۆ یەکێ لە بەشەکانی (ورمێ) - شنۆ لە باشووری ورمێ دایە. شنۆ لە باکوورەوە ئەلکێ بە (باراندوزچای) و لە خۆرهەڵاتەوە بە (سندوس)و لە (خۆرئاوا)وە بە خاکی کوردستانی گەرمیانەوە ئەلکێ.

بەشی باشووری شنۆ جەلگەیەو هەواکەی موعتەدیلە، ئەوەی لە (شنۆ) بە دەس دێ دانەوێڵەو توتنی سیغارە، بەشی باکووری شنۆ کوێستانەو ساردە، زیاتر گەنم و جۆو شیرو ماست و کەرەو پەنیر و توتنی لێ بە عەمەڵ دێ. ئاوی شنۆ لە کانی و ئاوی بەفری کوێستانە.

کاری زۆربەی خەڵک جوت وگاو مەڕو ماڵاتداری‌یە، شنۆ لە دوو بەشی دەورو بەرو (دەشتەبیڵ) پێک هاتووە - ۷۶ گوندی بە دەسەوەیەو حەشیمەتەکەی ۳۴۷۸۰ کەسە. ناوەندی ئەم بەشە شاری (شنۆیە)و سەر بە شاری (ورمێ)یە. گوندەکانی دیستانی شنۆ (نەڵیوان)ەو ۶۰ گوندی بە دەسەوەیەو حەشیمەتیان تا ۲۱۷۴۱۰ کەسەو ناوی گوندە گەورەکان بەم جۆرەن:

دێ شەمس، خواروو ژووروو، دێ گورجی، حەسەن نوران، خالداوا، نەلۆس، نەرزیوە، هیق، یا هێ، سنگان، شێخان، نەڵیوان.

شنۆ، شارۆچکەیەکە، ناوەندی دیهستان و بەشی شنۆی شاری (ورمێ) لە ۱۱۰ کیلۆمیتری باشووری ورمێ - لەسەر رێگای ئیسفاڵتەی نەغەدە - مەهاباد، بۆ پیران شار، جادە ئیسفاڵتەیە.

عەزیزی کوڕی حوسەین، شێخ ئەبولفەزل شنۆیی خاوەنی (فەرایض) کە لای عەلی ئەبو ئیسحاقی شیرازی و ئەبو جەعفەری کوڕی موسلیمەو... دەرسی خوێندووەو فەزلی کوڕی محەممەدی تەوقانی لای ئەم عەبدول عەزیزە کوردەی خوێندووە، ئەمە قسەی سەمعانی یە.

لە تەبەقاتی ئەسنەوی دا نووسراوە: عەبدول عەزیز لە شاری بەغا رۆیشتوەو لە پاشان گەڕاوەتەوە بۆ بەغا بۆ ئەوەی قەڵەمێکی بە ئەمانەت وەرگرتبوو، بیداتەوە دەس خاوەنەکەی و دوای ئەوەگەڕاوەتەوە بۆ شنۆ و لەوێ مردووە. دیارەناوی شنۆ بە هەڵە لەو کتێبانە دا نووسراوە.

وەشنی، ئەشنە، شنۆ سێکەس لە زانایانی حەدیسی ناوداری وەکو: ئەشنایی و ئەشنەهی و ئەشنائی و مەلای گەورەی بەناوبانگی وەکو مەلا عەلی کوڕی شێخ حامیدی ئەشنەوی لە شنۆدا هەڵکەوتون

شنۆ یەکێکە لە بەشەکانی سەر بە (ورمێ) کە زیاتر لە ٧٦ گوندی هەیەو لە باکوورەوە ئەلکێ بە ورمێ و لە خۆرهەڵاتەوە بە سندوس و لە باشوورەوە بەرەواندز و لە خۆراواوە بەدۆڵ و گەلی قاسملو، کەوشەنی ئەگەڕێتەوە.

ناوەندی شاری شنۆیش هەر خودی شاری شنۆیە.

## ترکەش:

ترکەش: گوندێکە لە دێهستانی مەنگوڕ، بەشی حەومەی شاری مەهاباد و ٥٤ کیلۆمیتر خۆرئاوای مەهاباد و لە ٥و ٤٥ کیلۆمیتری خۆرئاوای جادە ئیسفالتەی مەهاباد بۆ سەردەشتەو کوێستان و ساردو سالمە و زیاتر لە ١٢٢٢ کەس لەوێ ئەژێ و کورد و سوونین و لە چەمی بادیناوێ و چاوە ئاو ئەخۆنەوەو بەرهەم دانەوێڵە و توتن و گەنم و جۆیەو کاری خەڵک جوت و گاو مەڕ و ماڵاتداری یەو کاردەسی جاجمو شتیوایە. وە ڕێگای ئەوێ کوێرە ڕێگایەو ئەم گوندە بەقسەی ژاک دێمورگان لە١٨٨٨ی زایینیدا دروست کراوەو لە دوو جێگا بە مەودای ١ کیلۆمیتر، دوو گوند بەناوی ترکەشی سەرێ و خوارێ هەیە و ترکەشی خوارێ حەشیمەتەکەی زیاتر لە ٧٣٥ کەسە.

**سیوەدین:** گوندێکە لە دێهستانی یەختەچی بۆکان بەشی بۆکانی شاری مەهاباد و لە ١٤ کیلۆمیتری خۆراوای بۆکان و لە ٥و ١٣ کیلۆمیتری خۆراوای بۆکان بۆ مێاندواوەو کوێستان و موعتەدیلە و مێشولەی نۆبەتی هەبووو ئێستا

نەماوە. زیاتر لە ۱۲۳۷ کەس حەشیمەتی هەیەو کورد و سونین و لە چەمی سیمینەرو ئاو ئەخۆنەوەو بەرهەم: دانەوێڵەو توتن و گەنم و جۆیەو کاری خەڵک جوت و گاو مەڕو ماڵاتداری‌یەو کار دەسی: جاجم و بەرماڵ و شتیوایە، رێگای ئەوێ کوێرە رێگایە. لە دوو جێگا بە مەودای ۳ کیلۆمیترو نیو، دوو گوند بەناوی سێوەدینی سەروو، سیوەدینی خواروو هەیە کە گویا سەیفەدین خانی سەرداری بۆکان کوڕی عەزیز خانی سەرداری کولل‌سازی داوەو سیوەدینی خواریٚ ۱۱۴۹ کەس حەشیمەتی هەیە.

**سەردەراباد(سەرداراوا)**: گوندێکە لە دیهستانی یەختەچی بەشی حەومەی شاری مەهابادو لە ۳۰ کیلۆمیتری باشووری خۆراوای مەهابادو لە ۲۶ کیلۆمیتری خۆراوای جادە ئیسفاڵتەی بۆکان بۆ میاندواوەو کوێستان و موعتەدیلەو میشولەی نۆبەتیٚ هەبووەو ئیستا نەماوەو زیاتر لە ۱۵۹۷ کەس لەوێ ئەژین و کورد و سونین و لە چاوە ئاو ئەخۆنەوەو بەرهەم دانەوێڵەو توتن و گەنم و جۆیە و کاری خەڵک جوت و گاو مەڕو ماڵاتداری‌یەو کاردەسی جاجم و گۆرەوی و پوزەوان و شتیوایەو رێگای ئەوێ کوێرە رێگایە و ئەم گوندە سەردار سەیفەدین خانی دووەم سازی داوە.

**سەردەشت**: نیوە بۆ یەکێک لە بەشەکانی سیگانەی شاری مەهابادو لە باشووری خۆراوای مەهابادایەو لە باکورەوە ئەلکیٚ بە دیهستانی مەنگوڕان و لە باشوورەوە بە چەمی زابی (زیٚ):ی کچگەی خاکی کوردستانی گەرمێن و لە خۆرئاواوە ئەلکیٚ بە دیهستانی گەورکی مەهابادو (نەمەشیر)ی بانەو لە خۆراواوە بە خەتی کوردستانی گەرمیانەوە.

**سەردەشت** کوێستانەو لێرەوار وجەنگەڵە، بەڵام گوندی (کەلاس) لەوناوە دا تەقریبەن جەلگەیە.

ئاوو هەوای سەردەشت دوو جۆرە، بەشی لای کوردستانی ئەودیو ساردەو بەشی ئەم لای چون لێرەوارە، موعتەدیلە. گوندەکانی سەردەشت لە چەمی سەردەشتو چەمی بادیناویٚو چاوە ئاو ئەخۆنەوە.

بەرهەم: دانەوێڵە و توتن و کەرەستەی لێرەوارو شیرو کەرەو پەنیرە. کاری خەڵک لە سەردەشتا دوکانداری، کاری حۆمەی، جوت و گاو مەڕ و ماڵاتداری و کارو کرێکاری‌یە.

ئەم بەشە ٧ دیهستانە کە لە ١٨٩ گوندی گەورەو گچکە پێک‌هاتووەو حەشیمەتەکەی لە ٧٦١٦٠ کەس زیاترە، دوو ڕێگا بۆ سەردەشت ئەچێ: ١- ڕێگای ئیسفالتەی مەهاباد، سەردەشتە. ٢- ڕێگای بانە سەردەشتە کە نیوە خاک و نیوە ئیسفالتەی ساردە.

لە زستاناندا لەبەر بەفری زۆر و خراپی ڕێگا هات و چۆ بۆ سەردەشت زۆر سەختە.

سەردەشت: شارۆچکەی بەشی سەردەشتەو لە ١٣٩ کیلۆمیتری باشووری خۆراوای مەهابادایە.

هەوای سەردەشت موعتەدیل و ساردەو زیاتر لە ٤٠٠٠٠ کەس حەشیمەتی هەیەو کورد و موسلمان و سونین، بەلام ئێستا لەسۆنگەی بۆمبارانی ڕژێمی سەدامی عەفلەقی خوین ڕێژ و کورد کوژەوە نیوە چولە. سەردەشت دوو شەقامی گەورەی هەیە: ١- خۆرهەلاتی و خۆراوایی‌یە. ٢- باشووری و باکووری‌یە، لەسەرەتای شەقامی خۆرهەلاتی و خۆراوایی سەردەشتا چاوە ئاوێکی گەورە هەیە کە لە عەرد هەلدەقولێ و دارای گۆل و ئەستێرەیەو ئاوی خواردنەوەی شارو ئاوەدانی زەوی و زاری دەوروبەرو گەڕانی ٧ ئاسیاو (ئاش)ی. ئاوی لەو چاوە دابین ئەکرێ، ئەو ئاوە زیاتر لە ٧ ئاشگێڕە.

لە شاری سەردەشتا چەن چاوە ئاوی تر لە ١ کیلۆمیتری شارا هەیە، بەلام چونکە جۆمال ناکرێن و پیان راناگەن، ئاوەکەیان کەمی کردووەو لە کزین، بەلام ئاوەکەیان زۆر خۆش و گەوارایە.

لە سەردەشتا مزگەوتی زۆرو مەلای مودەریس و فەقێ هەیە. دەفتەری ئەسناد، فێرگەی تازە وەکو دەبیرستان، یانەی حوکومەتی، پادەگان و سنورەوانی لێیە.

بە قسەی ژاک دیمورگان سەردەشت بەردەمەڕمەڕی سپی چاک و عالی هەیە.

کوردستان خاوەنی چەم و ڕووباری زۆرە وەک:

١- دەجلە کە درێژایەکەی لە کوردستاندا (٦٠٠) کیلۆمیترە - (٤٥٠) کیلۆمیتری دەجلە لە کوردستانی تورکیەوەو (١٥٠) کیلۆمەتریشی لە کوردستانی گەرمیانەوە تێ ئەپەڕێ.

٢- فورات، درێژایی ئەگاتە (٢٨٠٠) کیلۆمیترو (١١١٠) کیلۆمیتری بە کوردیستاندا ئەڕوا، ئاو، ئاوی کوردان، تورک بە سوریەو بەغدای ئەفرۆشی و

کەڵکی رامیاری و ئابووری لێ وەردەگیرێ.

۳ـ چەمی (قزل وەزان) کە لە ۳۰کیلۆمیتری زەنگانەوەیە، ئەم چەمە لە کێفەکانی مزگەوتی میرزدا لە رۆژاوای (ساراڵ) و کێوەکانی باشووری دێهستانی ساراڵەوە، سەرچاوە دەگرێ و هەڵدەقوڵێ و خۆ ئەخزێنێتە دەریای خەزەر.

۴ـ سیروان لە کوردستانی ئێران سەرچاوە ئەگرێ و ئەڕژێتە خاکی کوردستانی عێراق.

۵ـ قەرەسو(سورِ) لە رەوانسەرو لە شاهۆی کوردستانی ئێران سەرچاوە ئەگرێ.

۶ـ زێی گەورە - لە کوردستانی تورکیاوە سەرچاوە ئەگرێ و ئەچێتە خاکی عێراق.

۷ـ زێی کچگە - ئەمیش هەر لە تورکیاوە سەرچاوە ئەگرێ، ئەڕواتە ناو عێراق و ئەڕژێتە دەجلە.

۸ـ ئەرەس لە کوردستانی تورکیاوە دێ و ئەڕژێتە دەریای خەزەر.

۹ـ چەمی بتلیس و بۆتان بە کوردستانی تورکیادا ئەڕوا.

۱۰ـ گاماسیاو (گاماسیاب) بە کوردستانی ئێراندا ئەڕوا.

نوکتە: وەرمیشیان - گوندێکە لە دێهستانی مەنگوڕانی بەشی دەوروبەری شاری مەهابادو لە ۴۸ کیلۆمیتری باشووری خۆراوای مەهابادەو ۳۱/۵ کیلیۆمیتری خۆراوای جادە ئیسفالەی مەهاباد بۆ سەردەشتە.

کوێستانەو سارد و سالمەو زیاتر لە ۲۰۰۰ کەس لەوێ ئەژین و کورد و سونین، لە چەمی بادیناوێ، ئاو ئەخۆنەوە.

بەرهەم: دانەوێڵە، توتن، گەنم وجۆیە، کاری خەڵک جوت و گاو مەڕو ماڵاتداری یە. رێگا بۆ گوند: کوێرە رێگایە.

**بادیناوێ مەنگوڕان:** یەکێکە لە دێهستانەکانی مەنگوڕانی بەشی شاری مەهاباد و لە ۵۸ کیلۆمیتریّ باشووری خۆراوای مەهابادەوەیەو لە ۴۹ کیلیۆمیتری خۆراوای رێگای ئیسفالتەی مەهاباد بۆ سەردەشتە.

جەلگەیەو موعتەدیل وسالمە و زیاتر لە ۸۰۰ کەس لەو گوندە دا ئەژین و لە چەمی بادیناوێ ئاو ئەخۆنەوە، بەرهەم دانەوێڵە، توتن، گەنم و جۆیە، کاری خەڵک: جوت و گاو ماڵاتداری یە، کاری دەسی: جاجم، گۆرەوی چنین و شتیوایە. رێگا ئەرابەرەوە.

**بادین ئاوا:** گوندێکە لە دێهستانی پیرانشار(خانە)ی بەشی دەوروبەری

شاری مەهاباد و لە ٥٧ کیلۆمیتری باشووری خۆراوای مەهاباد و لە ١٥ کیلۆمیتری باشووری خۆراوای جادە خاکی پیرانشار بۆ نەغەدە دایە. کوێستانە و سارد و سالمە، زیاتر لە ١٤٠٠ کەس لەوێ ئەژین و کورد و سونین و لە چەمی بادیناوێ، ئاو ئەخۆنەوە، بەرهەم دانەوێلە، توتن و گەنم و جۆیەو کاری خەڵک جوت و گاو و مەرداری یە و کاردەسی ژنانیش: جاجم و بەرماڵ و گۆرەوی و شتیوایەو ڕێگا: ئەڕابەرەوە.

**خال دەلیل:** گوندێکە لە دیهستانی یەڵتەمرو بەشی دەوروبەری شاری مەهابادەو لە خۆراوای جادەی ئیسفاڵتەی مەهاباد بۆ سەردەشتەو کوێستان و موعتەدیلە و مێشولەی نۆبەتێ هەبووەو ئێستا نەماوەو زیاتر لە ٢٢٠٠ کەس لەوێ ئەژی و کورد و سونین و لە کانی و چاوە ئاو ئەخۆنەوەو بەرهەم دانەوێلە و توتن و گەنم و جۆیە و کاری خەڵک جوت و گاو مەڕ و ماڵاتداری یەو کاردەسی: جاجم و بەرماڵ و گۆرەوی و شتیوایەو ڕێگا کوێرە ڕێگایە: لەم گوندەدا بەردی گەورەی (گرانیت) هەیە.

**تەرەغە:** گوندێکە لە دیهستانی یەڵتەمری بەشی حەومەی شاری مەهابادەو لە ٣٨ کیلۆمیتری باشووری خۆراوای مەهابادەو لە ٢٣ کیلۆمیتری خۆراوای جادە ئیسفاڵتەی بۆکان بۆ میاندواوەو کوێستان و موعتەدیل و سالمە، زیاتر لە ٢٢٣٠ کەس لەوێ ئەژی و کورد و سونین و لە دەرەو دۆڵ ئاو ئەخۆنەوە، بەرهەم: دانەوێلە و توتن و گەنم و جۆیە. کاری خەڵک جوت وگاو مەڕ و ماڵاتداری یەو کاری دەسی: جاجم، بەرماڵ و گۆرەوی و شتیوایە و ڕێگا: کوێرە ڕێگایە - لە تەرەغە دا ئاهەک هەیە.

ئیساکەن: گوندێکە لە دیهستانی یەختەچی بەشی، دەوروبەری شاری مەهاباد و لە ٢٩ کیلۆمیتری باشووری خۆراوای مەهاباد و ١٦ کیلۆمیتری خۆراوای جادە ئیسفاڵتەی بۆکان بۆ میاندواوەو کوێستان و موعتەدیل و مێشولەی نۆبەتێ هەبووەو ئێستا نەماوەو زیاتر لە ١٢٥٥ کەس حەشیمەتی هەیەو کورد و سونین و لە چاوە ئاو ئەخۆنەوە. بەرهەم: دانەوێلە و گەنم و جۆیە و کاری خەڵک: جوت و گاو مەڕ و ماڵاتداری یە،وە کاردەسی: جاجمو شتیوایە، ڕێگا: کوێرە ڕێگایە و ئەم گوندە ئاهەکی هەیە.

پەراوێزو سەرچاوەکان:

١ـ کوردو پەیوەستەگی نیژادی و تاریخی ئەو، نووسراوەی دوکتور رەشید یاسەمی، پەرەی ٩٢
٢ـ (حودودی ١٢٧٠ـ٧٥٠ بەر لە زایین)
٣ـ ١٢٧٦ـ١٢٧٥ بەر لە زایین
٤ـ دائرةالمعارف مصاحب
٥ـ بو زیاتر زانین بڕوانە کورد و پەیوەستەگی نیژادی ئەو، نوسراوی دوکتور رەشید یاسەمی، لاپەڕەی ٩٢ یا کوردەکان و کوردستان نووسراوی دەرکینان تەرجەمەی دوکتور یونسی، لاپەڕی ٢٩ تا ٣٠ چاپی تاران، سالی ١٣٧٢ی هەتاوی
٦ـ کێلەشین تەرجەمەی فەرەیدون، تەوەلەلی، نەقل لە کتێبی بیرەوەری سەفەری ئازەربایجان و کوردستان، نووسراوی محەمەدرەزا خەلیلی عێراقی، چاپخانەی ئەرتەش، تۆسان، خاکەلێوەی سالی ١٣٢٨ی هەتاوی، پەرەی ١٤٤ تا ١٤٦.
٧ـ بە فارسی کریە نووسراوە، دیارە واژەکە کوردی یە و بە واتای ساواو بەرمەمکانە و کۆرپەیە - شەپۆل.
٨ـ بڕوانە، بەهرامنامەی نیزامی گەنجەوی، شهریاران گمنام احمد کسروی - بە پێی صفوة الصفا کتێبی شێخ صفی و تبارش، نووسراوی ئەحمەدی کەسرەوی، سەفەوی یەکان کورد بوون و سوونی. (شەپۆل) - کوردستانی موکریان لەسەرەتای تاریخەوە تا سیف‌الدین موکری سالانی ٨٧١ی مانگی و رێکەوتی ١٤٦٦ی زایینی ئاترۆپاتین - رەواندز - مطبعەی زاری کرمانجی چاپی ١٩٣٨ز - نووسراوی مێژووزان و لێکۆڵەری زاناو دلسۆزی کورد حوسەین حوزنی موکریانی (علیه الرحمة).
٩ـ نێرگێ ناوی گوندێکە لە مەرگەوەڕ دایە، نێزیکی گوندی بەرازان و سێ گرکانە.
١٠ـ بڕوانە پەڕەی ٢٠ شەرەفنامە بە کوردی، چاپی ئوفسێتی دووەم، سالی ١٩٨١ زایینی تاران.
١١ـ سەرچاوە: فەرهەنگی موعین، پەرەی ٥٣ - آ - ع چاپی تاران، یادداشتی نووسەر، هەروا بڕوانە مەجموعەی آثار فارسی تاج‌الدین اشنوی قرن ششم و هفتم هجری، به مقدمه، تصحیح، تعلیق: نجیب مایل هروی چاپی ١٣٦٨ی هەتاوی و بڕوانە زریزەی زێڕین، نووسراوی (شەپۆل) و بڕوانە تاریخ گزیده، نووسراوی حمدالله مستوفی، لاپەڕەی ٧٧٦ چاپی ١٣٦٢ی تاران، ئەمیرکەبیر. فەرهەنگی جوغرافیایی ئێران، جەلدی چوار، نووسراوی رەزمارا.
١١ـ سەدامی عەفلەقی بە بۆمی سیانورد، بۆمبی خەردەل و بە بۆمبی شیمیایی هەڵەبجەی کردە هیرۆشیمای کوردستان، شاری سەردەشت و رەبەت (کانی مارێ)ی بۆمباران کرد و خەلکی کوردی ئاوارە کرد.
١٠ پەراوەی گەنجینەی فەرهەنگ و زانست، نووسراوی شەپۆڵ.
١٢ـ بڕوانە گرشەی کوردستان، پەڕەی ١٢، ژمارە ٥، سالی دووەم ١٩٨١ی زایینی تاران. یەکەم ژمارەی گرشەی کوردستان لە ١٩٨١/٣/١ی زایینی بلاو کراوەتەوە.
١٣ـ آناباسیس کسنوفون، ئاتینی یونانی قرن ٤ ق.م. (احمد بیرشک ترجمه) لە فرانسەوی چاپ ١٣٧٥. (٢) منابع کلدانیها. (٣) دیمورگان، کێلەشین.
١٤ـ ئارازیا ئاوی ئەرەس، ئاوێکە کە لە ١٦ی ژوئەنی ١٩٤٧ی زایینی ژەنرال بارزانی بە خۆی و ٥٠٢ کەس لە پەیرەوانی، دوای بڕینی دووسەت مایل (نزیکەی سێسەت کیلۆمیتر) رێگا لەو ئاوە پەڕی یەوە، ئەو بەری خاکی شۆرەوی بەروو، کە ئەم رێگا پێوانە زۆر لە رێگا پێوانی مائۆ لە چین گرینگترو بەناو دەنگترە (شەپۆل).

بەقسەی نووسەرانی کەلدانی بە تایەت نووسەری کتێبی (کەشیشهای ریش سوور)ی کۆن، ئەو بەردە کە بەناوی (کێلەشین) ئەناسرێ (٩٠٠) ساڵ بەر لە تەختی (جەمشید) لە نێوان سنووری دوو حوکومەتی ئەو سەردەمە بە نێوی (ئورگرتو - ئەرمەنستان) و (خالدیە) دانراوە.

بە خەتی ئاوێستایی هەندێک نووسراوە لەسەر ئەو تاتە بەردەکە وەکو کێل وایە، هەڵکەنراوە کە لە کتێبی (کەشیشهای ریش سوور) وەرگێراوەو کراوەتە زوانی ئاوێستایی و مادی و ناوی سێ شاری (ورمێ، شنۆ، نێرگی)یشی لەسەر هەڵکەنراوە.

خۆرهەڵاتناسی ئینگلیسی (سیرئوریل ئستین) کە بەر لە جەنگی جهانی هاتۆتە شنۆ لە کتێبی (ریگا کۆنەکانی خۆرئاوای ئێراندا) ناوی (تەپۆڵکەی - دنخە)ی بردووە کە زۆری پێ پڕ بایەخە، بردویەتەوە بۆ دە هەزار ساڵ بەر لە دایک بوونی حەزرەتی (عیسا مەسیح). لە پەراوەی (ئاناباس) گەڕانەوەی ١٠٠٠٠ سوارەی گزنفون سەرداری یۆنان بە درێژی باسی ئازایی و نەبەزی کوردی شنۆو ئەو ناوەی کردووە.

بەڵای چەنگیز و تەیموری شەل و سەفەوییەکان و هێرشکارانی، هەڵگیرسێنەرانی جەنگی یەکەم و دووەمی ناوگەلانی، شاخە بەرزەکانی شنۆ لەباری ئستیراتیژیکی جەنگەوە بە گرینگ دانراوە.

چۆمی گادەر، کە لە کێوە بەرزەکانی کوردستانی ئەو دیو، سەرچاوە ئەگرێ، دوای تێپەڕبوون لەشاری نەغەدە، ئەڕواو تێکەڵ بە گۆلی ورمێ ئەبێت.

چۆمی رەش و چۆمی سپی و کانییە رەش لە چۆمە پڕ ئاوەکانی گەورەی ئەو ناوچەیە، کە بۆ کشت و کاڵ زۆر بە کەڵکەسەرچاوە ئەگرێ.

لە شنۆدا زانایانی مەزنی وەکو تاجوددین، سولتانولموحەققەقین، مەلیکولحوکەما وەلواعیزین، قودوەتولموحەققەقین و سولتانولموتەکەللمین و شێخ شیوخەلئیسلام، تاجولمیللەت وەدین مەحمود کوری خوداداد ئەشنەهی (شنۆیی) و عەللامەو عاریفی ناودار سەدری کوڕی مەحمودی شنۆیی و عەللامە مەلا عەلی شێخانی شنۆیی کوڕی شێخ حامد و نووسەری تەسریفی مەلا عەلی لە زانستی سەرفداو شاعیری وەکو حەمەدەمینی بەلەدی و زانایانی تری وەکو: عەبدول عەزیز شنۆیی، عەبدول عەزیز کوڕی عەلی کوڕی عەبدول،

شنۆ لە دۆلایی دایە، هەواکەی ساردەو لەبەریشا (مێشولەی نۆبەتیی) هەبووەو ئێستا نەماوە.

حەشیمەتی شاری شنۆو گوندەکانی سەر بە شنۆ ئێستا زیادی کردووەو کوردو سونین. لە چەمی شنو ئاو ئەخۆن کە ئێستا لولەکێشی ئاو، بەرق و تەلەفونی هەیە.

کاروباری خەلک جوت و گاو مەرو مالأتداری و دووکانداری و کارمەندی حوکومەتی یە[1].

کاری دەسی: جاجم، بەرماڵ، پوزەوان، دەسکێش، گۆرەوی، کردو تەون، تێرو هوڕ و جەواڵ و رەشکەی کاکێشان، خورجین و پاشکۆ چنینە.

شاری شنۆ زیاتر لە ٢١٠ دوکانی هەیە، فێرگە، حوجرەی فەقیان، مزگەوتی گەورە بۆ نوێژی هەینی، یانەی حوکومەتی وەکو فێرکردن و بارهێنان و ... باری جوغرافیای شنۆ: درێژی ٤٥ پلەو ٦ دەقیقە، عەرز ٣٧ پلەو ٢ دەقیقەو ٣٠ سانیەیە. بلندی، ١٥٣٠ میتر ئیختیلافی ساعەت لە تەک تاران ٢٥ دەقیقە و ١٢ سانیەیە، واتا ١٢ی نیوەڕۆی شنۆ ئەکاتە ساعەتی ١٢ و ٢٥ دەقیقەو ١٢ سانییە بە کاتی تاران.

شاری شنۆ مێژینەیەکی کۆنی هەیەو زیاتر لە سێ هەزار ساڵ بەر لە مە یەکێک لە شارە گەورەکانی کوردستان و مادئاوا بووەو لە نووسراوەکانی کەلدانیدا بە (عەشنۆیە) نووسراوەتەوەو هەیە.

شنۆ پڕو تەژییە لە ئاسەوارو شوێنەواری مێژوویی مێژینە، وەکو (کلیسا)ی (سەرکیس و باخوس) نزیکی شاری (مەلاتییە) و دو گوندیش ئێستا بەناوی (سەرکیس و باخۆس) کە ناوی دوو مرۆڤی ئایینی بون، لە لای شنۆ هەیە و چەن گوندی کۆنە، مێژوي تریش هەن وەکو ئەمانە: (بێمزورتێ: بێ دنازو رتل) کە بە واتای بەخشراوە یا مەوقوفەیە - (گوندی مارابراهام) هی یەکێک لە پێشەوایانی ئایینی مەسیح بووەو ئێستا بە (شێخ برایم) ناودارە، گوندی سینگان بە واتای بەرزو بلیندە کەلەسەر تەپولکەیەکە، بلیند دروست کراوە.

هەروا شوێنەواری بە نرخی تریش لای شنۆ هەیە، وەکو کێلەشین کە ئێستا بۆتە دیاری دەری سنووری کوردستانی ئێران و عێراق و نیشانەی دابەشکردنی ئاوەروی شاخەکانی سنووری (مەم المیاه)ە.

---

١- ئەم ئامارانە هی ساڵەکانی ١٣٢٩ ی هەتاوی یە (شەپۆل).

## بە ناوی خوای بەخشە رو دلاوا

## پێشینەی ئاینی، سیاسی و کۆمەلایەتی بنە ماڵەی ساداتی بەرزنجی

به تایبەت خوالێخۆشبو سەیید **تاهیر هاشمی:** کۆنگرەی ڕێزگرتن لە عارف و شاعیری بەناو بانگ خوالێخۆشبو سەیید تاهیر هاشیمی لە ڕۆژانی ١١ و ١٢ ی مانگی سەرماوەزی ساڵی ١٣٧٨ ی هەتاوی لە شاری کرماشان.

میوانانی بەرێزوزانا و شاعیر و فەرهەنگ دۆست درود و ڕەحمەتی خواتان لە سەریێ، خۆم بە بەختەوەردەزانم کە لەشاری فەرهەنگ و زاناپە روەرو خاوەن شوێنەواری کەو نارای کرماشان خۆم لە نێوکۆری ئێوە دەبینم، شاری کرماشان، شاری سەیید صالح و سەی یاقۆی ماهی دەشتی، شاری تەمکین، شاری شامی، شاری ئوستاد دوکتور ڕەشید یاسەمی، شاری شارام نازری،شاری میرزا محەمەد رضا خوشنویس و خەتاتی ناوداری کرماشانی، شاری (سیدعبدالکریم) غیرەت و سەیید محەمەد سەعید غیرەتی کرماشانی، شاری تاقوستان و چیای پراو و چیای سپی، شاری شیخ عەلی‌خانی کرماشانی (صدراعظم ایران)، شاری دینەوەری و زانایانی دەینەوەر، شاری دوکتور عەلی ئەکبەری نەقی‌پور، شاری دوکتور (کیوان پورمحمدی) موکری، شاری ئوستاد کەیوانی سەمیعی کرماشانی، شاری فەهیم سەنجابی خێوی ١٢ هەزار هۆنە و شیعری کوردی لەپەسنی ئێلی سەنجابی‌دا، شاری عەبدولکەریم جیلی کرماشانی نوسەری کتێبی (الانسان الکامل) شاری دەس و قەڵەم جوان ئوستاد (ملا محمّد ربیعی) شاری ئوستاد مهدی فەرەهپور خێوی ڕوژنامەی بێستون، شاری کاک (محی‌الدین) صالحی، شاری ئوستاد (محمدعلی سلطانی) شاری عیمادەدین دەوڵەتشاهی، شاری (حشمةالله دولّت) شاهی کرماشانی شاری ئوستاد میرجە لالی کزازی، شاری کاک (محمدعلی) چاوشانی (چاوشی)، (علاّمە ملا ابوالقاسم) پرێشان، میرزا ئەحمەد داواشی، میرزا شەفیع دینەوەری کرماشانی، (سلطانی کلهر)، شاری (اسدالله) زەنگەنە کرماشانی، شاری بێدار کرماشانی شاری مەسقەتی، مەخزەنی کرماشانی، پیرمراد بەگی کرماشانی ناودار بەموشفیق زەنگەنە کرماشانی، حاج شەهباز خانی کلهر کرماشانی کەحەمام و کاروانسەرای بۆخێرسازداوە، شاری یونسی کرماشانی، (نظر علی‌جناب صحنەیی)

کرماشانی، (ملانظام‌الدین جلالی)، شاری (غلامحسین) ناجی، (مهجور احمد جلالی)، (مجرم حاج نعمةالله جیحون آبادی) کرماشانی، شاری (مهندس محمدعلی گۆیا) و شاری شیخ تاج سنجابی کرماشانی مراد و مرشیدی شیخ (صفی‌الدین اردبیلی) و هەزاران زاناودانا و خواناسی دیکە.

□ پێشینەی ئاینی و ... بنە ماڵە ساداتی بەرزنجی ـ ئێستا جارێ بە کورتی و بە کوردی ناوی پیرۆزی، هەندێ لەوان کە زانا و خواناس و خێوی نوسراوەن ذیکر دەکەین. (ناویان دەبەین) حەزرەتی سەیید بابا رەسول کەبیر بەرزنجی سەرسیلسیلەی ساداتی بەرزنجی کە دەرسی لای عەلامە مەلا ئەبوبەکر موصنیف خوێندوە ولە ١٠٥٦ ی مانگی وەفاتی کردوە، بەرزنجە ـ نێوی گوندێ خانەدانێ ناودارن، لە هەرێمی شارەزور، کە لە مەجدو سەیادەتدا، رەگ و ریشەێی کۆن و کەو نارایان هەیە، لە نەسەب نامەی ئەم خانەدانەدا نوسراوە کە: سەرسیلسیلەی ئەم خانەدانە سەیید باباعەلی هەمەدانی یە/کە لە قەرنی هەشتەمدا ژیاوەو لە ساڵی ٧٨٦ یا ٨٠٥ ی مانگی وەفاتی کردوە و زاروکانی ئەو بە نێوی سەیید موساو سەییدعیسابۆشارەزور کۆچیان کردوە ولەوێ نیشتە جێبون. سەیید موسا وە جاخ کوێرو بێ‌زاروک مردوە، بەلام سەیید عیسا زاروکێ زۆری بوەو و هەروەکو لە کتێبدا نوسراوە، تەواوی ساداتی بەرزنجە لە بەرەو نەسلی ئەم سەیید عیسایەن ولە نێو ئەمانەدا. تاکە تاکی زۆر زاناو خواناس و نوسەری باش هەڵکەوتون، بۆوێنە سەیید (محمد برزنجی شهرزوری مدنی) برای سەیید بابا رەسول کەبیرکە بەنابیغەی چاخی خۆی و نادرەی دەور و موجەدیدی سەدەی ١١ هاتۆتە ژماروزیاترلە ٨ نوسراوەی هەیە (الاعلام ج ٧)، سەیید ئەحمەد بەرزنجی کە بە چوارپشت دەچێتەوە سەر سەیید حەسەن گلەزەردەیی، کەزیاتر لە ١٣ نوسراوی هەیە، بە تایبەت کتێبی (کَنْزُاللّسِن) کە داگری ١١ جەدوە لەو هەرجەد وەلەی لە بابەت یەکێ لەزانینەکانە (تاریخی سولەیمانی پەرەی ٣٦)، سەیید جەعفەر بەرزنجی دوەم لە نەوەی سەیید جەعفەری یەکەمە ولە شاری مەدینە موفتی شافیعی بوە و لەوێش وەفاتی کردوە و نوسراوە شی‌زورە (علماء نافی خدمة العلم و الدین)، شیخ بابا رەسول بەرزنجی ئیجازەی لە زانای گەورە مەلا (عبدالقادر مدرس) بیارە وەرگرتووەو لە پاشان

بۆتە مودەریسی بیارە، دوای وەفاتی مامۆستاکەی بۆتە دەرزبێژی بیارە، وەلە دواییدا بۆتە دەرز بێژی سۆلە و فێرگەی عەبابەیلێ تالە ساڵی ١٣٦٣ ی مانگی لەوێ وەفاتی کردوە، ئەمەیش غەزەلێ لەوزاتە بەزمانی کوردی:

ناطیقەی حاڵی وەطەن، دەرسی وەتەن تەقریر ئەکا
کاتبی دڵ حەرفەکانی یەک بەیەک تەحریر ئەکا
گفتوگۆیێکی خوەش و پرمەغزە دایم دێتەگوێم
وا ئەزانم هاتیفێکی غەیبی‌یە، تەفسیر ئەکا
پێم ئەڵێ: بۆ غەم ئەخۆی، سوڵطانی سەیاسی وەتەن
هەربە قانونی محەبیەت دوژمنی تەسخیر ئەکا
عاقیبەت میعماری فیکری ئیتتفاقی قەومی کورد
دارالاحسان بیلادی کوردەکان تەعمیر ئەکا
سیلسیلەی کاکۆڵی ئاڵۆزاوی مەحبوبی وەتەن
وا بزانە زو بەزو وا عاشقی زەنجیر ئەکا
خزمەتی خاکی وەتەن فەرضێکی عەینە بۆ هەمو
داخلێ بەم حوکمەیە، کێ فەرقی جوان و پیر ئەکا
ظوڵمەتی جەهل لە بەرچی زۆری سەندوە باکت نەبێ
نوری عیلمی عالەمێکە، عالەمێ تەنویر ئەکا
هەرکەسێ فکری مەزاری باوک و باپیری هەبێ
بۆ بەقای ئیعزازی خاکی خۆی چلۆن تەقصیر ئەکا
پیاوی دانا دائما نەفعی عومومی مەطلەبە
جاهیلی نا پیاوە هەر بۆ نەفعی خۆی تەدبیر ئەکا
لوتی وەرچەرخاند لە شوشەی پڕ گوڵاوی شیعری من
مونکیری ئاساری کوردی، بۆنی پیاز و سیر ئەکا
کەعبەکەچ نابێ بەکوردی بەحسی کوردستان ئەکەم
پێ‌بڵێن: واعیظ بە تورکی بۆچی‌من تەکفیر ئەکا

(یادی مەردان بەرگی دوەم پەرەی ٥٩١و..) سەیید ئەحمەد سەرداربەرزنجە سەرگەلو، خەلیفەی حەزرەتی مەولانا خالید شارەزوری نوسخەی نایبغەو نوسخەی جامیعە. کە هەژار شاعیری هەرەزانا و گەورەی کورد دەلێ:

| | |
|---|---|
| کە سەردەستەی هەمو مەستانە خالید | نەمامی باغی کوردستانە خالید |
| فیدات بم نیشتمان بۆ شارە زورت | روناکە شام و ئەستەمبول بە نورت |
| بە عەبدوللاو تاها پیری شەمزین | لە داوای دین نەماندو بوون نە شەمزین |
| شەمی دل بوون و زەینی مەحفەلی دین | وەتەن هەر شاد بی تۆ وا دو کورەت دین |

(سیلسیلەی نەخشبەندی پەرەی ٣٠ و ٣١ چاپی ١٣٦٩ ئینتشاراتی صەلاحەدین ئەیوبی) وزریرەی زێرین نوسراوی شەپۆل چاپی ١٩٩٩ ن پەرەی ٢٧ - سەیید (عبدالصمد) بەرزنجی گلە زەردەیی دەرزبێژ و نوسەر بووە، سەیید (محمدمظفر) بەرزنجی مەکی لەزانایانی پڕعیلم وزانین بووە و لەسەدەی ١٠ ی مانگی لە مەککە مردوە - شیخ (محمد محی‌الدین) بەرزنجی کوڕی شیخ حەسەن گلە زەردەیی بووە و دەرزبێژ و نوسەر بووە و لە ١١٣٣ - دایک بووەولە - ١١٩٥ ی مانگی لە کەرکوک وەفاتی کردوە - شیخ حەسەن گلەزەردی نەوەزای سەیید بابا رەسولی بەرزنجی خێوی نوسراوەی زۆرە، کە لە ١١٧٥ ی مانگی وەفاتی کردوە، لەشەر لە گەل نادر، دوعای لە نادر شای هەوشاری دەرەگەزی کردوە و پێی و تووە دە کوژرێ و ناتوانێ زیان بە من بگەێنی، کە نادرشا لە سالی ١١٦٠ ی مانگی کوژرا، شیخ سەیید حەسەن بەرزنجی مامی شیخ تاهاکەبیری بەرزنجی دە رز بێژێ گەورە بووە و لە خێوەتەی بازیان ژیاوە، عەللامە سەیید شیخ مارفی نۆ دێی بەرزنجی کە زیاتر لە ٣۴ نوسراوی هەیە، مەلیک غازی حەزرەتی شیخ مەحمود نەمر بەرزنجی، کاک ئەحمەد سولەیمانی بەرزنجی کوڕی عەللامە نۆدێیی، کاک ئەحمەد زاتێک بووە کە کتێبی (گزیدەی ئەسناد سیاسی ایران و عثمانی ج ٣ چاپی ١٣٧٠) دەنوسێ: نارنجۆکێ لەبن پێی سولتان عەبدولحەمید خەلیفەی تورکی عوسمانی دەتەقێ، سولتان هاواردەکاو دەلێ نانا نارنجو ک یاگوللە کار لەمن ناکاونام برێ و نام کوژێ، چونکا من گوللە بەندی کاک ئەحمەدی سولەیمانیم پێیە، ئەمە خۆی نیشانەی چاکی، رۆح پاکی، پیرۆزی، مدفەرکی و گەورەیی کاک ئەحمەد بەرزنجی

سولەیمانی یە، کە تەنانەت خەلیفەی عوسمانی باوە روئە قیدەی بەوزاتەو بە دوعا و گوللە بەندی ئەوزاتە پاکە هەبووە.

لە لایەکی دیکەوە هەمو دەزانین، شیخ رەزا تالەبانی ئەو شاعیرە جوێن فرۆشە بە هەرکەس گەیبوە، قسەیەکی سوکی ناوەتە پارسەنگی، بەلام کاتێ باسی کاک ئەحمەد بەرزنجی سولەیمانی دەکا، دەلێ : (خۆزگەم بە سەگی قاپیەکەی ئەحمەدی کاکی ...)، دیارەتا ئەم شیعرە و ئەو قسەی سوڵتان عەبدولحەمید بمێنێ ولە کتێب و دیوانی شیعردا بخوێند رێنەوە و ببیسرێن، نێوی پاک و چاکی و پیرۆز و مدفەرکی کاک ئەحمەد بەرزنجی سولەیمانی هەروا زیندو، بەپاکی و بە چاکی لە نێو خەلکدا دە مێنێتەوە، ئەو چاکی کاک ئەحمەد، کەهەروا ماوە، لەبەر ئەوە یە، کاک ئەحمەد بەرزنجی لە کات و سەردەمی دەسەلاتی خوێدا، هاتووە لەشاری سولەیمانی مزگەوتێکی سازداوە و هەرچی نابینای ولاتی کوردەواری هەبووە، لای خۆی کۆیان دەکاتەوە و هۆیژی یانیان بۆ ساز دەکاو قورئان و خوێندەواری یان فێردەکا، هەروەکو پانسیۆنی ئەم دەورە، لای خۆیی لە شاری سولەیمانی پانسیونیان دەکا و ژنیان بۆ دێنێ و حورمەتیان دەگرێ و بە خێویان دەکا، جا چونکا کاک ئەحمەد بەرزنجی خۆی و دارایی خۆی بۆ خزمەت کردن بە و چینە لیقەو ماوو نابینایانە، تەرخان کردبو، خوایش هەرلەم دنیا جەزای چاکەی کاک ئەحمەد بەرزنجی داوەتەوە و لە نێو خەلکدا خۆشەویست، وە بە خۆشەوبستی و نێوچاکی و نێوپاکی لە نێوخەلکدا ناو بانگی دەرکردوە، **دە بائێمە مانانیش چاو لەو زاتە پاکە بکەین باچاک و پاک بین.** (نەقل لەکتیبێ باوی کوردەواری چاپی ١٣٧٨/٥/٧ ی هەتاوی نوسراوی (شەپۆل). شیخ کەریم بەرزنجی خەلیفەی شیخ شەهابەدین کاکۆزەکەریایێ، دەلێن کاتێ قزل باشەکان هێرش دەکەنە سەر شاری مەریوان و ئاوایی کاکۆ زەکەریایێ و تالانی دەکەن بەم شیعرە کوردی یا نە، لە بەر خودا دەپارێتەوە و گازندە دەکاکەخوا تۆلەی لەو قزل باشە زالمانە بۆ بستێنێتەوە، جابەکوردی دەلێ:

| | |
|---|---|
| پیر یونس! هانا، پیر یونس! هانا | مەظلومان دایم لای تۆشەن هانا |
| نە بیرەی ئەکرەم شاە مەردانی | فرزەند دلبەند شیخ زەکەریانی |
| پەی وایە مەندان عەجەب دەرمانی | چون شێر کەمین، حازر مەبدانی |

ئیتقام جاگەی بابای ئەکرەمت | بە شەپۆل کین قەلب قولزمت
بستان جە لەشکر دوژمن بێ ئەندێش | نەمازی یەکێ بشۆ وەجای وێش
«شەهاب» هەرچی هەن نەسلّ رەسولەن | زورپەی تاهیر عەلی و بەتولەن.

شیخ عەبدولکەریم بەرزنجی، دەرز بێژ بووە، شیخ عەبدولکەریم وەلیانی بەرزنجی ئەهلی تەقوا، مرۆڤێکی فازل بووگە، حاج شیخ ئیسماعیل هەزار مێردی بەرزنجە گردەلە، شیخ مەحمود شوریجە بەرزنجی و نەوە زای شیخ حەسەن بەرزنجی قەرە چێوار، ئەوزاتە بە کوردیش شیعری داناوە، شیخ محەمەد بەرزنجی کە لە ١٣٢٣ ی مانگی وەفاتی کردوە، هۆنەی بەزمانی کوردی داناوە - شیخ عەبدو سەمیع بە رزنجی چنارەیی لای مەلا قادر مودەرسیی بیارە و عەللامە مەلا ئەفەندی لە هەولێر خوێندویەتی و چۆتە حەلّبی سوریە و لە فێرگەی شیخ حەسەن کورد، کە تایبەت بە کوردان بووە، بوتە دەرز بێژو لە ١٣٣٨ ی مانگی لەوێ وەفاتی کردوە (مەشاهیرالکرد ج ٢). شیخ رەسول کوری شیخ محەمەد لە ساداتی حوسەین تەکیەیی و دەرزبێژ بوگە، شبخ عەبدولعەزیز بەرزنجی دولّ پەمۆیی دەزربێژ بووە، (علماءنا)، شیخ ئیسماعیل قازانقایی بەرزنجی کە یەکەم شیخێ بووە کە تەریقەت و رێبازی قادری لە کوردە واریدا رەواج داوە.

کاکەبلە (کابل): سەید ئیبراهیم کورەزای شیخ عیسا بەرزنجە ئەم کاکەبلە زۆرزانا بووە و (فازلی کازرونی) شاگری بووەو دەلّێ: مامۆستام هەرچەندە شافیعی بووە، بەلّام لە رێباری فیقهی ئیمام ئەبوحەنیفەدا، ئەبو یوسفی دوەم و تاقانەی سەردەم و کاتی خۆی بووە و ... وە چەند بە ختەوەرن ئەم بنەمالّانە و ئەو ساداتی کرامە (رضوان الله تعالی علیهم اجمعین). کە لە باری ئاینی، سیاسی و کۆمەلّایەتی‌یەوە، خزمەتیان بەخەلّک کردوە.

لە بۆ سەر بەرزی ئینسان لە ژینا | لە بۆ پیرۆزی لە پایەی دینا
ئینسان زانایێ دلّی روناکە | دلّ و دەرون و کردەوەی پاکە
ئەوخانە دانەیش بی عیلم ونامە | نازانێ و اتای سەعادەت کامە

(عەللامە مامۆستا مەلاکەریم مودەریس ئیمام شافع رۆژگار).

☐ بە وشێوەی خوالێخوشبو **سەید تاهیر سەیدزادە هاشمی** خۆی لە سەرەتای دیوانی هەوارگەی دلّان دا نوسیویەتی لە ئاوایی دەولّەت ئاوا لەدا یک‌بووە کە سەربە


ڕەوانسەرە و لە بنە چە کەی ساداتی حوسەینی یە و دەچێتەوە سەرسەیید عیسای بەرزنجی، جەددی پێنجەمی سەیید تاهیر، سەیید شیخ ڕەسوڵە، یانی ڕەسولی دوەم خەڵکی گوندی سوڵە، وە شیخ ڕەسولی سوڵەیی دوەم لەوێوە باردە کاو دێتە مەڵبەندی جوانڕۆ، باوکی سەیید تاهیر نێوی‌سیدقیدار هاشمی سیدالدوله یە و کوری (سیدعبدالقادر الحسینی) سوڵەیی بەرزنجی، کوری شیخ ڕەسول الحسینی سوڵەیی بەرزنجی‌یە، دایکی سەیید تاهیر ناوی ئەختەر خانم کچی فەتتاح بەگە، لە بەگزادە کانی تایفەی وەڵەد بەگین و لە ساڵی ١٣٣٧ ی مانگی خوالێخوشبو سەیید تاهیر دەچێتە بەر خوێندن، لە دێی دە وڵەت ئاوا، جادوای قورئان خوێندن ماموستا شیخ مارف مەلای دێ واتای ئەم شیعرەی پێ‌دەڵێ:

عامل اندر نحو صد باشد چنین فرموده است:

شیخ عبدالقاهر جرجانی آن مرد خدای

سوارەی عەشایری سەردار ڕەشیدخان ئەردەڵان و ناصرخان سەنجابی کە دوژمنی سەیید شیخ قیداری دە وڵەت ئاوایی دەبن لەدەرفەت کەڵک وەردەگرن و هێرش دەبەنە سەر ماڵی شیخ و تاڵانیان دە کەن، شیخ ناچار هەڵدێ و بە خوی و خاوخێزانی یەوە، ڕودە کەنە (هورین و دەیێ شێخان) ماڵی عوسمان بەگی شەرەف بادینی خزمی خوی. لەوسەردەمەدا ئەو ناوە لەبن‌دەست داگیرکەری ئینگلیس بووە، ئیتر سوارە لەوە زیاتر نەیان توانیوە بەدویاندا برۆن، ناچارگەڕاونەتەوە دواوە، دوای چەند ڕوژێ شیخ قیدار دەستی سەیید وەجیەالدین و سەیید عەلی کوری دە گرێ و دەچنە گوندی سوڵە و چرچە قەڵا، خزمەت شیخ حوسەین چرچەقەڵایی پورزای شیخ قیدارو لە پاشان لە ساڵی ١٣٤١ ی مانگی دە گەڕێنەوە دێی دەوڵەت ئاواو لەساڵی ١٣٤٧ ماموستا مەلا محەمەد ڕەحیم دەبێتە مودەریسی دەوڵەت ئاوا و خوالێخوشبو سەیید تاهیر لای ئەم ماموستایە دەست دە کا تەوە بە خوێندن و شیعر و هونەی لێ فێردە بێ و لە هەمان کاتدا لەلای سەیید وەجیەالدین براگەورەی خوێدا دەرسی وە زنەشیعرو شتی وا فێردە بێ و لە ساڵی ١٣١٨ ی‌هەتاوی خوالیخوشبو سەیید تاهیر هاشمی دەبێتە کار بە دەس لە بانگی کشت و کاڵ لە شاری کرماشان داو لە هەمان سەردەمدا لە خزمەت

عەللامە (عبدالحمید مجدالممالک بدیع الزمان مهمی فرهی *) کوردستانی دەس دەکاتەوە بە خوێندنو لە پاشان لە گەڵ ئوستاد بابا شیخ مەردوخ ڕوحانی: شیوا بە جوتە لای مەلا (فیض‌الله) دولاوی مودەریسی ئاوای (کورەدەرە) دەس دەکەن بە خوێندن لای ئەو مەلا زانایە، کە کوردی، فارسی و عەرەبی باش زانیبوەوباش پیێ وتون، لەو سەردەمەی وا خوالیخوشبو **سەیید تاهیر** لە شاری کرماشان دەبێ، کۆواری گە لاوێژ بەسەر نوسەری ئوستاد (عەلائەدین سەجادی) بلاو دەبێتەوەو لە ڕێگای خوالیخوشبو ئیبراهیم نادری هەم گە لاوێژی (دەس کەوتووە و هەم شیعر و وتاری ناردوە بۆگەلاوێژو (یەدوڵلارەزایی کە لهوریش بە زاراوەی کە لوری و تارو هۆنەی بۆگەلاوێژ ناردوە و هەروا ناصرخان ئازاد پوریش لە شاری سنەوە هاری کاری گەلاوێژی کردوە. لە ساڵی ١٣٢٢ ی هەتاوی خوالیخوشبو سەیید تاهیر و از لە کاری بانگ دەهێنێ و دەچێتەوە بۆ دەوڵەت ئاوا تا ساڵی ١٣٥٠ لە دەوڵەت ئاوا بووەو زستانانە چوتەوە، بۆشاری کرماشان، هەر وەکو خوی لە سەرەتای دیوانەکەیدا دەنوسێ: دەستی کردوە بە نوسین بۆ رادیو (دەنگی) کرماشان و هەوارگەی دەلان دەنوسێ، کە لە شیعر و هۆنەی خوی و حەکیم مەو لەوی کورد، بیسارانی، وەلی دیوانە، نالی، مەحوی و ... کە لک وەردەگرێ، جارجارەش هەندێ وتار لەبابەت شیعر و ئەدەب و مێژو بۆ ئەو رادیویە دەنوسێ و شوکربۆ خوا دیوانەکەی بە نێوی هەوارگەی دلان لە ساڵی ١٣٧٠ لەچاپ دراوە، بەلام هەروەکو شیعر ناسان دەڵێن: هەڵەی تێدایە، جاهی چاپە یاهی شیعرە، هۆنە ناسان باشتر دەزانن - ئەمەبو، کورتەیەک بەکوردی لە بابەت پێشینەی ئاینی و سیاسی و کۆمەلایەتی وزانیاری بنە ماڵەی ساداتی بەرزنجی بە تایبەت خوالیخوشبو **سەیید تاهیر هاشمی**



*. خاوەن ئیمتیازی ڕوژنامەی کوردستان کە لە ٣٨ وە تا ١٣٤٢ لە تاران بەوێنەی حەوتانە بەزمانی کوردی بلاو دەبووەوەو ئوستادی مومتازی زانکوی ئیلاهیات و مەعارفی ئیسلامی زانکوی تارانیش بو. (شەپول)

## چلۆن بوو دەسم دایە وەرگێڕانی قورئان بە

# زمانی کوردی

دەبێ بڵێم: لە ساڵە کانی ١٣٣٦ هەتاوی تا ١٣٤٠/٦/٢٥، دوای ئیجازە وەر گرتنی مە لا یەتی، لە شاری مەهاباد، لە خانە قای نەهری شەمزینی بوومە ئیمامی جوعە و جەماعەت و مودە ریسی ئەویّ و دەرسی فە قیانیشم دادەدا و دوای ئەوەی لە تاران لەوە زارەتی زانین و فێرکردنی عالی شادەی مودە ریسی و ئیفتام وەرگرت، لە ساڵی ١٣٣٧ تا ١٣٤٠/٧/٢٥ لە فێرگەی مزگەوتی سوریش بوومە، مودەریس و لە هەمان کاتدا لە فێرە گە کانی ناوەندی مەهاباد، بەمێرمنداڵان و لاوان دەرسم دەوت و ئێوارانە، دوای نوێژی عەسرلە خانە قای نەهری مەوعیزەم بۆخە ڵک دە کرد و دوسێ ئایەتی قورئانم وەک گوڵبژێر لە بەردە کرد و واتاو تەفسیرە کەیم، بۆبەیان دە کردن، ئەم هە ڵبژاردنی ئایەتانە و واتا کانی، وەک جۆرێ فیشن بەندی، کۆم کردبونەوە، تا لە ١٣٤٠/٦/٢٥ کە لەرێگای تاقی کردنە وە، چومەزانکۆی ئیلاهیات و مە عارفی ئیسلامی لە تاران، دوای وەر گرتنی فەوقی لیسانس (مە جستێر) و خوێندنی دەورەی تەحقیقات عالی و دوکتوری، کە دە گە رام بولێکولینەۆ نوسینی تیزو پایان‌نامە کەم، لە پەراوە خانە کانی زانکۆ و تاران چاوم بەتەفسیرێ زۆر کەوت کە زانایانی سوننی نوسی بویان، منیش دەستم کرد بە تەرجەمەی قورئان بە زمانی کوردی و تە واوم کرد. بە تایبەت کە فیش بەندی یە کانیشم هەر لا مابون، بە ڵام دەبێ بڵێم سێ روداوە، لە بیرم دابو، کە هەمیشە دنەی دەدام تا ئەم کارە راپەڕێنم،

١ - کاتێ لە مەهاباد لە ساڵی ١٣٢٦ و ڕێکەوتی ١٩٤٦ی زاین، چاوم پێکەوت کە رۆژنامە و سی پارەیێ زۆر، کە بە زمانی کوردی بون و لە ماڵە پێشەوا و ماڵانی دیکە هینایابویانە، چوارچرا و نەوتیان بە سەردا کردو جندرمەی حەمەرەزا پە هەلەوی سوتاندیان، من لە سەرەتاوە، وام دەزانی ئەوە دوژمنی یە، لە گەڵ پێشەوا، دوایی بۆم رون

بۆوە ئەو، کارە دزێوە، دوژمنی یە. لە گەڵ زمانی کوردی.

٢ ـ لە کاتی فەقێیەتیمدا لەئاوایی یەک، بۆ دەسنوێژگرتن چومە سەرچۆمەڵە ئاوی بەردێ، تەماشام کرد، مریشکێک، هەروەک شێت، خۆی قرژدە کرد و هەروەک گولۆڵە توپ خۆی دەدا بە نێو درِ ودالی دەم ئاوەکەوە، وام زانی ماروجروجانە وەری خزوک و بزۆر و بزوک، جوجەڵەکانی گرتووە و دەیخوا، چەن خرکە، بەردم هەلگرتەوەو توند چومە دەم ئاوەکە، تەماشام کرد، وا جوجەڵەکانی، لە نێو ئاوەکە، مەلێ دەکەن، لەوسەردەمەدا، وام دەزانی خاوەنی ئەم مریشکە، کارێکی ناسروشتی و ناخۆرسکی کردوە، دوایی زانیم. وەئەوەی فێر کردم، کە خوێندەوارو خاوەن قەڵەم ئەگەر بتوانێ شتێ بنوسێ یا بلێ، دەبێ بە زمانی زگ ماکی و دایکی خۆی بلێ یا بنوسێ، دەنا ئەگەر کورد، بێ مەبەستێ، بە عەرەبی یا فارسی یا بە تورکی بیلێ و بی‌نوسێ. وەک ئەو مامرو مرەی بە سەردێ و خێری بەرهەم مەکەی، بۆ نامۆ و بێگانە دەبێ. جا هەر لە بەر ئەمەیە کە نیشتمان ویست و دڵسۆز حاجی قادری کۆیێ بە شیعر فەرمویەتی:

وەک مریشکێک کە بەختی نەهێنێ — بێتو جوجکەی مراوی هەلێنێ
هەر بگاتە کە ناری جوگە لە یەک — نایە تە شوێنی، بمرێ جوجەڵە یەک
ئەم لە وشکانی ئەو لە ناوئاوە — تێ دەگا... درانی پێ ماوە

٣ـ لە وسەردەمەی کەلەزانکۆ، خەریکی لێکۆڵینەوەو تیز نوسین بوم، کتێبێکم دی کە نوسی بوی، لە کاتی خوێدا (مارتین لۆتێر) ئینجیلی هێنا بووە، سەر زمانی ئەلمانی، کەشەکان، بیانویان پێ‌گرت کە تۆچلۆن ئینجیل، کە لامی خوات هێناوەتە، سەر زمانی ئەلمانی، قسەی خوا لە کوێ و قسەی مروڤ‌لە کوێ، ئەم کارە کوفرە و مارتین لۆتیرێان سوتاندو کوشتیان، بەلام ئەلمانیەکە، کە لە گەڵ ئینجیل لێکدرابو، نەیان و یرا لە نێوی بەرن، لە ئاکامدا، کە لە ئەلمان، چاپخانە پەیدا بو، ئەو تەرجەمەی ئینجیلەیان بە زمانی ئەلمانی لە چاپ دا، ئەو کتێبە نوسیبوی، لەو سۆنگەوە زمانی ئەلمانی بو بەزمانی دین، بوبەزمانی تیکنیک و بوبەزمانی علیم و سەنعەت، منیش ئەوسێ مەبەستەی، کە لە سەرەوە، رام گەیاندن، دنەی دام و قورئانم هێنایە سەر زمانی شیرین و تەرو پاراوی کوردی، تا قورئان بێتە پشتیوانی زمانی کوردی و دژ و دوژمنانی کورد، نەوێرن بی

سوتێن و زمانی کوردی، وه نوسه روشاعیری کورد. بۆخوێن و زمانی کوردی گەشه بکاو به ڵکو ببێته زمانی عیلم و زانین و ببێته زمانی تیکنیک و زمانی سەنعەت، به هیوای ئەوروۆژه، بەکوردی و بەکورتی بلێم: به و هەویایانه، قورئانم بەتەواوی به زمانی کوردی تەرجەمه و تەفسیرکرد، تا چاوم کردەوه، وەکاری تەرجەمەو تەفسیری قورئانم تەواوکرد، شۆڕشی گەلانی ئێران سەرکەوت و کتێبێ زۆر، له و لآتانی ئیسلامیه وه، هاته تاران و له نومایشتگه، نیشانیان دەدا و منیش لەوێ تەفسیر گەلێ، وەک تەفسیری جەواهیر (تەنتاوی)، ئەلمەنار، قورتوبی، ئەلمراغی و... دەس کەوت و جارێکی دیکه، وەرگێڕ دراوه کەم، لەبەر ئەو تەفسیرانه وبرستارکرد و لەبن هەندێ واتای ئایەته کان، نێوی تەفسیره کەم بۆسەر چاوه، دەنوسی و ئەوسا به (ئای بی ئێم) پیت چنیم کرد و دامه دەس تەراح و گرافیکسازێو بەوێنەی قورئانی هێنراوه سەر زمانی کوردی، بوێساز کردم، تا له چاپی بدەم، هەندێ کوردی پوڵدار، له وانەی که خۆیان دو قامک له خوار ئیمامی رەبیانی دەزانی، له تاران دەهاتنه، دیدەنیم و منیش پیشنیارم پێ دەکردن، تا بەڵکو به خێری خۆیان له چاپی بدەن، هەرچی به گوێم دا، دەخوێندن، که براچاین ئەمە وەکو پارچەفرۆشی، فەرش فرۆشی، قەندو چا فرۆشی خێری ئەنبوژەنی و مالیشی بۆنبوه، تێیدایه، ئێوه بچن وپرسیار بکەن، رۆژنییه له تاران قورئان به تەرجەمەی فارسی یا بی تەرجەمه، لەچاپ نەدرێ، دیاره ئەگەر خێری مالی و دنیایی تێیدا نەبێ، ئەوانه، ئەو کاره ناکەن، دلنیابن، چون یەکەمجاره، که له ئێران قورئان به زمانی کوردی چاپ دەبێ، فرۆشی زۆر دەبێ و خێری مالی و دراوی بۆ ئێوه زۆر دەبێ، سەره رای خێری دینی و خزمەت به فەرهەنگ و زمانی کوردی، فایدەی نەبوو، دەیان وت: ئێمه تائێستا کاری فەرهەنگیمان نەکردوه، دەترسین زیانی مالی بکەین.

دیتم ئەو هەمووه زەحمەتەم کێشاوه و دراوم تیاخەرج کردوه، که چی له سەر دەستم هەروا ماوه، شەوێک له شەوانی هەینی، دەسنوێژم گرت و دەستم کرد به نوێژ کردن و پارانەوه له خوا، وتم: خوایه ئەگەر ئەم تەرجەمه و تەفسیره، به زمانی کوردی بۆنه تەوەی به شخوراوی کورد، خێری تێیدایه، هۆی چاپی به دیبهێنه، بۆسۆزیا جەناب سەیید کازم موسلیح ژارابادی، که له کۆواری ئاوێنەی کوردی، کاری دەکرد،

هاته دیدەنیم و دوای قسەو باسێکی زۆر، فەرموی بیدە بەمن، تا لەرێگای ئاوێنەوە، بۆت لە چاپ بدەین، منیش نوسخە یەکی زیراکس کراوم پێ داو ئەویش دابوی بە سازمانی تەبلیغاتی ئیسلامی (ستاد منطقه ۲ کشوری) ئەوانیش دوای ۱۰ ساڵ هێنان و ئەم دەساودەس پێ کردن، سەرەنجام لەساڵی ۱۳۷٦ زۆر رەنگین و جوان لە چاپیان دا، منیش کە خواخوام بو، لە چاپ بدرێ، قەرار دادم لەگەڵ نە بەستبون، دوایی، دیتم ئەوان بازرگانی لەسەر دەکەن و لە ئوروپا بە ۱۸ تا ۱۹ هەزارتەمەن، لەئێران ۳ تاحەوت هەزار تمەن فرۆشراوە و هەروەکو بیستبوم لە سوری بە، فوتوکوپی ئەوەیان بەپەنجا هەزار تمەن فرۆشتبو، لە ئەمریکا بە ۲۲۰ دولار کریبویان، (گۆیا لە بەر ئەوە فرۆشیاران وا بە گرانیان فرۆشتبو، (ستاد منطقه ۲ کشوری) لە چاپی دوەم موزی کردبو، زیاد لە ۳ هەزار تمەن فرۆش حەرامە.) منیش گوتم: راستە، من قەراردادم لەگەڵ ئێوە موز نە کردوە، بەڵام مافی ئەوەم هەیە لەفرۆشەکەی بەشم بدەن، ئەوانیش دەیانوت: ئۆ دەبێ پارەیێ بە دەس خۆشانە، بە ئێمە بدەی کەوا جوان و رەنگین لەچاپمان داوە، تاهەوالم زانی، کەبێ پرسی من، بۆجاری دوەم لە چاپیان داوەتەوەو لەم چاپی دوەمەدا، واتای ئایەتی ٦ ی سورەی مائدە لەبابەت دەسنوێژگرتنەوە، گۆڕیوە و دەستیان تێ وەرداوەو لە گەڵ چاپە ئەوە لەکە، بەک ناگرنەوە وزۆر لێک جیان، دیارە چون بێ پرسی من، ئەم گۆڕانە، روی داوەو بە بێ ئاگاداری من ، ئەم کارەیان کردوە، من خۆم بە بەرپرس نازانم، چون بێ تاوانم، جادرای پێزانین لە ۱۳۷۷/۸/۹ و ریکەوتی ۳۱ ئوکتوبری ۱۹۹۹ ی زاینی شکایەتم لێکردن و ئەم ئاگاداری نامەیشم بلاو کردەوە:

* ماموستا مەولەوی *

ئاماوە وەهار، وەهار شادی
بۆی عەتر نەسیم غونچەی ئازادی
خێڵ خانەی خەفەت بار بەنیش کەردەن
مەیەت ڕووی نی‌یان وە ساوای مەردەن
خەم وێنەی کەمان قامەت خەم بی‌یەن
هەوارگەی قەدیم نەدەش شی‌یەن
بەزم شەوق و عەیش نەدەروون جەمەن
ئانە هیچ نەبۆ نەدەروون، خەمەن
ئیە نەتیجەی دیای بالآی تۆن
تینانەی وصال خاڵ ئالآی تۆن
سروور نەشئەی بادەی وەصڵ تۆن
تاثیر بۆی عەتر موشک زوڵف تۆن
سایم دەر، دەی دەی، پەی پەی، نەوەی، مەی
لطایف سەردەم بەکەر بکەرحەی
تا پەی یارانیچ وە ئیطمیان بۆ
سەرمایەی نشاط دڵ حەزبان بۆ

# لێکۆڵینەوەیەک لەسەر باجەڵان

باجەڵان: لە رۆژگارانی پێشوو دا، باجەڵان هۆزێکی گەورە بوون و ئێستا ئەم هۆزە کوردە گەورەیە بوونەتە دوو شاخە کە شاخەی ئەسڵییان لە ناحیەو هەرێمی (بن قودرە)و (قۆرەتو) لە باکووری خانەقین دا نیشتەجێبوون. شاخەیەکی دیکەشیان کە بە نێوی بەجلان، باجوان یا بیجوان نێو دەبرێن و ناسراون، لە (شەبەک) مەڵبەندێک کە لە لای چەپی چەمی دەجلە، بەرامبەری موسڵ دا نیشتەجێبوون. هۆزی باجەڵان بۆ هەمیشە بە کورد ناسراون. دیارە کە زۆم و چیغل و چادرنشینانی مەڵبەندی زاگرۆس، بۆ وێنە گۆران و لوڕ و لەک و بەختیاری هەر هەموویان لە ریشەو رەچەڵەکی کوردن. «کتێبی جیهانی موسڵمین نووسراوی شێخ مستەفا راهنما، چاپی ١٣٤١ی هەتاوی پەڕەی ٩٢ تا ٨٨ خەڵکی لوڕستانو کەریمخان زەندی بە کورد ناو بردووە - کتێبی مەناقبوتالبین دەڵێ: ئیمامی عەلی کوڕی زەید کاتێ لە ترسی عەرەبی دین دوژمن روی کردۆتە لوڕستان و خەڵک خزمەتیان پێ کردووە، بۆ لوڕەکان دوعای خێری کردووەو فەرمویەتی: «خودایا تۆ ئەم کوردە لوڕانە بپارێزەو لێیان خۆشبە». ئەمین زەکی کورد لە کتێبی کوردو کوردستاندا دەڵێ: «ساڵی ١٩١٦ی زایینی چومەتە لوڕستان، لەوێ لەگەڵ خەڵکی لوڕستان بە زمانی کوردی قسەم کردووەو ئەوانیش بە زمانی کوردی وەڵامیان دەدایەوەو بە زمانی کوردیٚ پێکەوە قسەمان دەکردو دەئاخەوتین.»

هەروەها «مروج الذهب» بە ریوایەتی مەسعودی ئەم بیروڕایەی هەیە کە لە لێکۆڵینەوەیەکدا «تاج العروس» لوڕی بە کورد داناوە. ریچ کە بە کوردستان و لوڕستان دا گەڕاوە، لوڕەکانی بە کورد داناوە، جیهانگەری لە ئێراندا، کۆواری

ئاوێنە، ژمارەی ١٤و ١٥ سالی ١٣٧٣ پەڕەی ٥٨ تا ٦٣ بە قەلەمی دوکتۆر محەمەد سالح ئیبراهیمی (شەپۆل) لە بابەت مەلاپەرێشان - ژمارەی تایبەت.

لەڕاستیدا گشت باجەلانەکان بە زاراوەی کوردی گۆرانی قسە دەکەن و قسەیان کردووە.

زۆری لە زۆم و چادرنشینەکانی باجەلان لە ١٠٣٩ لەگەڵ وەزیر ئەعزەمی عوسمانی لە موسل پێکەوە ئاشتی‌یان کردووە (نەعیما، تاریخ)وە بۆ ماوەیەک فەرمانڕەوایی لە نێوان دوو چەمی زاب: زێی بە دەس هۆزی باجوانلی (باجەلان)ەوە بووە (حاجی خەلیفە جیهان نوما، پەڕەی ٤٣٥). دیارە ریشەو رەگەزی هۆزی بیجوان لەم هۆزی باجەلانەن. بە قسەی خۆیشیان دەستەیێ لەم هۆزە لە سەدەی دوانزە / هەژدە لە موسلەوە چونەتە پێشکۆی لوڕستان و لەوێ لەگەڵ کوردەکانی لەک زمان تێکەڵ بوون (راولینسن لە گۆواری ئەنجومەنی سەلتەنەتی جوغرافیایی «ROWLINSON: JOURNAL OF THE ROYAL GEOGRAPHICAL SOCIETY». سالی ١٨٣٩ ج ٩، پەڕەی ١٠٧ - مینورسکی لە د.ئیسلام، چاپی یەکەم لە بابەت (لەک) دا، دەستەیێ دیکە لە باجەلانەکان لە دەشتی نێوان گیلانی لای کرماشان و نێوان قەسری شیرین نیشتەجێ بوون، سەرۆک هۆزەکانیان لە سەرەتاوە لە (زەهاو) و لە پاشان لە خانەقین دادەنیشتن، دوو تیرەی ئەسلی باجەلان لە سەرەتای سەدەی ١٤و بیستەمەوە لە دوو لای کوردستانی سەر بە ئێران و تورکی عوسمانی‌یەوە دەژیان. هۆزی جموری باجەلان لە مەڵبەندی (زەهاو) و هۆزی قازانلویش لە نێزیکی (بن قەدرە - بن قودورە) بلاو بیوونەوە. لەوە دەچێ ئەم کوردانە لە هەمان زەمانەوە لە مەڵبەندی (قورەتو) کۆبوویێتنەوە - K. HADANK, MUNDARTEN DER GÛRÁN, BESONDERS DAS...

BÁDSC HÁLÁNÎ, BEARBEITET VON..., BERLIN 1930

D. N. MACKENZIE, BÁJALÁNÎ, IN BSOAS, 1956, XVIII, 418.

د. مەکەنزی - د - ئیسلام - هەروەکو رامانگەیاند شاخەیەکی دیکەی هۆزی باجەلان هەندێکیان لە کەناری چەمی دیالەی لای خانەقین و هەندێ دیکەیان لە لای چەپی چەمی دەجلە، بەرامبەری موسڵ نیشتەجێبوون. ئەو باجەلانانەی لە ئێراندا نیشتەجێبوون، دەبنە زیاتر لە ١٥ شاخە، کە ناودارترینیان ئەمانەن: قازانلو، چوارکلاو، قەریەون، فلەون، شیرەوەند، خدروەن (خزوەند)، زوزەوەند، قسەرەووەند، حاجیلەر، سیکەوەند، ساروجە، جەبورلی، هیوانلی، قەراوەندو چوگرلو. گوندە گەورەکانی باجەلان نشین لە ئێراق ئەم ئاوایانەن: وەلیاغا، شیرەوە، نولکەبیرە، شیرەوەنو سەغیرە، تازەشاهی، حەسەناغا، سوزبولاق، سەرحان پالانی، حاجیلەرو کانی ماسی. کە گشتیان لە مەلبەندی (قورەتو) باباپلاوی دان. باجەلانەکان زۆربەیان بە کشت و کاڵ و مەڕو مالات لەوەڕاندن بەڕێ دەچن.

لەبارەی باجەلانەکانەوە قسە زۆر کراوە، بەلام هەرچیو پەرچین وەک ئەوە هەندێ دەڵێن: مەغولن، هەندێکیش وەکو عەباس غەراوی بەوەکە (باجەلان) لە تورکی دا بە واتای باجگیرەو هەندێ لە هۆزی باجەلان نێوی تورکیان پێوە لکاوە، هەروەک (قازانلو، حاجیلەر، جبورلو و هیوانلی و....) باجەلانەکان بە بێ بەلگە بە تورک دادەنێن. (عەشایری ئێراق، بەغدا - ١٩٣٧ - ١٩٥٦، ج ٢، پەڕەی ١٨٥)

بەلام ئەوەی راست و دروستە ئەوەیە کە باجەلان و هۆزی باجەلان لە رەگ و ریشەی کوردن و کوردن و ئاداب و رسومی باوی ماوی نێوباجەلانەکانیش کوردین و خوی کوردیان هەیە، وە هیچ شاخەیەک لە شاخەکانی باجەلان بە تورکی

قسە ناکەن. باجەلان لەبەر ئەوەی لە کوردستانی بەشی ئێران و لای عوسمانی دەژین لە زۆربەی جەنگی هەر دوو لا بەشداریان کردووە. لەو رۆژەگارەی دا نادرشای دەرەگەزی هەوشار لە کرماشان بوو - ئەحمەد پاشای باجەلان کە پاشای عوسمانی و پاشای باغدا یارمەتی ئەویان دەدا، ئەحمەد پاشای باجەلان لەگەڵ هۆزی باجەلانی بن فەرمانی خۆی گەیشتبووە نێو سنوری کوردستانی بەشی ئێران (کوردستانی رۆژهەڵات). نادرشا (١٤٠٠٠) سپای بۆ سەرکوبی باجەلانەکان بەرێ کردبوو، بە دوویاندا. بەداخەوە ئەحمەد شا تێ‌شکاو بە دیلی گیرا، یەخسیرەکانی باجەلان لەگەڵ چەن تایفە لە هۆزی زەنگەی کوردو قەرەبەبات کۆچ درانە هەرات (محەمەد کازم مەروی، عالەم ئارای نادری، چاپی محەمەد ئەمین ریاحی، تاران ١٣٦٤ی هەتاوی، ج ١، پەڕەی ٢٥٢ - ٢٥٤). باجەلانەکان لە دەورەی زەندیەیش لە جەنگی عەبدوڵلا پاشا لە تەک محەمەدخانی زەند (حودودی ١٠٩٠) لە کەناری عەبدوڵلا پاشا لەگەڵ زەندی‌یەدا دەجەنگان (گوڵستانە مجمل التواریخ، تاران ١٣٥٦ی هەتاوی، پەڕەی ٣٠٠). زۆربەی باجەلانەکان لە سەر رێبازی ئەهلی سونەت و جەماعەتن و هەندێکیشیان بوونەتە شیعەو لەسەر رێبازی ئیمامیەن - لە کاتی راپەڕینی شیعەکان لە ئێراقدا بەرابەری میرزا محەمەد تەقی شیرازی ناودار بە میرزای دووەم (مردووی ١٣٣٨) بە دژی ئینگلیسەکان کە داوای سەربەخۆیی ئێراقیان دەکرد. باجەلانەکانی خانەقینی لەگەڵ شیعەکانی ئێراقی هاری‌کاریان دەکرد. عەبدولحوسێن شەهیدی سالحی لە بابەت باجەلانەکان - باجولوەند دەسخەت). دانیشنامەی جیهانی ئیسلام، پیتی بێ، جوزوەی یەکەم، چاپی ١٣٦٩ تاران، پەڕی ١١٣ تا ١١٤.

□ خانا خانی قوبادی کە لە هۆزی باجەلانەو قورئانی بە شیعر کردۆتە کوردی و

لە حودودی ١١١٦ی مانگی لە دایک بووەو لە ١١٩٢ی مانگی وەفاتی کردووە. وە لەساڵی ١١٥٣ی مانگی شیرین و خەسرەوی بە تەواوی بە شیعر داناوەو زۆر بە شانازی یەوە فەرمویەتی:

هەرچەند مەواچان فارسی شەکەرەن کوردی جە فارسی بەل شیرین‌تەرەن

هەرچەن مام هێمنی شاعیر نیوە شیعری ئاخری گۆڕیوەو جە فارسی بەل - ی کردوٚتە (جەلای من...) دیارە ئەمە ئەو واتایەی کە خانا مەبەستی بووە نای‌گەینێ. بنوارنە نێوبەرگی یەکەم، ژمارەی یەکەمی سروە، چاپی ١٣٦٤ی هەتاوی، دەبێ بزانین لە سەرتاسەری ناوچەی کوردەواری مەلاو فەقێ و میرزاو کوڕەشێخ و کوڕەئاغاو خوێندەوار کە لە حوجرە و مزگەوت لە پاڵ خوێندنی مەعارفی ئیسلامی دا، زمان و ئەدەب و فەرهەنگ و زانین و زاراوەی شیعری گۆرانی کە خانا شیعری پێ وتووە، زمانی خوێندن و نووسین و زمانی رەسمی و باوی ئەو سەردەمەی کوردەواری بووە، جا هەر بۆیێ خانای قوبادی وا بەراشکاوی فەرمویەتی:

بە لەفظِ کوردی، کوردستان تەمام پێش بوان، باقی والسلام

دیوانی میرنەوروٚزی بە خوٚش کردنی ئەسفەندیاری غەزەنفەرِ ئوٚمەرایی، کوٚواری ئاوێنە، پەڕەی ٦٣، ژمارەی ١٥و ١٤، چاپی ساڵی ١٣٧٣ی هەتاوی، مەلا پەرێشان (لوڕ لە ئەدەبی زاراوەی کوٚنی شیعردا بە قەڵەمی شەپوٚل).

باجەڵان پارچە خاکێکە لە نێوان مەندەلی و خانەقین دایەو لەسەر ئاوی ئەلوەندێیە. باجەڵانی تیرەیەکی کوردە لە خێڵی لوولوو لە خاکی باجەڵانی دادەنیشن، راوێژی ئاخەفتنیان زۆر لە هەورامی دەچێ «فەرهەنگی کوردستان، دانراوی گیوی موکریانی، چاپی یەکەم، ئاراس، ساڵی ١٩٩٩، چاپی یەکەم.

باجەلان لە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینەدا نەهاتووە.

□ زانای ناودار خاناخانی قوبادی لە هۆزی پاشاکانی باجەلان و نەوەی قوبادبەگی حاکمی درنێ و دەرەتەنگە، بە فەرموودەی ئەمیرشەرەفخانی بدلیسی قوبادبەگ حاکمی ئەم قەڵایانە بووە کە لە رۆژگاری پێشوو یا لە زەمانی کِسرا بە حەلوان دەناسراو حەلوان یا زەهاوی ئێستا، سدان، دەودان، ئالانی، پاوە، رەوانسەر، باسکە، قەڵای زنجیر، زرمانێکی بووە.

قوبادبەگ، مرۆڤێکی ئازا، بوێر، دەس و دڵباز، خوێنشیرین، گوڵی سەرتۆپی لاوان و بژاردەی خاوەن ناوان بووە، جگە لەو ناوچانەی وا ناو بران، هەر لە کەوشەنی دینەوەر بگرە هەتا بەغایی هێمنایی هەبووە کە دەبەر فەرمانی ئەودا بوو، لە دارایی و دەوڵەمەندی و لەمەڕ وڵسات، پاتاڵ، دراوی نەغدینە، ماڵ، هاوکار، یارو هەواڵەوە لەو نێوەدا تاکێ بێ تا بووە.

□ زۆرابەگ و هەروا عومەری کوڕی زۆراب لەو نێوەدا حکومەتیان کردووە - زۆرابەگ پیاوێکی ئازا، دلێر، جوامێر، دڵاواو دەس گوشاد، بەزیپک و نێر بووە - ناوچەو قەڵای: پاوە، باسکە، ئالانی، قەڵای زنجیر، رەوانسەر، دەودان (دوان) و زرمانێکی بە دەس بووە کە مردووە، عومەربەگی کوڕی بۆتە جێنشینی - عومەربەگ لە سەرەتاوە، مرۆڤێکی توش، چەموش، خوێنرێژ، دەس درێژکەر، بادەخۆرو زۆردار بووە، بەڵام لە دوایی دا دەسی لە زوڵم و تاوان کردن هەڵگرتووە، بۆتە پیاوێ، نوێژی لەسەر داوێن دەکرا - جا کاتێ سوڵتان سلێمانی تورک عوسمانی بەغای داگیر کرد، عومەربەگ کەوتە بن فەرمانی ئەو تورکە - شەرەفنامە یا تاریخی موفەسەلی کوردستان، پەڕەی ٤١١، چاپی ١٣٤٣ بە خۆش کردنی محەمەدی عەبباسی و پەڕەی ٥٩٨ بە زمانی کوردی - کە هەژار هێناویەتە سەر

زمانی کوردی ئۆفسێتی ئێران، ساڵی ١٩٨١ ز - تاران.

(دڕنێ یا دڕنە شارۆڵکەیەک بووە لە جێی کوێستانە هەواری هۆزی باجەڵانە).

زنجیرەی پاشاکانی باجەڵان لە ئەردەلانەکان کۆنترن و نێزیکەی پێنسەد ساڵ بەسەر (زەهاو)ی کۆن و هۆرین، شێخان، بن کوڕە، قۆرەتو، سەرقەڵا، جێگیران، کۆپەسا، هەرێمی پشتکۆ، بەمۆ، محەللە، جوانڕۆو ڕەوانسەردا لەو پەڕی هێز و دەسەڵات دا میریان کردووە، بە فەرمودەی ئەمیرشەرەفخان بدلیسی جار جار حوکمیان تا دینەوەر ئەڕۆیی، ئاخرین میری باجەڵان (برایم پاشا) بووە کە لە ١٢٨٥ی مانگی لە گوندی ڕێژاو مردووەو نێژراوە. کۆواری ئاوینە، پەڕەی ٤٢، ژمارەی ١٠، چاپی ساڵی ١٣٧١ی هەتاوی لە بابەت خانای قوبادی بە قەڵەمی شەپۆل).

## هەڵەبجەی شەهید هێروشیمای کوردستان

شەپۆل پێی ناوێ شین وگرین — بۆ هەڵەبچە هێروشیمای پر برین
چونکا کەوی تێو رکە بەپۆل هەڵفرین — دەبنەزانا و پسپۆڕ بۆ زامی برین
بۆزامی برینی کوردی لانەواز — کەنجان و لاوان هاتون بە ئاواز
بەزەبری عیلم و ژیری و زانین — کوردی بە شخورا و، دێنە پێکەنین
کورد دەڵێ ئاش بە نورەیە — نورەی ئێمەیش دێ ئیتربەیەقین
هەر او نەعرەتەی کوڕە کوڕەی کورد — ئیتر بەزانین مێژوی خۆی دە کا رەنگین
یا خوائاوایێ ئەم کوردستانە — بوژێنەرەوەی ژیان یا گیانە







**نوسراوەکانی (شە پۆل) محەمەد صالح ئیبراهیمی:**

١ - دین و ئەدەب چاپی ١٣٦١/٦/٢٨ تاران مە تبوعاتی عەتایی دو بەرگ.
٢ - تەفسیری سورەی فاتحة الکتاب چاپی ١٣٦٧
٣ - پەند یا ئەمسالی قورئان چاپی ١٣٦٢
٤ - کۆزانی فەرهەنگی زمانی کوردی (ئاداب و رسوم: فۆلکۆلۆر) چاپی ١٣٦٠ کە ئێستابۆچاپی دووەم لە ١٣٧٩/١١/٢ چاپکراوەتەوە.
٥ - باوی کۆمە لایەتی و مێژویی و... چاپی نەورۆزی ١٣٥٧ - تاران کە ئێستا بۆچاپی دووەم لە ١٣٧٩/١١/٢ چاپکراوەتەوە.
٦- ژیناوەری زانایانی کورد... یاگە نجینەی فەرهەنگ و زانست چاپی ١٣٦٤ تاران.
٧ - نۆ ژمارە کۆوار بە ناوی گرشەی کوردستان چاپی ١٣٥٩ - وە یە کەم ژمارەی گرشـەی کوردستان لە ١٩٨١/٣/١ لە چاپ دراوە و بلاّو کراوەتەوە.
٨ - بەرگی دوەمی زانایانی کورد ئێستالەبن چاپە
٩ - مێژوی را پەرینی ژەنرال مستەفابارزانی رابەری کەبیری نەتەوەی کورد و حەماسەی پەرینە وە لە ئاوی ئاراز .
١٠ - چریکەی حەزرەتی یوسف یا تەفسیری سورەی یوسف بە کوردی
١١ - زریزەی زێرین لە بن‌ژمارەی ٢٢٧ لە ١٩٩٩ ز لە هەلێر، ئاراس چابکراوە.
١٢ - راپەرینی مەلیک غازی حەزرەتی شێخ عوبەیدیلا نە هری شاهی‌شە مزین.
١٣ - زیندوی کوڕی بێدار - وە کتێبی شارە هەنگ کەلە لایەن نوسینگەی فەرهەنگی ئیسلامی‌یەوە لە تاران لە سالّی ١٣٧٥ لە ١٥ هەزار دانەی رەنگین لە چاپ دراون
١٤ - بەرکی ٣ و ٤ و ٥ زانایانی کوردیش بە کامپیوتێر حروف‌چینی کراون.
١٥ - تەرجەمەی ئینسان و بڕوا، چاپی ١٣٦١ سروش تاران، نوسراوی ئوستاد شەهید موتەهەری.
١٦ - یوسف و زولەیخا بەزمانی کوردی کە لە ژێر چاپە.

١٧ - باوی کوردەواری بەرگی یەکەم چاپی ١٣٧٨/٥/٧ هەتاوی.
بەمجوز شمارەی ٦٢٠ - ١٣٧٨/١/٢٢

١٨ - باوی کوردەواری بەرگی دوەم چاپی ١٣٧٨ ی هەتاوی

١٩ - تەرجەمەی قورئانی کەریم لە ئەوەڵەوە تا ئاخرین سورە بە تەواوی کە رەنگین و جوان لە ساڵی ١٣٧٦ لە لایەن سازمانی تەبلیغاتی ئیسلامی یەوە لە چاپ دراوەو بۆجاری دوەمیش لە ساڵی ١٣٧٧ و رێکەوتی هاوینی ساڵی ١٩٩٩ ی زاینی لە چاپ دراوە تەوە. (ترجمان وحی نشریۀ تخصصی مرکز ترجمه قرآن مجید به زبانهای خارجی سال ٣ / شمارەی اوّل بهار و تابستان ١٣٧٨ سازمان اوقاف و امور خیریه) یادی شەپۆل و تەرجەمەی قورئان بەزمانی کوردی کراوە.

جمهوری اسلامی
صفحه ١۴
چهارشنبه ١٩ اسفند ١٣٧٧
٢٢ ذیقعده ١۴١٩ـ شماره ۵٧٢٨ـ سال بیستم

قرآن

## تقدیر جمعی از نمایندگان استان کردستان از مترجم قرآن کریم به زبان کردی

بخش خبری: جمعی از نمایندگان کرد زبان مجلس شورای اسلامی ضمن نامه‌ای از آقای صالح ابراهیمی مترجم قرآن کریم به زبان کردی تقدیر و تشکر کردند.

در نامه این عده از ترجمه قرآن به کردی به عنوان تلاشی سترگ و عظیم یاد شده و این اقدام تلاشی از روحیه سرشار از عشق به خدا و ایمان به کلام جانبخش الهی دانسته شده است.

این نامه را نمایندگان مردم پیرانشهر و سردشت، مهاباد، سنندج، دیواندره، کامیاران، قروه، سقز و بانه، پاوه و جوانرود وایلام امضاء کرده‌اند.

لازم به ذکر است ترجمه قرآن کریم به زبان کردی سورانی توسط استاد ابراهیمی از علمای اهل سنت کردستان چند سال پیش انجام پذیرفته و با استقبال قابل توجه کرد زبانان سراسر جهان مواجه شده است.

## زمانی کوردی:

**زمانی کوردی**، ڕەمزی هەویەی نەتەویی و نیشتمانی کوردە، زمانی کوردی میراتێکی گرینگ و زۆر بایە خداری فەرهەنگی یە. زمانی کوردی، دەبێ لە واژەی داتاشراو بپارێزرێ.

**زمانی کوردی** لە بابەت تەرکیبەوە، زمانێکی کشگێریی (موعجیزەیی)یە، دەبێ لە خونجاوی و گونجاوی پەرەدار، وەسەرسوڕ هێنەری تەرکیبی ئەوە. بەباشی کەڵک وەر بگیردرێ.

زمانی کوردی زۆر ئاسان واژەی بێگانە لە خۆیدا دە تاوێنێتەوە و هەر وەکو واژەی خۆماڵی لێدە کا، **زمانی کوردی** چۆمە ئاوێکی پڕ بەرە کەت و تەژی یە لە گەنجینەیەکی گەورە و بایە خداری میرات و کەلەپوری فەرهەنگی کورد و نەتەوەی کوردزمان، وەبو گەلانی دیکەیش بەدیها تویەکی گەورە و پرشان و شکۆیە، زمانی کوردی دارای واژەی زۆر و پەرە دارو جوان و لەبارو لەسەر زار خۆش و سوک و ڕەوان و شیرین و ئیسسک سوکە. **زمانی کوردی** ئاهەنگی دڵ و دەرون لاوێنی هەیەو زۆرلە گوێ خۆشە، جوان‌گۆی دەلاوێنێتەوە، وەبەپاڵدان بە تایبەتی یە کانی واژەی خۆی‌وتەرکیبی تایبەت بە**زمانی کوردی**، ئاسان دەتوانێ هەربەشێ لە بەشە کانی زانین و مەعاریفی مرۆڤانی نیشان بداوبە وردی بەیانی‌بکا.

**زمانی کوردی** زمانی شیعرو هۆنە، فەلسەفەو زانین و هونەرە، بۆیێ باو با پیرانمان فەرمویانە: **زمانی کوردی هونەرە.**

زمانی کوردی هۆیە کە، تایبەت بۆ بەدەست هێناتی واتای بەرزوتەرز، زمانی کوردی حکیمەتێ گەورە و بێ‌وێنەیە، جاهەر لە بەر ئەوە، زۆرێ لە لێکۆڵەران و زمان ناسانی جیهان، زمانی کوردی فێربون و لێکۆڵینەوەی زمانەوانی خۆیان، بە زمانی شیرینی کوردی، بەیان دە کەن. نمونە کەی (مایکلّ چایدە) کەلە سەر رادیو کوردی لەواشینگتون، لەبابەت زمانەوانی یەوە قسەدە کاو ڕیشەی واژە کان لە زۆربەی زمانە کانی مرۆڤی جیهانی ئەم سەردەمە لێک، دە داتەوە و باس لەسەریان دە کا.

زمانی کوردی زمانێ فاخیر، جوان، ساف، لوس، لەبارو ڕە ساورەوانە، گونجاوی‌و خونجاویشی زۆر و زەوەندە، زمانی کوردی زمانێکی زیندوە، چونکا

واژەی لێ سازدەکرێ و موشتەقاتی هەیە[1] و زۆر بەئاسانیش واژەی خەڵکی تر لەنێو خوێدا، دەتاوێنێتەوە. زمانی کوردی واژەی پاک و بێگەرد و خاوێنە، بنەرەتێ ریشەیی و سفت و پایەدار و مایەداری هەیە، زمانی کوردی، لە سوێنگەی نوسەرانی ژیرو بیروردو زاناو زمانەوانی کوردەوە، رۆژ بۆ رۆژ، پەرەدارتر و پتەوتر و سفت و سۆڵتردەبێ.

**زمان‌و ئەدەبی کوردی** رەمزی یەکیەتی‌و هەویەی مێژویی کوردانە، سا ئەبێ بە تەواوی و پڕبە هێز، بەوزەیێ تەواو، بی پارێزین‌و پەرەی پێی بدەین‌و غەنی‌تری بکەین، کورد، زیاد لە هرشتێ بە هۆی زمان‌و فەرهەنگی خۆماڵی خۆیی توانیویەتی لە راست داگیرکەران، راوەستێ‌و خۆی زیندو رابگرێ‌و دژو دوژمنان لە خۆی بپرینگێنێتەوە و لە نێو کورەو سۆبەی گڕداری داگیرکەران‌دا نەتاوێتەوە، زمانی کوردی پڕهێزو بەوزەیە، باش دەتوانێ باری فەرهەنگ‌و عیلم‌و زانین‌و تیکنیک‌و بایەخەکانی فەرهەنگی مرۆڤانی‌و ئیسلامی هەلگرێ‌و لە نێو خوێدا سەتامگیری بکا، نوسەران‌و لێکۆڵەران و ئەنستیتۆو ئەنجومەن‌و کانونە فەرهەنگییەکان، لە دەروەولە ناوەوە ئەرکێ سەنگین‌و قورسیان لە سەرشانە، بۆ پاراستن‌و پەرەدان بە زمانی **کوردی**، دیارە هونەریش لە زمان‌و ئەدەب‌و فەرهەنگەوە، سەرچاوە دەگرێ، **ئەوە بینش وتێ روانینی هونەرە** کە لە گیانی کۆڕو کۆمەڵگادا تۆف‌و تۆفان بەدی دەهێنێ‌و زانین‌و تیکنیکیش بۆگەیشتن بە ئامانج دێتەیارمەتی دانی.

دیارە **هونەر** سەرچاوەی عیلم‌و شارستانیەت و ژیارە، هەروا راگری بەر دەوامی بیرو فیکری ئافراندنەکانی ئینسانە، بەدرێژایی مێژو.

هونەر سەرەتای هەرشارستانیەتێکە، هەر وەک گرینگترین دیمەنی رێنساس، لە رۆژاوادا، باری هونەری ئەو بووەو لە ئۆل‌و دینیشدا پێغەمبەران لە راستی‌دا، گەورەترینی ئینسانی مێژون، جا هەر لە بەر ئەوەیشە قورئان بە گەورەترین کشگیری پێغەمبەری ئیسلام دەزانرێ، چونکا گرینگترین تایبەتمەندی **قورئان باری هونەری ئەوە، دیارە دەبێ پشتیوانی هونەری ئەمرۆی کورد،** هونەری رابوردوی بێ‌و بیش روانێتە دوا رۆژ، تا بتوانێ بە مومتازی بمێنێتەوە. دیارە زانین و عیلمیش ئەبێ بۆ تێگەیشتن‌وپێگەیشتنی مرۆ بێ‌و لێهاتویی بێ برانەوەی ئەو، هەمیشە بە زانین بگاتە کردەوە، تا زەرفییەتی گیان‌و

---

(١) ئەمە قسەی دوکتور فەرید وەجدی میسری یە کە لە دایرة المعارفی خۆیدا لە باسی زمانی کوردی رای گەندوە (شەپۆل).

مرۆ، ئاواڵەترو دڵڕەوێن تر بێ

پێویستە ئەمرۆ نەتەوەی کورد؛ باشتر خۆی بناسیو جیهان بناسێ تا بتوانێ بەشە جیاجیاکانی زانینو تیکنۆلۆژی بە دەس بهێنێو بیانکاتە خۆماڵی کوردی، لەم ڕێبازەدا خوێندەوارانو ژیرانو پڕ بیرانو زانایانو خاوەن (نوسینگ) قەڵەمو خاوەن ئەندێشە، زۆر ئەرکێ بەرچاویان هەیە.

لە بابەت دەنگەوە، زمانی کوردی زۆر غەنی یە؛ لام وایە هیچ زمانێ بە ئەندازەی زمانی کوردی خاوەنی (ئەصوات: دەنگ) بێ ـ بڕۆنە: حیلە، لورە، سەڕەسەڕ، زریکە، تەقە، ڕەقە، هاڕە، جربوە، سیڕە، بۆڕە، وێزە، میاو، فڕەفڕ، تەپەتەپ، بۆڵەبۆڵ، زرمەزرم، خرمەخرم، بۆڕە بۆڕ، فیڕەفیڕ، زریکە زرێک، قیژەقیژ، زڕە زەڕ، هاژەهاژ، مرخەمرخ، قلمە قلم، قلپەقلپ، شریخە شریخ، شریقە شریق، بروسکە بروسک، خاوە خاوە، زرەنگە زرەنگ، ترپە ترپ، هاسکەهاسک، تاسکە تاسک، هەنسکە هەنسک، قۆڕە قۆڕ، قوڵتە قوڵت، پشم و هۆڕ، میزە میز، گیزە گیز، بریکە بریک، فیکە فیک، جیکەجیک، چەقە چەق، حەپە حەپ، شاپە شاپ، قرخە قرخ، لرخە لرخ، فرتەفرت، فڕتە فڕت، گرمە گرم، زرم وکوت، خنکە خنک، چکەچک، تکەتک، گارە گار، کاڕە کاڕ، بالەبال، هۆڕە هۆڕ، قریشکە قریشک، ئاخ ئۆخ، کۆخە کۆخ، زیڕە زیڕ، مەشەمش، خشپەخشپ، هوشەهوش، لوشەلوش، زڕەزڕ، فڕەفڕ، قرچە قرچ، فلچەفلچ، ملچە ملچ، پچەپچ، قاسپە قاسپ، منگە منگ، قوقە قوق، قوشقە قوشق، شیتە شیت، خلە خل، تلە تل، گلە گل، مچەمچ، بۆرە بۆر، گابۆڕ، زۆربونی دەنگ خۆی نیشانەی پەرەدار بونو پڕپیتو بەرەکەت بونی زمانی کوردی‌یە، دیارە (دەنگ) لەمەش زیاتر لە کوردی‌دا هەن، هەرچەن هەندێ لەوانە ئیسمی سەوتن؛ بەڵام سەوت لەوانیشدا، هەر هەیە.

ڕۆژگارێ زمانی ماد: کوردی لە فەراغنیەوە تاگانا (لە مەدیترانەوە تا چین) خەڵکی ئەم ناوە بەزمانی کوردی مادی ناسیاو بوون، بەتایبەت لە کاتی هیرشی ئیسکەندەردا، کوردی مادی باوی سەرزاری خەڵک بووەو دەرسی پێ خوێندراوە، ئەم دەرس وتنەوە بە زمانی مادی کوردی لە فێرگە (حوجرە)ی مزگەوتان، بەر لەوەی (دارالفنون) لە خۆرهەڵاتی ناوین دانرێ لای مەلایان دەرس دەخوێندرا، مامۆستا دەرسەکانی بەزمانی کوردی واتا دەکرد و شیعری کوردیشی بە زانینخوازەکان دەوت، تەنانەت کتێبە سەرەتاییو وردیلەکانی لە عەرەبیەوە، دەکرد بە کوردی، جائەوە تا سەردەمی خاناخانی قوبادی بەردەوام بووە کە خانا فەرمویەتی:

| | |
|---|---|
| هەرچەن مەواچان فارسی شەکەرەن | کوردی جە فارسی بەل شیرین تەرەن |
| بە لەفزی کوردی کوردستان تەمام | پیش‌بوان مەحفوظ ، باقی والسلام |

پەرەی ۱۴ و ۱۵ ی شیرین و خوسرەو، چاپی ۱۹۷۵ کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

## گەڕیانێک بەرێبواری بەدۆڵی شێخانی مەنگوراندا:

ڕۆژی چوارشەمە، یەکەمی ڕەزبەری ساڵی ١٣٧٧ی هەتاوی و ٢٣ی سپتامبری ١٩٩٨ی زایینی و ٢٦١٠/٧/١ی کوردی لەکات ژمێری چواری سەرلە ئێوارە، لەگەڵ چەن کەس لە کوڕانی **خوا لێخۆشبو حاجی محەمەد مۆرەکی**، لە شاری تارانەوە، بەرە و شاری مەهاباد، وەلەوێوە بەرەو هەرێمی ئاوایی شێخانی مەنگوران بەجادەی دەم سەدی مەهاباد، دا ڕۆیشتین لەسەر ڕێگا لە لای دەسە چەپەوە دێ (هەمزاوا) لە بان گردێکەوە، دیار بو، هەرواکە دە ڕۆیشتین لە پردێکەوە بە لای دەستە راستا لامان دا و ماشین کەوتە سەر جادەی خاکی و ڕێگا بە نێو ڕێ بو، بەڵام زۆر ناخۆش و پڕو تەژی لە کەند و لەند بو، هەرجۆرێ ڕۆیشتین، لە ڕێگا لە دەستە راستەوە شوێنە واری دێ کۆنی (ئینجە دەرێ) یان نیشان داین کە لە دۆڵی شێخان دایە، لەکوردەواریدا دە ڵێن: ئینجە دەرێ لە کاتی ئاوەدان بوندا تاچل پە نجاکچی پەلکە ئاورێشمی لێها تۆتە دەرێ و ئەم قسە خۆی نیشانەی ئاوەدانی و حەشیمەت زۆری ئەو دێ کۆنە ،راگەیێنێ.

هەرواکە بەو جادە ناخۆشە خاکییەدادە ڕوێشتین. لەم لاو لە ولای ڕێگا و بانەکە، بارسنجو، سورەبان یان نیشان دەداین، سەرئەنجام گەیشتینە ئاوایی سێلم، بەلام ئەو ڕۆژە نە مان توانی بچینە سەر ئارا مگە و زیارەتی خوالێخوشبو (**باباڵی**) ناچار گەراینەوە بۆشاری مەهاباد. بۆڕۆژی هەینی **١٣٧٧/٧/٢** سەر لە نۆی بەرە و مە نگوران بە شۆێنەکەی ڕۆژی پێنجشەمەدا ڕۆیشتین، لە ڕێگا باخەو انەکەی ماڵی خواڵێخوشبو **حاجی محەمەد مۆرەکی** کە لەبەرشارەزابون بە ڕێگا و بان لەگەڵمان هاتبو، لە ڕێگا لە دورەوە ئاوایی گۆمەلیان. داغە، چۆمی گەورەی لای داغەی نیشان دەداین. کە ئەم چومە لە لای قازی یاواوە، دەرژێتە نێو بەربەندوسەدی شاری مەهاباد، لە سەر ڕێگا بە لای دەستە راستەوە، چاکی (بەرلانک) لە دەم ڕێگا بو، بە ئێمە نیشان درا، هەروا بەو جادە خاکی و ناخۆشەدا دە ڕۆیشتین لە ئاوایی (باگردان shagerdon)ی خوارێ و سەرێ ڕەد بوین تاگەیشتینە دێ (شێخان) و لەوێ چوینە ماڵی (مامخدر) نێویک، زۆری بە خێرهاتن کردین و نانی نیوە ڕۆ (فراین) لەو ماڵە خوارد، جادوای نان و چا خواردنی نیوەڕۆ، بۆ ڕێنوێنی برایەکی خۆی بە نێوی مام ڕەسول بانگ کرد، ئەممام ڕەسول و مام

خدرە لە کۆنە ئاشناو کۆنە شوانانی حاجی محەمەد بون، زۆریان ڕێز لێگرتین و دیاربو قەدر و حورمەتی حاجی محەمەدیان لابو، بە ڕاستی مام خدر پیاوێ وریا و ژیرو نیشتمان ویست دەهاتە بەرچاو، میوانگر و نانخۆش و بە ئاوەز بو، مام خدر و مام ڕەسول لە دورەوە کە لاّتی شا، یاقەلاّتی شا، یان نیشان داین، هەروەک دەگێرنەوە قەلاّتی شا دارای ساختومان و خانوگەلێکی جوان و سەرەنج ڕاکێشە، هەروا دیواری لە بەردی تاشراو، وەپلیکانی ژێرزەوی لە بەردە تاشراو بۆساز دراوەو لە نێوە ڕاستی مەیدان و گۆڕەپانداگۆلاو بە بەردی تەشوێ تاش بۆ سازدریاوە، شوێنەواری عەمباراوی هێمان بە جوانی دیارە و ئاسەواری دیارە و بە ڕاشکاوی شارستانی و تەمدونی ماد بەرێبوارانی خوێ نیشان دەدا.

بەڵێ کەلاّتی‌شای نێو مەنگوران خانووئاسەواری کۆنی نە تەوەی مادوکوردە. وەکەمێ لە خوارترەوە قەلاّتی مستەفا بەگ، وە لەو ڕێەشدا قەلاّتی هێلم هەیە.[1] دیێ

(١) لەکتێبی کار نامەی ئەردەشێر بابەکان دا نوسراوە: ئەردەشێر چووە شەڕی کوردان شای ماد ـ لەوێوە چووەتە سەر بارزانی ـ بارزانیان لەجیروفت لای کرمان، کێوێ بە نێوی بارزان، بارزانی بارجانی هەیە کە بارزانی لەو ناوەبووەو لەپاشان بۆ بەرگری لە هێرشی دوژمن چونەتە ئەم مەڵبەندەی ئێستای بارزان. کە تەفسیری ابن‌کثیر لەبن ئایەتی (...الی قوم اولی باس شدید) سورەی فتح ئایەتی ١٦ ـ دەڵی پێغەمبەر فەرمویەتی ئەم ئایەتە لە پەسەندی هۆزێک‌دا هاتووە کە ئازاو نەبەزن و کاڵەکانیان لەمووە و کوردن و بارزانی ـ سەرچاوە: تەفسیری ابن‌کثیر، تەفسیری روح‌المعانی. تەفسیری المیزان. تەرجەمانولقورئانی عەللامە حوسین هێندی، بیان الائمه ـ کتێبی زەمینەسازان، کتێبی یەعقوب لیث پەرەی ٢٢ نوسراوی دوکتور باستانی پارێزی. کارنامک نوسراوی ئەحمەدکیسرەوی چاپی ١٣٤٢ پەرەی ٤٩ ـ کۆواری ئاوێنە ژمارەی ١٧ و ١٨ چاپی ٧٣ و ئاوێنەی ١٣٧٤ ژمارەی ٩٠ بە قەڵەمی شەپۆل. یا بازان ـ ی کورد کە لە لایەن پێغەمبەرەوە کراوەتە فەرمان ڕەوای یەمەن، دوای مردنی بازان، شارکوری بازان بووە

←

شێخان، ئاوایەکە، لە ۲۵/۵ کیلۆمیتری باشوری رۆژاوای شاری مەهاباد و ۱۰۵ کیلومیتری بۆ شاری سەر دەشت هەڵکەوتووە، خەڵکەکەی کورد و سونین، کاری خەڵکی، مەرو ماڵاتداری، جوت و گاو هەنگوین بەعەمەل هێنانە، کار دەستی ژنان گۆرەوی‌چنین و پوزەوان وبەرماڵ و دەسکێش و رەشکە و جاجم و شتیوایە.

گوندی باگردانی سەرێ کە لە ۲۴/۵ کیلومیتری باشوری رۆژاوای شاری مەهاباد و ۱۳۰ کیلومیتری سەر دەشت دایە، جاکە لە شارەوە، بۆیی دە رۆیی،لە دەستە راستی رێگای خاکی دایە، خەڵکەکەی کورد و سونین. لە چۆم ئاو دەخۆنەوە. لە و دولەدا بۆ ماوەی یەک کێلومیتر دو ئاوایی بە نێوی باگردان bagerdonی خوارێ و سەرێ هەیە، کە لە ۲۴/۵ کیلومیتری باشوری خۆراوی شاری مەهاباد و لە ۱۳۰ کیلومیتری سەرەدشت دایە، جاکە دەرویێ لە دەستە راستەوە لە پشت باگردانی سەرێ گردێک هەیە و لەبان ئەو گردە، ئارامگەی خوالێخوشبو (بابالی) پاپیرەگەورەی حاجی محەمەد مۆرەکی، لێ سازدراوە، ئێستا پێگەی پاسداران لە سەرئەو تەپۆلکە دانرياوە، دەبێ بێژین: مرۆڤ کاتێ بەو جادە خاکی‌یە دا دەرواو دەروانێتە باری ژیانی ئەو خەڵکە بێچارە و مەزلومە. وادەزانێ کە ئەمانە وەک بەسەدان ساڵ بەر لە دنیای ئەمرۆ بژین وایە. چونکا دور لە شارستانی و خوێندەواری‌و ئاودانی و ژیانی خۆشی ئەمسەدەیە، ئەم خەڵکە موسڵمانە هەژارانە راگیردراون و قەتیس ماون و لە خێرو بەرەکەتی‌ئەم قەرنە بێ بەش کراون، هیچ جورە ئاوەدانی و بوژانەوەیەک لە و نێوە نێوانە دا لە نێو مەنگوران کار نەکراوە.

---

← حاکمی یەمەن،شارکوڕی بازان بە یارمەتی پێروزی کوردی دەیلەمی ئەسوەد-ی کوشت کە پیاوێ چەچول بو - پێغەمبەر فەرموی: فاز فیروز: فیروز سەرکەوت. ولە سەرقەبری ئەبوحەنیفە دینەوەری‌کرماشان لە بەغدا نوسراوە (لوکان العلم بالثریا لتناوله رجال من ابناء جبال. المسند گردوکۆی المسند بە نەقل ابوهزارە احمدبن محمدبن خەلیل چاپی ۱۳۱۳ ی مانگی میسر ئایەتی ۵۴ ی مائده (... فسوف یأتی الله بقوم یحبهم و یحبونه اذلة علی‌المؤمنین، اعزة علی الکافرین لە پەسنی کورد نازل بووە. و ئایەتی ۲ و ۳ سورەی جومعە لەبابەت کوردە (... و اخرین منهم لما یلحقوا... پێغەمبەر فەرمویەتی. شەپۆ

# بنە ماڵەی خوالێخوشبو حاجی محەمەد مۆرەکی

هەروەک لە خەڵکی ئەو ئاوایی یانەمان دەبیست خوالێخوشبو **باباڵی ئەعلا جەدی بنە ماڵەی بە رێزی مۆرەکی** پیاوێ بووە خواناس، دڵ و دەرون ئاوا، مەرو ماڵاتدار، دەوڵەمەندی کات و زەمانی خۆی و، زۆر بە رێز و سەخی تەبع و میوانگر بووە. **باباڵی** پیاوێ بووە، مەندو ماقوڵ، بە مشور وئینسان دۆست و ئینسان خۆشەویست، لە نێو خەڵکدا زۆر بە قەدرو حورمەت؛وە ئازا، سوارچاک، رەشید و خانەوادە دار.

**باباڵی** ئەوەندە دیندا رومەشهور بووە دەڵێن: باپیرەگەورەی ئیلخانیەکانی لای بوکان چۆتە نێو مەنگوران بۆ دیداری؛ خوالێخوشبو **باباڵی** لەبەشی کوردستانی گەرمێن (باشوریەوە) هاتۆتە نێومە نگوڕان و دوڵی شێخان. هەروەک و تویانە: **باباڵی** ئەونە لەخوا ترس و بەتەقوا بووە دوای وەفاتی، موسوڵمانانی ئەو هەرێمە چونەتە زیارەتی ئاوامگاکەی و تەنانەت چل دانەشیان لەسەرگرتۆتەوە. دەڵێن : لە کاتی خوێدا باوەکو ڕێگاوبان سەخت و ئاستەم بووە، بەرد تاشان بەردە مەرمەڕی تاشراوی ڕێک و پێکیان، هێناوە و بۆکێل لە سەر ئارامگەی باباڵی یان داناوە.

حاجی محەمەد مۆرەکی کوڕی رەحمان ولە سولالەی **باباڵی**یە. خێزانی حاجی محەمەد مۆرەکی نێوی حاجیە عایشە خانم وکچی سەعید بابانزادو لە خانەدانی بەبە زاد (بابان) لە هۆزی بابانی گەورەی کوردە،کە حوکومەتی کوردیان بەدەستەوە بووە.

□ **حاجی رەحمان باوکی حاجی محەمەد مۆرەکی** لە تافی لاویدا لە مەڵبەندی شێخاتەوە دێتە سابڵاغ (مەهاباد) حاجی رەحمان مرۆڤێکی بە کار، کۆشا، دیندار، سەخی، نانبدەو دلآواو ناسیاوی خاس و عام بووە، دەگێرنەوە: رۆژێک یەکێ لەجیرانەکانی کە بێ ئەنوا دەبێ،دێ لە حەوشەی ماڵی حاجی رەحمان چەندمریشک دەگرێ ودەیبا. خێزانی حاجی رەحمان گازندە دەکاودەڵێ: فلآنەکەس چەندمریشکی دزی و بردی، حاجی رەحمان دەڵێ: مەڵێ دزی، ئەوە نەدارە، هەژارە، بۆ شەوێ، حاجی رەحمان خۆی بەک حەلەبی رۆن و یەک کیسە برنج دەباودەیدا بەو ماڵە هەژارەی دراو سێیان و بەدەیان جار بۆ خۆی کیسە ئاردی بۆ هەژاران بردوە و بەخیر پێ داون. دە گێرنەوە

لەمزگەوتی هەباساغاکە خەڵک بۆدەسنۆیژ گرتن دەچونە ئەویێ و باڵتە و بارانی خۆیان لە سەر دیوارە نزمەکاندا دەنا، حاجی رەحمان بەنهێنی پوڵ و دراوی دەخستە گیرفانی باڵتەی مرۆڤە نەدارەکان، بێ ئەوەی بیڵێ کەس بەوچاکەی بزانێ.

دەڵێن باباڵی ئەعلاجەدی بنە ماڵەی مۆریکە ،کە ئێستا ئەو تایەفە لەلاجانی سەربە شنۆ ولە بەری سنور بۆلای کوردستانی گەرمێن کوردستانی باشوری لە لای چۆمان بنە ماڵەی مۆریک یا مۆرەکی هەن و لە ونیۆەدا بلاو بونەتەوە.

□ هەروەک لە کتیبێ کورد و کوردستان نوسراوی پرۆفسور محەمەد ئەمین زەکی کورد بە زمانی کوردی کە بەرێز (حبیب‌الله تابانی) بە نێوی تەحقیقی تاریخی لەبارەی کورد و کوردستان کردویە تە فارسی و لە ساڵی ١٣٧٧ لە چاپدراوە، لە پەرەی ٢٦٣ی ئەم کتێبە، دا نیوی هۆزێک براوە، بە نیوی مۆدکی یا مۆتکیان، وە کوێستانێکی دور و درێژیش، هە ربە نیوە هەیە کە خەڵکی کورد زمان هەربە و نێوە، نێوی دەبەن کە بە رواڵەت لە هۆزی زازان، وە ئەم شاخانەیشی لێدە بێتە وە: کیبوران. بوبانلی. کوسون روچابە، کە (ئەم چوار هوزە زازان) زێدان، ئەریکلی، پیرموسا، (ئەم هوزەش کوردن) وە کۆنترین و کەو ناراترینی ئەوان هۆزی (بوبانلی) یە کانن - دوریش نییە کە باباڵی لە بوبانلی یە کان، بێو ئاڵ و گۆڕ بەسەر واژە و نێوە کە داهابێ.

یا مۆدکی خۆی بوبێتە مۆرەکی، گۆڕان بەسەر واژە و نێوە کەدا هاتبێ، بە لکو رۆژێ لە رۆژان لە سۆینگەی کۆڵینە وە وپیا چونەوە دا، مێژوەکەی رون بکرێتەوە

ئەم کتێبە بە خێری خوالێخۆشبو حاجی محەمەد مۆرەکی چاپ بورە. (شەپۆل) ٠

شەپۆل: دوکتور محەمەد صالح ئیبراهیمی ئەندامی هەیئەتی عیلمی زانینگە (دانشگاه مذاهب اسلامی) لە تاران.